سەد ساڵ

# گەشەی کۆمەڵایەتی

سوێد

تەیفوور

ISBN ٩٧٨-٩١-٩٨٣٩١٤-٩-٧

نێوی کتێبی: سەد ساڵ گەشەی کۆمەڵایەتی سوێد

نووسەر: تەیفوور

ساڵی نووسین: ٢٠١٨

## پێشەکی

کوردستان بۆ خۆی و بە هەر چوار دەوڵەتەکەوە کە تێیدا دابەشکراوە، ئەگەر لە ریزی وڵاتانی دواکەوتوودا دانەنرێن، لە ریزی وڵاتانی گەشەنەکراو دان. و هەوڵدەدەن گەشە بکەن، بەڵام هێشتا هیچ سیستمێکی روونیان بۆ رەوتی گەشەکردن هەڵنەبژاردووە. سیستەم پێویستی بە رێکخراوی هێزی کار هەیە. (کریکاران و وەرزێران) رێکخراوێک کە خۆیان دایمەزرێنن و بەڕێوەی بەرن. نەک لە سەرەوە بۆ خوار و بە فەرمانی دەوڵەت یان حیزب یان دیکتاتۆرێک دامەزرێ.

زۆربەی پرۆژەکانی وڵاتانی ئێمە بە دەست دەوڵەتەکانەوەیە. هەر دەوڵەتێک دێ، بەرنامەیەکی تازە دادەنێ بە بێ ئەوە درێژە بە بەرنامەکانی پێشوو بدا. بەرنامەکەی خۆی تەواو نەکردووە، بەجێ دێڵێ بۆ دەوڵەتێکی دیکە. ئەمە بۆ خۆی هۆی بێ سەرەوبەرەیی و بێ سیستەمییە کە بووەتە هۆی کاوڵ بوون و سەرنەکەوتن.

ئەم کتێبە هەوڵدانێکە بۆ پیشاندانی یەکێک لە سیستەمەکانی ئەزمونکراوی پێشکەوتن و چۆنیەتی رەوتی گەشەکردن، هەوڵەکانی خەڵک بە گشتی و هێزی کار بە تایبەتی. هەڵەکان و

سەرکەوتنەکانیان. بەرەڕووبوونەوە لەگەڵ تەنگ و چەڵەمەکانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

بە هیوای ئەوە کە لە هێندێ بواردا ڕێنوێن بێ بۆ ئەوانە کە بیر لە گەشەی وڵاتەکەیان دەکەنەوە.

سپاس و پێزانین بۆ کاک کامیل شاموحەمەد کە ئەرکی پێداهاتنەوەی بە ئەستۆ گرت. هەروەها کاک فەڕۆخ کە بەرگەکەی ئامادە کرد.

*

## مانای گەشەی کۆمەڵایەتی

گەشە یان پێشکەوتن دەستەواژەی بەکار هێنراو لە رۆژئاوا دایە و لە دەورانی رۆنێسانسدا (سەدەی پازدە هەتا هەژدە) پێک هاتووە. دەورانی بیرکردنەوەی نوێ و شۆڕشی پیشەیی گرێدراوە لەگەڵ پێشکەوتنی بێ سنوور. نە تەنیا بۆ دەورەیەکی دیاریکراو بەڵکوو بۆ هەتاهەتایە. پێشکەوتنێک کە هەم سروشتییە و هەم پێویست. چارلز داروین لە کارە پێشەنگەکەیدا سەبارەت بە "بونیادی نەوعەکان" ناوەرۆکێکی تایبەتی بە ئەم دەستەواژەیە دەدا. لێرە پێشکەوتن وەکوو رەوتێک، وەکوو گۆڕانێکی ناوەرۆکی لە هەلومەرجێکی نزمەوە بۆ سەرەوە، بۆ ئاستێکی بەرزتر ڕەچاو کراوە. ئەو لە بواری ژینەوەرناسیدا ئەم دەستەواژەی بەکار هێنا، بەڵام زانایانی دیکە لە بوارەکانی دیکەشدا بەکاریان هێنا. ئابووری، سیاسەت و لەهەموو زیاتر لە پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتیدا و بە تایبەت لەو شتەی کە پیی گوترا داروینیسمی کۆمەڵایەتی، کە بوو بە هۆی بەکارهێنانی لە بوواری ئیستێعماری و راسیسم لە زۆربەی وڵاتە ئۆروپییەکاندا. (١۶)

جۆرج ون ورایت فیلسوفی سوێدی/ فینلاندی دەڵێ: بیری پێشکەوتن لە وڵاتانی رۆژئاواییدا، دەبێ باوەڕ بە گەشە و پێشکەوتنی ئەخلاقیش لە خۆ بگرێ.

بەپێی چاوهەتەری مێژوویی بیری پێشکەوتن لە وڵاتانی رۆژئاواییدا، بە تایبەت لە بوارە فەرهەنگییەکاندا، دیاردەیەکی لاوە. لە یۆنانی کەونارا و سەدەکانی ناوەڕاستدا تێگەییشتنێکی بە تەواوی جیاواز هەبوو. لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا دەگوترا کە پاش دەورانێکی زێڕین، دەورانێکی دژوار دێتە پێشەوە. لە دەورانی کەونارای یۆنانیشدا هەر ئەم باوەڕە هەبوو. روانگەی "ئینجیل"یش هەر وایە. دەرکردن لە بەهەشت.

لە کۆمەڵگا وەرزێڕییەکاندا شێوە بۆچوونێک هەبوو کە دەیگوت: بۆ گۆڕان یاسایەکی سروشتی هەیە کە سەدەکان بە دوی یەکدا دێن و دەگەڕینەوە شوێنی خۆیان. ئەم بۆچوونە لە کۆمەڵی وەرزێڕی سوێدیشدا هەبووە. گەڕانی رۆژ و مانگ و ساڵ بە دوی یەکدا و دووپاتە بوونەوەی وەرزەکان بنەمای ئەم بیرە بووە. داب و نەریت، باب و دایک و پیران پیرۆز بوون. ژیان لە هارمۆنی لەگەڵ سروشتدا بووە. لە زۆربەی کۆمەڵگا وەرزێڕییەکاندا نرخاندنێکی لەم شێوە هەیە. بەم شێوەیە تێگەییشتنێک لە ژیان هەبووە کە زۆر جیاوازە لەو شتەی کە لە کۆمەڵی مۆدێرندا هەیە. ئاواتی کۆمەڵی وەرزێڕی زۆرتر خۆڕێکخستن لەگەڵ سروشتدایە هەتا گۆڕان و پێشکەوتن. هەزار ساڵ تێدەپەڕێ هەتا گۆڕانێک لە ئامرازی کشتوکاڵدا پەیدا دەبێ.

ئەورۆ ئەوە هزری پێشکەوتنی شێوە ڕۆژئاواییە کە بە تەنێ لە مەیداندایە. ئێستا بیرەکانی دیکە لە پیشانگا خەڵکناسییەکاندا دانراون. ئەم پێشەنگ بوونە بەپێی شوێن و بنیادەکانی سەرمایەی نێونەتەوەییەوەیە.

بۆ ئێمە کە لەم دنیایەدا گەورە بووین ووشەی "گەشە" هێندێ ووشەمان بە بیر دێنێتەوە: پێشکەوتن، مۆدێرنسازی، تەکنیک. بەکارهێنان، پیشەیی بوون، تایبەتکار بوون، کۆچ (لە گوندەوە بۆ شار) و هەر بەو پێیە گەشەی ئابووری. بەڵام ئایا پێشکەوتن هەر ئەمانەیە؟

زۆربەی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان گەرچی جۆربەجۆر بوون بەڵام گەشەی کۆمەڵایەتی خۆیان لەسەر مۆدێلی بریتانیا. (بەرەو پێشەیی بوونی هەرچی زۆرتر) دانا. بریتانیا کە بۆ خۆی سەردەمدار بوو شێوەی لیبراڵی هەڵبژارد. کە لەوێدا دەوڵەت خۆی تێکەڵی ئابووری نەدەکرد. لە وڵاتانی وەکوو فەرانسە، ئاڵمان و ژاپۆن، دەوڵەت دەورێکی زیاتری لە بینای کۆمەڵگادا هەبوو، هەر بەو رادەش لە بەشی پیشەیی و باقی بەشە زیربینایيەکاندا. وەکوو یاسای کار.

لە ساڵەکانی دوای شەڕی دووهەمدا ئەرک و دەوری دەوڵەت لە کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا زۆر زیادی کرد. بە تایبەت لە وڵاتانی سکاندیناڤیدا. کە بۆ خۆیان نێوی "دەوڵەتی ئاسایش"یان لێینا و بە

دامەزرانی فەرمانگەی جۆربەجۆری کۆمەڵایەتی بە تەمای دروست و باش راگرتنی ئەم ئاسایشە بوون.

گەرجی لە کۆتایی ساڵەکانی ١٩٨٠دا ئەم نموونەش دەوری نەما. دەڵێی ئەهلی کردن و لیبرالیزە کردن تایبەتمەندی دەیەی نەوەد بەو لاوەیە. (٦)

گونار میردال شەش خاڵی گرینگ بۆ گەشە دەستنیشان دەکا، کە بە بۆچوونی ئەو هەرکامیان کارتێکەری لەسەر ئەوی دیکە هەیە. ئەم شەش خاڵە بریتین لە:

- بەرهەمهێنان و داهاتەکان.
- پەیوەندییەکانی بەرهەم
- ستانداردی ژیان (خوراک، خانوو، تەندروستی، فیرکردن و بارهێنان)
- پەیوەندی نێوان کار و ژیان.
- ئەنستیتوەکان (دەوڵەت، بوروکراسی، سوپا و...)
- سیاسەت (بێچمی دەوڵەت، حیزبەکان، ئایدۆلۆژی، هاویاری و...)

ئابووریزانی ئێنگلیسی "دودلی سیرس" گرنگی دان بە کەم کردنەوەی هەژاری و کەم کردنەوەی جیاوازی نێوان هەژار و دەوڵەمەند، دەستنیشان دەکا. (١)

یەک شت کە لەم لێکدانەوانەدا نادیارە، هێزی کار و چۆنیەتی ئەو هێزەیە کە لە راستیدا ئەو دەستکێشی گەشەیە. لە پێشکەوتنی پیشەییدا ئەم هێزە هێزی کرێکارە و دەبێ سەرنجی تایبەتی بە جووڵانەوەی کرێکاران بدرێ. بۆیە من لە ریزبەندیدا حەوت خاڵم داناوە:

"**بزووتنەوەی کرێکاری**" بە تایبەت لە سوێددا زۆر دەوری لە گەشەی کۆمەڵایەتیدا هەبووە.

"**تێکۆشانی ژنان**" وەکوو پێوەرێک بوون بۆ مافی مرۆڤ و یەکسانی ژن و پیاو لە کۆمەڵدا.

"**کشتوکاڵ وەرزێران**" وەکوو گرینگترین بەرهەمهێنەران بە تایبەت لە کاتی قات و قری و شەڕەکاندا. هەلومەرجی ژیان و کردەوەی کرێکار و جووتیار بۆ پیشاندانی پەیوەندی بەرهەمهێنانیش گرینگە.

"**پیشە و خاوەنکار**" باسی روانگە و هەوڵی خاوەنکار بۆ دەسەڵاتی خۆی و هەروەها رادەی دابینکردنی (پیشە) پێواری گەشەکردنەکەیە.

"**کۆمەڵایەتی**" بۆ نیشاندانی باشتربوونی ژیان یان کەموکوڕییەکان کە پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ تێکۆشانی جووڵانەوەکان بۆ ژیانی ئاسودە هەیە.

"**سیاسی**" هەموو ئەو شتانەی کە لە خاڵەکانی پێشوودا هەیە، راستەوخۆ گرێ دەدرێ لەگەڵ دەسەڵات، و لە بەرنامە و سیاسەتی بەڕێوەبردندا. چۆنیەتی دامەزراوەیی و رێکخراوەیی حوکومەت و سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا.

"**هونەری**" وەکوو بەرهەمی هزر و هەست لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

بەرنامەی گەشەی رێکخراوی نێو نەتەوەیی (UNDP) لە ساڵەکانی ٩٠دا راپۆرتێکی بڵاو کردووەتەوە کە نیشانەهایەکی دیکەی بە لیستەی گەشە زیاد کردووە و هێندی چۆنایەتی بۆ ژیان بە مەرج داناوە وەکوو: تەمەن درێژی، رێژەی مەرگی منداڵان، بێکاری، داهات، نەخۆشخانە، دێمۆکراسی، ئازادی چاپەمەنی، دابەش بوونی ئیمکانات، ئاستی پەروەردە، هەلومەرجی ژنان، پەستاوی شوێنی دانیشتوان و تێچووی بەشی سوپا. (٦)

ئایا درێژەدانی ئەم گەشە بەم شێوەیە ئیمکانی هەیە؟

ئەم راپۆرتە لیستەیەکی لە ١٧٣ وڵات بەپێی چۆنیەتی ئاستی ژیان ئامادە کردووە کە لەوێ وەک چاوەڕوان دەکرێ سوێد لە سەرەوەی

لیستەکەیە. لە راپۆرتی ساڵی نەوەددا سوێد پاش ژاپۆن دووهەمە و دوای ئەم سویس و نۆروێژ و دانمارک و هۆڵەندا دێن. چوار ساڵ دوایە سوێد هاتوتە رادەی پێنجەمەوە. لە ئاخر لیستەکەشدا وەک چاوەڕوان دەکرێ وڵاتە ئەفریقییەکان و ئەفغانستان دێ. (٦)

## ساڵەکانی دەستپێک

هەتا دەگاتە سی ساڵی ئاخری سەدەی هەژدە سوێد وڵاتێکی کشتوکاڵییە. خەڵک لە ژێر سیستەمی فئودالیدا بە هەژاری دەژین. ئەشرافی فئودال بە پشتیوانی پادشا پارلمانیان بە دەستەوەیە و رێگا بەو گۆڕانکارییانە نادەن کە ئەوکاتە لە هەموو ئۆروپا دەستی پێکردبوو. لە ساڵی ١٨٦٦ هەتا ساڵی ١٩٧٠ سوید پارلەمانێکی دووژووری (دوو سیستەم)ی هەبوو. هەردوو پارلەمانەکە دەسەڵاتیان وەکوو یەک بوو. پارلەمانی یەکەم کە بە نوێنەرانی هەڵبژاردەی ناڕاستەوخۆ ناو دەبرێ ، بریتی بوون لە نوێنەرانی شارو پارێزگاکان کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەپێی ژمارەی دانیشتوان بە هەڵبژاردنی شارەوانی و پارێزگاکان دادەنران. ماوەی خولی ژووری یەکەم ٨ ساڵ بوو. نوێنەرانی ژووری دووهەم بە هەڵبرژاردنی ڕاستەوخۆ بۆ چوار ساڵ هەڵدەبژێردران

مافی دەنگدان بۆ پیاوان بوو. پیاوێک دەیتوانی دەنگ بدا کە ٨٠٠ ریکسدالار (پارەی کۆنی سوێدی) داهاتی ساڵانەی هەبێ. ئەمە زیاتر لە داهاتی کرێکارێک بوو. وەرزێڕەکان بەڵام ئەوەندەیان هەبوو، ئەوان لە ١٨٦٧دا حیزبیان دامەزراند و لە پارلمانی خەڵکدا زۆربە بوون.

لە راستیدا بە سەنعەتی (پیشەسازی) بوونی سوێد زۆر درەنگ دەستپێدەکا. هەتا ئەوکاتە هێندێ کارگەی بچووکی کەوشدۆزی و نەجاری و پارچە و خەیاتی هەبوون کە سنفی خۆیان هەبوو. ئەم سنفانەش دژی دانانی کارخانە بوون.

بە کورتی گۆڕانکارییەکانی نیوەی دووهەمی سەدەی هەژدە کە دەبێتە رێگاخۆشکەر بۆ ئەوە کە سوێد بەرەو وڵاتێکی سەنعەتی (پیشەسازیی) بڕوا ئەمانەن:

١٨٤٥

بە پێی یاسا، پیاو و ژن وەکوو یەک میرات دەبەن.

١٨٦٤

پیاو مافی لێدانی ژنەکەی نییە.

١٨٦٦

- مافی میرات بردن لەدایک بە ئەو منداڵانە کە لە دەرەوەی هاوسەرگیرییەوە بەدنیا دەهاتن، درا.

- جووەکان مافی دەنگدانیان پێدرا، بەڵام هەتا ١٨٧٠ مافی بەشداری لە دەوڵەتیاندا نەبوو. ئەوە نیشان دەدا کە کەمە نەتەوەییەکان مافی یەکسانیان لەگەڵ سوێدییەکاندا نەبووە.
- یەکەم مەدرەسەی پەرستاری کرایەوە.

١٨٦٧

- حێزبێکی لیبراڵی نوێ دامەزرا. حیزبی لێبراڵ لەو کاتەدا لە زەویندارانی بچووک پێکدەهات.
- مەدرەسەی هێزی دەریایی کرایەوە.

١٨٦٨

- یەکەم مەدرەسەی خەڵک بنیات نرا. ئەم مەدرەسانە لە دانمارکەوە دەستی پێکرد و گەییشتە سوێد. ئامانجی سەرەکی راگرتنی زمان و داب و نەریتی وڵات بوو لە بەرانبەر هێرشی زمان و کولتورەکانی دیکەدا.
- کارخانەی ئاسنی مونکفورش دەستی بەکار کرد. یەکێک لە سەرچاوەکانی داهاتی سوێد (هەر ئێستاش) خۆڵی ئاسنە و لە کانەکانی باکووری سوێد دەردەهێنرێ.

١٨٦٩

- کۆچکردن بۆ ئەمریکا زیاتر پەرە دەستێنێ. لە مێژووی سوێددا کوچکردن بۆ ئامریکا چەند جار روویداوە. ئەو کاتە لە ئامریکا زەوی بێ خاوەن زۆر بوو. ئەمەش بۆ وەرزێڕی سوێدی کە زۆر

پڕکار و هەژار بوون، دەرفەتێک بوو کە لە بێکاری و نەداری سوێد هەڵبێن. لەو کاتەدا ئەمریکا لە دەورانی بووژانەوەدا بوو و پێویستی بە کرێکار بوو.

- مانگرتنی بەناکان لە ستۆکهۆڵمدا دەبێتە هۆکاری دانانی یەکەم کۆپەیمانی (پەیمانێک کە هەمووان دەگرێتەوە) کرێکاران.
پەیمانی کۆ واتە کرێکارەکان بە گشتی پەیمانێک لە گەڵ خاوەنکار دەبەستن و دوایە نە خاوەن کار و نە کرێکار بە تاک پەیمانی دامەزراندن نابەستن. ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە مووچە زیاد و کەم نەدرێ بە کەس و یەکێتی کرێکاران بپارێزرێ.
- ئەم شێوە پەیمانە لە لای ئێمە (لە هەر چوار وڵاتەکە) هێشتا نەهاتووەتە ئاراوە.

١٨٧٠

- وەکوو هەموو وڵاتانی پێشنەکەوتوو کاری ژنان ماڵداری و منداڵداری بووە. بەڵام بە هۆی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە دەرفەتی کار بۆ ژنانیش پەیدا دەبێ. لەم ساڵەدا یەک لە سێی کرێکارانی سەنعەتی لە ژنان پێکهاتبووە کە زۆربەیان لە بەشێ رستن (پارچە)دا کاریان کردووە.
- کەم بوونی مزەی کار، ببوە هۆی ئەوە کە هەموو ئەندامانی بنەماڵە بۆ بژیوی ژیانیان کار بکەن. لە لایەکی دیکەوە کاری

ژنان و منداڵان هەرزانتر بوو. مووچەی زۆر کەمتریان پێدەدان، بۆیە لە بەشی غەیرە تەکنیکیدا لە کاری منداڵان بە فراوانی سوود وەردەگیرا. هەتا لەساڵی ١٨٨٠دا یاسای قەدەغە کردنی کاری منداڵان پەسند کرا. سەرەڕای ئەوەش هەتا ١٨٩٠ هێشتا کریکاری منداڵی هەر هەبووە. لە وڵاتانی ئێمە سەرەڕای بوونی یاسای سنوردارکردنی کاری منداڵان، بەڵام بە هۆی هەژارییەوە کاری منداڵان هێشتا بە زۆربەیی دەبیندرێ. دیارە منداڵانی لای ئێمە زیاتر لە بازاڕ و کاری دەستفرۆشیدا کەڵکیان لێی وەردەگیرێ.

- مافی خوێندن لە بەشی پزشکیدا بە ژنان دەدرێ. پێشتر لە زۆر بواردا ژنان مافی خوێندنیان نەبوو. پزیشکی یەکێک لەوانە بووە.
- مافی یاسایی جووەکان وەکوو خەڵکی دیکەی سوێدی لێدێ.

١٨٧١

- بانکی تیجارەت دەکرێتەوە.
- کارخانەکانی کاغەزسازی زۆر دەبن.

١٨٧٢ کارخانە مەکینەی درومانی "هوسکوارنا" بنیات دەنرێ.

١٨٧٣

- پارەی سوێد بە پشتیوانی زێڕ دەکرێ بە کرۆن.
- **کلیساکان** ئازاد دەبن کە سەربەخۆ بن و لە ژێر رکێفی کلیسای دەوڵەتیدا نەبن. جووڵانەوەی کلیسای ئازاد یەکێک لە جووڵانەوە

کۆنەکانی سوید بووە. زۆر پێش جووڵانەوەی کرێکاری دەستی پێکراوە.

- بە ژنان مافی خوێندن لە هێندێ لە بەشەکانی زانکۆدا دەدرێ.
- یەکەم کۆمەڵەی ژنانی هاوسەردار بۆ بەدەستهێنانی مافی دارایی خۆیان پێکدێ. هەتا ئەو کاتە ژنان هەرچێکیان هەبووایە هاوسەرەکەیان مافی دەستبەسەرداگرتنی هەبوو..

١٨٧٤

- ژنان مافی راگرتنی مووچەی کارەکەیان بەدەست دەهێن. هەتا ئەو کاتە پیاوان هەموو داهاتی بنەماڵەیان لەبەر دەستدا بوو.
- یەکەم دەبیرستانی کچانە بنیات دەنرێ. لە وڵاتانی ئیسلامی تەنانەت لە ئێرانی دەورەی پاشایەتیشدا کچان مەکتەبی تایبەتی خۆیان هەبوو. دیارە لە سویدیش ئەو کات بەم شێوە بووە.
- ١٨٧٥ یاسایەک دەردەچێ کە خەڵک دەبێ زبڵەکانیان لە زبڵدانی تایبەتدا دانێن کە دوایە سپورەکان کۆی بکەنەوە.

١٨٧٦

- دەسەڵاتی شا بە هۆی هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیرانەوە کەم دەبێتەوە. هێندێ لە ئەرکەکان دەدرێ بە سەرۆک وەزیران، بەڵام هێشتا لایەنگرانی شا لە پارلمان زۆرینەن و دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە.
- ئێریکسۆن یەکەم هێڵی تێلگراف لە ستۆکهۆڵم دادەنێ.

- به بڕیاری دەوڵەت سیستەمی مێتریک بەکار دەهێنرێ. لە زۆر وڵات (هێشتاش) سیستەمی مێتریک (مێتر، کیلومێتر، کیلو و...) نییە و سیستەمی کۆن کە لە هەر وڵاتێک جیاوازی هەیە بەکار دەبرێ. بۆ نموونە لای ئێمە لە کۆندا بۆ کێشانە دەگوترا مەن، نیم مەن و چارەک و پەنجا و... کە دواتر بوو بە کیلو و گرم.


١٨٧٧

- کەڵک وەرگرتن لە تلەفون بەڕێ دەکەوێ
- کارخانەی شەقاتە دروست کردن دەکرێتەوە.

١٨٧٨

- کارخانەی خەیرا خامەگرتن لە شیر دادەنرێ کە دەبێتە بنەمای ئەم پیشە لە دنیادا.
- دورگەی بارتولومی ئاخرین موستەعمەرەی سوێد بە فەرانسە دەفرۆشرێ.
- مەدرەسەی بەرزی سوێد بە خۆبەخشی خەڵک بینا دەکرێ.
- بنیاد نانی زانکۆکانی ئۆپسالا و لوند کە ئێستاش لە زانکۆکانی هەرە بەرزی سوێدن دەستپێدەکا کە یەکەمیان لە ساڵی ٨٧ و دووهەمیان لە ٨٢ دەکرێنەوە. (١١)

## جوولانەوەی کرێکاری



سوێد داپۆشراوە لە دار و سەرمایەیکی گشتی هەرە زۆرە. بۆیە بە پیشەییبوونی سوێد لە نیوەی دووهەمی سەدەی هەژدەوە لە دانانی کارگەی دارتاشینەوە دەستپێدەکا. یەکەم کارخانە لە سۆندسڤاڵ دادەنرێ. ئەم کارخانە دەبێتە هۆی پێکهاتنی شەش گروپی کرێکار. داربڕەکان، کە زۆربەیان گوندی بوون و هەر لەو ناوچە دەژیان. لە نێو کارخانەکەشدا چەند دەستە جیاواز هەبوون. لە کرێکاری ماشینە چێوبڕییەکانەوە هەتا کرێکاری بارکردنی تەختە بۆ هەناردەکردن.

پڕۆسەی پیشەیی لە کۆمەڵگادا لە شوێنێکەوە دەستپێدەکا و ناڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر شوێنەکانی دیکە. کرێکارانی میوان لە

نۆروێژ و فینلاند و باقی بەشەکانی سوێدەوە، دەهاتن و پێویستییان بە خانوو بوو. ئەمەش بوو بە هۆی پەرەسەندنی پیشەی خانووسازی و کرێکارێکی زۆرتری پێویست بوو.

(لە کوردستانی باشووردا سازکردنی خانوو لە لایەن کۆمپانیاکانی دەرەوەی وڵات دەکرێ. کەرەسەی پێویست و کرێکار لەدەرەوە دەهێنرێ و بۆ خەڵکی ئەوێ کار پێکناهێنێ.)

هەر لەم دەورەدا ژنانیش کە پێشتر تەنیا کاری ناوماڵیان دەکرد لە کارگەی بچووکی ڕستن و چنینیدا دەستبەکار بوون. لە کارخانەکانیشدا، سەرەتا وەکوو ئاشپەز کاریان دەکرد، بەڵام دواتر زۆربەی کرێکارانی کارخانەکانی پارچە ژنان بوون.

لە سەرەتادا زۆربەی پەیمانەکانی نێوان کرێکار و خاوەنکار بنەماڵەیی بوون. کرێکارانی کارخانە داهاتیان زۆرتر بوو و ئەمە بوو بە هۆی زیادکردنی هاوسەرگیری و زیادبوونی دانیشتووان. هەروەها جێگۆڕکی خەڵک و هاتن بەرەو شوێنە سەنعەتییەکان کە زۆرتر لە شارەکاندا بوون. لە لایەکیترەوە شۆنە پیشەییەکان بە هۆی زیادبوونی خەڵکەوە دەبوونە شار. بازاڕ و دوکان بۆ پێداویستییەکانی کرێکاران

دەکرایەوە و پەرەی دەستاند. کەسانێک بە هۆی سەرمایەدانانی پیشەییەوە بوون بە ملیۆنێر و ئەمە روانگەی ئەشرافی دەوڵەمەندی

گۆڕی و ئەوانیش بە چاولێکەری لە ئینگلیس پارەکانیان لە بەشی پیشەییدا بەکار هێنا.

کۆمەڵی فئودالی/ وەرزێڕی دژایەتی پرسیاری کرێکارانی باکووری دەکرد، چوونکە لە گۆڕان و پێشکەوتنی پیشەیی دەترسا. بەڵام کۆمەڵ بە هەموو هێزیەوە بەرەو گۆڕان بوو. دەوڵەمەندەکان دەستیان کرد بە سەرمایەدانان لە سەنعەتدا. گەرچی ئەوان جگە لە قازانجی خۆیان بیریان لە هیچ نەدەکردەوە.

هێزی پێشکەوتن کرێکاران بوون، سەرمایەدار لە لایەکەوە بە یاسا و بە هێزی سەربازی و مێدیاوە بە هەموو شێوەیەک دژی رێکخراوەیی بوونی هێزی کارە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە پێویستی پێیە، ئەم دژ بەیەک و بگرە و بەردەیە بەرە بەرە دەبێتە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا و بۆچوونی سەرمایەداریش بە قازانجی خۆی دەگۆڕدرێ. یانێ تێدەگا کە ئەو پێشکەوتنە قازانجی ئەویشی، بەر لە هەمووان تێیدایە.

مارتین لوتێر پێشەوای مەسیحی پروتێستانەکان گوتوویەتی کە خەڵک دەبێ ئەوەندە سەرقاڵی کار بێ کە کاتی بۆ بیرکردنەوە لە گوناە نەبێ. ئەمە بیری بنەڕەتی سازکردنی کۆمەڵگەی پێشەیی بوو.

قیاس بکەن لەگەڵ ئەو بیرەی لای ئێمە کە دەڵێ لە مزگەوت و خانەقا دانیشن و بیر لە مردن و عەزابی ئەو دنیا بکەنەوە. دیارە

ئەڕۆ ئیتر ئەم بیرە نییە کە لە لای خەڵکی سوید هاندەرە بەڵام لە ساڵەکانی سەدەی هەژدەدا کە هەموو خەڵک ئایینی بوون و تەنانەت لە شوێنی کار دەبوا دوعای بەیانی بخوێنن. ئەم بیرە کارا بووە.

## یەکەم مانگرتنی کرێکاران ۱۸۷۹ /۵/۲۶

کاتێک بە هۆی دابەزینی بازاڕی فرۆشەوە داهاتی خاوەن کارخانەکان کەمی کرد، خاوەنکارانی کارخانەی سۆندسڤاڵ بڕیاریاندا کە بیست تا بیستوپێنج لە سەد مووچەی کرێکاران کەم بکەنەوە. کرێکارەکان نەیاندەویست ملکەچی ئەم بڕیارە بن و مانیان گرت. لەپێشدا ۵ هەزار کرێکاری بەشی دارتاشین مانیان گرت و دوایە هەموو کرێکارانی بەشەکانی دیکەی کارخانەکە هاتنە نێو مانگرتنەکەوە. داوخوازی کرێکارانی مانگرتوو ئەوە بوو کە مووچە هەر بەپێ مووچەی هاوین بدرێ، کرێکاران لە خانوەکانی موڵکی کارخانەدا دەژیان و کرێیەکەیان لە مووچەکەیان کەم دەکرایەوە. کە مووچە کەم دەکرایەوە کرێیەکە هەر لەجێ خۆیدا بوو. داوخوازییەکانی دیکە بریتی بوون لە گارانتی بۆ زیندانی نەکردنی ڕێبەرانی مانگرتنەکە. داخستنی ئەلکول فروشییەکان لانیکەم لە یەکشەممەکاندا. لەم مانگرتنەدا شەش هەزار کرێکار بەشدارییان کرد بەڵام چوونکە سەندیکایان نەبوو، ڕێکخستن و بەڕیوەبەرییان لاواز بوو. ئاخری خاوەنکاران پەنایان بۆ پیلان برد و گوتیان سوسیالیست و ئاژاوەگێڕان ئەم بشێوەیان ساز

کردووە و بەم بیانووە هێزی ئەرتەشیان هێنایە مەیدان و مانگرتنەکەیان سەرکوت کرد و یەک کەسیش کوژرا. ژمارەیەکیش بێکار کران. سی کەسیان خرانە زیندانەوە و ژمارەیەکی زۆر لە خانووەکانی کارخانە دەرکران و بوو بە هۆی کۆچکردنیان.

ئەم مانگرتنە ئاکامی کۆمەڵایەتی زۆری هەبوو، بەرەنگاری کرێکار و خاوەنکار و چۆنیەتی رێککەوتن، پیشانیدا کە یاساکان وەڵامدەرەوەی ئەم کێشەیە نین. چوونکە پێشتر ئەم شتە لە ئارادا نەبووە؛ تەنانەت زۆربەی نوێنەرانی پارلمان ئاگایان لە بوونی ئەم کارخانە نەبوو و کاڵتر لەوەبوون کە ئەم جۆرە کێشانە چارەسەر بکەن. لەو لاشەوە کرێکارەکان بێ ئەزمون بوون. ئەم مانگرتنە بوو بە هۆی یەکگرتوویی و چاوکراوەیی ئەوانیش. هەروەها مەیدانێک بۆ فێربوونی پڕوپاگەندە کردن.

پێش ئەم جووڵانەوە کرێکارییە، دوو جووڵانەوەی دیکە هەبوون. جووڵانەوەی کلیسای ئازاد (کلیسا لەو کاتەدا حوکومەتی بوو یان بڵێین کلیسا شەریکی حوکومەت بوو.) کە خواستی ئازاد بوونی کلیسا لە ژێردەستی کلیسای حوکومتی بوو. ئەم جووڵانەوە بە تایبەتی لەباری رێکخستنەوە، یارمەتی کرێکارنی مانگرتوویان دەدا. جووڵانەوەی دیکە دژبەری ئەلکولیسم بوو. لەو دەورانەدا خەڵک بە رادەیەکی زۆر گیرودەی ئەلکول بوون و دیارە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی زۆری ساز

دەکرد. (شتێک کە پێم وایە لە کوردستانیش دەبێ زۆر بە جێدی کاری بۆ بکرێ. لەوێ پێیان وایە بە پێداگری لەسەر ئیسلام دەتوانن لەگەڵ ئەم کێشەیە بەرەوڕو بن. بەڵام ئەزمونی ئەم چەند ساڵە نیشانیدا کە ئەمە شکستی هێناوە. لە ئێران تەنانەت خەڵکیان قەمچی لێدەدا بەڵام رۆژ بە رۆژ زیادی دەکرد.)

رۆژنامەکان بە هۆی بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵانەوە گیانێکیان تێکەوت و ژمارەیان زیادی کرد. نووسین سەبارەت بەم مانگرتنە بە روانگەی لایەنگری لە کرێکارانەوە، بوو بە بیانوویەک کە رۆژنامەکان سەبارەت بە زۆر کێشەی دیکەی کۆمەڵایەتی بنووسن. وەکوو نالەباربوونی خانەوبەرە و نەبوونی کار و چەوسانەوە و هتد... زۆر بوونی تیراژی رۆژنامە بوو بە هۆی داوخوازی زیاتر بۆ کاغەز و کارخانە کاغەزسازییەکان کرێکاری زۆرتریان بەکارگرت. شێوەی رۆژنامەوانیش مۆدرڕنتر کرا. (٢ و ٨)

هەر لەم ساڵەدا رۆمانی "ژووری سوور" بەرهەمی سترینبرگ بڵاو دەبێتەوە.

گەشەی پێشەیی پێویستی بە گەشەی ژێربیناییە. هێڵی ئاسن، بۆ گواستنەوە. تلگراف و ماشین و... ئەمانە داوخوازی بۆ خۆڵی ئاسن زیاد کرد. سوێد کانی ئاسنی زۆرە. دەرهێنان و فرۆشی بە وڵاتانی دیکە پەرەی بە دەوڵەمەندی سوێد دا. تاڤگە پڕئاوەکان سەرچاوەیەکی باش

بۆ وزەی کارەبا بوون و ئەمە یارمەتی بە کردنەوەی کارخانە ئەلکترۆنییەکان دا. لە لایەن کرێکارانیشەوە خۆرێکخستن پەرە دەستێنێ.

لە ساڵەکانی ١٨٨٠دا جووڵانەوەی کرێکاری گەشە دەکا. جووڵانەوەکە خوازیاری کۆتایی هێنان بە سیاسەتی لیبراڵی و هێنانە پێشەوەی سیاسەتی سوسیالیستییە. یەکەم رێکخستن لە نێو ئەو کرێکارانەدایە کە کاری دەستی دەکەن. ئەمانە یەکەم سوسیالیستەکانن.

بەرە بەرە خاوەنکاری سەرمایەدار لە پارلمان و دەوڵەتدا لە ئەشراف و فێودال زیاتر دەبوون، بەڵام هەتا پێش رێکخستنی کرێکاران لە سەندیکا و حیزبی سیاسیدا، دەرکەی پارلمان بۆ چینی کرێکار و زەحمەتکێش داخراو بوو. تەنانەت شارەوانییەکان لە دەستی چینی دەوڵەمەنددا بوون.

کۆمەڵەکانی کرێکاری لە ١٨٤٠ بەملاوە کەم و کورت پێکدەهاتن و هەڵدەوەشانەوە. لە ١٨٨٠دا پاش شکستی مانگرتنی کارخانە چێوبڕی سۆندسڤاڵ کرێکاران بەو ئاکامە گەییشتن کە بە بێ رێکخراو کاریان ناچێتە پێش. لە ١٨٨٠دا سەندیکایان دمەزراند و بەرنامەیەکیشیان بۆ نووسی. بەرنامەکە بریتی بوو لە:

- دیاریکردنی رادەی مووچە،
- باشترکردنی بارودۆخی شوێنی کار،

- دانانی سەندوقی بیکاری و خانەنشینی،
- قەرەبووی زیان پێگەییشتنی لەش لە کاتی کاردا،
- تیکۆشان بە دژی ئەلکولیسم،
- راهێنانی گشتی
- مافی مانگرتن.

لە پەراوێزی ئەم کۆمەلانەدا کۆمەڵەی فەرهەنگیش پێکهات، بەلام هەتا کۆتایی سەدەی هەژدە ئامانجییان خەباتی جینایەتی نەبوو. بۆ یەکەمجار لە ۱۸۹۰دا خۆپیشاندانی یەکی مانگی مەی بەرێوەچوو. رەنگی سوور کە لە کۆمۆنی پاریس(۱۸۷۱) دا بۆ ئالا بەکار هاتبوو، بە ئالای خۆیان هەڵبژارد. دیارە هەموو ئەمانە دەبووە هۆی ترسی سەرمایەداران. (۲)

لە ۱۸۸۰ بەولاوە بوو کە بیری سوسیالیزم هاتە نێو سەندیکاکانەوە، دوو خواست بوو بە دروشمی سەرەکی: بە **فەرمی ناسینی سەندیکا و مافی دەنگدانی گشتی.** کەسانێک کە لە سەرەوەی هەموویان ئۆگوست پالم بوو بیری سوسیالیزمیان دەبردە نێو ریزەکانی کرێکاران.

ئایدیای دامەزرانی رێکخراوی سوسیالیستی لە سوێد لە لایەن ئۆگوست پالمەوە دەستی پێکرد (۱۸۸۱) کە بۆ خۆی ماوەیەک لە ئالمان ژیابوو. لە ۱۸۸۲ رۆژنامەی خواستی خەلک (folkviljan) بە هزری جوولانەوەی کرێکارییەوە لە لایەن ئەوەوە دەرچوو.

ئەو کۆمەڵەیەک بەناوی "کۆمەڵەی گشتی کرێکارانی سوید"ی لە مالمۆ دامەزراند کە زۆری پێنەچوو داخرا. (١١)

سوسیالدیمۆکراتەکان باوەڕیان وا بوو کە تەواوی دەستکەوتەکانی کۆمەڵ بەرهەمی کاری کرێکارانە بەڵام قازانجەکەی دەچێتە گیرفانی سەرمایەداران. بۆیە دەبێ سەرمایەکان میللی بکرێن و قازانجەکەی بۆ هەموو کۆمەڵگا بێ، بەڵام لە پێکهێنانی ئەم باوەڕەدا خوازیاری گۆڕانی هەنگاو بە هەنگاو و لە ڕێگای ئاشتیانەوە بوون. ئەوان جگە لە گیروگرفتی کرێکاران باسی ئاسانگیری لە هاوسەرگیریاندا دەکرد کە ئەو کاتە زۆر پڕخەرج بوو. هەروەها لابردنی کلیسای حوکومەتی و ئازادی ئایین کە ئەمە بۆ خۆی هەر لە مێژ بوو جووڵانەوەیەکی لەپشت بوو. ئەوان دەیانەویست سەندیکا لە سیاسەتدا هاوبەش بێ.

لەم کاتانەدا جووڵانەوەیەکی کرێکاری لیبراڵیش هاتە کایەوە کە داوای نەرمی نواندنی لە ریککەوتنەکانی نێوان کرێکار و سەرمایەداردا دەکرد.

١٨٨٠ بەولاوە بەرەبەرە ئامرازی پیشەیی لە شوێنە جیاجیاکانی کۆمەڵدا بەکار دەهێنرێ. ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی کارخانەی بەرهەمهێنەری ئەم کەرەسانە و زیاد بوونی کرێکار. بۆ نموونە یەکەم قەتاری ماتۆری هەڵم لە ستۆکهۆڵم دا بەڕێ دەکەوێ. پێشتر بە ئەسپ رادەکێشرا.

تەنانەت لە کشتوکاڵدا تراکتۆر بەکار دەهێنرێ. واتە کشتوکاڵ بەرەو میکانیزە بوون هەنگاو دەنێ. لەم بەشەدا دامەزراندنی یەکساڵە جێگای کریکاری رۆژمز دەگرێتەوە. مووچە لە بەرهەمی کشوکاڵەکە دەدرێ. میکانیزە بوونی کشتوکال دەبێتە هۆی ئازاد بوونی هێزی کار لە گوندەکان. زەوینێک کە پێویستی بە دەیان کرێکارە، بە تەراکتۆرێک لە کاتێکی کەمدا دەکێڵدرێ. ئەمە دەبێتە هۆی کۆچی هێزی کار لە گوندەوە بۆ شار. لە وەرزێڕییەوە بۆ کرێکاریی پیشەیی. دیارە مەترسی کۆبوونەوەی بێکاران لە شارەکاندا پێکدێنێ. (٤)

کۆمەڵەیەکی سەرانسەری سوید بۆ مافی دەنگدانی گشتی پێکهات.

پێکهێنانی کارتێل (چەند کۆمپانیا یەک دەگرن) ئاسایی دەبێتەوە. بەتایبەت لە بەشی بەرهەمهێنانی بیرە و ئەلکۆل و شەکر و شیرینیدا.

کۆمپانیای کارەبای ستۆکهۆڵم لەگەڵ (ASEA) یەکدەگرن.

مێژوو لەسەر کەس ڕاناوەستێ. هاتنی سەنعەتی ماشینی لە لایەک و بیری سوسیالیستی (پاش کۆنگرەی ئێنترناسیۆنال سوسیالیسم ١٨٦٤) لە لایەکیترەوە، هەموو وڵاتانی ئۆروپای بەرەو دۆخێکی تازە دەبرد.

ئۆگۆست پاڵم زۆر پابەندی تئورییە بنەماییەکان نەبوو. ئەو لە بەرنامەکەیدا دابنابوو کە کرێکاران بۆ سەر خستنی دەسەڵاتیان، بتوانن هاوکاری چینەکانی دیکە بەتایبەت جووتیاران بکەن. ئەمە بناخەی ئەو سوسیالدێمۆکراسییەی دواتری سوێدە. بەرنامەکە بریتی بوو لە:

- خەبات بۆ پێکهێنانی کۆمەڵی بەرهەمهێنەر،

- مافی دەنگدان بۆ هەموو کەس،
- ئازادی گوتار،
- چەکدارکردنی خەڵک لەباتی دانانی ئەرتەشی پادشاهی،
- دانانی مەدرەسە و فێرکردنی ئیجباری گشتی،
- جیاکردنەوەی کلیسا لە دەوڵەت. دین ئازاد و ئەهلی بێ.
- زیادکردنی باجی راستەوخۆ و لابردنی باجی لاوەکی.
- بەکارنەهێنانی منداڵ بۆ ئەو کارانە کە زیانی بۆ سڵامەتییان هەیە (لە باتی قەدەغەکردنی کاری منداڵ بەگشتی). (٣)

ناوەندی سوسیالدیمۆکرات لە ماڵموەوە هاتە ستۆکهۆڵم بەڵام هێشتا نەببوو بە رێکخراوێکی سەرانسەری و هەر شارێک بۆ خۆی کۆمەڵەیەکی رێکدەخست. لە نێو کۆمەڵەکەشدا دژبەرەکی ساز ببوو. بەڵام جووڵانەوەی کرێکاری منەتی بە کەس نەبوو، بۆ خۆی بە خێرایی بەرەوپێش دەچوو و سەندیکاکان دادەمەزران.

پاڵم لەسەر نووسراوەیەکی کە هێرشی کردبووە سەر دەوڵەت، شەش مانگ زیندانی کرا. هەروەها هاوبیرەکانی "ئکسێل دانیەلسون" سێ مانگ و "ریدگرێن" چوار مانگ. هەموو لەسەر نووسین. زۆر لە کادر و نووسەرەکانی دیکەش زیندانی کران. (خەبات بە ئاسانی بەرەوپێش ناچێ)

هەر لەم کاتەدا جووڵانەوەی دژی کلیسای دەوڵەتی هێزی گرت و ئەمەشیان لەچاو سوسیالیستەکانەوە دەدیت.

له ساڵی ١٨٨١دا یەکەم کۆبوونەوەی سوسیالیستەکانی سوێد لە ٦ ی نۆڤەبەردا دەگیرێ. جووڵانەوەی کرێکاری پێ دەنێتە قۆناخێکی تازەوە. لە ٤/ ٣/ ١٨٨٢ یەکەم رۆژنامەی سوسیالیستی بە نێوی "خواستی خەڵک" دەردەچێ. ١٨٨٢/٥/١ یەکەم سرودی جووڵانەوەی کرێکاری لە لایەن "ویلهێلم ئۆلوند" ەوە دانرا. هەر لەم ساڵەدا بە هۆی خەباتی سوسیالیستەکانەوە یەکەم یاسای کارا بە دژی کاری منداڵان پەسند دەکرێ. لانی کەمی تەمەنی کار ١٢ سال دیاری دەکرێ و کاتی کاریشیان سنووردار دەکرێ.

له ساڵی ١٩٨٣دا یەکەم کۆمپانیای هاوبەشیی (سەهامی) ئەلکترۆنی (ASEA) دادەمەزرێ. (١١)

## خەبات بۆ مافی گشتی دەنگدان

لەو کاتەدا تەنیا بەشێک لە خەڵک دەیتوانی دەنگ بدا. ژنان و ئەو پیاوانە کە داهاتیان کەم بوو، مافی دەنگدانیان نەبوو. ئەو ژمارە نوێنەرە کە دەچوونە پارلمان هاوسەنگ لەگەڵ ژمارەی خەڵکی وڵاتەکە نەبوون. ئەوانە نوێنەری چینی سەرەوە و تا رادەیەک چینی ناوەندی دەستڕویشتوو بوون. لە سەرەتادا (١٨٩٣) سوسیالدیمۆکراتەکان داوای پارلمانێکیان دەکرد کە نوێنەرانی خەڵکی تێیدا بێ. ٢٠٠ هەزار کەس

پشتیوانییان لەم پێشنیارە کرد، تەنانەت لایەنی چەپی لیبرالەکانیش. لە پارلمانی یەکەمدا لایەنی چەپی لیبراڵ زۆربە بوون.

ساڵی ١٩٨٤ تێکۆشانی ژنان هەنگاوێکی گرینگ بۆ بەرابەری لەگەڵ پیاوان هەڵدەگری. تەمەنی پێگەییشتوویی ژنان لە ٢٥ ساڵەوە هەر وەکوو پیاوان دەکرێتە ٢١ سال.

لە لایەن دەوڵەتەوە پێشنیاری خانەنشینی و بیمەی لەکارکەوتوویی دەدرێ.

یەکەم رۆژنامەی لیبراڵ (Svensk dagbladet) بڵاو دەبێتەوە.

نۆرویژ لە باری سیاسییەوە زیاتر لە سوێد بەرەوپێش چووبووە لە ١٩٨٤دا یەکەم دەوڵەتی چەپ لە نۆرویژدا دێتە سەرکار. لە حاڵێکدا لە سوێد یەکەم کۆمەڵەی کرێکاری لە ١٨٨٥/٢/١٠دا لە ستۆکهۆڵم دانراوە، کە ئەویش روانگەی لیبراڵی بەسەردا زاڵ بووە و ئامانجیان کار لەسەر کولتور و بەرزکردنەوەی خوێندەواری کرێکاران بووە.

چالاکی سوسیالدێمۆکراتەکان هاوپەرا لەگەڵ پەرەسەندنی کارخانە سەنعەتییەکان دەورێکی تازە دەبینێ. یەکەم رۆژنامەی سوسیال دمۆکراسی (Social demokraten) بە سەر نووسەری "ئوگوست پاڵم" بڵاو دەبێتەوە. هەر لەو کاتەدا یەکەم کارخانەی بەرهەمهێنانی کارەبا

له هێرنوساند (Härnösand) دایر دەبێ. و ستۆکهۆڵم دەبێتە یەکەم شاری دنیا کە تلەفوونی هەیە.

کۆمەڵەی لاوانی ژنانی مەسیحی دادەمەزرێ. (٩)

یەکەم ڕێپێوانی سوسیالیستەکان ٧ فوریەی ١٨٨٦ لە ستۆکهۆڵم بۆ پشتیوانی بەرهەمی نێوخۆیی و دانانی گومروک بۆ هاوردەکان بەڕێوە دەچێ. ١٥ هەزار کرێکار لە ستۆکهۆڵم بە دژی دانانی گومروک بۆ دانەوێڵە خۆپیشاندان دەکەن. ئەوان دەترسن کە گومروک دانان ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخەکان. خاوەن کارخانەکان پشتیوانی لە کرێکارەکان دەکەن چوونکە پێیان وا دەبێ کە بەرزبوونەوەی نرخەکان دەبێتە هۆی داواکردنی مووچەی زیاتر لە لایەن کرێکارانەوە. بەڵام دەوڵەت لە بیری داهاتی خۆیدایە و وەرزێڕان کە پشکیان لە دەوڵەتدا هەیە بە قازانجی بەروبوی خۆیان لایەنگری دانانی گومروک بۆ هاوردەکان دەکەن. کێشەی گومروک یەکێک لەو بابەتە گەرمانەی ساڵەکانی ١٨٨٠یە کە دەبێتە هۆی بەشداربوونی دووقاتی خەڵک لە هەڵبژاردندا. پێشتر یەک لە چواری خەڵک بەشداری دەکرد.

ئەم خۆپیشاندانە کار دەکاتە سەر کرێکاران کە خۆیان زیاتر ڕێکبخەن. بۆیە یەکەم سەندیکای سەرانسەری کرێکاران و کارمەندانی چاپ ڕێکدەخرێ. یەکەم سەندیکای ژنانی کرێکاری بەرگدور و مامان (قابلە) دادەمەزرێ و گۆڤارێکی تایبەت بە ژنانیش دەردەکەن.

سوسیال دیمۆکراتەکان لە کۆمیتەی ناوەندی سەندیکاکاندا زۆربەیی بە دەست دەهێنن.

لایەنگرانی دانانی گومروک سەردەکەون. شار و دێ لە بەرانبەر یەک رادەوەستن. لە شاردا چ کرێکار و چ خاوەن کار لایەنگری ئازادی بازرگانین، چوونکە دەبێتە هۆی هەرزان بوونی پیتەوا.
لایەنگرانی گومروک دەڵێن بەرهەمی کشتوکاڵ زۆرە دەبێ کۆنترۆڵ بکرێ. ئەم کێشەیە تەنانەت لە نێو وەرزێڕە بەرهەم هێنەرەکانیشدا دووبەرەکی ساز دەکا و لە ئاکامدا حیزبەکەیان دابەش دەبێ بە دوو حیزب.

### لە 'یەکێتی' پیشەییەوە هەتا سەندیکا

لە کۆندا کرێکارانی هەر پیشەیەک یەکێتی (Skrå) پیشەییان هەبوو. کە یاسا و ڕێسای خۆی هەبوو. بۆ نموونە شاگرد نەدەبوو بە وەستا هەتا وەستا زیندوو بایە، یان هەموویان دەبوو بە یەک شێوە ئیش بکەن و... مانگرتن و خۆپیشاندان و داواکاری زیادە نەبوو. تەنیا شتێک کە دەکرێ بگوترێ بۆ سەندیکاکانی دوایە بە میرات مایەوە ئەوە بوو کە سەندوقێکیان دانابوو، پارەیان تێیدا پاشەکەوت دەکرد. ئەگەر کەسێک نەخۆش کەوتبا، یان مردبا لەو سەندوقە یارمەتییان دەدا یان خەرجی کفن و دەفنیان بۆ دەدا. یەکەم جار لە ١٨٧٠دا کرێکارانی چاپخانە کۆمەڵەیەکیان پێکهێنا کە لە سەندیکا دەچوو. بەو مانا کە

هێندێ داواکارییان هەبوو کە پێشتر کرێکاران ئەو مافەیان نەبوو. بۆ نموونە داوای مووچەی زۆرتر بکەن یان باسی کەم کردنەوەی سەعات کار و باشکردنی هەلومەرجی شوێنی کار بکەن. ئەمان پێرەوێکیان دانا کە رێگای دەدا پێکەوە بەرانبەر بە خاوەن کار داواکارییەکانیان دەربڕن. ئەمەش بێگومان لەگەڵ دژایەتی خاوەنکار بەرەوڕوو دەبوو. کەوابوو یەکەم سەندیکا، کرێکارانی چاپخانە بە هونەرمەند و نووسەر و هەموو ئەوانەی کە مووچەخۆرانی چاپخانە بوون، دایانمەزراند. زۆری پێنەچوو ئەندامانی سەندیکا زیادی کرد. لە ١٨٧٠دا سەحافەکانیش سەندیکای خۆیانیان پێکهێنا. ئەمانە هەموو ئەو کاتەیە کە ژمارەی رۆژنامەکان و کتێب زیادیان کردووە. بەتایبەت کاتێک هەواڵی مانگرتنی کارخانەی تەختە و داری سۆندسڤاڵ بڵاو بووەوە و داواکاری بۆ رۆژنامە زیادی کردبوو. (٥)

پیشەی کارخانەیی و ماشینی بوونی بەرهەم کرێکارێکی زۆری لە یەک شوێن کۆ دەکردەوە. وەکوو کارگە چووکەکان نەبوو. بە سەدان کرێکار لە یەک شوێن کاریان دەکرد. ئەمانە پێویستیان بە رێکخراو بوو کە بتوانن بەرگری لە مافەکانیان بکەن و یەک لە دوای یەک سەندیکا دادەمەزرا. ئەوانەی کە پیشەی دەستی و کارگەی چووکیان وەکوو کەوشدۆزەکان، هەبوو، دژی ئەم رەوتە بوون و تەنانەت بە دژی سەندیکا خۆپیشاندان کرا، بەڵام بە هیچ کوێ نەگەییشت.

کۆمەڵ بە خێرایی بەرەو دنیای مۆدێرن دەڕویشت. ژمارەی دانیشتووانی شارەکان زیادی دەکرد و سەرمایەداران و خاوەن کاران لە بیری دانان و پێکهێنانی بەرهەمی فراوان (Massproduktion) دا بوون.

میکانیزە بوونی کشتوکاڵ دەبێتە هۆی بێکاری هێزی کار لە گوندەکان. گوندییەکان بە هیوای دۆزینەوەی کار روو دەکەنە شارەکان ئەم کۆچ لە گوندەوە بەرەو شار بێکاری لە شارەکانیشدا زیاد دەکا. ژیان دژوارتر دەبێ و خەڵک رێگای کۆچ بۆ ئەمریکا دەگرنە بەر. لە ساڵی ١٩٨٧دا یەک لە سەدی دانیشتووانی سوید بەرەو ئەمریکا کۆچیان کردووە. ٣٥٠ هەزار کەس لە دە ساڵی ٨٠ دا چوونەتە ئەمریکا کە یەک لە دوازدەی جەماوەری ئەوکاتەی سوێدە.

سەرەڕای ناکۆکییەکانی نێو کۆمەڵ خوێندن و هەوڵدان بۆ بەرەوپێشوونی زانست و کولتور بەردەوامە. یەکەم پزشکی ژن بە نێوی Karolin Widerström دوکتراکەی وەر دەگرێ.

خۆ رێکخستن. یانێ کۆکردنەوەی هێز بۆ بەرەنگاری، تەنیا رێگای خەباتی جووڵانەوەی کرێکاری بوو. بەڵام لە ساڵی ١٨٩٠ دا تەنیا دە لە سەدی کرێکاران لە سەنیکاکاندا ببوون بە ئەندام. ئەوان لە کاردانەوەی خاوەنکاران دەترسان کە نەکا بێکار بکرێن یان لە لیستەی

ڕەشیان دابنێن. چوونکە ڕێبەریی سەندیکاکان لە دەستی سوسیالیستەکاندا بوو.

لە کارخانەکاندا سەندیکا بە پێ پیشە ڕێکخرا بوو. نەجار بە جوێ، ئاسنگەر بە جوێ و... لە ١٨٨٠ بەم لاوە هەوڵ دەدرا ئەمانە ببن بە یەک، بەڵام هەوڵەکان زۆر سەرکەوتوو نەبوون. تەنیا ژنان بوون کە کۆمەڵەکانیان جیا لە پیشەکەیان بوو. سەرەڕای ئەم هەلومەرجە کرێکارە سوسیالیستەکان لە کاری ڕێکخستندا بەردەوام بوون.

بەرە بەرە چەند سەندیکای ڕەقیب پەیدا بوون. سەندیکای لایەنگری کلیسا، سەندیکای سەر بە لیبراڵەکان و... بەڵام ئەمانە پاش ماوەیەک لاواز بوون و لە سەروبەری شەڕی یەکەمدا نەمان. هەنگاوی دوایی پێکهێنانی یەکێتی سەرانسەری سەندیکا کرێکارییەکان بوو.

پاش مانگرتنی ستۆکهۆڵم لە ١٨٨٢دا سەندیکاکانی ئەو شارە بانگ کران کە کۆ ببنەوە و بەرنامەیەکی هاوبەش پێکلەوە دابنێن. بەرنامەکە بریتی بوو لەم خاڵانە:

- چاودێری و ڕێکخستنی ئابووری کارخانە تا ئەو ڕادەیە کە کرێکار و خاوەنکار هەردوو پێیان باش بێ.
- باشترکردنی مووچەی کرێکاران و باشترکردنی توانایی کار لە ڕێگای فێرکردنەوە.
- کار بۆ تەندروستی شوێنی کار و شێوەی کار.

- باشترکردنی چۆنی پاشەکەوتی خانەنشینی و یارمەتی.
- قەرەبووی لەکار کەتووی لەکاتی کاردا.
- هەوڵدان بۆ یارمەتی ئابووری بەڕادەی مومکێن لە کاتی کەم بوونی کار و مانگرتندا.
- بردنەسەرەوەی خوێندن و کەمکردنەوەی خواردنەوەی ئەلکولی.

سالێک دوایە کۆمیتەی ناوەندی سەندیکاکان پێکهات کە سەندیکای پێشەیی جۆربەجۆری لە خۆ دەگرت. ئەم پێشکەوتنە بۆ خۆی نیشاندەری ئامادەیی کرێکاران بۆ دامەزراندنی حێزبێکی کرێکاری بوو. هەرچەند بەرنامەیەک کە کۆمیتەی ناوەندی سالێک دواتر داینا، بەرنامەیەکی لیبراڵی بوو، نەک سوسیالیستی. بۆ نموونە سەبارەت بە سەعات کاری رۆژانە گوترا بوو کە کاری رۆژانە لە دە سەعات تێنەپەڕێ، یان چاودێر دابنرێ بۆ شوێنی کار. دانانی سەندوقی خانەنشینی و پارەی هاتووچوو و...هتد. ئەم داوخوازییانەە وەکوو ئارەزوو کردن بوو، نەک وەکوو مەرجدانان. بۆ بەدەست هێنانی ئەم داوخوازییانە داوایان کردبوو کە کومیتەیەکی هاوبەش لە کرێکار و خاوەنکار (٣ نوێنەری کرێکاران و ٣ نوێنەری خاوەنکار و یەک هەڵبژێراوی ئەم شەشە) دابندرێ. (٧)

ئەم بەرنامە بوو بە هۆی بەرەنگاری کۆمیتەی سەندیکاکان و لاوانی سوسیالیستی دەوروبەری ئۆگۆست پالْم کە بەتەمای دانانی حێزبی

سوسیالیست بوو. ئاخری چەند شتیان لێی زیاد کرد. پەروەردەی گشتی، مافی دەنگدانی گشتی و چاکسازی لە باج دا.

پاڵم داوای دەکرد کۆمیتەی ناوەندی سەندیکاکان دەبێ بێتە ریزی خەباتی سیاسییەوە و ببن بە سوسیالیست و کومیتە بە توندی رەدی دەکردەوە و دەیەویست لەباری سیاسییەوە بێلایەن بێ.
سوسیالیستەکان لەم بگرە و بەردەدا سەرکەوتن. بۆ نموونە لابردنی مەرجی ئایینی و جیاکردنەوەی کلیسا لە شارەوانییەکان و مەدرەسەکاندا. هەروەها هەڵوەشاندنەوەی پارلمانی یەکەم...

لە ۱۸۸۹ دا یەکەم حیزبی سوسیال دیمۆکراتی کرێکاری (SAP) بە سکرتێری یلمار برانتینگ (Hjälmar Branting) دادەمەزرێ. لە کونگرەی یەکەمدا بەرنامەیەکی دیاریکراو پەسند نەکرا و باسەکان لەسەر بەرنامەی گوتا (بەرنامەی سوسیالدیمۆکراتەکانی ئاڵمان)دا دەوری دەداوە.

۱/۴/ ۱۸۸۹ کونگرەی دامەزرێنەری حیزبی سوسیالدیمۆکرات گیرا. شەورایەکی رێبەری دیاری کرا. هەتا ۱۹۰۷ رێبەرایەتی بەم شێوە شەورایە بوو.

له۱۸۸۹ دا حوکومەتی راست کە دیتی جوولانەوەی کرێکاری لەگەشەدایە یاسایەکی دەرکرد کە سزای ئەو کەسانەی دەدا کە پروپاگەندە بۆ خۆپیشاندان و مانگرتن بکەن.

یەکی مای ۱۸۹۰ لە سویدیش وەکوو هەموو ولاتانی دنیای سەرمایەداری خۆپیشاندان کرا و لە زۆر شاردا خەڵکێکی زۆر کۆ بوونەوە، بۆ نموونە لە ماڵمۆ ۲۰ هەزار، لە گوتنبرگ ۲۵ هەزار کەس. ئەم خۆپیشاندانە لە سوێد بە هێمنی تێپەڕی بەڵام لە زۆر شوێنی ئوروپا، بۆ نموونە لە پاریس لەگەڵ هێرشی سەربازی بەرەوڕوو بوو.

کاتێک حیزبی سوسیالدێمۆکرات دامەزرا، سەندیکاکان کۆڵەکەیەک بوون بۆ ئەو حیزبە، بەڵام داگری لەسەر ئەوە دەکرا کە سەندیکاکان دەبێ سەربەخۆ بن و حیزب تێکەڵی خەباتی تایبەت بە ئەوان نەبێ. (بۆ ئاگاداری حیزبەکانی ئێمە!) هەر لەم ساڵەدا رێکخراوی سەرانسەری سەندیکاکان راگەیندرا. لە کونگرەکەیدا بڕیار درا کە سەندیکاکانی ئەندامی ئەم رێکخراوە هەرکام پاش سێ ساڵ دەبن بە ئەندامی حیزبی سوسیالدێمۆکرات. دەنا دەبێ لەم رێکخراوە بچنە دەرەوە. ئەمەش بە دژی سەربەخۆیی سەندیکاکان بوو. دیارە ئەم بڕیارە رەخنەی زۆری لێگیرا. بۆیە لە ۱۹۰۰دا ئەم مەرجەیان هەڵگرت و تەنیا ئەوە مایەوە کە رێکخراوی سەرانسەری بەشێک بێ لە حیزب. هەر سەندیکایەکیش بیەوێ ئازادە کە ببێ بە ئەندامی

حیزب یان نەبێ.(کە ئێستاش هەر وایە). ئەوەش بگوترێ کە هەموو سەندیکاکان ئەندامی ڕێکخراوی سەرانسەری نەبوون. (١١)

لە پێشدا سەندیکاکان بە پێ پیشە دانران. جار وابوو لە کارخانەیەکدا چەند سەندیکا هەبوو. ئاسنگەر بە جیا، نەجار بە جیا، میکانیک بە جیا و... خاوەن کارەکانیش سەندیکای خۆیانیان پێک هێنا کە بتوانن بە کۆ بەرەنگاری کرێکاران ببنەوە. و ئەمە بوو بە هۆی ئەوە کرێکارەکانیش کۆ ببنەوە و سەندیکای کارخانە دابنێن کە نزیک بە ٧٠% کرێکارانی دەگرتەوە. هەر ئێستاش سەندیکای گەورە هەیە کە بە پێ پیشە دانراوە بەڵام هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە ئەو پیشەیە تێیدایە، بۆ نموونە سەندیکای کانزاکاران. ئەمەش درێژەی نەریتی کۆنی یەکێتییەکانە کە لە شێوەی مۆدێرندا ماوەتەوە. کرێکاری وا هەیە لە کارخانەیەک کار دەکا بەڵام ئەندامی سەندیکای ئەو کارخانە نییە بەڵکوو ئەندامی سەندیکای پێشەیی خۆیەتی. ئەمە لە هەموو شوێنەکان هەیە. هیچ ئیجبارێک بۆ ئەوە کە کرێکار یان کارمەندێک ئەندامی چ سەندیکایەک بێ، نییە. بەڵام زۆربەیان ئەندامی سەندیکای ئەو شوێنەن کە تێیدا کار دەکەن. جێ ئاماژەیە کە سەندیکالیستەکان (کە سەر بە جووڵانەوەی سەندیکالیستانن) هەموو جۆرە پیشە و تەنانەت کارمەندانی فەرمانگەکانیش بە ئەندام وەردەگرن و سنوور دانانن. ئەوان لەسەر ئەو بڕوایەن کە دێمۆکراسی

دەبێ راستەوخۆ بێ نەک بە نوێنەرایەتی لە رێگای پارلمانەوە. ئەم رێکخراوە دواتر دامەزرا. لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێدەکرێ.

هەموو ئەم گۆڕانکارییانە هەتا ببێ بە یاسا خەباتێکی زۆری بردووە. خاوەنکارەکان چاو لە دەست دانەدەنیشتن. بە هەموو شێوەیەک بەرنگارییان دەکرد. کارگە چووکەکان قەدەغەیان کردبوو کە کرێکارەکانیان بچنە نێو سەندیکا. لە تەشەنە خستنە ناو ریزەکانی کرێکارانەوە هەتا دەرکردنی بەرپرسەکانی سەندیکا بە بیانوی خۆپیشاندانەوە یان هێنانی کرێکاری کاتی لە دەرەوەی وڵاتەوە لە باتی مانگرتووان کە بەرەنگاری و تێکهەڵچوونی نێوان کرێکارە خۆجێیەکان و کرێکارە میوانەکانی لێدەکەوتەوە.

خاوەنکاران نوێنەر و لایەنگریان لە پارلمان هەبوو و هەموو کاتێک مەرجی خۆیانیان لە پەیمانەکاندا دووپات دەکردەوە. مەرجەکانیان لە راستیدا بێدەسەڵات کردنی سەندیکا بوو. بۆ نموونە دەیانەویست دانان و دەرکردنی کرێکار مافی ئەوان بێ. دابەشکردن و سەرپەرستی کردنی کار بە ئەستۆی ئەوان بێ. رادەی مووچە هەرکەس بە جیا بێ و ئەوان دیاری بکەن. لە بەرانبەردا سەندیکاکان داوایان دەکرد کە خاوەن کار ئەگەر کەسێکی بێکار کرد دەبێ هۆی بێکار کردنەکە روون بکاتەوە. هەروەها ئەگەر کرێکارێک کارەکەی بەجێدێڵی دەبێ هۆکەی بڵێ و خاوەنکار رەزا بدا. (دواتر بۆ ئەمانە یاسا دانرا.)

یەکەم بەرنامەی حیزبی سوسیالدیمۆکرات کە لە ساڵی ١٨٩٧ دا پەسەند کرا، ئەم خاڵانە لەخۆ دەگرت:

- بەرلە هەموو شتێک کرێکاران وەکوو چینێک خۆیان رێکبخەن کە قازانجی بەرهەم بەرادەی ئیمکان بگەڕێتەوە بۆ مووچەکەیان. ئەمە ئەرکی یەکەمی سەندیکاکانە.
- سوسیالدیمۆکراسی دەیەوێ وەکوو رێکخراوی سیاسی چینی کرێکار لە هەموو شوێنە حوکومەتییەکاندا بەشدار بێ. بەم ئامانجەوە کە هەموو بەرهەمەکانی هاتووچوو و گواستنەوە، لێرەوارەکان، کانەکان، ماشینە پیشەییەکان، کارخانە و زەوی موڵکی گشتی بێ.
- کولتوری ئەنترناسیۆنالیزم بە بەشداری هونەرمەندان پەرەپێبدرێ.
- دیمۆکراسی و مافی دەنگدانی گشتی بۆ هەڵبژاردنی دەوڵەت و شارەوانییەکان بە بێ هیچ جیاوازییەک.
- لە رۆژانی پشوودا هیچ خاوەنکارێک مافی بەکارگرتنی کرێکاری نەبێ.
- ئایین شتێکی تاکەکەسییە و کلیسای دەوڵەتی دەبێ هەڵگیرێ.
- خەرجی یارمەتیدانی یاسایی، بۆ پارێزەر لە دادگاکانی ناوبژیوانی کرێکار و خاوەنکاردا لە ئەستۆی دەوڵەت دەبێ.

- باج بەپێی داهاتی تاکەکەس بێ و هەموو باجە چینایەتییەکان لابرێ.
- چاکسازی زەوی و زار بەپێی یاسا رێکوپێک بکرێ.
- هەشت کاتژمێر کار لە رۆژدا و قەدەغەی کاری منداڵی ژێر چواردە ساڵ.
- قەدەغەی پێشبڕکی بۆ مووچە و قەدەغەی کاری شەوانە (جگە لەو کارانە کە کاری شەوانە بەشێک لە رەوتی کارکەیە)
- ئازادی رادەربڕین و چاپەمەنی و کۆبوونەوە بە یاسا پشتیوانی بکرێ.
- ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ تەندروستی و رووداو و پیری یارمەتی بدرێن. (١٠)

ئەم بەرنامە لە ساڵی ١٨٩٧ دا پەسندکرا و هەتا ١٩١١ بە هێندی گوڕانکارییەوە لە بەشی مۆڵکی تاکەکەسیدا بەردەوام بوو و ئامانجی سوسیالیستی کردنی کۆمەڵگا بوو.

رۆژنامەی ستۆکهۆلم (ST) بڵاودەبێتەوە کە لە پێشدا لیبراڵە و دوایە دەبێتە لایەنگری سوسیالسیم. یەکەم رۆژنامەیە کە سەدهەزار دانەی دەفرۆشرێ.

لەکاتی دامەزرانی حیزبی سوسیاڵدێمۆکراتدا تەنیا یەک ژن کە کرێکاری کارگەی توتون بوو لە نێو ئەنداماندا هەبوو. گەرچی لەو

ساڵانەدا ژنان زۆر یارمەتی جووڵانەوەی کرێکارییان دەدا بەڵام، حێزبەکان پێیان وانەبوو ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان پێویستە. (وەکوو حێزبەکانی ئێمە) لە ١٨٩٢دا کلوبی ژنان لە ستۆکهۆڵم دامەزرا. مافی گشتی دەنگدان هێزی سەرەکی جووڵانەوەی ژنان بوو، چوونکە مافی دەنگدانیان نەبوو. هەتا ١٩١٨ پارلمان ئەو مافەی پەسندکرد. لە ١٩٢٠ کۆمەڵەی ژنانی سوسیالدێمۆکرات دامەزرا و لە یەکەم هەڵبژاردنی دوای کونگرەکەیاندا دوو ژن بۆ نوێنەرایەتی پارلمان هەڵبژێردران.

خەرجی بژیوی ژیان زۆرتر دەبوو و مووچە هەر وەک خۆی بوو. ئەو کرێکارانەی کە کاری دژواریان هەبوو توانای ئەم هەلومەرجەیان نەبوو. هەرکات نەختێک قازانجی خاوەنکار دادەبەزی، لە مووچەی کرێکارانی دەبڕی. لە کانی ئاسنی نۆربەری (Norberg) دا مووچەی کرێکاران کەم کرایەوە. لە مانگی دووی ١٨٩١ دا کرێکاران مانیان گرت کە مووچە وەکوو خۆی لێبکرێتەوە، بەڵام خاوەنکار ملی نەدا. مانگرتنەکە سێ مانگ درێژەی هەبوو. ئاخری بە ناوبژیوانی حێزب پێکهاتن. خاوەنکار کە هەستی بە برینداری دەکرد بەشێک لە کرێکارانی بە بێ هیچ بیانوویەک دەرکرد. مانگرتن دەستی پێکردەوە. ئەمجارە ٣٠ کەس لە ڕێبەرانی مانگرتنە درانە دادگا و زیندانی کران. دیسان خاوەنکار خۆی بە براوە زانی و دەستیان کرد بە نووسینی

پەیمانی تاکەکەسی لەگەڵ کرێکاران. ئەمجارە کرێکاران حەوت مانگ مانیان گرت. ئەم مانگرتنە هەستی هەموو دانیشتوانی سوێدی هەژاند لە هەموو لایەکی سوێدەوە یارمەتییان بۆ دەناردن. مانگرتنەکە سەرنەکەوت. خاوەنکار کۆڵی نەدا بەشێک لە کرێکاران چوونە کارخانەکانی دیکە بۆ کار و بەشێکیش کۆچیان کرد بۆ ئەمریکا. (لە هەر مانگرتنێکدا دوو لایەن، کرێکار و خاوەنکار، بیر لەوە دەکەنەوە کە هێزیان هەتا کوێ بڕ دەکا. ئەگەر کرێکار کار نەکا، خاوەنکار زەرەر دەکا، ئەگەر زەرەکە کەمتر لەو پارەیە بێ کە دەبێ لە مووجە زیاد بکا، ئەوە کۆڵ نادا. کرێکاریش دەبی بزانێ هەتا کوێ دەتوانێ کار نەکا و بژیوی هەبێ. ئەم هاوسەنگییە ئەوکات پێک دێ کە بگەنە ڕێککەوتنێکی ناوەنجی. بۆ نموونە کرێکار داوای زیادکردنی پێنج لە سەد مووچە دەکا و خاوەنکار دەڵێ دوو لە سەد. لە کۆتاییدا بە سێ لەسەد پێکدێن. لە هەلومەرجی دابەزینی ئابووری وڵاتدا خاوەنکار بە قازانجییەتی دەرکەی کارخانە دابخا.)

لاوێک بە ناوی "هینک" لە نێو ریزەکانی سوسیالدێمۆکراتدا کە لە رۆژنامە کاری دەکرد، پڕوپاگەندەی بۆ بیری خەبات لە دەرەوەی پارلمان دەکرد. و لایەنەگری توندوتیژی بوو. کۆمەڵێک خەڵکیش هاودەنگی بوون. لە ساڵی ١٨٩١دا رۆژنامەیەکی دەرکرد بە نێوی "ئالای سور" لەوێ رەخنەی توندی لە بەڕێوەبەری پارلمان و

سوسیاڵدیمۆکرات دەگرت. لە کونگرەی دووهەمی سوسیاڵدیمۆکراتدا ئایداکەی سەرنەکەوت و خەبات بۆ بە دەستهێنانی مافی دەنگدان بوو بە دروشمی کۆنگرە.

لە هەڵبژاردندا سوسیاڵدیمۆکرات ١٨٦ دەنگی هێنایەوە، بەڵام لیبراڵەکان هەزار دەنگیان هێنا. جووڵانەوەی تازە هێشتا ئەزمونی تاکتیکی کەم بوو. (١١)

لە ١٨٩٣ دا سوسیاڵدیمۆکرات و لیبراڵەکان داوایان لە خەڵک کرد کە دەنگ بدەن بە پارلمانێکی خەڵکی. ١٥ هەزار کەس بەشداری کرد. تا ئەو کاتە ٩٠% خەڵک مافی دەنگدانی نەبوو. ئەم پارلمانە فەرمی نەبوو. تەنیا پێشنیاری بۆ پارلمانی فەرمی دەنارد، بەڵام پارڵمانی فەرمی لە ژێردەستی راستەکاندا بوون و گوێیان نەدەدا بە پێشنیارەکان.

لە سوێد کرێکاران چاوەڕوانی ئەوە نەبوون کە دەوڵەت کاریان بۆ بکا، ئەوان کۆمەڵەکەیان بە کۆمەڵی خۆیان دەزانی و کاریان بۆ دەکرد. لەم کارانەی کە ئەودەم کراوە و بووەتە نموونە لە جووڵانەوەی کرێکاری دنیادا پێکهێنانیماڵی خەڵک و پارکی خەڵکە. یەکەم پارکی خەڵک ١٨٩١ /٤/٢٦ لە ماڵمۆ لە لایەن کۆمەڵەی سوسیاڵدیمۆکراتەوە کرایەوە. یەکەم چالاکی بەڕێوەبردنی یەکی مانگی مەی ئەو ساڵە لەم پارکەدا بوو.

هەر لەم ساڵەدا

- مەدرەسەی عالی گوتنبرگ دەست بەکار دەکا
- کارەبا و قەتار لە هێندێ شوێن بەکار دەکەون.
- یەکەم ئوتومبیل لە پیشانگای گوتنبرگ پیشان دەدرێ.
- چیرۆکی یوستا برلینگ نووسراوەی سەلما لاگرلۆف بڵاو دەبێتەوە.

لە ١٨٩٢دا کارخانەی تەواو ئوتوماتیکی شەمچە لە یۆنشۆپینگ دادەمەزرێ.

خواستی مافی دەنگدان بۆ هەموو کەس بە بێ جیاوازی دەبێتە دروشمی جووڵانەوەی هەڵبژاردن و لە ٩٣ و ٩٦دا رۆژی هەڵبژاردنی گشتی دادەنرێ.

١٨٩٣/۴/٢ یەکەم ماڵی خەڵک لە ماڵمۆ کرایەوە. دوایە بەرە بەرە لە هەموو شوێنەکانی دیکەش کرایەوە. ئێستا نزیکەی ۶٠٠ ماڵی خەڵک و پارکی خەڵکی لە سەرانسەری سویددا وەک شوێنی کۆبوونەوە جەماوەرەیەکان کراوەیە.

لە ١٨٩۴دا ژمارەی نوێنەرانی هەر دوک پارلمان دیاری دەکرێ و نەگۆڕ دەکرێ. پارلمانی یەکەم ١۵٠ و پارلمانی دووهەم ٢٣٠ کەس. ٨٠ نوێنەری پارلمانی دووهەم لە لایەن دەوڵەتەوە (شارەدارییەکان) دیاری دەکرێن.

- ڕێگای ستۆکهۆڵم و بودن (Boden) تەواو دەبێ.
- یەکەم قەتاری نێوشاری کە بە کارەبا کار دەکا لە ١٨٩٥دا لە ستۆکهۆڵم بەڕێ دەکەوێ.
- حێزبەکانی وەرزێڕان دیسان یەکدەگرنەوە.
- گومروکی نێوان سوێد و نورویژ هەڵدەگیرێ. سەرەڕای ئەوەش کێشەی نێوان سوێد و نۆرویژ بۆ جیابوونەوە پەرە دەستێنێ. (١١)

لە ١٨٩٦دا یلمار برانتینگی سوسیالدێمۆکرات دەبێتە بەرپرسی پارلمانی دووهەم. ئەمەش بە ڕێککەوتن لەگەڵ لیبراڵەکاندا سەر دەگرێ. یەکەم ئەرکێک کە بۆ خۆی دایناوە جێبەجێکردنی هەڵبژاردنی گشتییە.

لەم ساڵەدا سوسیاڵدێمۆکرات زۆربەی دەنگەکانی بۆ پارلمان بەدەست هێنا. ٨٢٦ دەنگ. لەم پارلمانەدا ڕاستەکان دژایەتی دانانی سەندیکایان دەکرد و کرێکاران بە خۆپیشاندان بەرپەرچیان دەدانەوە. گرنگی مافی دەنگدان بۆ هەموو کەس ئەوە بوو کە خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش بتوانێ کاریگەری لەسەر سیاسەت هەبێ و نوێنەری ڕاستەقینەی خۆی بنێرێتە پارلمان. کاتێک تەنیا ڕێگای هەڵبژێراو خەباتی پارلمانییە، تەنیا کەرەسە دەنگدانە، بۆیە حێزبی کرێکاری

گوشاری خۆی خستبووە سەر ئەم دروشمە، بێگومان لەو لاشەوە نوێنەرانی خاوەنکار و سەرمایەداران دژایەتییان دەکرد.

ئەگەر حیزب لە ڕێگای پارلمانەوە نەدەگەیشتە ئامانج بە یارمەتی هێزی پشتیوانی خۆی پەنای بۆ خۆپیشاندان و مانگرتن دەبرد.

لە نێو سەندیکاکاندا بۆچوونێک هەبوو کە دەگوترا گرێدراوی بە حیزبەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە کەسانێک لەبەر حیزبی بوونی سەندیکا دڵخۆش بە سەندیکاکان نەبن. واتە بیری سەندیکالیستی لەپەرە سەندندا بوو.

- گەورەترین کۆمپانیای هاتووچووی سوید بە یەکگرتنی دوو کۆمپانیا پێکدێ و بە شێوەی سەهامی (کۆمپانیابەشی/ پشک) بەڕێوە دەچێ. ئەمە سەرەتای پێکهاتنی ئەم شێوە خاوەندارییەیە.
- لە ساڵەکانی ١٨٩٠ تا ١٩١٠دا پەنجا بانک دەکرێتەوە.
- جووڵانەوەیەکی تازەی دژی ئەلکۆلیسم پێک دێ کە گرێدراوی کلیسا نییە و لەگەڵ جووڵانەوەی کرێکاری نزیکایەتی هەیە.
- سوید لە یەکەم ئۆلەمپیکی وەرزشیدا کە لە ئاتێن بەڕێوە دەچێ بەشداری دەکا.
- یەکەم فیلم پیشاندان لە مالمۆ بەڕێوە دەچێ. (١١)

١٨٩٧

- بانکی ناوەندی سوێد دادەمەزرێ و دەبێتە بەرپرسی چاپی پارەی کاغەزی.
- کاری زنجیرەیی لە کارخانەکان کاری لەسەر دەکرێ.

لەم کاتەدا کە سەندیکا کرێکارییەکان و کۆمەڵە سوسیالیستییەکان پێکهاتبوون باشتر وابوو کە هەموویان لە ژێر چەترێکدا کۆ ببنەوە و هێزی خۆیان بەکار بهێنن. پاڵم داوای کرد کە کونگرە پێکبێ و حیزبی "سوسیالدێمۆکراتی کرێکاران" رێکبخرێ.

١٨٩٨ لە کونگرەدا هێندێ لە پێشنیارەکان پەسند کران. وەکوو خەبات بۆ مافی دەنگدان و جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت بەڵام کونگرە خۆی لە هەر شتێک کە بۆنی شۆڕشی کرێکاری پێوە بێت لا دەدا.

سەندیکاکان خەبات بکەن بۆ بەرزکردنەوەی مووچە و لابردنی گوشاری ئاکورد (کار بەپێ کاتی دیاری کراو) و کەم کردنەوەی کاتی رۆژانەی کار. ژنان لە ئامادەیی لە ریزەکانی خەباتدا پێشکەون.

لەم کونگرەیەدا بڕیار درا رۆژی یەکی مانگی مەی خۆپیشاندانی سەرانسەری بکرێ و هەموو شارەکان یەک دروشمی هاوبەشیان هەبێ. ساڵی دوایە کە ئەم خۆپیشاندانە بەرێوەچوو دروشمی ٨ کاتژمێر کار بوو بە دروشمی سەرانسەری.

سەندیکاکان ناوەندی هاوبەشیان نەبوو، هەر کامە بۆخۆیان بڕیاری مانگرتنیان دەدا و زۆر جاریش سەرنەدەکەوتن. ئاخری حیزب بڕیاریدا

یەکێتی سەندیکاکان دامەزرێ. کۆنگرەی سێهەم بڕیاری دامەزرانی ڕێکخراوی ژنانیشی دەرکرد.

لە ساڵی ١٨٩٨دا یەکێتی سەرانسەری سەندیکاکان(LO) پێکدێ. لە پێشدا سێ سەندیکای تێیدا بوون. هۆکەی ئەوە بوو کە ئەم ناوەندە سەر بە سوسیالیستەکان بوو. لە سەرەتادا ئەم ناوەندە کاری تەنها ئەوە بوو کە زانیاری کۆکاتەوە و بیدا بە سەندیکاکان. یان پشتیوانی بۆ ئەو کرێکارانە پەیدا بکا کە لە لایەن خاوەنکارەوە هەڕەشەیان لێدەکرا. لە ٧ ئۆگوستی ئەم ساڵەدا کۆنگرەی LO پێکدێ. ٢٦٨ کەس نوێنەری ٥٠ هەزار کرێکار و ٢٤ سەندیکا تێیدا کۆ دەبنەوە.

- سازکردنی قەتاری نێوان کیرۆنا کە کانی ئاسنی لێیە، و نارویک (Narvik) دەست پێدەکا. کە هەم بۆ سەفەری خەڵک و هەم بۆ ناردنی خۆڵی ئاسن دەبێ. ئەم پرۆژەیە لە ١٩٠٣دا تەواو دەبێ.
- ئاژوتنی یەکەم ئوتومبیلی سوێدی بەتاقی دەکرێتەوە و دوایە کارخانەکەی لە لایەن گوستا ئێریکسۆنەوە دادەنرێ.
- کارخانەی شیشە سازی ئۆرەفورش بنیاد دەنرێ.
- گۆڤاری براند کە سەر بە ئانارشیست و لاوە سوسیالدێمۆکراتەکانە، بڵاو دەبێتەوە.

٤ سێپتامبری ١٨٩٩ کۆمەڵەی کئوپراتیڤەکان دامەزرا کە لە شێوەی خۆیدا بەهێزترین جووڵانەوەی هاوبەشی بەکارهێنان لە دنیادا بوو. هەر لەسەر ئەم بیرۆکەیە کۆمپانیای (KF) هاوبەشی (تعاون) رێکدەخرێ. ئامانجی ئەوەیە کە کاڵای هەرزانتر لە بازار بدرێ بە کرێکاران. (١٠)

لە ١٨٩٩دا یاسایەک دەرچوو کە کرێکارانی مانشکێن (کاتێک کرێکاران مانیان دەگرت، خاوەنکار لە دەرەوە کرێکاری دەهێنا و لە شوێنی ئەوانی دادەنا بە مووچەیەکی کەمتر. بەم کرێکارانە دەگوترا *مانشکێن*) دەبێ بەرگرییان لێبکرێ. تەنانەت ئەگەر کەسێک رەخنەی لێگرتبان دەدرایە دادگا. کەسێک کە بە دژیانی نووسیبا یان ئەو نووسینەی بڵاو کردبایەوە تا سێ مانگ زیندانی بۆ دەردەچوو. ئەم یاسایە بە دژی یەکگرتوویی کرێکاران لە لایەن خاوەنکارەکانەوە درا بە پارلمان و پەسند کرا. دەزانین کە هەر لەم ساڵەدا یەکێتی سەرانسەری کرێکاران راگەیەندرابوو. ئەم یاسا هەتا ١٩٣٨ کاری پێدەکرا و دوایە لە پشتگوێ خرا.

کلیسای ئازاد شوێنێک بوو بە پێچەوانەی کلیسا دەوڵەتییەکان هەموو جۆرە باسێکی تێیدا دەکرا. پرسەکانی رۆژ وەکوو هەڵبژاردن و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و... باسی ئایینی بەهەشت و جەهەنەم و عیبادەت پاشەکشەی پێکرابوو. ئەمە بوو بە هۆی ئەوە کە مانای "کەسی مەسیحی باورمەند" بگۆردرێ بە "شارومەندی مەسیحی"

لێکدانەوە ئایینییەکان بوو بە تاکەکەسی. هەر کەس بە بۆچوونی خۆی و لە پەیوەندی ئاسمانیدا بێ و لە لێکدانەوەیدا ئازاد بێ. ریزبەندی سەرەوە بۆ خوار لادرێ. ئەمە لە لایەکەوە تاکەکەسخوازی (Individualism) زیاد دەکرد و لە لایەکی دیکەوە مرۆڤی لە کۆت وبەندی ئیشکی ئایینی ئازاد دەکرد.

## جووڵانەوەی دژ بە خواردنەوەی ئەلکولی

زۆر خواردنەوەی ئەلکول وەکوو بەڵایەکی کۆمەڵایەتی زانراوە. هۆی ئەم بەڵا، لەم وڵاتانەدا سەردی کەش و هەوا، بێکاری بە تایبەت بۆ جووتیاران لە کاتی زستاندا، بێکاری بۆ کرێکاران لە کاتی قەیرانی ئابووریدا بوو. ئامارەکان نیشاندەدەن کە لەم کاتانەدا خواردنەوە زیادی کردووە.

زیانەکانی بۆ کۆمەڵ: نەخۆشی زۆر دەبێ و ئابوورییەکەی دەکەویتە سەر کۆمەڵگە. زیاد بوونی تاوان: بەپێی ئاماری دادگاکان ٨٤،٢ لەسەدی تاوانەکان هۆی سەرەکییان مەستی بووە. دزی و شەڕ و تێکدانی بنەماڵە، بەتایبەت ئازاردانی منداڵان. لە هەموو گرینگتر تێکدانی ریزی خەباتی کرێکاران بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان. هەژاری بۆ خۆی دەکەوێتە سەر کۆمەڵگا کە هەژاران بەخێو بکا. چ لە ڕێگای سواڵییەوە یان لە ڕێگای دەزگا دەوڵەتییە یارمەتی دەرەکانەوە. لە سەرەوەی هەموویان پێکدادانی سەیارە و کیشە و نائەمنی جادەکان.

خواردنەوە لە دنیای پیاواندا روو دەدا و ژن و منداڵ قوربانی دەبن. بەشێکی زۆر پارەی بنەماڵە و وڵات (لە کوردستان بە تایبەت) دەچێتە گیرفانی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرە بیانییەکان.

لە ١٨٧٩ جووڵانەوەی دژی خواردنەوە لە سوێد دەستی پێکردووە. گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵ و هاتنی سیستەمی پیشەیی هۆی ئەم ئەرکە بووە. ئەو کارانە کە ئەم جووڵانەوە لەبارەی سیاسییەوە کردوویە جگە لە سمینار و ئاگادار کردنەوەی خەڵک، قەدەغە کردنی خواردنەوەی ئەلکولی لە ماڵان و لەو شوێنانە کە بە رەسمی ئیزن نەدراوبوون دروست دەکرا. ئەورۆش لە سوێد فرۆشتنی خواردنەوەی ئەلکولی لە پاوانی دەوڵەتدایە و باجێکی قورسی لەسەرە. رەستورانەکان هەتا سەعات دوازدەی نیوەڕۆ ئەلکول نافرۆشن. فرۆشتنی ئەو خواردنەوانە کە ٣,٥% ئەلکولی زۆرتر بێ، لە دوکانە ئاساییەکان قدەغەیە و تەنیا لە دوکانە تایبەتەکان دەفرۆشرێ. بە کەسانی ژێر بیست ساڵ نافرۆشرێ. میزانی ئەلکول لە لەشدا لە کاتی لێخوڕیندا بە توندی لە لایەن پۆلیسەوەکۆنترۆڵ دەکرێ و ئەگەر کەسێک ٠،٢% ئەلکولی زیاتر لە جەستەدا بێ و لێبخوڕێ، ئاژوتننامەکەی وەردەگیرێتەوە. دوایەش هەتا ساڵێک بۆی نییە داوای ئیجازە بکا. ئەمانە هەموو بووەتە هۆی کەم بوونەوەی کوژران بە هۆی سەیارەوە. سوێد کەمترین

کوژراوی لە دنیا دا هەیە و یەکەمە. کوردستان و ئێران لە زۆریدا یەکەمن. (٣)

### ڕێکخراوی لاوان


لە ١٨٨٠ بەو لاوە ڕێکخراوەکانی لاوان بە ئایدای جۆربەجۆرەوە دادەمەزرێن لە ساڵی ١٩٣٥دا نزیک بە دوو هەزار کۆمەڵەی لاوان هەبووە کە لە چەندین ناوەنددا کۆ ببوونەوە.

کارەکانیان ئەمانە بوون: دژبەری لەگەڵ بەکارهێنانی توتون. خەبات بۆ ئاشتی، چاکسازی لە زماندا . کار بۆ کوتانی واکسێنی سوریژە. سمینار و کۆبوونەوە بۆ باس لەسەر هەلومەرجی کۆمەڵ و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ کێشەکان. هەروەها ڕێکخستنی گروپی وەرزشی و کەمپ لێدان لە سروشتدا. کورس بۆ ناسینی نەخۆشییەکان و هتد..

لە سەرەتای١٨٩٠دا دامەزراندنی کۆمەڵەی لاوان لە نێو جووڵانەوەی کرێکاریدا دەستی پێکرد. ڕێکخراوەکە هەموو لاو بوون و کەسانی لاو ڕێبەرییان دەکرد. ڕێبەرانی سوسیالدێمۆکراتیش بۆ خۆیان بە لاوی دەستیان بە کاری سیاسی کردبوو. کە لاوان ڕوویان کردە ریزەکانی جوولانەوە پێویست بوو ڕێکخراوی تایبەتی خۆیان لە نێو حیزبدا هەبێ. گەرچی کۆمەڵەکانی لاوان زیاتر لایەنگری :هینک: و بۆچوونەکانی ئانارشیستی- سوسیالیستییەکەی ئەو بوون، بەڵام لە ساڵی ١٨٩٧دا

ڕێکخراوی سەرانسەرییان دامەزراند و ساڵێک دواتر ڕۆژنامەی خۆیانیان هەبوو. یەکەم کونگرەیان لە ١٨٩٩دا گیرا. توند وتیژی بیر و بۆچوونیان، بە دژی پارلمانتاریسم و دژی ئایین خەڵکی لە حیزبی سوسیالدیمۆکرات سارد دەکردەوە، کەچی لاوان زیاتر ڕوویان تێدەکرد. لە کونگرەی ١٩٠٣ دا بە تەواوی بیری سوسیالدیمۆکراتییان وەلا نا و جۆێ بوونەوە. هەرلەو ساڵەدا حیزب لە شاری مالمۆ بنیادی کۆمەڵەیەکی لاوانی دانایەوە و زۆری پێنەچوو بوو بە خاوەن ١٥٠ کلوب و ٧هەزار ئەندام. لاوانی حیزب کاریان پروپاگەندە بوو. ڕۆژنامە و ڕێنوێنییان بڵاو دەکردەوە. دروشمی ئەو کاتەیان دانانی چەک لە لایەن ئەرتەشەوە بوو، چوونکە پەیوەندی نێوان نۆرویژ و سوید گەییشتبووە ئاستی شەڕ و خەڵک شەڕی نەدەویست. نووسەرێکیان شەش مانگ زیندانی کرا چوونکە سووکایەتی بە بەرپرسی پارلمان و دەوڵەت کردبوو.

زۆربەی کادیرەکانی دوایی حیزب لە نێو ڕێکخراوی لاواندا پێگەییشتبوون کە لە ١٩٠٧دا سێسەد کلوب و ١٥هەزار ئەندامی هەبوو. (١١)




# ١٩٠٠-١٩١٠

سوێد لە هەلومەرجێکدا پێ دەنێتە نێو سەدەی بیستەمەوە کە سەرمایەداری لە دنیای رۆژئاوادا گەییشتووەتە لوتکەی ئەمپڕیالیستی و کۆلۆنیالیزم تووشی قەیران بووە و هیچ شوێنێکی تازە بۆ داگیرکردن نەماوە. بۆیە دەوڵەتەکان بۆ گەشەی زیاتری ئابووری خۆیان چاویان بڕیوەتە بەشی یەکتر. بەڵام سوێد هێشتا لە قۆناخی سەرەتایی رەوتی گەشەکردندایە. وەک باسمان کرد لە سەدەی نۆزدەدا هێندێ زەمینەسازی هاتووەتە ئاراوە و دەرکەکان بۆ بەرەوپێشچوون ئاواڵە کراوە. سەرەڕای ئەوانە هێشتا زۆر بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی ماوە کە دەبێ هێزەکانی کرێکاران و خەڵک کاری بۆ بکەن. بۆ نموونە هێشتا زۆربەی خەڵک مافی دەنگدانیان نییە.

## بزووتنەوەی کرێکاری

دە ساڵی سەرەتای سەدەی بیست لە سوێدیش وەکوو هەموو شوێنی دیکەی دنیا پیشە بە خێرایی بەرەوپێشدەچێ و پیشەسازی کارەبایی پێشدەکەوێ. بێگومان ئەرکی بەرهەمهێنان و پێکهێنانی دەستکەوت لە ئەستۆی کرێکارانە کە بۆ خۆیان لەگەڵ کێشەی بژیو بەرەوڕوون.

١٩٠١

- خەڵکێکی زۆر لە شارە گەورەکاندا کە کارخانەکانی تێیدان کۆ بوونەتەوە. بۆ نموونە لە ١٩٠١دا ستۆکهۆڵم ٣٠٠ هەزار، یۆتەبۆری ١٥٠ هەزار و ماڵمۆ ٦٠ هەزار دانیشتوویان هەبووە.
- سەرەتای گۆڕانکارییەکان ئەوەیە کە رووداو لە شوێنی کاردا، بیمەی دەکرێ.
- لایەنگرانی جووڵانەوەی کرێکاری هەر لەم ساڵەدا سرودی ئەنترناسیونال وەردەگێڕنەوە سەر زمانی سویدی. کە لە خۆپیشاندانەکاندا دەگوترێتەوە. خەبات بە بێ هەستی شۆڕشگێڕی و هەست بە هەبوونی پشتیوان و لە هەمانکاتدا زانست بە ئاسانی بەڕێوە ناچێ، دەبێ دروشم و وتارێکی هاوبەشیان هەبێ کە یارمەتی یەکگرتوویان بدا. (١)

١٩٠٢

لە شاری نۆرشۆپینگ ئارشیف و کتێبخانەی کار پێکهات کە لە شیوەی خویدا، لە هەموو دنیادا کۆنترینە. هەموو بەڵگەکانی جووڵانەوە و وێنەی کارگەکان لەوێ کۆ دەکرایەوە.. ئێستاش ئەم ئارشیڤە هەر ماوە. بووەتە موزە و خەڵک سەردانی دەکا.

١٩٠٣

- سەندیکاکانی سویّد بە هۆی کارتێکەری نێوان ناکۆکییەکانی ئەنترناسیۆناڵی دووهەمەوە کێشەی تێیدا بوو هەتا بە یارمەتی سەندیکاکانی ئاڵمان و ئەمریکا کێشەکانی نێو ئەنترناسیونال کەم بووەوە و فێدراسیۆنی نێونەتەوەیی سەندیکاکان لە بێرلین دامەزرا.
- بەشێک لە هێزە کاراکانی حیزبی سوسیالّدێمۆکرات هەر لە سەرەتاوە ڕێکخراوی لاوانی سوسیالّدێمۆکرات (SDU) بووە. کە لە١٩٠٣ دا دامەزراوە.

١٩٠٤

- یەکێک لەو کارانە کە خاوەنکار بە دژی مانگرتن دەیکا کە بتوانێ مووچە زیاد نەکا و مانگرتنەکە بشکێنێ ئەوەیە کە کرێکاری هەرزان لە شوێنی دیکەوە بهێنێ و لە جێگای مانگرتووەکان دایبنێ. هەموو کاتێش دەبێتە کێشە لە نێوان کرێکارە مانگرتووەکان و کرێکارە مانشکێنەکاندا. کرێکارانی قەتاری نۆرشۆپینگ مانیان گرتبوو و کرێکاری مانشکێنیان هێنا. کێشە سازبوو. پۆلیس بەرەنگاری کرد و دوایەش کرێکارەکان بە توندی سزادران.

١٩٠٥

- هێندێ جار کێشەکان لە ڕێگای سەندیکاوە چارەسەر دەکرا، یان هەر نەبێ سەندیکا بە دووی داوخوازییەکاندا دەچوو. بۆ نموونە کێشەی گەورەی کارگەکان لە نێوان خاوەنکار و کرێکاراندا بە ڕێککەوتن کۆتایی دێ. خاوەنکارەکان قەبووڵ دەکەن کە سەندیکا بە ڕەسمی بناسن و لانی کەمی مووچە دیاری دەکرێ .
- ١٩٠٥/٥/١٩ کرێکارانی بەشی کانزا بۆ باشتر کردنی بارودۆخی کار و مووچە، مانیان گرت. خاوەنکارەکان دەرکەیان لەسەر ١٨هەزار کرێکار داخست و کرێکاری مانشکێنیان هێنا و بە هێزی پولیس بەرگرییان لە مانشکێنەکان دەکرد. ئەم مانگرتنە کارا نەبوو هەتا کرێکارانی بەشی خاوێنکردنەوەی شاری ستۆکهۆڵم مانیان گرت. شار پڕ بوو لە زبڵ. دەوڵەت داوای کرد کەسانی خۆبەخش بێن بۆ پاککردنەوە. خوێندکارانیان هێنا. زۆر نەبوون ئەوانەی بەشدارییان کرد. تێکهەڵچوون ڕویدا و هێزی سوارە نیزام زۆرکەسی بریندار کرد و کەسانێکیش گیران. ڕۆژنامەنووسەکانی ڕاست بە دژی کرێکار و سوسیالیستەکان پروپاگەندەیان دەکرد. سەرەڕای سەرکوتکردن، کرێکارانی شارەوانی سەرکەوتن. مافی دانانی کۆمەڵە، دە سەعات کار لە ڕۆژدا و زیادکردنی مووچەیان دەستکەوت.

١٩٠٦

- (SAF)ساف (ڕێکخراوی خاوەنکاران) لە گەڵ ڕێکخراوی ناوەندیی سەندیکاکان (LO)ڕێک کەوت کە کرێکاران ڕێکخراوی خۆیان هەبێ. بەڵام خاوەن کار مافی دابەشکردنی کار و دامەزراندن و دەرکردنی کرێکارانی هەبێ.
- لە باری ڕێکخراوەیی و چالاکی ڕۆژنامەوانییەوە حیزبی سوسیاڵدێمۆکرات کە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامەکانی کرێکار بوون و لەوکاتەدا حیزبیش بۆ مافی ئەوان هەوڵی دەدا ڕۆژنامەی ئاڵای باکوور، دەردەکەن. ئەم ڕۆژنامە لە لایەن بەشێک لە سوسیال دێمۆکراتە چەپەکانەوە (کە دوایە بوون بە حیزبی کۆمونیست.) لە لولیئۆ دەردەچوو.
- لە ساڵی ١٩٠٦دا یەکەم مەدرەسەی پێکهێنانی کادری حیزبی کرێکاری لە لایەن سوسیاڵدێمۆکراتەوە دامەزرا کە پێنج ساڵی یەکەم بە بێ یارمەتیی دەوڵەت کاری دەکرد.
- لە ١٩٩٠ هەتا ١٩٠٧ ژمارەی سەندیکاکان لە ٣٤ەوە بوو بە ٤٠. ژمارەی ڕێکخراوەکان لە ١٠٧١ەوە گەییشتە ٢٦٠٤. ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوە کرێکارییەکانی ژن و پیاو لە ٦٤٨٠٠ ەوە بۆ ٢٣٠٧٠٠ هەڵکشا و ژمارەیەکی زۆرتر لە سەندیکاکان چوونە ڕیزی ناوەندی سەرانسەرییەوە. تەنانەت

کرێکارانی بەشی کشتوکاڵ سەندیکایان پێکهێنا و چوونە ریزی ڕێکخراوی سەرانسەرییەوە. لە ١٩٠٧دا ٤٨% کرێکاران و ٦٢% ی کارمەندان سەندیکایان هەبوو. هەر ناوەندێک ڕۆژنامەی خۆی دەردەکرد و کرێکارانیان بە مەبەستی فێربوون و بردنەسەرەوەی زانستەکانیان هان دەدا.

- هەموو ئەمانە نیشانەی گەشەسەندنی پیشەیی وڵاتە. دواتر بە هۆی بەرهەمهێنانی کارخانەییەوە بەشێک لە سەندیکا کارگەییەکان لەنێو چوون.
- لە کارخانە چووکەکاندا کرێکاران توانییان تارادەیەک مووچەی باش لە خاوەنکاران بستێنن، چوونکە ئەم خاوەنکارانە توانایی بەرەنگاری یەکێتی سەندیکاکانیان نەبوو، بەڵام دواتر سەندیکای خاوەنکاران دامەزرا و لەو کاتە بەدواوە ڕێککەوتن بە هاسانی نەبوو و کاتی دەبرد. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٠٦دا بەپێی پەیمانێک ئەو بوارە بە خاوەنکار درا کە کرێکار بێکار بکا.

ئەمەش ئەو کاتەیە کە نۆرویژ لە سوید جوێ بووەوە و یەکێتی کرێکارانیشان جوێ بووەوە. واتە یەکێتی کرێکارانی سوید لاواز کرا. هەستی پەیوەندی لەگەڵ وڵات زاڵ دەبێ بەسەر هەستی یەکگرتوویی ریزەکانی کرێکاریدا.

- بەشێکی زۆر کرێکار لە ژێربیناسازیدا کاریان دەکرد. کارگە چووکەکانی فەرش و پارچە و... کران بە کارخانەی پیشەیی و هەموو ئەمانە بوو بە هۆی گەورەبوونەوەی شارەکان .
- ماوەیەکی برد هەتا کرێکاری لە گوندەوە هاتوو کە لەوێ خۆیان خاوەنکاری خۆیان بوون، لەگەڵ هەلومەرجی کاری پیشەیی و دابی کارخانەدا رابێن. بۆیە ڕێکخستنییان لە سەندیکا و خووگرتن بە یاسا و کاری ئیداری ئاسان نەبوو.
- ٢٩٠ هەزار کرێکار بە خواستی کەم نەکردنەوەی مووچەوە مانیان گرت. بورژوازی دەسەڵاتدار جووڵانەوەی کرێکاریی بە مەترسییەک بۆ کۆمەڵ دادەنا. مانگرتن شکستی هێنا.

ژمارەیەکی زۆر بێکار کران و بەرەو ئامریکا و لاتین ئامریکا کۆچیان کرد. زۆربەی ئەوانەش کە گەڕانەوە سەر کارەکانیان بەڵێنیان دا کە لە سەندیکاکانی(LO) دا ئەندام نەبن. ڕێبەری سوسیاڵدێمۆکرات و ڕێبەری ناوەندی سەرانسەری سەندیکاکان کەوتنە بەر ڕەخنەی توندی ڕێکخراوی لاوانی سوسیاڵدێمۆکرات و کرێکاران. نزیک بە نیوەی کرێکاران، ئەندامەتی خۆیان وەرگرتەوە. زۆربەیان ژنان بوون. ئەم پێشهاتە یەکێتی لیبراڵەکانیشی گرتەوە. کاردانەوەیەکی دیکە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سەربەخۆی ژنان بوو. ژنانی کرێکار گەڕانەوە سەندیکا پیشەییەکانی خۆیان. کۆمپانیاکان قازانجێکی زۆریان لە گیرفان

دەنا. ١٣٠ هەزار کرێکار بەشداری مانگرتنەکەیان کردبوو. سەندوقی مانگرتن بەتاڵ ببوو. خاوەنکاران پێیان خۆشبوو، چوونکە ئەنبارەکانیان لە کاڵای پێویست بەتاڵ ببوو و ڕێگا نەبوو بۆ بەرهەمهێنان کاڵا بهێنن. پاش پێنج مانگ مانگرتن پێکهاتن کە بڕێکی زۆرکەم لە مووچە زیاد بکەن. زۆر کەس کارەکەی گۆڕی و نەگەڕانەوە بۆ کارخانەکان. سەرکەوتن بە هاسانی دەستەبەر نابێ.

- کێشەی نێوان کرێکار و خاوەنکار کە هەردووک لە یەکێتی خۆیاندا ڕێکخرابوون هەتا ساڵی ١٩٠٦ درێژەی هەبوو. دوایە بەپێی پەیمانێک پێکهاتن. (٢)

١٩٠٧

١٠ ی مارسی ١٩٠٧ کارخانە چیوبرینی ساندۆ بە تاوانی ئەوە کە ببوون بە ئەندامی سەندیکا ٦٠ کرێکاری بێکار کرد. کرێکاران مانیان گرت و کارخانە کرێکاری مانشکێنی هێنا و هێزی سەربازی بەرگری لێدەکردن. تێکهەڵچوون لە نێوان کرێکاران و سەربازاندا ڕویدا. شەڕی شەقامان لە نێوان کرێکاری دژ بە مانگرتنی ئینگلیسی و کرێکاری سویدیدا لە گوتنبرگ پێکدێ. هێندێک بریندار بوون و چەند کەس خرانە زیندانەوە و هەر کامە چەند ساڵ زیندانیان بۆ بڕایەوە.

- هەر لەو ساڵەدا خاوەنکارەکان ناچار بوون ڕێککەوتن لەگەڵ سەندیکادا بکەن.

١٩٠٨

- سێ لاوی بێکار پاپۆڕێک دەتەقێننەوە کە کرێکاری ئینگلیسی دژ به مانگرتنی تێیدا بوو. کرێکارێک دەکوژرێ ٢٣ دیکە بریندار دەبن. ئەمە بوو بە هۆی ئەوە کە دەوڵەت بۆ یەکەمجار تێکەڵی کێشەکە ببێ. ئەو سێ کەسە دوویان سزای مەرگیان بۆ دەرچوو و یەیکیان زیندانی هەتاهەتایی .

١٩٠٩

هۆکاری خراپبوونی ڕەوشی ئابوریی کە ئەو کاتە هەموو ئۆروپای داگرتبوو، خاوەنکارگەکانی هێندی کارگەی سوێد، فشاریان خستە سەر ڕێکخراوی خاوەنکاران بۆ کەمکردنەوەی مووچەی کرێکاران، لە بەرامبەردا خواستی یەکێتیی سەرانسەریی کرێکاران (LO) بەرزکردنەوەی مووچە بوو. بۆئەوەی خواستەکەیان سەربگرێ خاوەنکاران هەڕەشەی دەرکە داخستنیان لەسەر ٨٠هەزارکرێکاری کارگەکانی ڕستن و چنین، چێوبڕین و کاغەز، کرد. وەڵامی LO بریتیبوو لە مانگرتنی گەورە، یەکێتی سەرانسەری سەندیکاکان (LO) لە ٤ی ئۆگوستی ١٩٠٩ دا مانگرتنی گەورەی ڕاگەیاند. هەموو کرێکارە پیاوەکانی سوێد بەشداریان کرد.

ئەم مانگرتنە بوو بە هۆی بێکار کردنی ١٦٣هەزار کەس. ڕێکخراوی سەرانسەری نەیتوانی چارەیەک ببینێتەوە و دەیەویست لەگەڵ خاوەنکاران ڕێک کەوێ. کرێکاران پشتیوانییان نەکرد و مانگرتن بوو بە سەرانسەری و ٣٠٠ هەزار کرێکار جگە لەوانە کە لە بەشی نەخۆشخانە و کارەبا و ئاودا کارایان دەکرد، باقی هەموو پەیوەست بوون بە مانگرتنەکەوە. نزیک سەد هەزارکەسیان تەنانەت ئەندامی سەندیکاش نەبوون. ڕێکخراوی سەرانسەری جیا لە پشتیوانی، داوای دەکرد کە مانگرتنەکە بە ئارامی بەڕێوەبچێ. سوپا و پۆلیس خۆیان بۆ بەرەنگاری ئامادە کردبوو، بەڵام کرێکاران قۆڵیان لە قۆڵی یەک گرێدابوو ڕێپێوانیان دەکرد و خۆیان پاسەوانیان بۆ ڕاگرتنی ڕێکوپێکی دانابوو.

مانگرتنەکە دوو مانگ درێژەی هەبوو. لە وتوویژەکاندا بە هیچ ئاکامێک نەدەگەییشتن. کرێکارانی کارخانە و کۆمپانیا گەورەکان درێژەیان بە مانگرتن دا، بەڵام بەشێک چوونەوە سەرکار کە ژیانی خەڵک بە تەواوی تێکنەچێ. خاوەنکاران ئەمەیان بە هەل زانی و داوایان دەکرد دەبێ بەبێ هیچ مەرجێک مانگرتن تەواو بکرێ. تەنیا ئاکامی مانگرتنەکە ئەوە بوو کە ڕێککەوتن کەس بێکار نەکرێ. دەنا مانگرتن بە گشتی شکستی هێنا. ئەم مانگرتنە لە ئۆروپادا زۆر دەنگی دایەوە و پشتیوانی کرا. تەنانەت پارەی یارمەتییان بۆ کۆ کردنەوە. لە

نێوخۆی وڵاتیشدا نزیک بە سێ ملیۆن کرۆن کۆ کرایەوە. لە ڕۆژنامەکاندا دەنووسرا کرێکاران هێز و دیسیپلینی خۆیان پیشاندا. ئاکامی ناخۆشی ئەم مانگرتنە لاواز بوونی متمانە بە ڕێکخراوی سەرانسەری سەندیکاکان بوو. ژمارەی ئەندامان لە ١٦٣ هەزارەوە بۆ ٨٥ هەزار دابەزی. زۆربەی ڕێکخراوە کرێکارییەکان قەدەغەکران و بەشێک لە کرێکارەکان بەرەو ئەمریکا کۆچیان کرد. خواستی کۆپەیمان لە نێوان کرێکار و خاوەنکاردا هەتا ١٩٢٨ بەدوا کەوت. (١١)

- بەشداری گروپی سوسیاڵدێمۆکرات لە پارلمان یاسایی دەکرێ. هەر لەم ساڵەدا مەدرەسەی جووڵانەوەی کرێکاری لە برونزڤیک دەکرێتەوە.
- بەشەکانی (LO)ئیمکان پەیدا دەکەن کە بە جەمعی پەیوەندی بە ڕێکخراوی خاوەنکاران(SAP)ەوە بکەن.
- کۆمپانیاکانی هاوبەشی مەسرەف دانران کە کڕیارەکان خۆیان بە هاوبەشی خاوەنی بوون و ناوەندەکەی سەر بە سوسیاڵدێمۆکراتەکان نەبوو. بەڵام ئەوانەی لایەنگری سوسیالیستەکان نەبوون لەوێ شتیان نەدەکڕی.

مادە یاسایەک لە ١٨٩٩دا دانرابوو کە " ئەو کەسانە کە کرێکاران بۆ مانگرتن هانبدەن، لەلایەن دادگاوە بانگ دەکرێن و سزادەدرێن و

زیندان دەکرێن" ئەم یاسایە بە دانانی کۆمەڵە و سەندیکا کە نوێنەری کرێکاران بوون جار وابوو کاری پێدەکرا و جار نە. ئەم کێشە هەتا ١٩٣٦ کە یاسای کۆمەڵەکان دانرا درێژەی هەبوو.

**تێکۆشانی ژنان**

- لەم کاتانەدا ژنان ئەو بەشە لە کۆمەڵ بوون کە بەدەر لە جیاوازیی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی، لە بەرانبەر پیاواندا هیچ مافێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و مافی دەنگدانیان نەبوو. ئەگەر کاریان دەکرد



هاوسەرەکەیان مووچەکەی وەردەگرت. یاسا بەپێی شەریعەت کاری دەکرد و لە شەریعەتدا ژن وەکوو کویلەی پیاو بوو. بە هۆی گۆڕانێکەوە کە لە نێو کۆمەڵدا پێکهاتبوو و خەڵک و لە پێش هەمووانەوە جووڵانەوەی کرێکاری، دەیانویرا باسی مافی خۆیان بکەن، ژنانیش خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی بەرانبەریان دەست پێکرد. ئەم خەباتە پلە بە پلە چووە پێشەوە و تەنانەت ئەوڕۆش کۆتایی نەهاتووە.

- لە١٩٠٠دا یاسای سنوردانان بۆ کاری ژنان و منداڵان لە کارخانە پەسندکرا. ئەم یاسایە کاری ژنانی لە ژێرخانەکاندا قەدەغە دەکرد و چوار حەفتە پشووی بێ مووچەی لە کاتی زاییندا دەستەبەر دەکرد. لەم کاتەدا ٢٨%ی هێزی کاری کارخانەکان لە ژنان پێکهاتبووە. لە بەشی کشتوکاڵدا ژنان ١٣،٤% هێزی کاریان پێکدێنا. ٢،٤% ئەندامانی (LO) ژنان بوون. ژمارەی ئەو ژنانە کە خوێندەواری بالایان هەبوو دەگەییشتە ٣٠٨٠٠ کەس .(٥)

١٩٠٢

- سەندیکایەک تایبەت بە ژنان - لە بەرانبەرکێ لەگەڵ ژنە ئەندامانی نێو (LO) دا- دادەمەزرێ کە زیاتر ژنە خەیاتەکان لە خۆ دەگرێ.

١٩٠٣

- رێکخراوی سەرانسەری سیاسی بۆ مافی هەڵبژاردنی ژنان لە لایەن هەردو دەستە ژنانی بورژوا و سوسیال دێمۆکراتەوە رێک دەخرێ .
- ژنانی لیبراڵ کۆمەڵەیەک پێک دێنن بۆ یارمەتیدان بە خەڵکی هەژار. واتە کاریان بۆ پەیدا بکەن و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا یارمەتییان بدەن. ئەمە دەبێتە بنەما بۆ دانانی یاسای سوسیال کە لە بودجەی شارەداری یارمەتی بە بێدەرامەدان بدرێ.

١٩٠٥

- مافی خوێندنی ناوەندی بۆ کچان دادەنرێ.
- ١٠ کەس لە نوێنەرانی سوسیالدێمۆکرات چوونە پارلمان و لە سەر پرسی مافی دەنگدانی گشتی تێکۆشان. لەم کاتەدا ژنان مافی دەنگدانیان نەبوو و ئەم باسە ئەوانیشی دەگرتەوە. ژنان زۆر بە هێزەوە هاتنە پێشێ و ١٤٦ هەزار ئیمزای ژنان بۆ پێشنیاری مافی دەنگدانی ژنان کۆکرایەوە.

١٩٠٧

- یەکەم کۆنفرانسی ژنانی سوسیالدیمۆکرات لە ستۆکهۆلم دەگیرێ.

١٩٠٨

بڕیاردرا ژنانی شودار بەهەمان مەرجی پیاوان بەشداریی دەنگدانی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی بکەن. مەرجەکە ئەوەبوو کە باجی ساڵانەی داهاتیان لە بڕێکی دیاریکراو کەمتر نەبێت.

١٩٠٩

- کاری ژنان لە بەشی خۆراک و ئەلکترۆنیک و کارخانەی توتون و پارچە دا بوو. منداڵی کاریگەر زۆر بوون چوونکە کاری ئەوان هیچ یاسایەکی لەسەر نەبوو.
- بڕیاری قەدەغەکردنی کاری شەوانەی ژنان دەدرێ. و دەبێتە یاسایی. (١١)

**کشتوکاڵ و وەرزێڕان**

- وەزارەتی کشتوکاڵ لە ساڵی ١٩٠٠ دا دادەمەزرێ.
- وەک باسمان کرد بەشی سەرەکی ئابووری سوێد لە ڕێگای کشتوکاڵەوە دابین دەکرا. وەرزێرانی خاوەن زەوی کۆمەڵە و دواتر حیزبی خۆیان هەبوو و لە پارلمان بەهێز بوون. خەباتی ئەوان بریتی بوو لە کۆنترۆڵی هاوردە و بردەی کاڵا و چاوەدێری نرخەکانی بازاڕ و زکات و گومروک.
- لە ١٩٠٤دا حێزبێکی تازەی ڕاست( AVF) یەکێتی گشتی دەنگدەران، حێزبی پارێزگاران – ئێستا ناویان مۆدێراتەکانە) بۆ بەرەنگاری لەگەڵ جووڵانەوەی خێرا گەشەکردووی کرێکاران، دادەمەزرێنن.
- هەر لەم ساڵەدا دەوڵەت پێنج ملیون قەرز دەدا بە ئەو وەرزێرانە کە زەوی کەمیان هەیە. ئەمە بۆ ئەوەیە کە گوندنشینەکان کۆچ نەکەن بۆ شار، یان بۆ دەرەوەی وڵات. بەڵکوو بۆ خۆیان بتوانن ژیانێکی گونجاو لە گوندەکاندا دابین بکەن.
- هاتنی جووتێران بۆ بەشی پیشەیی: لە ساڵی ١٩٠٠دا نزیک بە ٢٦ هەزار کرێکاری ژن و پیاو لە ٢٦٧ کان (مەعدەن) دا و ٣٤ هەزاری تر لە ٢٤٨ کارخانەی چیوبڕین و کاغەزسازیدا کاریان دەکرد. کە لە گوندەکانەوە هاتبوون. ئەم کارخانانە زۆربەیان بە سەرمایەی دەرەکی دامەزرا بوون. سەرمایەی ئینگلیسی و

نۆرویژی و سکاتلەندی. بەڵام هەناردە کردن زۆرتر بەرەو ئینگلیس بوو. (٦)

## پیشە و خاوەنکار

دەوڵەمەندانی سوید تێدەگەن کە دانانی سەرمایە لە کارخانە و کۆمپانیادا قازانجێکی زۆری بە دواوەیە بۆیە رۆژبەرۆژ کارخانە و کۆمپانیاکان زیاد دەکەن، بەڵام مەترسیی سەرەکی لای خاوەنکاران جووڵانەوەی کرێکارییە. بۆیە هەر بەو شێوە کە گەشەی پیشەسازی هێزی جووڵانەوەی کرێکاری پەرە پێدەدا ئەوانیش خۆ رێکدەخەن و دەوڵەت وەکوو کەرەسەیەک بۆ بەرەنگاری بەکار دێنن.

- لە ١٩٠٠دا کانی ئاسنی نورلەند بۆ هەناردە کردن ئامادە دەبێ.

- رێکخراوی خاوەنکاران(SAF)لە١٩٠٢ دا رێکدەخرێ وەکوو وەڵامێک بۆ رێکخراوی سەرانسەری سەندیکاکان. هۆی هاتنە مەیدانی ئەم رێکخراوە پێشگریکردن لە مانگرتن بۆ مافی هەڵبژاردن بوو. دواتر بوو بە لایەنی وتوویژ لەگەڵ سەندیکای کرێکاران .

چالاکییەکانی دیکەی بەشی پیشەیی لە دە ساڵی سەرەتای ئەم سەدەدا، کە دەبنە هۆی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ و زیاد بوونی ئیش بۆ کرێکاران، بریتین لە:

١٩٠٢

- کارخانەکانی بیرە لە یۆتەبۆری یەک دەگرن و نێوی پریپس بۆ خۆیان دیاری دەکەن .

١٩٠٣

- ناوەندی رێکخراوی خاوەنکارانیش بنیاد دەنرێ.
- یەکەم زنجیرەی ئوتوموبیلی سواری لە کارخانەی سکانیای مالمۆ پیشان دەدرێ.
- لەم دە ساڵەدا هەناردە کردنی کاغەز و کارخانەی هەویری کاغەز دەستپێدەگرێ

١٩٠٧

- کارخانە اس کۆ اف (بۆربرینگ سازی) لە گوتنبرگ دادەمزرێ.
- کارخانەی شەکری سوید دەکرێتەوە و شەکریش لە پاوانی دەوڵەتدا دەبێ.
- کۆمپانیای والنبەری( SDR )تلەفون ( AB )پەیمانی راکێشانی هێڵی تلەفونی مۆسکۆ و وەرشەو وەردەگرێ. (١١)

## کۆمەڵایەتی

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە ژێر گوشاری جووڵانەوەی خەڵکدا دەوڵەت هێندێ کار بۆ باشترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکا. کە دەبێتە بناغە و دەسپێک بۆ ئەو شتە کە دوایە لە کتێبە کۆمەڵناسییەکاندا پێی دەگوترێ دەوڵەتی خزمەتگوزار. دیارە دواتر لێمان روون دەبێتەوە کە ئەم دەوڵەتە چەند لەو بوارەدا سەرکەوتوو بووە یان نە. چەند بە قازانجی خەڵک بووە و چەند بە قازانجی سەرمایەو سەرمایەداران.

١٩٠١

- بەر لە هەموو شتێک بورسی ستۆکهۆڵم بە شێوەی مۆدێرن رێکدەخرێتەوە. ئەمە بەشی سەرمایەیە.
- بۆ هاتووچووی خێراتری خەڵک بۆ سەرکار قەتاری کارەبایی لە ستۆکهۆڵم بەکار دەکەوێ.
- لە لایەن کرێکارانەوە "ماڵی خەڵک" لە ستۆکهۆڵم دەکرێتەوە. ئەم ماڵانە شوێنی چالاکی خەڵک دەبێ.

١٩٠٢

- دەوڵەت بۆ دابینکردنی بودجەی ساڵانەی خۆی، لەم ساڵە بە دواوە، ڕاگەیاندنی داهاتی ساڵانە لە لایەن تاکەکەسەوە دادەنێ. هەرکەس بۆ خۆی دەبێ داهاتەکەی بە ئیدارەی باج ڕابگەیەنێ. هەتا ئەوان باجی ساڵانەی بۆ دیاری بکەن. ئەمە جگە لەوە کە باج لە مووچە هەڵدەگیرێ. باج وەرگرتنی بەردەوام لە لایەن دەوڵەتەوە، بنیادی سیستەمی مودێڕنی باجی سویدییە کە هێشتاش بەردەوامە.
- کەمی بەروبوو لە باکووری سوێد لە سەرەتای ئەم سەدەوە هەتا ١٩٠٢بەردەوام دەبێ و مەترسی برسیەتی باکووری سوێد هەیە و لە باشوورەوە یارمەتییان بۆ دەچێ.

١٩٠٣

- بەرە بەرە ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان دادەمەزرێن و دەوڵەت دەست بەسەر داراییە گشتییەکاندا دەگرێ، یان ڕێکیان دەخا کە بتوانێ باجی ساڵانە ڕێکبخا. لەم بوارەدا یەکەم یاسای ئاگاداری لە جەنگەڵەکان دادەنری.
- بۆ کۆنترۆڵی بازاڕی کار و بەرەنگار بوونەوەی بێکاری ئیدارەی کار لە شارەدارییەکان دادەمەزرێ.
- بۆ لاوەکان ڕێکخراوی سەرانسەری وەرزش (RF) دادەمەزرێ.

١٩٠٥

- فرۆشی خواردنەوەی ئەلکولی دەبێتە پاوانی دەوڵەت.
- ژمارە بۆ سەد و پازدە ئۆتوموبیل کە ئەو کاتە لە سوید بوون دادەنرێ.

١٩٠٦

- سازمانی پارکە خەڵکییەکان لە لایەن دەوڵەتەوە رێکدەخرێ. سێ ساڵ دوایە لە١٩٠٩ دا بەپێی یاسا سوێد دەبێتە خاوەن نۆ پارکی مێللی. (ئەو شوێنانە کە لێرەوارەکانی دەست لێنادرێ و پێڕاگەییشتنی لە ئەستۆی دەوڵەتە)
- پارلمان بڕیار دەدا کە مامۆستایانی مەدرەسە خەڵکییەکان مانگانەیان وەکوو یەک بێ.

١٩٠٧

- کۆمەڵەی نەتەوەیی دژی کۆچبەری دادەمەزرێ.
- پارک و خانووی خەڵک دروست دەکرێ کە شوێنی کۆبوونەوەی خەڵک و سەندیکاکان بوون. ئەم شوێنانە بە کاری خۆبەخشی کرێکاران دامەزرا و بەڕێوە دەچوو. کتێبخانەیان تێیاندا دانابوو و یارمەتی بە خوێندەواری دەدرا.

**سیاسی**

لە باری سیاسییەوە بەرەی راست دەسەڵاتی بەدەستەوەیە.
جووڵانەوەی کرێکاری هێشتا نەیتوانیوە بە شێوەیەک خۆی رێکبخا کە نوێنەری لە پارلمان هەبێ یان دەوڵەت بەدەستەوە بگرێ. لە ١٩٠٠دا حێزبی لیبراڵ رێکدەخرێ. ئامانجی سەرەکی دەستەبەرکردنی مافی هەڵبژاردنی گشتییە. ئەم حیزبە لە ١٩١٠دا دەورێکی دیار لە سیاسەتی سوێددا دەگێڕێ.

١٩٠١

دەوڵەتی مودێڕن بە بێ ئەرتەشی مۆدێڕن مانای نییە. بۆیە لە١٩٠١ دا ئەرتەشی مودرن بنیاد دەنرێ و ماوەی سەربازی دەبێتە ٢۴٠ رۆژ .

١٩٠٢

مانگرتنی سیاسی بەرفراوان بۆ مافی دەنگدان.

وڵات بە دەوڵەت بەڕێوە دەچێ و دەوڵەت نوێنەری پارلمانە و کرێکار و خەڵکی هەژار هیچ نوێنەرێکیان لە پارلماندا نییە. تەنانەت

بەشی هەرە زۆریان ناشتوانن دەنگ بدەن. چونکە دەنگدان بۆ ئەو کەسانەیە کە ٨٠٠ کرۆن داهاتی ساڵانەیان هەبێ و ئەوە لە کۆی مووچەی کرێکارێک زیاترە. خەڵک بە گشتی وکرێکاران بە تایبەت بۆ بەرگری لە کار و پێداویستی ژیانیان چەکێک جگە لە ڕێکخراو و مانگرتنیان بە دەستەوە نییە. خەبات بۆ دانانی یاسای دەنگدانی گشتی دەبێتە دروشمی ئەم ساڵانە. لە ١٥ی مەی ساڵی ١٩٠٢دا سێ ڕۆژ مانگرتن بەم مەبەستە رادەگەیندرێ. مانگرتن لەگەڵ خۆپیشاندانە. حوکومەت پێشنیاری مافی دەنگدانی گشتی قەبوڵ نەکرد. لە نێو حیزبی سوسیالدیمۆکراتدا لەسەر پێشنیاری مانگرتن دەنگ وەرگیرا. بیست هەزار کەس بەشداری کرد و دەنگیان بە مانگرتنی سیاسی نەدا. بۆیە کونگرەی نایاسایی بانگهێشت کرا کە لەسەر ئەم پرسیارە ڕا دەربڕێ. کونگرە بڕیاریدا ئامادەکاری لە نێو ریزەکانی کرێکاراندا بکرێ. کۆبوونەوە بکەن و لەو کۆبوونەوەانەدا پێیداچوونەوە بکرێ. سەرئەنجام کۆبوونەوەیەک لە ستۆکهۆڵم کرا کە لەگەڵ توند و تیژی پۆلیس بەرەڕوو بوو. ئەم کردەوە دەنگی زۆری دایەوە و بوو بە هۆی ئەوە کە دەوڵەت داوای وتوویژ لەگەڵ حیزبدا بکا. ئاخر حەفتەی خۆپیشاندانەکە نزیک بە ٤٠ هەزار کەس بەشدارییان کردبوو. لە نێویاندا لاوان و خوێندکارانیش هەبوون.

چەند رۆژ دواتر پرسی مافی دەنگدان بۆ هەموو کەس، لە پارلمان خرایە دەستورەوە. هەر ئەو رۆژە ١٢٠هەزار کرێکار رایانگەیاند کە بۆ ماوەی سێ رۆژ ماندەگرن. خۆ پیشاندانەکە زۆر بە نەزم و رێکوپێک بوو. کرێکاران نیشانیاندا کە چ هێزێکی بە توانا و بە دیسیپلینن. ئەمە تووڕەیی و ترسی خاوەندەسەڵاتی بە دواوە بوو. تا ئەو ئاستە کە رۆژنامەکانیان نووسییان کە ئەم خۆپیشاندانە بە دژی کۆمەڵگا بوو. وەکوو ئەوە کە ئەو خەڵکە بەشێک لە کۆمەڵگا نەبن. دەوڵەت کشایەوە، پارلمان قەبووڵی کرد کە ساڵی دوایی ئەم پرسە باس بکرێتەوە. لەو لاشەوە خاوەنکارەکان سەرکردەکانی خۆپیشاندانیان بێکار کرد و پولیس ٦٤ کەسی دەستبەسەر کرد. ئەم هاوئاهەنگییە لە نێوان خاوەنکار و دەزگاکانی سەرکوتدا زۆر بەرچاوە. زۆربەی گیراوەکان بە پارە سزادران و چەند کەسیش تا یەک مانگ زیندانیان بۆ دەرچوو. پێشتر سەندوقی پشتیوانی لە مانگرتووان دانرابوو و هەر کەس هەرچەندە دەیتوانی پارەی تێدەهاویشت. تەنانەت کرێکاران و کارمەندانێک کە مووچەی باشیان هەبوو، بەڵام ئەندامی سەندیکا نەبوون و مافی دەنگدانیشیان هەبوو یارمەتییان بەم سەندوقە دەکرد. لەم مانگرتنەدا ئەندامان بە هیچ جۆرێک نەیاندەویست سازان بکەن بەڵام رێبەری تووشی دوودڵی ببوو. لە سەندوقی مانگرتندا ١٠٩ هەزار کرۆن کۆ کرایەوە کە سزاکانی پێبدەن. یەکگرتوویی کرێکاران ترسی

دەرڕەواندەوە و بۆ یەکەم جار خۆپیشاندانێکی سەرانسەری کرا کە بوو بە هۆی زانیاری و بەرچاو روونی کرێکاران لە هێزی خۆیان.

پێشنیاری راستەکان لە پارلماندا دەنگی نەهێنا. هێندێ لە خاوەنکاران ئامادە نەبوون پشوو بدەن بە کرێکارەکانیان بۆ بەشداری لە مانگرتنەکەدا و دەریان دەکردن. ژمارەیەک بێکار کران، بەڵام کرێکاران پیشانیان دا کە هێزێکن کە ناکرێ چاوپۆشی لێبکرێ (١٥)

بەدەست هێنانی مافی دەنگدان دەبوو بە هۆی هاتنە ژوورەوەی سوسیالیستەکان بۆ پارلمان و ئەمە جێگەی نیگەرانی دەسەڵاتی بورژواکان بوو. چوار نوێنەری کریکاران ببوون بە نوێنەری پارلمان .

١٩٠٥

کێشەی جیابوونەوەی نۆروێژ کە سەد ساڵ بوو لە لایەن سوێدەوە داگیر کرابوو گەییشتە سەرلوتکە و مەترسی شەڕ هەبوو. کرێکاران بە دژی شەڕ مانگرتنی گشتییان راگەیاند. ئاخری لە سێپتەمبەری ئەو ساڵەدا جیابوونەوە بە شێوەی ئاشتیخوازانە سەریگرت .

بۆ یەکەمجار لیبراڵەکان بە تەنێ دەوڵەت پێکدێنن ، بەڵام تەنیا شەش مانگ دەوام دێنێ.

سانسوری نووسین بە دژی هێزی سەربازی دادەنرێ .

سوسیالیستەکان ٥،٩% دەنگیان بەدەست هێنا. لە ساڵی ١٩٠٨دا ئەم ڕێژەیە گەییشتە ٦،١٤.%

١٩٠٦

یاسایەک دەرچوو کە پڕوپاگەندە دژی هێزی سەربازی قەدەغە دەکرد. "زێت هۆگلوند" ئەندامی لاوانی سوسیالدێمۆکرات بە هۆی نووسین بە دژی هێزی سەربازی بە شەش مانگ زیندان سزا دەدرێ. دو ساڵ دوایە جووڵانەوەی دژ بە شەڕ دەستی پێکرد. لاوەکان داوای چەک داماڵین لە هێزی سەربازییان دەکرد. بەپێی ئەم یاسایە بە دەیان کەس لە شارەکانی سویددا لە زیندانی درێژخایەن خران. تەنانەت ڕۆژنامەنووسان گیران.

ساڵێک دواتر ١٩٠٦بەرەی ڕاست لەسەر پێشنیارێک بۆ مافی دەنگدانی گشتی بە هێندێ تێبینییەوە، پێکدێن، بەڵام دەنگدان تەنیا بۆ پیاوانە. دەوڵەت ناتوانێ کێشەی ئەم مافە جێبەجێ بکا، بۆیە دەست لە کار دەکێشێتەوە.

لە هەشتی مانگی مەی١٩٠٦ دا کونگرەی سوسیال دێمۆکراسی رووس بە بەشداری لینین و ستالین لە ستوکهۆڵم بەڕێوەدەچێ . (١١)

لە ماوەی پێنسەد ساڵدا وڵاتانی ئوروپا نیوەی زیاتری دنیایان داگیرکردبوو و بە شێوەیەک لە نێو خۆیاندا دابەشیان کردبوو. ئەم

دابەشکردنەش زۆربەی بەشەڕ کرابوو. ئێستا لە سەرەتای سەدەی بیستدا برێکیان (ئاڵمان و روسیە) بە بەشەکەیان رازی نەبوون و چاویان لە بەشی ئەوانی دیکە بوو. سێبەری شەڕ لە لایەک و بەرەوپێشچوونی ئابووری لە لایەکیتر. گەشەی ئابووری پێویستی بە وڵاتانی دەرەوە بوو، بۆ هێنانی ماددەی خاوی پێویست بۆ بەرهەمهێنان و هەروەها شوێنێک بۆ هەناردە کردن. پێشکەوتنی پیشە بە تایبەتی پیشەی چەکوچۆڵی سەربازی سەرمایەدارەکانی هان دەدا کە هەرچی زیاتر کۆلونییەکانیان پەرە پێ بدەن. بەڵام ئەم کێبەرکێیە بە هاسانی نەدەچووە پێشەوە. یارگیری بۆ شەڕ و بەرە پێکهێنان لە ١٩٠٦ەوە دەستی پێکرد. روسیە لە ئینگلیس و فەرانسە نزیک دەبێتەوە و ئاڵمان دەبێتە تەنیا دوژمنیان. ساڵێک دواتر قەیرانی ئابووری هەموو وڵاتە پیشەییەکان دەگرێتەوە. دابەزینی بازاری نێونەتەوەیی دەگاتە سویدیش. بەڵام سوید لە ١٩٠٧دا قەراری "هاگ" ئیمزا دەکا کە سەبارەت بە بێلایەن بوون لەشەڕدایە.گەرچی دوو ساڵ دواتر ١٩٠٩دەوڵەت لەگەڵ دەزگای تلگراف پێکدێ کە تلگرافەکانی دەرەوەی وڵات بخوێنێتەوە. یانێ کۆنترۆڵی جاسوسی. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە کەسانێک سەر بە ئاڵمان بوون .

لە خۆپیشاندانی ساڵی ١٩٠٨دا ئانارشیستەکان بۆمبێکیان تەقاندەوە. راستەکان گوتیان سوسیالدێمۆکرات بۆ خۆیان رێکیان خستووە.

هەرچۆنێک بوو، رادەی ئەندامانی ئەو حیزبە کەمی کرد، بەڵام ژمارەی کۆمۆنەکان کە لەدەست کرێکاراندا بوو زیادی کرد و گەییشتە ٥٧ شارەوانی.

یەکێکی دیکە لە خواستەکانی سوسیالدیمۆکرات هەڵوەشاندنەوەی پارلمانی یەکەم بوو کە نوێنەری ئەشراف بوون و زۆر کۆنەپەرست بوون. بەڵام هیچکام لەم داوخوازییانە نەکرا دەنگی زۆربەی پارلمان بهێنێتەوە و بە دواخرا.

جارێکی دیکە لە ١٩٠٩دا پرسیاری مافی دەنگدان دێتە پێشەوە و ئەم جارە بە جددی وەردەگیرێ.

سوسیالیستەکان دەیانەویست بە هاوبەشی لیبرالەکان دژی ئەشراف کە لە پارلمان زۆربە بوون بوەستنەوە، بەڵام لەسەر چۆنیەتی مافی دەنگدان بۆچوونی جیاوازیان هەبوو.

دیسان مانگرتن هاتە ئاراوە. لە نێوان مانگرتوان و مانشکێناندا بوو بە کێشە تا ئەو رادەیە کە رۆژنامە چەپەکان نێوی مانشکێنەکانیان چاپ کرد. ناوەندی سەندیکای لیبراڵ (SAF) پێی وابوو کە لە دەورانی دابەزینی ئابووریدا دەبێ مووچەکان کەم بکرێنەوە دەنا ٨٠ هەزار کرێکار بێکار دەبن. سوسیالدیمۆکراتەکان گەرچی بۆ خۆشیان ئەمەیان دەزانی بەڵام نەیاندەویست پاشەکشە بکەن. و مانگرتنیان راگەیاند.

لیبراڵەکان تاکتیکیان ئەوە بوو کە سەندیکاکان لە حیزب جوێ بکەنەوە کە بتوانن ئەو ئامانجەی خۆیان دەیانەوێ بەدەستی بێنن.

**کولتوری**

کۆمەڵی سوێد وەکوو هەموو کۆمەڵەکانی ئۆروپا جگە لە ئابووری و سیاسەت و... بەشێک لە هێز و پارەیان بۆ بەشی کولتووری تەرخان دەکەن. پێشتر ئەم ئەرکە بە دەرباری پادشاکان و کلیساکانەوە گرێدرا بوو. لە سەدەی هەژدە بەملاوە هونەر هاتە نێو بازاڕی سەودا و هاتە نێو خەڵک. بە تایبەت سینەما یەکێک لەو هونەرە پیشەییانە بوو کە خەڵک زۆر رووی تێکرد. دەزانین کە یەکەم فیلم لە ١٨٩٥دا لە پاریس نیشان درا. زۆری پێنەچوو کە گشتگیر بوو. لە ١٩٠٢دا یەکەم سینەمای جێگیرکراو لە سوێد لە شاری یۆتەبۆری دا کرایەوە.

یەکگرتوویی شێوەی نووسین بۆ بەرەوپێشچوونی کولتور و ئەرکەکانی ئیداری گرنگییەکی زۆری هەیە. ئەو شتە کە ئێمە هێشتا نیمانە. لە١٩٠٦ دا شێوە نووسینی ئاکادێمی سوید دەبێتە یاسای نووسین لە هەموو خوێندنگەکاندا.

١٩٠٧ هۆڵی نوێ بۆ شانۆ لە ستۆکهۆڵم دەکرێتەوە. یەکەم شانۆ بەرهەمێکی "سترینبرگ" بە نێوی "مستر ئۆلوف" پیشاندەدرێ.

ڕێکخراوێک بەناو (KGO) دامەزرا کە کاری کولتوری دەکرد. لە موزیکەوە بگرە هەتا شانۆ و سەفەری گەشتی بەکۆمەڵ و جێژن. (١١)



## ١٩١٠-١٩٢٠

## بزووتنەوەی کرێکاری

۱۹۱۰

له ساڵانی پاش ۱۹۱۰ دنیا کێشەی زۆری تێکەوتبوو و بۆنی شەڕ دەهات، دەوڵەتان خۆیان پڕ چەک کردبوو، کێشەی دەسەڵات بەسەر کولۆنییەکاندا و دابەشکردنەوەیان لە ڕێگای وتووێژەوە نەدەچووە پێشەوە. ڕاستەکان و خاوەن کارخانەکانی سوێدکە دەوڵەتیشیان بەدەستەوە بوو پەیتا پەیتا پێشنیاری پڕچەککردنی سوپایان دەدا. و حیزبی سوسیالدێمۆکرات بەپێچەوانەوە بە تایبەت لە ڕێگای ڕێکخراوی لاوانەوە کە هێزێکی زۆری لە پشت بوو، داوای هەڵوەشاندنەوەی هێزی سەربازی دەکرد و لە باتی ئەوە داوای چەکدارکردنی خەڵک بۆ بەرگری دەکرد. سەرئەنجام کۆمیتەی پارلمان بۆ پشکنینی پرسی هێزی سەربازی پێکهات کە وەڵامی پرسیارەکە بهێنێتەوە. ئەم کۆمیتە دوو نوێنەری سوسیالدێمۆکراتیشی تێیدا بوو.

ئەم هەلومەرجە نەتەنیا نەبووە هۆی دڵساردی بزووتنەوەی کرێکاری بەڵکوو هانی دەدان کە خۆیان بەهێزتر بکەن.

- هێزی کار لەم کاتەدا لە سوێد بەم شێوە دابەشببوو. ۴۸،۸% لە کشتوکاڵ کاریان دەکرد، ۳۲% لە بەشی پیشەیی و کاندا، ۱۳،۴% لە بازار و ئامرازی هاتووچوودا.

- ڕێکخراوی کرێکارانی شارەوانییەکان دادەمەزرێ. هەر لەم ساڵەدا ئەو سەندیکالیستانە کە لە (LO) جوێ ببوونەوە ڕێکخراوی ناوەندی (ساک) پێک دێنن.
- ژمارەی خەڵکی سوێد کە چوونەتە ئەمریکا دەگاتە ٦٦٥٠٠٠

١٩١٢

١٦ نۆڤەمبر ١٩١٢ ڕێکخراوی ڕاهێنانی کرێکاران (ABF) بە دەست پێشخەری "ریچارد ساندلر" دادەمزرێ کە گرێدراوی بزووتنەوەی سیاسیی سەندیکایی کرێکارییە. ئەم ناوەندە لە جۆری خۆیدا، لە دنیادا بێ وینە بوو. ڕێکخراوی (ABF) بۆ فێرکردن و بارهێنانی کرێکاران بوو. لەم شوێنەدا خولی کورت و کاتی دادەنرا کە کرێکاران بەیارمەتی مامۆستایەک خۆیان تاقیکردنەوەکانیان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە و لە یەکتر فێردەبوون. ئامانج بردنە سەرەوەی کولتور و زانیاری کرێکاران بوو.

کاتێک کۆمەڵێک لەباری ئابووری و پیشەییەوە بەرەوپێش دەچێ و سیستەمی ژیان دەگۆڕدرێ بەشێکی زۆر لە خەڵک توانایی فکری و زانستییان بەش ناکا. بۆیە پێویست بە فێرکردن و بارهێنانێک هەیە کە جیا لە مەدرەسە و کۆرسی پیشەیی و خوێندنی ئاکادێمی، خەڵکی ئیشکەر بتوانێ خۆی لەگەڵ ئەو هەلومەرجە تازەیە ڕابهێنێ. بۆیە کتێبخانەی گشتی دانرا، مەدرەسەی خەڵکی، سمینار و... کە خەڵک

خۆی خۆی فێر بکا. ، هەرکەس هەرچی دەزانێ، بە راگۆڕینەوە و بەشکردنی تەجرەبەکان، لەگەڵ ئەوانیتر بەشی بکا. (ABF) کۆمەڵەی فیرکردنی کرێکاران، ماڵی خەڵک، کۆمەڵەکان و سەندیکاکان بەشیک لە ئەرک و چالاکییان فێرکردن بوو.

- (LO) داوا دەکا کە سەندیکاکان لە شوێنی خۆیان هەموو کرێکارەکان بکەنە ئەندامی رێکخراوەکەیان.

١٩١٣

- شەورای کۆمەڵایەتی دەست بەکار دەکا. رێکخراوێکە بۆ پرسیاری کار، بە تایبەت پەیمانەکانی نێوان کرێکاران و خاوەن کار. بەشی ئەمنی کارگەکان، بیمەی کۆمەڵایەتی و هەژاری...
- ئەندامانی سەندیکاکان گەڕانەوە و ژمارەیان گەییشتە ١٢١هەزار و پێنجسەد کەس. مەترسی لەسەر ژیان و کار دەبێتە هۆی ئەم روو لە رێکخراوەیی کردنە. کرێکاران دەیانزانی ئەگەر پاڵپشتی یەکتر نەبن. ژیانیان بەڕێوە ناچێ.

١٩١٤

- شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئۆروپا دەست پێدەکا. لە پێشدا بزووتنەوەی کرێکاری بە هۆی شەڕەوە بێدەنگ دەبێ، بەڵام

دوایە کە برسیەتی و هەژاری زۆر دێنی جارێکی دیکە دێنەوە مەیدان.

- کاتێک شەڕ دەستی پێکرد بەشێکی زۆر لە کرێکاران بانگ کران بۆ ریزەکانی سوپا. لەولاشەوە کەم بوونەوەی هەناردەکردن بۆ دەرەوە، بە هۆی گەمارۆ دانی ئاڵمانەوە، بوو بە هۆی بێکاری. ٣٥-٤٠ هەزار کرێکار کە زیاتر لە بەشی کوتاڵ و بەردا کاریان دەکرد بێکار کران. لەم کاتەدا سەندیکاکان کاریان نەدەکرد. شتوومەک لە کەمی دابوو و گران ببوون. هەلومەرجی تایبەتی لە وڵات راگەیێندرا بوو. فەرمانگەی بێکاری دەوڵەتی دامەزرا. ئەم فەرمانگە داوای کۆبوونەوەی نوێنەرانی سەندیکا کرێکارییەکان و خاوەنکارانی کرد. پێشنیار کرا بەهەر شێوەیەک دەبێ کارخانەکان کار بکەن و پارەیەک بە کرێکاران بدەن، بەڵام رێک نەکەوتن. سەندیکا نەیدەتوانی مووچەی تەواو بە کرێکاران بدا، تەنیا بەشێک لە مووچەکەی دەدا ئەویش بەشی ژیانی رۆژانەی نەدەکرد. ئاخر قسەیان بوو بە ئەوە کە کار بکەن بۆ یاسایی کردنی ٨ سەعات کار لە رۆژدا. ئەویش لە پارلمان هەتا ساڵی ١٩٢٠بەدوا خرا و ئەوکاتەش بە تەواوی جێبەجێ نەبوو.
- حێزبی سوسیالدێمۆکرات کومیتەیەکی بۆ دۆزینەوەی رێگا چارە دانا، بەلام کاریان لە قسە و پێشنیار بەولاوە نەدەچوو. بەشێک

له سەندیکاکان رویان کردە حیزبی کۆمۆنیست و سەندیکالیستەکان.

- خەڵکی هەژار و برسی هێرشیان برد بۆ هێندێ لە ئەنبار و دووکانەکان.
- دوای شەڕ بوونی هێزێکی سەربازی ١٥٨هەزار کەسی بێکار، دەرفەتی بۆ خاوەنکاران رەخساند کە ٢٠-٣٠% مووچە دابەزێنن و کۆپەیمانەکانیان هەڵوەشێننەوە.
- یەکێک لە تاکتیکەکانی کارخانەداران ئەوە بوو کە لەکاتی مانگرتن و خۆپیشاندانداا، دەرکەی کارخانەیان دادەخست. دوایە کە رێکدەکەوتن و دەرکەکانیان دەکردەوە، مووچەی ئەو رۆژانەیان نەدەدا کە کارخانە داخرابوو. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٢٣دا ١٣٠ هەزار کرێکار بۆ پازدە رۆژ دەرگایان لەسەر داخرا، مووچەکەیان یەک ملیۆن و ١٤٣هەزار کرۆن بوو. نموونەیەکی دیکە: لە ساڵی ١٩٣٤دا لەسەر داوای زیادکردنی مووچە، ویستیان دەرکە لەسەر ٢٠٠ هەزار کرێکار دابخەن. مانگرتن یازدە مانگ درێژەی هەبوو. دەوڵەت هاتە نێو کێشەکەوە و یاسایەکی کاتی دەرچوو کە دەرکە داخستن و مانگرتنی لەو بەشاندا قەدەغە دەکرد و کرێکارانیش قەرەبوو کرانەوە. ئەمجارە کرێکاران بردیانەوە.

- له هەموو دنیای سەرمایەداریدا بە توندی بەرەوڕووی بزووتنەوەی کرێکاران دەبوونەوە، بۆ نموونە لە ١٩١٥"دا "جەو هیل" شاعێر و کرێکاری بە ئەسڵ سویدی، چالاک لە بواری مافی کرێکاراندا لە ئەمریکا ئێعدام کرا. بزووتنەوەی کرێکاریی سوێد و بزووتنەوە کرێکاریە جیهانیەکان، لەسەر جۆهیل فشاریکی زۆریان خستە سەر دەوڵەتی سوێد بەڵام ئاکامی نەبوو.

١٩١٦

- بڕیاری بیمەی ئیجباری بۆ رووداوی شوێنی کار دەدرێ.
- رێکخراوی لاوانی سوسیالدێمۆکرات بە دژی سیاسەتی حێزبەکەیان رادەوەستن و سێ لە رێبەرەکانیان بە تۆمەتی پڕوپاگاندە بە دژی سوپا جەزای کاری ئیجبارییان بۆ دادەنرێ.
-

١٩١٧

١٦ /٤ /١٩١٧ کرێکارانی وێستێرڤیک بە دژی برسیەتی و نەبوونی خواردن راپەڕین کە شارەکانی دیکەشی گرتەوە. خەڵک هاواری دەکرد یان نان یان خوێن .

١٩١٧/٤/٢٧ خەڵک لە ئۆداڵن خۆپیشاندانی برسیەتییان کرد. خەڵک هێرشیان کردە سەر زیندان بۆ ئازاد کردنی ئانتون نیلسون.

سەرباز و پۆلیس بۆ سەرکوت نێردران، بەڵام خۆپیشاندانی دوایی کە دەبووە یەکی مای زۆر بە هێمنی بەڕێوەچوو و کێشەکە دامرکایەوە. شۆڕش نەکرا ئەو شتە کە دروشمەکانی رۆژانی پێشوو بانگەوازیان بۆ دەکرد. ئەنتۆن نیلسۆن یەکێک بوو لە سەرکردە سەرسەختەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە هەرێمی سکۆنەی باشوری سوید. لەڕوداوی بۆمب دانان بۆ کرێکارە مانشکێنە ئینگلیسەکان دەستبەسەر کرابوو. ئەم پاپۆڕە شوێنی ئەو کرێکارانە بوو کە خاوەنکاران هاوردبوویان هەتا لە بەندەرەکانی مالمو بۆداگرتن و بارکردنی پاپۆڕەکان کاربکەن. ئانتۆن لە یولیی ١٩٠٨ دا، لەگەڵ دوو کەسی تردا ( ئەلگۆت روسبێری و ئەلفرێد ستێرن) دەستگیرکرا. بۆمبەکان لە پاپۆڕێکی ئینگلیسیدا دانرابوو بەناوی (ئەمەڵتی) کە کرێکارەکانی تیا دەخەوتن. بۆمب تەقییەوەو بووە هۆکاری مردنی کەسێک و برینداربوونی ٢٦کەسی دیکە. لەبەر ئەوە ناونرا پیاوانی ئەمەڵتی. دادگا سزای سێدارەی بۆ ئەلگۆت و ئەنتۆن نیلسۆن دەرکرد، و زیندانی هەتاهەتایی بۆ ئەلفرێد. دادگای باڵا سزای ئەلگۆتی گۆڕی بە زیندانی هەتاهەتایی. لە پاش ماوەیەک گوشاری بزووتنەوەی کرێکاری سزای ئەویش کرا بە زیندانی هەتایی و نێردرا بۆ زیندانی هێرنوێساند. کاتێک کە سۆسیالدیموکرات و لیبرال بۆ یەکمجار حوکمیان کەوتە دەست لە زەمانی یەڵمار براتینگدا، لە ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ئەنتۆن ئازاد کرا.

- له مانگی مەیدا له نۆرشۆپینگ و گوتنبرگ و ستۆکهۆلم خەڵک دەرژێنه سەر شەقامان. "حیزبی سوسیالدیمۆکرات" و "LO" کۆمیتەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوە پێک دێنن. بورژوازی دەسەڵاتدار له ترسان نرخی خواردنیان کەم کردەوە.
- ٢٧ ئۆکتوبری ١٩١٧ یەکێتی لاوانی س. د. دامەزرا. پێشتر یەکێتی له ١٩٠٣دا دامەزرا بوو، بەڵام دواتر لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیست کەوت که ئەویش بۆ خۆی له سوسیالدیمۆکرات جوێ ببووەوە. ئەوان هەموو ئیمکاناتی رۆژنامه و چالاکییان لەگەڵ خۆیان بردبوو. بۆیه یەکێتی تازه دامەزرا که بیست ساڵ دوایه ١٩٦ هەزار ئەندامی هەبوو.
- ١٩١٧/٥/٣٠ خەڵکی دورگەی سیسکارو له باکوور لەسەر نەبوونی و خراپی نان و خواردن هاتنه سەر شەقام و نانەواخانەیەکیان بەتاڵ کرد. پولیس چەند کەسی دەستبەسەر کرد. خەڵک کۆ بوونەوە و گیراوەکانیان ئازاد کرد. پولیس داوای هێزی سەربازی کرد. ٥٠ سەربازیان نارد. خەڵک لێیان دان و چەکەکانیان لێئەستاندن. رۆژی دوایه پێنسەد سەرباز به تۆپ و رەشاشەوە هاتن. لەوکاتەدا بەلەمێک پڕ له خواردن گەییشته جێگا و کێشەکه کۆتایی هات و زیندانییەکان له باتی دانەوەی چەکەکان، بەردران.

- دەوڵەت لە هەر دوو لاوە لە ژێر فشاردا بوو. کرێکاران لە گرانی و ژیانی کۆپۆنی نارازی بوون و خاوەنکار و سەرمایەدار نارازی لە سیاسەتی بازرگانی و داخستنی سنوورەکان.
- ٢٠ هەزار کرێکار لە بەر دەرکەی پارلماندا مان دەگرن بۆ کارتێکەری لەسەر باسی دیمۆکراسی لە پارلمان. پۆلیس پێشیان پێدەگرێ و دەبێتە کێشە.
- بەشێک لە حیزبی سوسیالدیمۆکرات لە رۆشنایی ئایدیای شۆڕشی ئۆکتوبەر لە روسیەدا، جیادەبنەوە. ئەوان حیزبی چەپ پێک دێنن. حیزبی چەپ سەرەتا باش پێشکەوت. لە ساڵی یەکەمدا ١٥هەزار ئەندامی هەبوو لە ١٩١٩ دا ژمارەی ئەندامانی گەییشتە ٢٣٥٠٠ کە لە ٦١٧ شارەوانیدا بڵاو

ببوونەوە. ئەو حیزبە لەسەرەتادا بە دروشمی دژ بە ملیتاریسم و شەڕ و خەبات بۆ دیمۆکراسی بنیاد نرا، بەڵام دواتر بولشویسم کاری تێکرد و دروشمی چەکدارکردنی کرێکاران و دیکتاتۆری پرۆلتاریای دەدا. رێکخراوی لاوانی لە کۆنگرەی ئەنترناسیونالی لاوان لە مۆسکۆ بەشداری کرد (١٩٢٠) حیزب نێوی خۆی گۆڕی بە حیزبی کۆمۆنیست. ئەوانە کە لەسەر بیر و باوەڕی پێشوو بوون جوێ بوونەوە. و هەر دووشیان نێویان حیزبی کۆمۆنیست بوو. یەکیان لایەنگری مۆسکۆ بوو. مۆسکۆ داوای دەکرد کە هەموو حیزبە کۆمۆنیستەکان دەبێ هاوبیری مۆسکۆ

بن. سەرئەنجام ساڵێکی نەخایاند ئەوانە کە جیاببوونەوە،
گەڕانەوە نێو حیزبی سوسیالدیمۆکرات. حیزبی کۆمۆنیستی سەر
بە مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٢٩دا نزیک بە ١٥هەزار ئەندامی هەبوو.

- ئەنترناسیونال سوسیالیستی کرێکاران بە ئامانجی یەکگرتنی کرێکارانەوە لە ستۆکهۆڵم گیرا ، بەڵام دەوڵەتەکان ڤیزایان بە نوێنەرەکانیان نەدەدا کە سەفەر بکەن و ئاکامەکەی بوو بە هیچ.
- پاش ئەوە کە زۆربەی ئەندامانی ڕێکخراوی لاوان لەگەڵ حیزبی چەپ کەوتن لە ساڵی ١٩١٧دا حیزبی سوسیالدیمۆکرات لە شاری سکیلێستونا دانانی ڕێکخراوی لاوانی دەست پێکردەوە و یەکەم کۆنگرە لە ستۆکهۆڵم گیرا. لە پەیرەو و بەرنامەدا دانرا کە دەبێ سەر بە بەرنامەی حیزب بن. هەر لەم ساڵەدا ١٢٠٠ ئەندام کۆکرایەوە. بەرە بەرە پێشکەوت تا ئەو رادەیە کە ساڵی ١٩٣٥ سەد هەزار ئەندامی لە ١٨٠٠ کۆمەڵەدا هەبوو. گرنگی ڕێکخراوی لاوان ئەوەیە کە ئەوان دوای چەند ساڵ دەبنە کادێری بزووتنەوە. پەروەردەکردن و فێرکردن بەکاری بەکۆمەڵ و ڕێکخراوەیی دەورێکی زۆر دەبینێ. بە داخەوە ئێستا لاوان پەراوێز خراون بە تایبەت لەو کۆمەڵانەی وڵاتانی پێشنەکەوتوو وەکوو وڵاتی ئێمەدا، لەباتی ئەوە کە بەرنامە بۆ پێشکەوتن و داهاتووی کۆمەڵەکەیان بکەنەوە .هیچ دەوریان پێ

نادرێ و له بێکاری و ناهومێدیدا هەر له بیری هەڵاتن له کۆمەڵەکەی خۆیاندان.

- سەرئەنجام پاش ئەو هەموو پێداگری و تێکۆشانه، له٢٩ سێپتەمبری ١٩١٩ پارلمانی سوێد ٨ کاتژمێر کاری رۆژانه و ٤٨ کاتژمێر کار له حەفتەدا پەسند دەکا که کرێکاران له ١٨٨٠ بەملاوه خەباتیان بۆ کردبوو.
- ساف (SAF) دەبێته دژبەری LO چونکه کۆمەڵەی خاون کاران دەبێته ئەندامی ساف.

**تێکۆشانی ژنان**

هاوکات لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری، ژنان بۆ دابینکردنی مافه تایبەتییەکانی خۆیان و بەرەوپێشبردنی دەوریان له کۆمەڵدا خەبات دەکەن. کاتێک ژیانی کۆمەڵ له سێبەری شەڕدا خراپ دەبێ بەر له هەر کەس ئەوه ژنانن هەست به نەبوونی و بەرپرسایەتی دەکەن، چوونکه ئەوان خاوخێزان بەڕێوه دەبەن.

١٩١٠

- یەکەم ژن بۆ بەرپرسی شارەداری ستوکهۆلم هەڵدەبژێردرێ.
- ئەنترناسیونالی دووهەمی ژنان له ماڵمۆ بەڕێوەدەچێ.

١٩١١

- یاسایەک بە دژی پروپاگاندە بۆ کەرەسەکانی بەرگری کردن لە منداڵدار بوون دادەنرێ. لە ١٩٣٨دا ئەم یاسا لادەبردرێ.
- یەکەم کارگەردانی ژن (ئانا هۆفمەن) یەکەم فیلمی لە ستۆکهۆڵم پیشان دەدرێ.

١٩١٢

- پشووی ئەودایکانەی منداڵیان دەبێ دەبێتە ٦ حەفتە، بەڵام بە بێ پارە.
- بۆ ساردکردنەوەی کرێکاران لە شۆڕش، دەوڵەت پێشنیاری چاکسازی دەباتە پارلمان. کە مافی دەنگدان بۆ ژنان دەستەبەر بکا (ئەم مافە لە ١٩١٩دا بڕیاری تەواوی لەسەر دەدرێ و لە ١٩٢١ ژنان دەنگ دەدەن.)

١٩١٩

- کۆمەڵەی دایکانی خانەدار پێک دێت.

## کشتوکاڵ و وەرزێڕان

وەرزێران لە کاتی قات و قڕیدا ئەرکێکی زۆریان لەسەرە. خەڵک بەشێک لە نەبوونی لەچاو ئەوانەوە دەبینێ، بە تایبەت لە سوێد جووتیاران لە بەرەی راستی سیاسەتدا بوون.

١٩١٣

- ڕێکخراوی جووتیارانی خاوەن زەوین (دواتر سەنتر پارتی) ڕێکدەخرێ. کە بۆ بەرژەوەندی جووتیاران تێدەکۆشێ.
- جووتیارانی خاوەن زەوی بە بەشداری ٣٠ هەزار کەس لە ٦ی فێبرواریدا بۆ پشتیوانی لە شا و سیاسەتی بە هێزکردنی هێزی بەرگری خۆپیشاندان دەکەن. دەوڵەتی ئەو کاتە دژی ئەم سیاسەتە بوو. بۆیە دوو رۆژ دوایە خۆپیشاندانی کرێکاران بە پشتیوانی دەوڵەت بەڕێوە چوو کە ٥٠ هەزار کەس بەشداری کردبوو. سەرەڕای ئەوەش پارلمان دەنگی بە بودجەکەی سەرۆک دەوڵەت "هامێرشۆڵد" نەدا و ئەمە بوو بە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی دەوڵەت. رەخنەی زۆر گەورە لە شا گیرا کە دەست تێوەردانی لە سیاسەتدا کردووە. دەست پێکردنی شەڕی یەکەم شای پاراست.
- لە ٦,٢. ١٩١٤دا ٦٠ هەزار وەرزێر ڕێپێوان دەکەن و دەچنە پێش کۆشکی شا. ئەو زۆر بە توندی لەگەڵیان قسە دەکا. ڕێپێوانەکە بە دژی سیاسەتی زیادکردنی چەکی شەڕە کە

قورساییەکی خستووەتە سەر ژیانی خەڵک، دوو رۆژ دواتر ٥٠ هەزار کرێکار بە پشتیوانی وەرزێرەکان و دژ بە قسەکانی شا رێپێوان دەکەن و داوای لابردنی دەسەڵاتی شا لەسەر دەوڵەت دەکەن.

١٩١٥

- رێکخراوی سەرانسەری جووتیاران دادەمەزرێ کە بەرانبەرکێ لەگەڵ کۆمەڵەی جووتێران دەکا کە زۆر لە جەبهەی راستدان

١٩١٧

- کئوپراتیوی (کۆمپانیای هەرەوەزی) جووتیاران پێک دهێنرێ.

## پیشە و خاوەنکار

دنیا لە نوختەگۆڕانی پیشەییدایە. هەموو کارخانەکانی ئۆروپا خەریک هێنانە مەیدانی ئامرازی تازەی پیشەیین، بە تایبەت بەئەلکترۆنی کردن خەریکە لە هەموو بوارەکاندا کاری لەسەر دەکرێ. بانکەکان دەوری زۆرتر لە ئابووریدا دەگێڕن. کۆمپانیا گەورەکانی پاوان (کارتێل) دادەمەزرێن. سوێد لەم رەوتە بێبەری نییە.

١٩١٠

- ڕێکخراوی یەکگرتووی کارخانەکان (ASEA)کە کۆمپانیای ئەلکترۆنییە، دادەمەزرێ.
- بانکەکان نرخی پارە دادەبەزێنن.
- یەکەم فڕۆکەی دروستکراوی سوێد پیشان دەدرێ.
- کارخانە لۆری سازکردن دادەمەزرێ.

١٩١١

- وەرگرتنی کارەبا لە تاڤگەکان و بەنداوەکان دەست پێدەکا.
- ئیزن بە بانکەکان دەدرێ کە تا رادەیەک سنووردار پشک (ئاکسیە) بکڕن. بەمەبستی ئەوە کە بانکەکانی سوێد لەئاستی کێبڕکێی ئەوروپادا بێت، بە یاسایەک ڕێگە درا بڕێکی دیاریکراو لە پارەی خەڵک بۆ کڕین و فرۆشی پشکی کۆمپانیاکان و سەرمایەگوزاری بەکاربهێنن.
- چوار کارخانە لاستیک سازی پێکەوە کارتێل پێک دێنن.

١٩١٣

- کارخانەی دەرمان سازی ئاسترا دادەنرێ.

- کارخانەی تراکتۆر سازی بەڕێدەکەوێ. کە تا ١٩٥٠ بەردەوام دەبێ.

١٩١٤

- ئاشەوانەکانی سوێد لە نێو کۆمەڵەیەکدا کۆ دەبنەوە. و پاوانێک پێکدێنن.

١٩١٧

- یەکەم کۆمپانیای فرۆکەوانی دادەنرێ.
- کۆمپانیای فرۆشگاکانی "ایکا"(ICA) بە سەرمایەی کڕیاران دەست بەکار دەکا. کە تا ئەمڕۆ گەورەترین فرۆشگای خواردن و پێداویستییە.

### کۆمەڵایەتی

لە سێبەری خەباتی بزووتنەوەی کرێکاری و ژنان و خەڵکی خۆبەخشدا کۆمەڵ بەرەوپێش دەچێ. رەوتی بەرەو دەوڵەتیکردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵ هەوڵی بۆ دەدرێ. ئەمە ئەو خواستەیە کە هەموو کاتێک خاوەنکار و سەرمایەدار بە دژی راوەستاون.

١٩١٠

- ئاخر ئێعدام لە سوێد لە ٢٣ نوامبردا ئەنجام دەدرێ. دوای ئەوە یاسای ئێعدام لا دەبردرێ.

١٩١١

- کونگرەی رێکخراوی پێڕاگەییشتنی تاوانباران دەبەسترێ. ئەم رێکخراوە کار دەکا بۆ ئەوە کە تاوانباران پاش تەواوبوونی سزاکەیان بتوانن بگەڕێنەوە نێو ژیانی ئاسایی کۆمەڵگا.
- یەکەم کتێبخانەی لاوان و منداڵان دەکرێتەوە. بەشی ئەهلی ئەم کارە دەکا.

١٩١٣

- خانەنشینی گشتی لە ٢١ مایدا بڕیاری لەسەر دەدرێ. بە دەست پێشخەری "ئاندێرش لیندستد" کە بە باوکی بیمەی کۆمەڵایەتی سوێد دەناسرێ.
- مەکتەبێک بۆ سامێرەکان دادەندرێ کە منداڵی خەڵکی دیکە بۆی نەبوو لەوێ بخوێنێ. بڕیاردرا خوێندنگای سەرەتایی ٣ ساڵە بۆ منداڵی سامەکان دانرێ (سامەکان گەلێکن لا ناوچەی باکووڕی سویدو نۆرویژ و فینلاند نیشتەجێن، خەریکی بەخێوکردنی "رێن"ی باکوڕین (جۆرە کەڵەکێویەکی باکووری).

زمان و خاک و نیشتمانی خۆیان هەیە، و بەسەر ئەم وڵاتانەدا دابەشکراون) لەماوەی ئەم ٣ ساڵەدا لەجیاتی زمانی خۆیان، بەسوێدی بخوێنن. خەڵکەکە کۆچبەربوون و لە وەرزی جیادا ئەیانگواستەوە. دەبوا مامۆستا لەگەڵیاندا بگوێزێتەوە، هەتا بتوانن هەر ساڵە ٩ مانگ بخوێنن. گەر مامۆستا سامی بزانێت، ڕێی پێبدرێ یارمەتیان بدا بەزمانی خۆیان، بەڵام زمانی فەرمی سویدی بوو. جگە لەمانە. خوێندنگای جێگیر بۆ سامە جێگیرەکان کرایەوە. لەوێش زمانی فەرمی سویدی بوو. بە روونی دیارە کە ویستوویانە ئەو خەڵکە لە زمان و کولتوری خۆیان دابڕن. دواتر هەڵیان بۆ خودموختاری خۆیان دا کە بە توندی سەرکوت کران.

١٩١٤

- بڕیار درا توتون پاوانی دەوڵەت بێ و پارەکەی تەرخان بکرێ بۆ سندوقی خانەنشینی.
- کۆمەڵەی دژی ئەلکول بەیانێک دەردەکا کە کۆنترۆڵ لە سەر بەرهەمهێنانی خواردنەوەی ئەلکۆلی لە دەسەڵاتی دەوڵەتدا بێ و فرۆشتنی تاکەکەسی قەدەغە بکرێ. ئەمە بوو بە یاسا و هێشتاش بەرهەمهێنان و فرۆشی خواردنەوەی ئەلکۆلی لە سوێد لە پاوانی دەوڵەتدایە.

- ڕێکخراوێک بە نێوی کۆمیسیونی بێکاری پێکدێ. دواتر لە ساڵانی ٢٠ و ٣٠ دا ئەم ڕێکخراوە دەبێتە فەرمانگەیەکی دەوڵەتی، پارەی یارمەتی بۆ بێکاران تەرخان دەکا.
- ١٩١٥ ئیستگای تەلەگرافی ستۆکهۆڵم دادەمەزرێ.

١٩١٧

دامەزرانی کۆمەڵەی کرێچییان:

لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، واتە دەستپێکی پیشەیی بوونی وڵات، خەڵکێکی زۆر ڕوویان کردە شارەکان بۆ کار لە کارخانەکاندا. بەڵام شارەکان ئامادەیی وەرگرتنی ئەو ژمارە خەڵکە نەبوو. جار وابوو دوو یان سێ و هەتا پێنج بنەماڵە لە خانوویەکی چووکدا دەژیان. کارخانەکان لە نزیک کارخانەکەیانەوە هێندێ خانوویان بۆ کرێکاران ساز کرد. ئەم خانووانە زۆر سەرەتایی بوون، تەنانەت ئاو و کارەبایان نەبوو. بۆ چێشت لێنان هێندێکیان گازیان هەبوو و هێندێک نەیان بوو. خانووەکان پڕ بوون لە قالۆچە و مشک و ئەسپێ. کرێ خانووەکە و پارەی گازەکە لە مووچەکەیان کەم دەکرایەوە. بەپێی بەراوردی نێو نەتەوەیی لەوکاتەدا سوێد لە خراپترین و گرانترین خانوودا ژیاون. مووچەی کرێکاران بەشی کرێخانوو و گازی نەدەکرد و لە برسیەتی و هەژاریدا دەژیان و دەوڵەتیش کە نوێنەری سەرمایەدارەکان بوو هیچ کارێکی بۆ نەدەکردن.

ئەم برسیەتی و هەژارییە لە دەستپێکی شەڕی یەکەمدا گەییشتە لوتکە. هۆی سەرەکیی ئەوە بوو کە بەرهەمهێنەران کاڵاکانیان دەنارد بۆ ئاڵمان چوونکە ئەوان بە نرخێکی زیاتر دەیانکڕی. ئەمە بوو بە هۆی قات و قڕی. خەڵک بۆ نان خۆپیشاندانی دەکرد. نان کۆپێنی کرابوو و دابەشکردنەکەی کۆنترۆڵ دەکرا. بۆ نموونە لە گوتنبرگ ۴۰ هەزار ژن ڕێپێوانیان کرد و داوای لابردنی نانی کۆپێنییان کرد. منداڵان و لاوان لە برسان دەگریان. خۆپیشاندەران هێرشیان کردە نانەواییەکان و بەتاڵیان کرد. پۆلیس داوای پشتیوانی لە سوپا کرد. تێکهەڵچوون ڕوویدا، سوارەکان بێبەزییانە خەڵکیان شەل ومار دەکرد. لە ١٩١٧ دا لانی کەم ١٥٠ خۆپیشاندانی برسیەتی کراوە. لە مانگی ئاپریلی ئەم ساڵەدا دا خەڵک دەوری پارلمانیان دابوو و هاواری نان، نانیان دەکرد. حوکومەت و دەوڵەت ترسیان لەبەر نیشتبوو کە نەکا خۆپیشاندانەکان ببێتە شۆڕش. خاوەنکار و دەوڵەمەندان دیواریان بە دەوری ماڵەکانیاندا کێشا بوو و نگابانی چەکداریان دانابوو.

لە کێشەی خانوودا دەوڵەت خۆی تێکەڵ نەدەکرد و پێی وابوو بازاڕی ئازاد دەبێتە هۆی باشتر بوونی خانوو و دابەزینی کرێ. بەڵام وا نەبوو. خاوەن خانووەکان هەرجار کە خانوویەک بەتاڵ دەبوو بە گرانتر بە کرێیان دەدایەوە. ئەو کارە کە ئێستاش دەیکەن.

ئەم هەلومەرجەدا خەڵک بۆ خۆی دەستبەکار بوو، و لە ١٩١٧دا یەکەم کۆمەڵەی کرێچییان بە دەستپێشخەری کرێکارانی کارخانەی بوربرینگسازی لە گوتنبرگ دامەزراند. بۆ دابەزینی کرێخانوو و نرخی گاز و چاککردن و باشتر کردنی خانوو و ساز کردنی خانووی نوێ، چالاکیان ئەنجام دەدا. تا رادەیەک کە دەوڵەت لە ١٩١٧ دا کۆنترۆڵی کریخانووی دەست پێکرد و دەبووا کرێخانوو بەپێی ئەو ئیمکاناتە بێ کە لە خانووەکەدا هەیە. ئەم بڕیارە زۆری نەخایاند لە ١٩٢٣ دا دیسان دەوڵەت گەڕایەوە بۆ لایەنگری خاوەنخانووان. ئەوان ئازاد کران کە ئەگەر بیانەوێ ئازادن کە کرێچی دەربکەن.

پاش شەر کارخانە بە شێوەیەک نرخی گازی گران کرد کە کرێکاران پارەیان بۆ خواردن نەدەما. بەرپرسانیش وەڵامی ناڕەزایەتی دەربڕینی کرێچییەکانیان نەدەدایەوە، چوونکە کارەکەیان و خانووەکەیان لەسەر یەک پەیمان بوو. ئەوەی خانووەکەی نەویستبا کارەکەشی لەدەست دەچوو. هەروەها بەپێیچەوانەوە ئەگەر کەسێک لە کارەکەی دەرکرابا، دەبوا خانووکەش بەتاڵ بکا. کرێکاران بەمەیان دەگوت کۆنتراکتی کوێلەتی. ئەم هەلومەرجە لە کاتی بێکاری بەرفراواندا دەبوو بە کێشەیەکی گەورە. کۆمەڵەی کرێچییەکان لە ١٩١٩دا توانی لە ریگای وتووێژەوە کۆمپانیا رازی بکا کە خانووەکان چۆڵ نەکرێ .

خانووی نوێ ساز کردن دەستی پێکرد، بەڵام زۆر جار ئەم خانووە نوێیانە بەر لە تەواو بوون دەفرۆشران. ئەوجار کڕیاری یەکەم بە کرێیەکی زۆر دەیدا بە کرێکاران. بەم شێوە خاوەن کارخانە وەڵامدەرەوەی کێشەی کرێخانوو نەدەبوو.

١٩١٨

- سەرانەی دابەشکردنی پەتاتە و جل دادەندرێ.
- یاسای باج بۆ هەموو کەس، دادەنرێ، جگە لە ئەوانەی کە لەژێر بەخێوکردنی کەسی دیکەدان یان پارەی هەژاری وەردەگرن.
- پاش چەند ساڵ وتوویژ یاسای یارمەتیدان بە هەژاران بڕیاری لەسەر دەدرێ، بەڵام هێشتاش تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە منداڵن یان نەخۆشن. ئەمەی لێی زیاد دەکرێ کە کرێکارانی بێکاریش ئەگەر خۆیان داوا بکەن دەتوانن پارەی هەژاری وەرگرن.
- یاسا و کۆنترۆڵی تەندروستی بۆ لەشفرۆشی دادەنرێ. پێشگیری لە نەخۆشی سێکسی و دەرمانی ئیجباری بۆ نەخۆشان جێبەجێ دەکرێ.
- خوێندن لە مەکتەبە خەڵکییەکاندا (بۆ گەورەساڵان) بەرنامەی بۆ دادەنرێ کە ئاستی زانیاری خەڵک بەرز بکرێتەوە.

- جۆرێک ئانفلوانزا کە پێی دەکوترا سپانیایی لە ١٩١٨ تا ١٩١٩ لە سوێد ٣٥ هەزار کەسی کوشتووە.

**سیاسی**

بەشی سیاسی ئەو مەیدانەیە کە ئاکامی خەبات و تێکۆشانی تێیدا دەردەکەوێ. بەشی زۆرانبازی ئایدیا سیاسییەکانی چەپ و راستە و راستەوخۆ کاردەکاتە سەر هەلومەرجی کۆمەڵ. بۆیە ئێستاش خەڵک پێش هەموو شتێک چاو لە هەواڵە سیاسییەکان دەکەن.

١٩١١

- لە هەڵبژاردندا راستەکان زۆر پاشەکشەیان پێدەکرێ و سوسیال دێمۆکراتەکان زۆر پێشدەکەون. و دەوڵەت دەکەوێتە دەستیان. لیبراڵەکان و سوسیالیستەکان پێکەوە لە پارلمانی دووهەمدا (ئەو کات سوێد دوو پارلمانی هەبووە) زۆرینەن.
- لە بەرنامەی کونگرەی ١٩١١ی سوسیاڵدێمۆکراتدا پێداگری بە دژایەتی شەڕ کرا. کۆماری کردنی سوێد و پێکهێنانی کۆمپانیای هەرەوەزیی کاربەران و چاوپێداخشاندنەوە بە چاکسازی زەویدا، هاتە نێو بەرنامەوە. ئەو زەویە کشتوکاڵییانە کە لە دەستی سەرمایەداراندا بوو بە هۆی سەرمایەدانان لە بەشی پیشەییدا

تووشی کەموکوڕی ببوو و یاساکان لە ١٨٠٠ بەملاوە نەگۆڕدرابوون.

- دەنگدانەوەی ئەم بەرنامە بوو بە هۆی زیادبوونی دەنگی سوسیالدیمۆکراتەکان لە هەڵبژاردندا. کە ٣٦% دەنگیان هێنایەوە و بوون بە گەورەترین حیزبی پارلمان. ئەمەش بەو مانایە بوو کە سەرەڕای هاتنە دەرەوەی کرێکاران لە سەندیکاکان، بەڵام هەر لایەنگری سوسیالدیمۆکراتەکان بوون.
- حیزبی سوسیالدیمۆکرات بڕیاریدا کە ئەندامانی ڕێکخراوی لاوان کە دەگەنە ٢١ ساڵ خۆبەخۆ ببنە ئەندامی حیزب و دەبێ سەر بە بڕیار و بەرنامەکانی حیزب بن. بەم شێوە ڕێکخراوی لاوان نەرم کرایەوە.
- کێشەی بۆچوونی جیاواز لە نێو حیزبدا بەردەوام بوو هەتا ١٩١٢ کۆمیتەی سوسیالدیمۆکراتی چەپ ڕێکخرا کە دەکرێ وەکوو فراکسیۆنێکی نێو حیزب ببیندرێ.
- بۆ یەکەمجار دوو کەسی سیڤیل (غەیرە سەربازی) دەبنە وەزیری شەڕ و بەرگری.
- خۆئامادەکردن بۆ شەڕ و بەرگری دەستپێدەکا. سەرۆک وەزیر دژی زیاد کردنی ئەرکی خۆئامادەکردنە کە دەبێتە هۆی دژایەتی ڕاست و دەرباری پادشا.

- ڕێگای هاتووچوو بۆ دەریای ناوەڕاست و دەریای ڕەش دەکرێتەوە.
- کۆنگرەی نێونەتەوەیی مافی دەنگدان لە ستۆکهۆڵم بەڕێوە دەچێ.

١٩١٢

- بۆ سازکردنی پاپۆڕی زرێپۆشی شەڕ پارە کۆ دەکرێتەوە ١٧ ملیۆن کرۆن کۆ دەبێتەوە.
- لە هەڵبژاردنی پارلمانی یەکەمدا ڕاستەکان ٤٧ نوێنەر لەدەست دەدەن.
- یەکەم حیزبی ڕاست لە پارلمان بە بەشداری حیزبی بورژوازی و حیزبی جووتیارانی خاوەن زەوین بە نێوی حیزبی ملی پێشڕەو پێکدێ.
- یەکەم پاپۆڕی دیزڵی لە سەفەری ئامریکادا بەکار دەهێنرێ.
- پرسیاری بێلایەنی لەشەڕدا، بوو بە پرسیاری یەکەمی پارلمان و دەوڵەت. ٥٠ هەزار کەس لە ستۆکهۆڵم کە زۆربەیان لە جووتیاران بوون بە دژی گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ پادشا خۆپیشاندانیان کرد.
- شەڕ دەستی پێکرد و زۆر کەس بانگکران بۆ ڕیزەکانی سوپا.

دەوڵەت لە دەستی داگ هامرشوڵددا بوو کە لە ڕاستەکان بوو و

لایەنگری ئاڵمان بوو. حیزب و کریکاران لە خۆپیشاندانیکدا بانگەوازیان کرد کە سوید نابێ تیکەڵی شەڕ ببێ و دەبێ بێلایەن بمینیتەوە. خواستی بەشداری لە شەڕدا لە لایەن لایەنگرانی ئاڵمانەوە زۆر بەهێز بوو. هەروەها داوایانکرد کە خواردنەوەی ئەلکولی لە زەمانی شەڕدا قەدەغە بکرێ. (١١)

لە نێو خەڵکدا و تەنانەت لەنێو کریکاراندا لە سەر شەڕ رای جیاواز هەبوو. دەستەیەک لایەنگری ئاڵمان بوون و لایەنی چەپی سوسیالدێمۆکراتیش هەروەها لایەنگری شەڕ لە جەبهەی دژ بە ئاڵماندا بوو. کونگرە بڕیاریدا کە لایەنگری لە دەوڵەت بکا کە بێلایەنی راگەیاندبوو. لایەنی چەپ کە زۆربەیان لە لاوان بوون و نۆ پارلمانتاریشیان لەگەڵ بوو، پێداگرییان لەسەر بۆچوونی خۆیان کرد و خۆ پیشاندانیان بەڕێ خست کە لەکاتی شەڕدا قەدەغە کرا بوو. ئەمە بوو بە هۆی گیران و زیندانی کردنی سێ کەس لە ریبەرەکانیان. ئەمانە سەرئەنجام لە ساڵی ١٩١٦ دا جیا بوونەوە و رۆژنامەی پولیتیک یان دەرکرد و حیزبی سوسیالدێمۆکراتی چەپیان دانا. کە رێکخراوی لاوان بە سێ هەزار ئەندامەوە لەگەڵ کەوتن.

ئەمە یەکەم دابەش بوونی بزووتنەوەی کرێکاری سوێدە و ئەم دابەشبوونە لە ١٩١٧دا لە بزووتنەوەی نێونەتەوەیی سوسیالدێمۆکراتیشدا روویدا. بەتایبەت پاش شۆڕشی روسیە کە بوو بە

هۆی لایەنی سوسیالدیمۆکرات و لایەنی کۆمۆنیست (دواتر ئەنترناسیونالی سێهەم)

ئەم دابەشبوونەی سوسیالدیمۆکراتی سوێد گەرچی رادەی ئەندامانی حێزبی کەم کردەوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی دواییدا ژمارەی نوێنەرانی پارلمانیان زیادی کرد و گەییشتە٤٧ کەس. حێزبی چەپ ١١ نوێنەری هەڵبژێراوی هەبوو. (١٤)

١٩١٤

**شەڕی جیهانی یەکەم:** لەم ساڵانەدا کێشەی سەرەکی ئۆروپا ئەوە بوو کە بەشی سەرمایەداری و پیشەیی زۆر چووبووە پێشێ بەڵام بەشی سیاسی هەر وەک خۆی مابووەوە و وڵاتان بە شێوەی کۆن بەڕێوە دەچوون. ئێمپراتورییەکانی هابسبورگ و عوسمانی و تێزارەکانی رووسیە لەگەڵ پادشا گەورەو چووکەکانی ئۆروپا رێگایان لە یەکتر دەگرت. کارخانەکان پێویستییان بە بازاڕ و بڵاو بوونەوە هەبوو. بەکورتی دەبووا ناوچە داگیرکراو و ژێر دەستەکان دابەش بکرێنەوە. ئاڵمان بەشی کەمی هەبوو، لە کاتێکدا کە لە هەمووشیان بەشی پیشەییەکەی زیاتر گەشەی کردبوو. عوسمانی سەرەڕای دواکەوتووییەکەی خاکێکی زۆری دنیای بەدەستەوە بوو.

- له سوێد دەوڵەتی بورژوا و زەوینداران دێنه سەرکار. سوێد بێلایەنی رادەگەیەنێ بەڵام سوپا که زۆربەیان لایەنگری بەرەی ئاڵمان بوون دەیانەویست بەشداری له شەڕدا بکەن.
- هێزی رووس خۆی له سنوورەکانی سوێد نزیک کردبووەوە، بەڵام که بێلایەنی راگەیندرا نەهاته پێشترەوە. دوای کۆبوونەوەیەک له نێوان پادشاکانی سوێد و نۆروێژ و دانمارکدا، هەر سێ وڵات بەیانێک دەردەکەن و بێلایەنی خۆیان له شەڕدا رادەگەیەنن. (١٤)

بێلایەنی سوێد نەیدەتوانی بێ کەموکوری بێ، چوونکه له لایەکەوە پێویستی به بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی هەر دوو لایەنی شەڕ بوو و له لایەکی دیکەشەوە وڵاتێکی چووک له ژێر گوشاری وڵاته زلهێزەکاندا دەرەتانێکی وەهای نەبوو که خۆی بپارێزی و نەچێته ژێر بار. له ناوخۆشدا لایەنگرانی هەر دوو لای شەڕ هەبوون. "حوکومەتی سوێد لەگەڵ ئاڵمانییەکان هاوکاری شاراوەی هەبوو. به شێوەیەک که له رێگای هێڵی تلگرافی ئینگلیسەوە پەیامەکانی رەسمییان به ئاڵمانی وەردەگێڕاوە و دەیاننارد بۆ ئاڵمانەکان. کاتێک ئەمریکییەکان هاتنه نێو شەڕەکەوە پەیوەندی ئاڵمان و سوێد ئاشکرا کرا. لەو کاتەدا سوێد له باری ئابوورییەوە زیاتر گرێدراوی ئینگلیس بوو، بەڵام لەباری کولتوری

و هەستەوە لایەنگری ئاڵمان بوو. لە باری ئابوریشەوە پێویستیان بە ئاڵمان بوو کە خۆڵی ئاسنی لێیان دەکڕی.

- لە کاتی شەڕدا سوسیاڵدیمۆکراتەکانی ئاڵمان دەنگیان بە شەڕ دا و ئەمە بوو بە هۆی دوو کەرت بوونی ئینتێرناسیوناڵ سوسیالیستی دووهەم.
- شۆڕشی ١٩١٧ی سۆڤیەت بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی دەنگی سوسیاڵدیمۆکرات لە هەڵبژاردنی ئەو ساڵەدا. ژمارەی نوێنەرانیان لە ٧٢ کەسەوە بوو بە ٨٧ کەس.

١٩١٥

شەڕی زلهێزەکان زەرەری زۆری بۆ بازرگانی و هاتوچووی دەریایی سوێد هەبوو، تا رادەیەک کە قات و قڕی و کەم بوونی خواردەمەنی هاتە پێشەوە. و گرانی بێدادی دەکرد. حوکومەت ناچار بوو بۆ بەرەنگاری هەلومەرجەکە، هەناردەکردنی خواردەمەنی قەدەغە بکا. بۆ یەکەمجار لە سوێد نرخێکی لانی زۆر بۆ ئەرزاق دانرا و کۆمیسیونی کۆنترۆڵ پێکهات و نرخی سنووردار کرد. هەر دوو لایەنەکانی شەڕ کڕین و فرۆشتن و بازرگانی هێندی کاڵایان قەدەغە کردبوو و بە قاچاخیان دانابوو. ئەم کاڵاگەلە دوو دەستە بوون دەستەیەک بە

تەواوی قاچاخ بوون و دەستەیەک مەرجیان لەسەر بوو. ئەمانەی دووهەم ئەو شتانە بوون کە دەیتوانی ناڕاستەوخۆ لە شەڕدا بەکار ببرێ. هەرچۆنێک بێ حوکومەتی سوێد لە فرۆشی کاڵای شەڕ مەنع کرابوو. بریتانیا پاش ماوەیەک خۆڵی ئاسنی وەکوو کاڵای شەڕ دەستەبەندی کرد (کە سوێد بۆ ئاڵمانی دەنارد) و ئاڵمانیش ئەم قەدەغەی بۆ دار دانا (کە سوێد بە ئینگلیسی دەفرۆشت) ئەمانە بە توندی کاری کردە سەر ئابووری سوێد"




گرانی زیاتر پەرەی دەستاند و خەڵک نارەزایی دەردەبڕی، تەنانەت لە هێندێ شوێن خەڵک هێرشیان کردە سەر ئەنبارەکانی خواردەمەنی و تاڵانیان کرد. بەڵام چوونکە بەشێکی زۆری کرێکاران برابوون بۆ

سەربازی (وەکوو هێزی ئێحتیات) نارەزاییەکی سازمان دراو لە ئارادا نەبوو. سوسیال دێمۆکراتەکان زیاتر لەسەر دروشمی مەترسی شەڕ و دژکردەوەی سیاسەتی بازرگانی ئینگلیس کاریان دەکرد. و باسی چاکسازی هەڵبژاردنیان دەکرد.

- خۆپیشاندانی سەد هەزار کەسی لە ستۆکهۆڵم سوسیالدێمۆکراتەکانی ناچار کرد فکرێکی لێی بکەنەوە گەرچی کاریان ئەوە بوو کە خەڵک لە شۆڕش دوور بخەنەوە. هەر لەم کاتانەدا وتوویژ لە گەڵ ئینگلیس گەییشتە ئەو ئاستە کە ئینگلیس بڕێک گەنم کە لە لایەن ئەمریکییەکانەوە دەستی بەرسەردا گیرا بوو ئازاد بکا و بینێری بۆ سوێد. سەرەڕای ئەوە خەڵک درێژەی بە خۆپیشاندان دەدا و دەچوون لە هێندێ شوێن شتومەکی خواردنیان دەردێنا و بە نرخی کەم بە خەڵکیان دەفرۆشت. تا گەییشتە ئەو جێگا کە لە نزیک پارلمان پۆلیس هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەران و برینداری لێکەوتەوە. (٧)
- هاتنی ئەمریکا بۆ نێو جەرگەی شەڕ هەلومەرجی سوێدی دژوارتر کرد. چوونکە ئەمریکییەکان لیستەیەک لە شتومەکی قەدەغەیان بڵاوکردەوە کە لە نێویاندا زۆربەی ئەو شتانە بوو کە سوێد پێویستی پێ بوو، بە تایبەت نەوت. ئامانجی ئەمریکا ئەوە

بوو کە پەیوەندی نێوان سکاندیناوی و ناوەندی ئۆروپا ببڕێ. ئەمریکییەکان مەرجیان دانابوو کە ئەگەر هێندێ شت بۆ سوێد ئازاد بکەن، سوێدیش دەبێ پاپۆڕە باڵهەڵگرەکانی بنێرێ بۆ یارمەتی موتەفقین." (وڵاتانی دژبەری ئاڵمان) ئەم هەلومەرجە بوو بە هۆی ئەوە کە کێشەی نێوان لایەنەکان لە سوێد تا ماوەیەک دەرخونەی لەسەر دانرێ و دەوڵەتێکی هاوبەش لە لیبراڵ و سوسیاڵدێمۆکرات و باقی لایەنەکان پێک بێ و دیسانیش پێداگری لەسەر بێلایەنی لە شەڕدا بکەنەوە .

- رۆژنامەیەکی ئەوپەڕگری راستی سەر بە ئاڵمان دەردەچوو کە دوو لە ئەندامانی سوسیال دێمۆکراتیشی تێیدا چالاکبوون. ئەمانە ناچار دەبن کە لەو حێزبە بکشێنەوە. لایەنگرانی ئاڵمان کە نێوی ئاکتیڤیستیان بۆ خۆیان دانابوو، هەوڵیان بۆ هاوکاری ئاڵمان لە جەبهەی شەڕدا دەدا. بەڵام لەگەڵ پشتیوانی زۆری خەڵک بەرەوڕوو نەبوون.
- لە ئۆگۆستیدا ئاڵمان و روسیە لە ڕێگای سوێدەوە ئەسیرەکانی شەڕ دەگۆڕنەوە.
- ڕێکخراوی سوسیالیستی نێونەتەوەیی "زیمروالد" بە دژی سیاسەتی شەڕ دادەنرێ و لە لایەن سوێدەوە ڕێکخراوی لاوانی سوسیال دێمۆکرات تێیدا بەشدار دەبێ.

- له ئۆکتوبردا پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ بریتانیا دەپسێ و ئەمە دواتر دەبێتە هۆی قات و قڕی خواردمەنی.
- بەشی زۆری پشکەکانی ڕۆژنامەی ئافتۆن بلادت (ڕۆژنامەی ئێواران) لە لایەن وەزیری بەرگری ئاڵمانەوە دەکڕدرێ.

١٩١٦

ساڵی ١٩١٦ دیسان ساڵی گرانی و کەمی شتومەکی ڕۆژانە بوو. زۆربەی پێداویستییەکانی سەرەتایی ژیان وەکوو خواردن و بێنزین و... کۆپێنی کرابوو. نرخی پارە دابەزیبوو، بەڵام مووچەی کرێکاران زیادی نەکردبوو. ئەمەش نارەزایی کرێکارانی لێکەوتبووەوە. خۆپیشاندان و شکاندنی ئەنباری خواردەمەنی قەوما. حێزب پرسەکەی بردە پارلمان بەڵام بێ ئاکام بوو. لە خۆپیشاندانی ساڵی ١٩١٧دا پۆلیس و سوپا هاتنە مەیدان و خەڵک بریندار کرا. ئەمە بوو بە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیران. دەوڵەتی دوایی بە بەشداری سوسیالدێمۆکرات پێک هات. بەڵام هەلومەرجەکە بۆ خەڵک باشتر نەکرا، پارلمان لە دەستی هێزە ڕاستەکاندا بوو.

ڕەوتی ڕووداوەکان بەم شێوەیە:

- لە١٩١٦لە ئۆگوستیدا بریتانیا هەموو هاوردەکانی بۆ سوێد قەدەغە دەکا.

- کۆمیتەی دابەشکردنی سەرانەی خواردەمەنی دادەنرێ.
- کونسێرسیۆمی بازرگانی نێوان سوێد و روسیە پێک دێ.
- نرخی ئەرزاق زۆر زیاد دەبێ تا رادەیەک سەندیکاکانی حێزبی سوسیالدیمۆکرات " و "ناوەندی سەندیکاکان " و "KF" پێکەوە بۆ چارەسەری کۆنگرە دەگرن.
- یاسایەک بۆ سنووردانانی سەرمایەی خارجی دادەنرێ.
- لنین لە ئاپریلدا دەگاتە ستۆکهۆلم.
- شۆرشی روسیە کار دەکاتە سەر هەستی کرێکاران لە سوێد.
- بریتانیا گەمارۆی ئابوورییەکەی هەلدەگرێ بەو مەرجە رێگای پێی بدری لە ئاوەکانی سوێددا پاپۆرە شەرکەرەکانی هاتووچوو بکەن. ئەمەش نارەزایی ئالمانی لێدەکەویتەوە.(١١)

١٩١٨

- سوێد سەربەخۆیی فینلاند بە رەسمی دەناسێ شەر لەوێ لە نێوان سوورەکان (لایەنگرانی کۆمۆنیسم) و سپیەکان (لایەنگرانی سەرمایەداری)دا دەستپێدەکا. بەشێک لە ژنەرالەکانی سوێد کە لە بنەمالەکانی ئەشرافی بوون لە جەبهەی سپیەکاندا شەر دەکەن.

- پەیمانێک لەگەڵ ئاڵمان دەبەسترێ کە ئاڵمان دانەوێڵە بدا بە سوێد وئەمانیش خۆڵی ئاسن بۆ ئەوان بنێرن. شتێک کە بریتانیا بە دژی دەوەستێ.
- ئیجازەی مانەوە لە سوێد بۆ غەیرە سوێدی پێویستی بە پاسپۆرتە و ئەوانەی نەیانبێ لە لایەن پۆلیسەوە دەگیرێن.
- سوێد دەبێتە گرینگترین شەریکی بازرگانی سۆڤیەت.
- ١٤ نوامبر ١٩١٨ لەم رۆژەدا سوسیاڵدێمۆکرات داوای بە کۆماری کردنی سوێدی کردووە و لە کۆنگرەی خۆیاندا بڕیاریان لەسەر داوە، بەڵام هیچکات نەبرایە پارلمان و جێبەجێ نەبوو. دوایەش لە بەرنامەکەیاندا سڕییانەوە.

١٩١٩

- مەرجی رادەیەک باجی ساڵانە بۆ مافی دەنگدان لا دەبردرێ.
- لە ٢٨ یونی١٩١٩دا پەیمانی ئاشتی لە ڤێرسای دەنووسرێ. شەڕی یەکەم بە رەسمی تەواو دەبێ.
- لە ساڵەکانی ١٩١٩ەوە هەتا ٢١ چاکسازی هەڵبژاردن کە بەڵێنی دەدرا جێبەجێ بوو. بەپێی ئەم چاکسازییە ژنان مافی دەنگدانیان وەرگرت و تەمەنی دەنگدەران بۆ پارلمانی یەکەم لە بیست و چوار ساڵەوە بوو بە بیست و سێ ساڵ. سەبارەت بە شارەوانییەکان و شەورا گشتییەکان مەرجی دارابوونی ماڵ و

سامان دابەزێندرا. دەنگدانی بەکۆمەڵیش لا برا. ئەم چاکسازییانە بوو بە هۆی ئەوە کە سوسیاڵدیمۆکراتەکان زۆرینە دەنگەکانی ساڵی ١٩١٩ بە دەست بێنن.

پاش مانگرتنی ١٩٠٩ و بێزاری کرێکاران لە رێکخراوی سەرانسەری سەر بە سوسیاڵدیمۆکرات، سەندیکالیستەکان کە ئایدیای لە بزووتنەوەی کرێکاری فەرانسە وەرگرتبوو، بە هەلیان زانی کە چالاکی خۆیان بە فەرمی دەست پێبکەن. سەندیکای سەربەخۆ، بێ گرێدراوی بە حیزبی سیاسییەوە. لە ١٩١٠دا ناوەندی رێکخراوی کرێکارانیان پێکهێنا (S.A.C) ئەمانە سیستەمێکی تازەیان دانابوو. بە شێوەیەک کە شانەکانی سەندیکا بۆ خۆیان بڕیاریان دەدا و بڕیارەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە نەبوو. لە باتی سەندیکای پیشە و کارخانە، سەندیکای ناوچە دانرا کە هەموو پیشەیەک دەیتوانی تێیدا ئەندام بێ. هاوکاری لەگەڵ سەندیکاکانی دیکە دەبووا بە بڕیاری کونگرەی ناوچە بێ. سەندیکالیستەکان باوەڕیان بە دیمۆکراسی پارلمانی نییە و خوازیاری دیمۆکراسی راستەوخۆن. ئەمە ئەو شتە بوو کە سیستەمی سوسیاڵدیمۆکرات زۆر لێی دوور بوو. ساڵەکانی ١٩١٥ هەتا ١٩٢٠ دەورانی پێشکەوتنی سەندیکالیستەکان بوو.ئەم بزووتنەوە زۆر پەرەی ئەستاند و لە ١٩١٤دا نزیک دە هەزار ئەندامی هەبوو کە دوای

شەڕی یەکەم هەتا ٢٠هەزار رۆیشت. لە ١٩٣٥دا گەییشتە ٣٥هەزار و ٤٩٤ لە ٧٢٦ ریکخراوی ناوچەییدا.

حیزبی کۆمۆنیست هیچکات ریکخراوی سەندیکایی ریک نەخست. پرۆپاگەندەیان ئەوە بوو کە ئەندامی سەندیکاکان ببن بە ئەندامی ئەم حیزبە و سەندیکاکانیان بە بزووتنەوەیەکی ریفۆرمیستی دەزانی، بەڵام ژمارەی ئەندامانی سەندیکاکان ساڵ بە ساڵ زیادی دەکرد. لە ١٩٣٥دا ٧٠٠ هەزار کەس بوون.

- هەر لەم ساڵەدا کۆبوونەوەی هاوبەشی دوو پارلمانەکە پیک هات کە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بوو بۆ بڕیاردان لەسەر سێ خاڵی گرینگ. دانانی گومرۆک بۆ هاوردە کردنی دانەویڵە. کەم کردنەوەی ماوەی سەربازی و ماوەی کاری رۆژانە. و سەعاتی کاریش کرایە ٤٨ سەعات لە حەفتەدا.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم و دووهەم لیبراڵەکان و سوسیالدیمۆکراتەکان نەختیک کیشەیان هەبوو، بەڵام سەبارەت بە ماوەی کاری رۆژانە هەردوک لەسەری کۆک بوون. پاش ئەم ریککەوتنانە هاوپەیمانی سوسیال دیمۆکراتەکان و لیبراڵەکان کۆتایی پیهات. لە راستیدا تەواو بوونی شەر هۆی ئەم جیابوونەوە بوو. چوونکە شەڕ ببوو بە هۆی لیک نزیک بوونەوەی ئەم دوو هیزە بۆ بەرەنگاری کیشەکانی کاتی شەڕی یەکەم. دوایە ئەگەریش ریککەوتنیک کرابا لە

دەرەوەی پارلمان دەبوو. لە باتی دەوڵەتی هاوبەش دەوڵەتێک پێکهات کە یەکدەست سوسیالدێمۆکرات بوو. و "برانتینگ" سەرپەرستی دەکرد.

### کولتوری

هەر لەو کاتەدا کە کۆمەڵ لە بیری بژیوی ژیاندایە لە بیری هزر و کولتوریشدایە. بۆ نموونە:

١٩١٠

- سترینگبرگ رەخنەی زۆر توند لە دەرباری شا و نووسەرەکانی ئاکادێمی و بوروکراتی و کلیسا دەگرێ. بزووتنەوەی کرێکاری پشتیوانی لێیدەکا بەڵام ٣٠٠ نووسەری راست ٤٦٥ پەخشان بە دژی دەنووسن. ئەم هەرایە کار دەکاتە سەر پەیوەندی نێوان سوسیالیستەکان و لیبراڵەکان.
- یەکەم فیلمی درێژی سوێدی بەرهەم دێ.

١٩١١

- بەشی سانسور بۆ فیلم دەست بەکار دەکا.

١٩١٢

- له ساڵرۆژی ٦٣ ساڵەیی سترینبرگدا ١٠هەزار کەس بەشداری دەکەن. ئەو پێشنیاری جێگرەوەیەک بۆ خەڵاتی نۆبێل دەکا و پارەی بۆ کۆ دەکاتەوە کە ٤٠ هەزار کەس بەشداری دەکەن.
- ئۆلەمپیکی ئەو ساڵە لە ستۆکهۆڵم بەڕێوەدەچێ و سوێد زۆرترین میداڵ بەدەست دێنێ.
- سترینگبەرگ لە ١٤ مەی ١٩١٢دا دەمرێ. ئەم شاعێرە گەورەی سوێدە پارەی بۆ هەژاران و کرێکارە بێکارەکان کۆ دەکردەوە. کاتێک نەخۆش کەوتبوو پازدە هەزار بۆ سپاس کردن کەس چوونە پێش ماڵەکەی. کاتێک ناشتیان کرێکاران چوونە ژێر تەرمەکەی. ئەو وەسیەتی کردبوو لە قەبرستانی هەژاراندا بینێژن.

١٩١٤

- سەلما لاگرلۆف نووسەری بەناوبانگ، یەکەم ژنە کە بە ئەندامی ئاکادێمی سوێد هەڵدەبژێردرێ.
- لەم ساڵەدا خەڵاتی نۆبێل دابەش ناکرێ.

١٩١٦

سەرەڕای شەڕ و برسیەتی سالۆنی هۆنەری لە ستۆکهۆڵم و سالۆن تیاتریکی مۆدێرن لە گوتنبرگ دەکرێتەوە.

١٩١٩

دەزگای پیشەیی فیلم (SF) لە یەکگرتنی سینما سوێد و سکاندیا پێکدێ. کارگەردانی وەکوو ویکتور خۆستروٚم و موریس ستیلر لەوی فیلم بەرهەم دێنن. (١١)

**پێکەوەبەندی** (Kooperation)

بەجێ دەزانم لە کۆتایی ئەم بەشەدا باسی ڕێکخراوێکی گرینگی دیکە بکەم کە لە زۆربەی شوێنەکانی دنیادا هاوشێوەی ساز بووە. ئامانجەکەی بەدەست گرتنی بازاڕە لە لایەن کڕیارانەوە. شێوەیەک بۆ بەرگری لە چەوسانەوەی بازرگانەکان:

**ڕێکخراوی ئابووری هاوبەش. (کۆپراتیڤ)** ئەم ڕێکخراوە هەموو جۆرە چالاکییەکی ئابووری دەگرێتەوە. لە سەرتادا خەڵک و لە پێشەوەی

هەمووان کرێکاران دەستیان پێکرد. لەو کاتانەدا کە ئابوورییان باش بوو، بەشێک لە مووچەکەیان دەخستە سەندوقی ڕێکخراوەکەوە و بەم شێوە پارەکەیان پاشەکەوت دەکرد بۆ دوا ڕۆژ. ئەم پارەیە لە بانک دادەنرا و بانک بەپێی ڕادەی پارەکە قەرزی پێدەدان کە دوکانی پێدانێن. ئەوان لە کۆفرۆش کەلوپەلیان دەکڕی و هەرزانتر لە بازاڕ بە ئەندامانیان دەفرۆشتەوە. تەنانەت خانوویان بە کۆ بەکرێ دەگرت و بۆ هەر بنەماڵەیەک کرێیەکەی کەمتر دەکەوت.

لە سەدەی نۆزدەدا نزیک بە چوارسەد کۆپراتیڤ دامەزرابوو و هێندێکیان بەردەوام بوون و هێندێکیان داخران. لە سەرەتای سەدەی بیستدا پێکهێنانی کۆمەڵەی بەکاربەران کە دانانی دوکانێکی گەورە بوو و هەموو شتێکی تێیدا بوو. سەرمایەکەی لە لایەن بەشدارنی کۆمەڵەکەوە دانرابوو، ئەمە گیانێکی تازەی بە بزووتنەوەی کئوپراتیڤ دا کردەوە (وێنە)

کاتێک لە ١٨٩٩دا کۆنگرەی کۆمەڵەکانی کۆپراتیڤ گیرا ۴۴ نوێنەر لە لایەن ۴١ کۆمەڵەوە بەشدارییان کرد و ناوەندی کۆمەڵەکانیان پێکهێنا کە دەبووا کار بۆ گرفتەکانی کۆمەڵەکان بکا. لە پەیداکردنی سەرمایە و شتومەک و دانانی کۆمەڵەی نوێیەوە هەتا کاری یاسایی و بانکی. هەنگاوی دووهەم ئەوە بوو کە حیزبێکیان پێک هێنا بەناو حیزبی "کۆمەڵە بازرگانییەکان" کە بتوانێ لە پارلمان دەنگی خۆی

هەبێ. ئەم حیزبە لە ساڵی ١٩٠٣دا لەبەر پێنەگەیشتنی هەلومەرج، هەڵوەشایەوە.

ئەم شکستە زەربەیەکی توند بوو لە هەستی لایەنگرانی کئوپراتیف، بەڵام دووکانەکان بەردەوام بوون لە پێکەوە بەندی کرێکارانی ناوچەدا. گەرچی بە هۆی نەبوونی توانایی رکەبرییەوە فرۆشیان کەم ببووەوە، بەڵام بەرە بەرە هێزی گرت و لە ماوەی دوو ساڵدا فرۆش لە ٢٧٦هەزارەوە گەییشتە سێ و نیو ملیۆن کرۆن.

کاتێک خانووسازکردن پەرەی ئەستاند کئوپراتیڤی کەلوپەلی ساختمان پێکهێنرا، ئەمەش بوو بە هۆی دژایەتی ئەو کۆمپانیا ئەهلییانە کە ئەو کەلوپەلەیان دەفرۆشت. تا ئەو رادەیەکە داوایان لە کۆفرۆشەکان دەکرد کە شت بە کۆپراتیڤەکان نەفرۆشن، دەنا ئەوان بایکۆتیان دەکەن. ئەم تەنگوچەڵەمە بوو بە هۆی ئەوە کە کۆپراتیڤەکان بۆ خۆیان ئەنبار لێبدەن و کۆ فرۆشی دابنێن. ئەم بەرانبەرکێیە گەییشتە ئەو ئاستە کە رێکخراوی بازرگانەکان رایانگەیاند هەر کارخانەیەک شت بە کئوپراتیڤەکان بفرۆشێ ئەوان شتیان لێناکڕن. کئوپراتیڤەکان چاریان نەما کە هێندێ شت لە دەرەوەی وڵاتەوە بهێنن. بازرگانەکان رێگای دیکەیان گرتەبەر، داوایان لە بانکەکان کرد کە پارە بە کئوپراتیڤەکان نەدەن، دەنا ئەوان پارەکانیان لە بانکەکان دەکشێنەوە. ئەمە گوشارێکی زۆری خستە سەر

کئوپراتیڤەکان. لەم هەلومەرجەدا ئەندامان هاتن هێزی خۆیان کۆ کردەوە کە بەرەنگاری بکەن و لەباری ئابوورییەوە خۆیان سەربەخۆ بکەن. هەتا ئەو کاتە خەڵک زیاتر شتیان بە قەرز دەکڕی، ئەمجارە هاتن نەخت فرۆشییان کردە باو. ئەمە گوشاری بۆ بنەماڵە هەژارەکان دەهێنا، بەڵام لەو لاوە کئوپراتیڤەکە پێویستی نەبوو قەرز لە بانک وەرگرێ. لە هەنگاوێکی دیکەدا ئەندامان پارەی پێشکەوتیان دەدا بە کئوپراتیڤەکان کە بۆ خۆشیان دەبوو بە پاشەکەوت. ئاکامەکەی ئەوە بوو کە کئوپراتیڤەکان بوون بە خاوەن سەرمایەیەکی باش.

بیری بیمە (دابین)کردن لە سیستەمی نوێ کۆمەڵگادا هەبوو، کئوپراتیڤەکان هاتن بیمەیان بۆ ئەندامەکانیان دانا. لە پێشدا بیمەی ئاگرگرتن و دوایەش بیمە تاکەکەسی.

لەکاتی شەڕی یەکەمدا کە زۆربەی شتومەک کۆپێنی کرابوو، کئوپراتیڤەکان زۆر کاریان لەدەست نەدەهات، بەڵام پاش شەڕ جارێکیتر سەریان هەڵدایەوە و گەشەیان کرد. تا ئەو رادەیە کە ساڵی ۱۹۱۹ سەرمایەکەیان گەییشتە ۶۹ ملیۆن کرۆن و ساڵی ۱۹۳۵ لە سنووری ۱۷۷ ملیۆندا بوو. (۱۰)



# ١٩٢٠-١٩٣٠

**لە سێبەری فاشیزمدا.**

گەشەی فاشیسم لە ئاڵماندا، لە چەند لایەنەوە کاری کردە سەر باری سیاسی/ کۆمەڵایەتیی سوێد. لە لایەکەوە کەمینە لە پارلمان گۆچ ببوو. سەرمایەداری زۆرتر هار ببوو و ڕێگا چارە دیمۆکراتییەکانی بۆ چارەکردنی بێکاری بەربەست دەکرد. حیزبە چەپەکان تووشی کەرتبوون و پەرتەوازەیی ببوون. توند و تیژی بە دژی بزووتنەوەی کرێکاری و زیندانی کردن و کوشتنی ڕێبەرەکانیان کاری کردبووە سەر بزووتنەوەی کرێکاری سوێد. هاو شێوەیی لە کۆمەڵگای ئاڵمان و سوێددا دەبیندرا وەکوو ڕادەیەکی زۆر بێکاری و دەستبەسراوە بوونی حیزبە چەپەکان و کارپێنەکردنی گرێبەستەکانی نێوان کرێکار و خاوەنکار. هێندی جیاوازیش هەبوو؛ وەکوو بەهێزبوونی پێگەی سوسیاڵدیمۆکراتەکان و هاودەنگی سەندیکاکان کە خاوەنکارەکانی دەترساند و بە پارێزەوە دەجووڵانەوە. تەنانەت نوێنەرانی کرێکاران و خاوەنکاران لە شارەوانییەکان پێکەوە کۆبوونەوەیان دەکرد و سەبارەت بە چارەکردنی بێکاری ڕایان دەگۆڕییەوە. لەم ساڵانەدا سوێد زیاتر لە هەموو وڵاتانی دیکەی ئۆروپا خۆپیشاندان و مانگرتنی تێیدا بووە. لایەنگریکردنی نازییەکانیش هاتبووە نێو کۆمەڵەوە بەڵام نەگەییشتبوە ڕادەی ڕێکخراوی ئاشکرا. (١٦)

هاوپەیمانیی سوسیاڵدیمۆکرات لەگەڵ یەکێتی جووتێران (حیزبی لیبراڵ) و پێکهێنانی دەوڵەتی هاوبەش. ئەم دەوڵەتە هاوبەشە زیاتر

سیاسی بوو هەتا ئابووری، بەڵام کاردانەوەی ئابووریشی هەبوو. بەتایبەت لە پیشەسازیی چەکدا، ئەم پیشەیە لە سویدیش وەکوو هەموو وڵاتانی ئۆروپایی گەشەی کرد و کرێکارانی بەکار هێنا.

پێشگرتن لە هاتنی کرێکار لە دەرەوەی وڵات کە لە ئاخری دەیەی ۳۰دا لە ۲۵%ەوە گەییشتە ۱۰%. تارڕادەیەک ببووە هۆی ئارامی گێرەوکێشەکان.

**بزووتنەوەی کرێکاری**

ساڵەکانی ۲۰ تا ۳۰ دەورانی بێکاری هەرە زۆر لە دنیای سەرمایەداریدایە. لە ساڵانی سەرەتادا بەر لە گەڕانەوە بۆ چاکسازی نزیک بە نیوەی کرێکاران بێکار ببوون. حیزبی کۆمۆنیست رایگەیاند کە لە هەر پێنج ئەندامیان چوار کەسیان بێکارە. ۵۸۹ هەزار ئەندامی یەکێتی سەرانسەری سەندیکاکان بێکار بوون. روخانی بۆرسی نیویۆرک ۱۹۲۹ بوو بە هۆی راگیرانی پارەکانی دەرەوە و داواکاری بۆ بەرهەمە پیشەییەکان بە توندی دابەزی و بازرگانی لەگەڵ دەرەوەی وڵات تووشی داهێزان بوو و هەژاری و برسیەتی بوو بە هۆی نارەزایی سیاسی.

بە کورتی دۆخەکە بەم شێوەیە:

- له ۱۹۲۰دا سەندیکالیستەکان نزیک بە ٤٠ هەزار ئەندامیان هەبوو و لە ۱۹۲۲دا بوون بە ئەندامی ئینتێرناسیونالّی سەندیکالیستان. ئەم گۆڕانکارییانە بوو بە هۆی ئەوە کە سوسیالّدیمۆکراتەکانیش لە بەرنامەکەیاندا گۆڕانکاری بکەن و زیاتر باسی خەباتی چینایەتی بکەن و داوای کەمکردنەوەی جیاوازی چینەکان لە ڕێگەی دانانی باج و سەرمایەدانانی کۆمەڵایەتییەوە، بکەن. گرینگتر لە هەمووان داوای بیمەی بێکاری و بیمەی لەکارکەوتوویی و خانەنشینی و ٣٦ کاتژمێر کار لە حەفتەدا بکەن.
- گەرچی لە ساڵی ۱۹۲۰دا سوسیالّدیمۆکرات ٣٠% لە دەنگەکانی هەبوو و دەوڵەتی بەدەستەوە گرت بەڵام دژەکانی بە شێوەیەک بەهێز بوون کە نەیتوانی هیچکام لە بەرنامەکانی جێبەجێ بکا.
- ساڵانی بیستەکان بێکاری گەییشتە ڕادەی ٣٠%ی ئەندامانی سەندیکا. مووچەی بێکاری ئەمانە زەختێکی زۆری خستە سەر سەندوقی بێکاری سەندیکاکان. ئاساییە کە بێکاران نەیاندەتوانی لە مانگرتندا بەشدار بن و کرێکاری مانشکێن زیادی دەکرد و مووچەکان کەم دەبوونەوە.
- دۆخی نزمی بازاڕی پاش شەڕ، دەبێتە هۆی بێکاری ۲۶٫۲% کرێکارانی ئەندامی ناوەندی گشتی سەندیکاکان (LO).

١٩٢٢

- ١٢هەزار داربڕ پاش مانگرتنێک بێکار دەکرێن.
- پارلمان بڕیار دەدا کە ئەو کرێکارانەی کە کێشەیان ناوەتەوە و بێکارکراون نابێ یارمەتی بێکاری وەرگرن.
- رۆژنامەی کرێکاران (Arbetaren) لە لایەن رێکخراوی ناوەندی کریکارانی (SAC) سەندیکالیستەوە دەردەچی.

١٩٢٣

- ئینتێرناسیۆناڵی کرێکاری دامەزرا و سەندیکاکانیش بەو هۆیەوە تووشی کەرتکردن بوون. لە سوێد رێکخراوە کرێکارییەکان بە تەمای حێزب نەوەستان و بە یارمەتی یەکتر توانییان لە ١٩٢١دا ٨ کاتژمێر کار بسەپێنن و یاسای مافی دەنگدانی گشتی ببێتە یاسا. ژمارەیەکی زۆرتر بوون بە ئەندامی سەندیکاکان و یەکێتی کرایکاران زۆرتر بتەو بوو. بەشێک لە سەندیکاکان لە سوسیاڵدێمۆکرات جوێ بوونەوە و لەگەڵ سەندیکاکانی چەپ و سەندیکالیستەکان کەوتن.
- بە هۆی دابەزاندنی مووچەوە کێشەیەکی قورس لە نێوان کرێکاران و خاوەنکاراندا ساز دەبێ. ۶۵ هەزار کرێکار بێکار دەکرێن و ۲۰ هەزار مان دەگرن. نزیک بە ۴ هەزار یارمەتی

بێکارییان دەبڕدرێ، چوونکە نەیانویستووە لە باتی ئەو کرێکارانە کار بکەن کە مانیان گرتووە.

- دەوڵەت پێشنیار دەکا ئەو کرێکارانە کە شەش مانگ بێکاربوون و یارمەتییەکەیان بڕدراوە. دوای شەش مانگ یارمەتییەکەیان پێبدرێتەوە. بەڵام دەوڵەت بۆ خۆی لا دەدرێ و دەوڵەتی راست دێتە سەرکار.

١٩٢٤

- حیزبی کۆمۆنیستی سوێد تووشی دابەشبوون دەبێ.

١٩٢٥

- خاوەنکاران ١١٧ هەزار کرێکاریان بێکار کرد. بیست هەزار کرێکاری ئەندامی سەندیکالیستەکان مانیان گرت بەڵام نەگەیشتنە داواکارییەکانیان. سەرمایەدارەکان بە هۆی دابەزینی ئابوورییەوە قسەی کۆتاییان بەدەست بوو. هەڕەشەی داخستنی دەرکەی کارخانەکانیان دەکرد و کرێکاران لە ترسی بێکار کردندا ملکەچ دەبوون.

١٩٢٦

- دەوڵەت بە بێ لەبەرچاوگرتنی خۆپیشاندانی ٣٦٥هەزار کرێکار، یاسای دەست تێوەردانی دەوڵەت لە گرێبەستەکانی نێوان کرێکار و خاوەنکاردا پەسند کرد.
- پاش مانگرتنی کرێکارانی کان لە ڤێست مانلند (Västmanland)، کۆمیسیۆنی بێکاری بڕیار دەدا کە ئەو کرێکارانەی نەچوونەتە ژێر باری مەرجەکانی خاوەنکار دەبێ دەربکرێن و نابێ یارمەتی بێکارییان پێبدرێ. ئەم پێشنیارە لە پارلمان کە زۆربەیان لیبراڵن سەر دەکەوێ، بۆیە دەوڵەت کە دەیگووت نەدەبووا کرێکارەکان دەربکرێن، دەست لەکار دەکێشێتەوە. و دەوڵەتێکی دیکەی لیبرال جێنشینی دەبێ.
- [ ئەگەر دەوڵەتێک پێشنیارێک دەدا بە پارلمان و سەرناکەوێ، بۆ خۆی دەست لە کار دەکێشێتەوە. و حیزبی دیکە یان سەرۆک وەزیرێکی دیکە دەوڵەتی تازە دادەمەزرێنێ] چەندین جار ئەم ئاڵوگۆڕە کراوە.
- ١٩٢٨
- لە ژانقیەی ئەم ساڵەدا ١٧ هەزار کرێکاری کارخانەی کاغەز بێکار دەکرێن. ئەم کێشەیە هەتا ئاپریل بەردەوامە، کێشەکە دەگاتە کرێکارانی کانەکانیش. ئاشکرا دەبێ کە کرێکارانی کان پشتیوانییان لە کرێکارانی کانی روسیە وەرگرتووە. راستەکان

دەڵێن روبڵیان وەرگرتووە و ناوەندی سەندیکاکان خۆی لێ نەبان دەکا.

- ڕێکخراوەکانی (LO) و (SAP) دژ بە گرێدانی پەیماننامە گشتییەکان و دادگاکەوە، داوای سێ کاتژمێر مانگرتن دەکەن. ٣٦٥ هەزار کرێکار بەشداری دەکەن. سەرەڕای ئەمە پارلمان بڕیار لەسەر پەیمانەکە دەدا و فەرمان دەدا بە دەوڵەت بۆ جێبەجێکردنی.
- یاسای کۆپەیمانەکان لە نێوان خاوەن کار و کرێکاراندا بڕیاری لەسەر درا و دادگای کار بۆ چارەسەری کێشەکان دامەزرا.
- ناوەندی سەرانسەری سەندیکاکان لە ١٩٢٨دا ڕێکخراوی لاوانی کچ و کوڕی ١٢- ١٧ ساڵەی پێکهێنا.
- لەم ساڵانەدا ڕێکخراوی وەرزشیی کرێکاران (AIF)پێکهات. لە پێشدا بزووتنەوەی سوسیالدیمۆکرات لەگەڵی دژ بوو، چوونکە پێیوابوو کرێکاران لە خەباتی سەندیکایی دوور دەخاتەوە. بەڵام کە ٨ کاتژمێر کار جێبەجێ بوو، کرێکاران روویان کردە وەرزش و ئەم ڕێکخراوە بەهێز بوو و لە پێشبڕکێیەکاندا پێشکەوت.
- دەنگی سوسیالدیمۆکرات ٤% دابەزی. پروپاگەندەی دژ بە سوسیالیست زۆر ببوو بە تایبەت دژی حیزبە کرێکاری و جووتێرییەکان. ئەمە چینی ناوەندی ترساندبوو. سوسیالیستەکان نەیانتوانی بوو خاوەن زەوینە چووکەکان و کرێکارانی لێرەوار

بهێننه ریزی خۆیانەوە. لە بەهاری ١٩٢٨دا ناوەندی سەرانسەری سەندیکاکان پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی کرێکارانی کان بڕا چوونکە ئەوان ببوون بە ئەندامی یەکێتی نێونەتەوەیی کرێکاران کە سەر بە مۆسکۆ بوو. لەم ساڵەدا یەکێتی نێونەتەوەیی سەندیکاکان بڕیاری دا کە پەیوەندی لەگەڵ سوسیالدیمۆکراتدا ببڕێ. نێوی سوسیاڵ فاشیستی لێیان نابوو. بەشێک لە کرێکاران بۆ بیناکردنەوەی سۆڤیەت چوونە ئەو وڵاتە، بەڵام زۆری نەبرد پەشیمان بوونەوە.(٢)

- ڕێکخراوی سوسیاڵ مەسیحی دامەزرا. سەندیکاکان زۆر لایەنگرییان لێی نەکرد. بەڵام کلیسای دەوڵەتی ئەو کەشیشانەی کە چووبوونە نێو ئەو بزووتنەوە کرێکارییە دەرنەکرد.
- بۆ چارەسەری ئەم بار و دۆخە دوو ڕێگا پێشنیار دەکرا. دەوڵەتی کردنی بەرهەمهێنان و یا بەتەواوی ئازاد کردنی هاوردە و هەنارده. یەکەمەکە دەبوو بە دیکتاتۆریەک وەکوو ئاڵمان و ئوتریش و ئیتالیا. دووهەمەکەش دەردی بێکاری چارەسەر نەدەکرد. ڕێگای سێهەم دانانی سەرمایە لەسەر ئیمکاناتی نێوخۆی کۆمەڵگا بوو. (١١)

١٩٢٩

- حێزبی کۆمۆنیستی سوێد دابەش دەبێ بە دوو دەستە. دەستەیەک لایەنگری کۆمینتێرنن (کۆمینتێرن ناوەندێک بوو بۆ ڕێوشوێن دانان بۆ حێزبەکانی کۆمۆنیستی دنیا، شوێنەکەی لە مۆسکۆ بوو.) و دەستەی دیکە ئازاد.

**تێکۆشانی ژنان**

لە سەرەتای سەدەی بیستدا سەندیکای ژنان هەبوو. هەروەها کۆمەڵەی ژنانیش پێشتر هەبوو، بەڵام ناوچەیی بوون. لە ١٩٠٧دا ئەم کۆمەڵانە هاوکاریکردنی یەکتریان دەست پێکرد. جێگای سەرنجە بزانین کاری ئازادی ژنان، وەکوو دانانی دوکان و فرۆشیاری، لەگەڵ بەرەنگاری توندی پیاوان و دوکاندارەکانی دیکە بەرەڕوو دەبوو. تەنانەت توند و تیژی و لێدانی لێدەکەوتەوە. و ژنەکە ناچار دەکرا شوێنی دانیشتنی بگوێزێتەوە بۆ شارێکی دیکە. (سون ئێستێد، نووسین بۆ فیلم.)

١٩٢٠

- کۆمەڵەی ژنانی سوسیالدێمۆکرات لە لایەن حێزبەوە دامەزرا. پاش کونگرەی ١٩٢٠ی سوسیالدێمۆکرات، کونفرانسی ژنان بە بەشداری ٨٠ نوێنەر گیرا، بەڵام ٤٤% ی کرێکارانی ژن داوای

ئەندامەتییان کرد لە کاتێکدا ٦٠%ی ژنانی چینی ناوەندی هاتنە ئەم ریزەوە. سالآنی زۆری برد (هەتا ٥٠ و ٦٠ەکان) کە ژنان وەکوو پیاوان بتوانن لە رێکخراوە دەوڵەتییەکاندا کار بکەن. کاتێک حیزب ئازادە و خواستەکان دەتوانێ لە رێگای حیزبی دەسەلآتدارەوە بێتە دی، ئەوە خەڵک بۆ داوخوازەکانی خۆی روو لەو حێزبە دەکا. سوسیالْدێمۆکرات نەتەنیا چەپ بوو و پشتیوانی بەرانبەری ژنانی دەگرت بەڵکوو حێزبێک بوو کە دەوڵەتی بەدەستەوە بوو.

- کۆنفرانسی ژنان بڕیاری پێکهێنانی کۆمەڵەی گشتیی ژنانی دا. هۆی ئەوە کە تا ئەم کاتە دامەزرانی کۆمەڵەی ژنان بەدوا کەوتبوو، ئەوە بوو کە لەنێو بزووتنەوەی کرێکاریدا دژ بە جیاکردنەوەی رێکخراوەکانی ژن و پیاو بوون.
- ئەم کۆمەلە لە ساڵی یەکەمدا سێ هەزار ئەندامی هەبوو. رۆژنامەکەیان ١٦ هەزار دانەی لێی بڵاو دەبووەوە. لە ١٩٣٥دا ژمارەی ئەندامان گەییشتە ١٧٧٩٥ کەس. (وێنە)

١٩٢١

- هەنگاوێکی دیکە بەرەو یەکسانی ژن و پیاو. لە مەرجەکانی هاوسەریدا بڕیار دەدرێ کە باب و دایک وەکوو یەک

سەبارەت بە منداڵەکانیان بەرپرسن. ژن سەربەخۆیی هەیە، بەڵام منداڵ و ژن ناسناوی پیاو وەردەگرن.

- ٣٠ لە سەدی خاوەن کۆمپانیاکانی دەرەوەی بەشی کشتوکاڵ لە ژنان پێک هاتوون.
- یاسای هەڵبژاردن کە لەوێ ژن و پیاو مافی یەکسانیان هەیە جێبەجێ دەبێ. بە هۆی گۆڕانی یاسای هەڵبژاردنەوە، چەپ دەنگی زۆر دەبێ و پێنج ژن بۆ پارلمان هەڵدەبژێردرێ.
- مەدرەسەی پیشەیی بۆ ژنان لە ستۆکهۆڵم دەکرێتەوە. سزای لەباربردنی منداڵ کەم دەبێتەوە.

١٩٢٣

- پارلمان بڕیار دەدا کە ژنان دەتوانن ببن بە کارمەندی فەرمانگە دەوڵەتییەکان، بەڵام ناتوانن ببن بە پۆلیس، سەرباز یان کەشیش.

١٩٢٥

- ئەمساڵ دوو نوێنەری ژن چوونە پارلمان. هێشتاش ژنان لە پەراوێزدا بوون و یارمەتی پیاوانیان دەدا. زۆربەی ژنان دەچوونە ریزی بزووتنەوەی کلیسای ئازادەوە. ژنانی چینی ناوەندی دەنگیان بۆ بورژواکان دەدا. (٩)

## کشتوکاڵ و وەرزێڕان

یەکێک لە تایبەتییەکانی سوید ئەوە بوو کە ڕێکخراو دانان و بە ئەندام بوونی ڕێکخراو ببووە نەریت و بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتییان. هەموویان لە سەندیکا و حیزبەکاندا کۆ دەبوونەوە. وەرزێران کە بە هۆی شێوە و چۆنیەتی بەرهەمهێنانیان یەکێک لە چینە هەرە پەرش و بڵاوەکانی هەر کۆمەڵگایەکن لە سوید هەر لە کۆنەوە حێزبیان هەبووە و لەم کاتەشدا ١٩٢٧ سەندیکای سەرانسەری خۆیان پێکدێنن. لە ١٩٢٩دا نرخی بەرهەمەکانی کشتوکاڵ لە هاویندا دادەبزێ.

## پیشەسازی و خاوەنکاران

لە ساڵەکانی نێوان دوو شەڕدا سوید سەرمایەی لەسەر ماشینە پیشەییە ئەلکترۆنییەکان و کارەبا و کەرەسە نێوماڵییەکان دانا، کە بوو بە هۆی بەکارهێنانی کەرەسەی کارەبایی وەکوو یەخچاڵ و وەجاخی کارەبایی بۆ چێشت لێنان و... بەرهەمهێنانی کارەبای ماڵان لە ڕێگای سازکردنی ئاوبەندەوە دابین دەکرا.

- داواکاری بۆ کاغەز بە هۆی زیاد بوونی رۆژنامە و چاپەمەنییەوە، ئاسن بۆ رێگای ئاسن و ماشینسازی و دار بۆ کردنەوەی خانوو بوو بە هۆی زیاد بوونی بەرهەمی کانزا و دار. شێوەی کاری بەرهەمهێنان لە کارخانە و کارگەکانی پیشەییدا بوو بە شێوەی کاری زنجیرەیی کە کەمتر پێویستی بە کرێکاری خاوەن ئەزمون بوو.
- ژمارەی کرێکار لە ۱۹۲۰ هەتا ۱۹۳۰ لە ۳۰۰ هەزارەوە گەییشتە ۷۵۰ هەزار. ۱۵۰ هەزار کارمەندی دەفتەری کارخانەکانیشی لێی زیاد کەین کە ئێستا بە تلەفوون و ماشینی ژمێریار کاریان دەکرد و شوێنێک بوو بۆ کاری ژنان. هەموو ئەم گۆڕانکارییانە لە بەرهەمهێناندا بوو بە هۆی ئەوە کە کرێکاران هاوکات لەگەڵ ئەم پێشکەوتنانەدا، بیر لە بەشداری لە دەسەلاتی دەوڵەت و پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەنکاردا، بکەنەوە. سەرەڕای ئەمەش ئەم ساڵانە دەورانی دابەزینی ئابوورییە و بانکەکان ترازنامە (بالانس)یان دادەبەزێ، چوونکە خەڵک پارەی بۆ پاشەکەوت نییە، بانکەکان تووشی کێشەی دابەزینی قازانج دەبن و دەوڵەت بە پارە پشتیوانییان دەکا.
- لە لایەکی دیکەوە پیشەی بەرهەمهێنانی سەیارە گەشە دەکا.

۱۹۲۴

- کارخانەی دروست کردنی یەکەم سەیارەی ڤۆڵڤۆ (Volvo) دەست بەکار دەکا. ئەم سەیارەیە بە بابی پیشەسازی سوێد نێوزەد دەکرێ. چوونکە دەبێتە بنەمایەک بۆ زۆر پیشەی دیکە. سوێدیەکان پێشتر تەنیا ئەم سەیارەیان دەکڕی کە یارمەتی بە پیشەی نێوخۆیی بدەن.

١٩٢٦

- یەکەم قەتاری بەرقی لە نێوان ستۆکهۆڵم و گوتنبرگ بەڕێ دەکەوێ.

١٩٢٧

- یەکەم زنجرەی ماشینی ڤۆڵڤۆ دێتە بازاڕ.

١٩٢٨

- یەکەم پاس و کامیۆنی بەرهەمهێنراو لە کارخانەی ولْوو دێتە بازاڕەوە.

١٩٢٩

- دەیان کۆمپانیای لێڕەوار لە باکوور یەکدەگرن. و یەک کۆمپانیابەش (SCA) پێک دێنن. ڕەوتی پێکهێنانی پاوانەکان بەردەوامە.
- بانکی کشتوکاڵ لەگەڵ "سپار بانک" یەکدەگرن کە پێشی روخانی سپاربانک بگیرێ. (١١)

## کۆمەڵایەتی

گەشەی پیشەیی دەبێ گەشەی کۆمەڵایەتیشی لەگەڵ بێ دەنا کۆمەڵگە تووشی کێشەی ناتەبایی و نەخویندەواری دەبێ. ناتەباییەکە لەوە دایە کە ئەگەر بۆ وێنە سەیارە بەرهەم دەهێنرێ دەبێ خەڵک وزەی ئەوەی هەبێ کە بیکرِێ، لە لایەکی دیکەوە دەبێ کولتورەکەی هاودەنگ بێ لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە دەنا وەکوو وڵاتانی ئێمە رۆژێ چەندەها کەس لە پێکدادانی سەیارەدا دەکوژرێ.

١٩٢٢

- بۆ قەدەغە کردنی خواردنەوەی ئەلکولی دەنگی گشتی وەردەگیرێ، بەڵام پێشنیاری قەدەغەکردن سەرناکەوێ.

١٩٢٣

- دیسان کێشەی نێوان کرێچی و خاوەن خانوو سەری هەڵدایەوە. کۆمپانیاکانی خانوو ئازاد کرابوون کە بە ویستی خۆیان کرێخانوو زیاد بکەن. لە کۆنتراکتەکەدا نووسرابوو: ئەوەی نایەوێ با بڕوا. کۆمەڵەی کرێچییان هیچی پێ نەکرا چوونکە خاوەنخانوو یاسای لەپشت بوو. یاسای بازاڕی ئازاد. چەکی کۆمەڵەکان ئەوە بوو

که پێیان دەگوت "قەپات کردن". کرێچییەکان هەموو پێکەوە کرێیان نەدەدا هەتا کۆنتراکتی تازە لە سەر پێشنیاری کۆمەڵە بنووسرێ. یەکگرتوویی ومتمانە بە کۆمەڵەکە زامنی ئەم سەرکەوتنە بوو.

- ناوەندی سەرانسەری کۆمەڵەی کرێچییەکان بە بەشداری ١٣ کۆمەڵە پێکهێنرا کە بتوانن گوشار بخەنە سەر دەوڵەت بۆ دانانی سنوورێک بۆ خاوەن خانووەکان. هەروەها بۆ پروپاگاندەی چالاکی و روونکردنەوەی ئایداکانیان، رۆژنامەیەک دەردەکرا بەناو کرێچی کە ٣٥ساڵ بڵاو دەبووەوە.
- کۆمپانیای (HSB) کە یەکێکە لەو کۆمپانیا هەرەوەزیانە (کۆپەراتیڤ) کە سەرمایەکەی پارەی بەکاربەران بوو، ئەمە شێوەیەکی تایبەتی خاوەندارییە کە هەم خاوەن ماڵ بوون لە رێگەی پشکەکانیانەوە، هەم کرێچی، تایبەتیی ئەم جۆرە کۆمپانیا هەرەوەزییانە ئەوە بوو کە نرخی گونجاو بێت، و چاوی لە قازانجی زۆر نەبێت، گەر قازانجیش بێت، ئەگەرێتەوە بۆ ئەندامانی. ئەم کۆمپانیا لە ١٩٣٠دا هێندێ خانووی ساز کرد و هەرزانتر بەکرێدەدا. ئەمە بوو بە فاکتایەک کە کۆمەڵەکان داوا لە کۆمپانیاکانی دیکەش بکەن کە کرێیەکەیان دابەزێنن، دەنا چۆڵی دەکەن. لەم کارەدا سەرکەوتن. بەڵام هەموو کەس توانایی ئەوەی نەبوو خانووی تازە بەکرێ بگرێ.

- دوای شەڕی دووهەم و لە ساڵەکانی دەیەی ٦٠دا کە هەلومەرجی ئابووری هەرە باش ببوو، یەک ملیۆن خانوو کرایەوە کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی پێ دەکەم.

۱۹۲۴

- سوێد یەکەم وڵاتە لە دنیادا کە بۆ هەر سەد کەس ۲۵ تلەفوونی هەیە. تلەفوونی راستەخۆی نێوان ستۆکهۆڵم و پاریس و لەندن لە ۱۹۲۷دا دەست پێدەکا.
- یاسای دانانی رادیوە نادەوڵەتییەکان (ئەهلی) لە پارلمان بڕیاری لەسەر دەدرێ. دەوڵەت کونترۆڵی ناوەرۆکەکەی دەکا. خەڵک دەبێ ئابوونە بدا کە کەڵک لە رادیۆ وەردەگرێ. ئەم ئابوونەیە ئێستاش بەردەوامە و بۆ تلەڤزیونیش وەردەگیرێ.
- لە دژی بەدەرنانی کرێنشینان بزووتنەوەیەک دەستپێدەکا کە بە خێرایی گەشە دەکا.

۱۹۲۷

- بەهێزترین رادیۆی ئۆروپا رادیو سوێدە کە لە موتالا دامەزراوە.
- بە پشتیوانی سوسیاڵ دێمۆکرات و حێزبی جووتیاران، چاکسازی لە بەرنامەی مەدرەسەکاندا دێتە ئاراوە. (٧)

**سیاسی**

١٩٢٠

- لە ١٠ مارسی ١٩٢٠دا دەوڵەتی سوسیالدێمۆکرات بە ڕێبەری یلمار برانتینگ هەڵدەبژێردرێ و ئەمە یەکەم دەوڵەتی سوسیاڵ دێمۆکراتی ئۆروپا دەبێ.
- سوسیال دێمۆکراتەکان لە کۆنگرەکەیاندا بەرەو چەپ دەڕۆن و ئایدیا سوسیالیستییەکانیان دووپاتە دەکەنەوە.
- برانتینگ بۆ دووهەمین جار دەوڵەتی پێدەسپێردرێ. کە هەر دوو جارەکەش دەوڵەتی کەمینە بووە.
- سوێد سەرەڕای دژایەتیی زۆری ڕاستەکان و حیزبی کۆمۆنیست دەبێتە ئەندامی ڕێکخراوی نێو نەتەوەیی، (NF) پێیان وابوو لەم ڕێکخراوەدا کێشەکانی نێونەتەوەیی چارەسەر دەکرێن.
- لە دەهەمین ساڵڕۆژی دەستپێکردنی شەڕدا ڕێکخراوە ئینتێرناسیۆنالیستییەکان گەورەترین خۆپیشاندانیان بە دژی شەر ڕێکخست.
- سوێد پەیوەندی سیاسی و بازرگانی لەگەڵ سۆڤیەت پێکدێنێ.
- سوسیاڵ دێمۆکراتەکان لە هەڵبژاردندا کەمیان هێنا. لەمەو بەدوا دەوڵەتی کەمایەتی یەک بە دوای یەکدا دەهاتنە سەر کار. ئەو حیزبە کە دەنگی لە هەموو زیاتر بوو دەبووە بەرپرسی پێک

هێنانی دەوڵەت. گەرچی دەنگەکانی لە ٥١% کە رادەی پێویستە بۆ پێکهێنانی دەوڵەت کەمتر بوو. ئەم حێزبە لەگەڵ یەک دوو حێزبی بچووکتر پێک دێ و چەند وەزارەتیان پێدەدا. ئێستاش هەر بەم شێوەیە.

- دابەزینی ئابووری کە هەموو وڵاتانی گرتبووەوە و پاش شەڕ ئاساییە، بوو بە هۆی ئەوە کە سوسیالدێمۆکراتەکان بودجەی بەشی بەرگری و سەربازگیری کەم بکەنەوە و بەشێک لە ناوەندە سەربازییەکان و بنکەکان هەڵگیرێن.

١٩٢١

- حێزبی چەپ ٢١ تێزەکەی کۆمینتێرن پەسند دەکا و نێوی خۆی دەگۆڕێ بە حێزبی کۆمۆنیست. ئەمە دەبێتە هۆی جیا بوونەوەی زۆری لە ئەندامان.
- سزای مەرگ (لە کاتی ئاشتیدا) بەتاڵ دەکرێتەوە.

١٩٢٤

- سوێد سۆڤیەت بە رەسمی دەناسێ.
- یەکەم حێزبی نازیستی سوێد لە ئێلوسدالێن دادەمەزرێ.

١٩٢٥

- کۆبوونەوەی ڕێبەرانی کلیساکانی هەموو وڵاتان لە ستۆکهۆڵم پێکدێ، بەڵام کاتۆلیکەکان زۆر کەم بەشدارن.
- یەکەم ژمارەی (ناسیۆن) ڕۆژنامەی لایەنگری جووەکان بڵاو دەبێتەوە.
- بەرە بەرە ئەو ڕواڵەتە کە پازدە ساڵ دواتر دەبێتە هۆی شەڕی دووهەمی جیهانی خۆی دەنوێنێ. سوێد کە یەکێک لە ئارامترین وڵاتەکانە لەم ڕەوتە بێوەری نییە. هەموو بیر و بۆچوونەکانی ئاڵمان دزە دەکاتە نێو سوێدیش. ئاڵمانی شکست خواردو لە شەڕی یەکەمدا ڕۆحی بریندارە و لە بیری تۆڵەدایە. دواتر پێیدا دێمەوە.

١٩٢٦

- یەکەم حیزبی فاشیستی سوێد بە نێوی حیزبی فاشیستی خەڵک دادەمەزرێ.

١٩٢٧

- گروپی مونچسکا بە سەرپەرستی برادەری ژنراڵ مونچ کە خانە نشین کرابووە، پێکدێ. ئەم گروپە نهێنییە و دوو هەزار پیاو

ئەندامی هەیە کە هەموو چەکدارن. پەیوەندییان لەگەڵ بەرپرسی پۆلیس هەیە و ئامانجیان هاوکاری پۆلیسە بە دژی کۆمۆنیستان کە ئەگەر رۆژێک بیانەوێ دەسەڵات بەدەستەوە بگرن.

- گۆڤارێکی سەربازی بڵاو دەکرێتەوە کە لە لایەن گرووپێک ئەفسەری ئەرتەشەوە دەردەچێ ئەوان خوازیاری بەهێز کردنی سوپان.
- هاتنی خەڵکی بێگانە بۆ سوێد دەگاتە لوتکە و دەوڵەت یاسایەک دەردەکات کە کە ئەو هاتنە زۆرە کۆنترۆڵ بکا. ئامانجی دیاریکراو گوتراوە کە بۆ بەرگری لە بشێوەی بازاڕی کار و بەرزکردنەوەی ئاسایش و "خاوێن راگرتنی رەگەز"ە کە ئەمەی ئاخریان بە تەواوی راسیستییە.

١٩٢٨

- لە هەڵبژاردندا، لاوانی لیبراڵ پروپاگاندەیەکی توند دژی چەپ دەکەن و ئەوان بە گرێدراوی مسکۆ دەنوێنن. ٦٧،٤ % خەڵک بەشداری ئەم هەڵبژاردنە دەکەن کە تا ئەو دەم کەمترینە لە سوێد. دەنگی لایەنە چەپەکان زۆر دادەبەزێ. دەبیندرێ کە چۆن بیر و باوەڕی راست و فاشیست خۆی رێکدەخا و

کاردەکاتە سەر دەوڵەت و یاساش. بەڵام بزووتنەوە کرێکاری و کۆمەڵایەتییەکان وریان و مەیدان بە بڵاوبوونەوەیان نادەن.

١٩٢٩

- حێزبی فاشیستی سوێد تووشی دابەشبوون دەبێ و دەستەیەکیان حێزبی سوێدی نوێ پێک دێنن.
- بورسی نیویورک دەروخێ، کاردانەوەی بۆ سوێد لە ساڵی دواییدا دەست پێدەکا.
- ئەو سوێدییانە کە لە ساڵی ١٧٨١ەوە کۆچیان کردبووە بۆ ئۆکراین، دەگەڕێنەوە سوێد.

**کولتوری**

١٩٢٩

- دوو گرووپی هونەری مۆدێرن پێکدێ.
- یەکەم فیلمی دەنگداری سوید پیشان دەدرێ.
- لە هەموو ئەم ساڵانەدا، بەتایبەت لە ١٩٠٠ بەملاوە زۆربەی هونەرمەندان چ ژن و چ پیاو بابەتی کارەکانیان بزووتنەوەی کرێکاری بوو. کار لەسەر شوێنە کرێکارییەکان و خۆپیشاندان و

مانگرتن و برسیەتی و ... هەموو ئەمانەش لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی کرێکاری و خانوەکانی خەڵکدا پیشان دەدرا. هونەر لەگەڵ خەڵک و بۆ خەڵک بوو. (١١)

# ١٩٣٠-١٩٤٠

**بزووتنەوەی کرێکاری**

قەیرانی ئابووری ساڵی ١٩٢٩ کە بە روخانی بۆرسی نیویۆرک دەستی پێکردبوو لە ١٩٣٠دا گەییشتە سوێد و بوو بە هۆی بێکاری و دابەزینی مووچەی کرێکاران. هۆی ئەم قەیرانە ئەوە بوو کە دوای شەڕ ئەو کارخانە و کارگانە کە بۆ کەرەسەی شەڕ و پێداویستی سەربازەکان کاریان دەکرد داخران و بەشێکی زۆر لە سەربازەکان گەڕانەوە ژیانی ئاسایی و بازاڕی کار.

- لە مانگی ٧ی ١٩٣٠دا کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی سەندیکاکان لە ستۆکهۆڵم دەگیرێ.

قەیران لە ٣١یش هەر بەردەوام بوو. لەم ساڵەدا خۆپیشاندان و دەربڕینی نارِزایەتی زۆر بوو، تەنانەت سوسیالدێمۆکرات بە دروشمی سوێد مالی هەموو خەڵکە دەیەویست گرژییە چینایەتییەکان بەپەرچ بداتەوە، بەو هیوایە کە چینی ناوەندی شار و لادێ بکاتە لایەنگری خۆی.

١٩٣١

- له ئۆدالْن کرێکاران مان دەگرن. خاوەن کار کرێکاری مانشکێن دێنێ کە کارەکە بەڕێوە ببەن، کرێکارەکان هێرشیان بۆ دەبەن و دەبێتە کێشە. نوێنەری دەوڵەت داوا لە ئەرتەش دەکا بەرگری لە مانشکێنەکان بکەن. لەو بگرە و بەردەدا سەربازەکان پێنج کرێکار دەکوژن کە یەکیان کچێکی چواردە ساڵانە. بە دووی ئەوەدا لە هەموو وڵات بە دژی دەستدرێژی ئەرتەش و بۆ پشتیوانی لە کرێکارانی ئۆدالْن خۆپیشاندان دەکرێ. دەوڵەت ئەرتەشەکە بە گونابار نازانێ، بەڵام کۆمونیستەکان دەخرێنە زیندانەوە و زۆربەی رۆژنامەکانیان بە تاوانبار دەناسرێن و دادەخرێن. ساڵێک دواتر ئەو رۆژنامانە ئازاد دەکرێنەوە.
ئاخرەکەی سەندیکا دەکرێتە سەرپشک بۆ ناوبژیوی کێشەکە.
دوو حێزبی سوسیالدێمۆکرات و کۆمۆنیست نەیانتوانی هاودەنگی بکەن (هەر کام کوژراوەکانیان بە ئەندامی خۆیان دەزانی)
دەوڵەتی دەستی راستی کۆنفرانسێکی بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخەکە بەڕیخست کە هەموو حیزبەکانی تێیدا بەشدار بوون. لەگەڵ هەموو ئەمانە گرێبەستی کرێکار – خاوەنکار و دادگای کار کە کرێکارەکان بە دژی بوون لە جێ خۆی مایەوە.
- لە دێسامبر (مانگی ١٢)دا ژمارەی بێکاران دەگاتە ٨٩هەزار.
١٢،٨% کرێکارانی سەندیکاکان بێکارن، (٤)

١٩٣٢

- له دێسامبردا ژمارەی بێکاران دەگاتە ١٦١ هەزار و ئەمە دەبێتە هۆی بەرز بوونەوە ڕێژەی یارمەتی هەژاری وەرگرتن.

١٩٣٣

- بێکاری لە مانگی مارسدا دەگاتە لووتکە ١٨٩٢٢٥کەس. کێشە لە بازاری کاردا بەردەوام دەبێ.
- سوسیالدێمۆکراتەکان کەمپێک بە دژی کمۆنیستەکان دەکەنەوە.

١٩٣٣

- سوسیالدێمۆکراتەکان هیچ هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی بێکاری نادەن. تەنانەت بیمەی بێکاری لادەبرێ.
- (SAP) حزبی کرێکارانی سوسیالیست دەبێ قەبوڵ بکا کە کرێکارانی بەشی دەوڵەتی کەمتر لە مووچەی بازاڕی کار وەرگرن.

١٩٣٤

- یاسای ٧ ڕۆژ پێشئاگاداری، بۆ بێکار کردن بڕیاری لەسەر دەدرێ.

- له کۆرسی ئامادەکردنی لاوان بۆ بازاڕی کار ٤٠ هەزار کەس بەشداری دەکەن.

١٩٣٦

- یاسای دوو حەفتە پشو بە مووچەوە بڕیار دەدرێ.
- یەکی مانگی مای دەبێتە ڕۆژی پشوو لە ڕۆژژمێردا.

**بەرەو هاوبیری زیاتر لە بازاڕی کاردا.**

بۆچوونی جۆربەجۆر و جیاواز لەسەر بازاڕی کار سەرئەنجام بوو بە گریبەستی نێوان سەندیکای خاوەنکاران (SAF) و سەندیکای سەرانسەری کرێکاران (LO) لە ٢٠ دێسامبری ١٩٣٨دا. لە سالْت خۆبادێتی(saltsjöbadet) گۆتنبرگ. ئەم پەیمانە بنەمای یاسکانی بازاڕی کاری دانا و بوو بە ژێرخانێک بۆ پەیمانەکانی دواتر لە نێوان کرێکاران و خاوەنکاراندا. پەیمانی سالْت خۆبادێت پەیمانێکی بەناوبانگە کە لە نێوان سوسیالْدێمۆکرات و خاوەنکارەکاندا سەبارەت بە بازاڕی کار بەسترا. ئامانجی دێمۆکراتەکان چاکسازی کۆمەلایەتی بوو و ئامانجی سەرمایەدارەکان کونترۆڵی کرێکاران لە لایەن حێزبەوە بوو.

ئەم پەیمانە بە مۆدێلی سوێد ناوبانگی دەرکرد. دوا بە دوای پەسندی ئەم پەیمانە ژماری ئەندامانی کرێکاران لە ریزی رێکخراوی سەرانسەریدا زیادی کرد و لە ٥٠٨ هەزارەوە گەییشتە ٩٦١ هەزار. ئەم پەیمانە لەگەڵ دژایەتی سەندیکا سەربەخۆوەکاندا بەرەوڕوو بوو. چوونکە ئەوان وزەی ئەوەیان نەبوو بە تەنێ بەرەنگاری خاوەنکاران ببنەوە.

**ئەم گرێبەستە لە پێنج بڕگە پێکهاتووە:**

- لە بەشی یەکەمدا باسی پێکهاتنی ناوەندێک دەکرێ بۆ پێڕاگەییشتن بە کێشەکانی نێوان دوو لایەنەکەدا کە لە سێ کەس نوێنەری هەر دوو لایەن پێکدێ. ئەم ناوەندە لە ساڵی ١٩٧٠دا هەڵوەشایەوە چوونکە لە ٦٠ کەڕەت زیاتر کێشەی نەخستبووە بەر باس.
- بەشی دووهەم سەبارەت چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانە چ ناوچەیی و چ سەرانسەری، بەر لەوە کە بچنە دادگای کار یان ببێتە نێوان ناخۆشی و مانگرتن و خۆپیشاندان. هەروەها چۆنیەتی دامەزراندن و رادەی مووچە.
- سێهەمین بەش سەبارەتە بە دەست لەکار کێشانەوە، مەرجی دەرکردنی کرێکار و دەوری سەندیکا لەو بوارەدا.

- بەشی دوایی سەبارەت بە کاتی کارە، تەنانەت لەکاتی کێشەی نێوان سەندیکا و خاوەنکاردا.
- بەشی ئاخر ئێدارەی کار دەکاتە سەرپشک بۆ دیاریکردنی ئەو کێشانە کە بە مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگا دەزانرێ. بەڵام لەو کاتەوە هەتا ئێستا هیچ کێشەیەک بە مەترسیدار نەناسراوە. (٧)

**تێکۆشانی ژنان**

١٩٣٠

- ڕیژەی بەشداری ژنان لە کشتوکاڵدا ٣٢ لە سەدە. بەڵام ١٠% ئەندامانی LO لە ژنان پێکدێ. ژمارەی ئەو ژنانە کەلە ماڵاندا کلفەتی دەکەن دەگاتە ١٤٥٠٠٠

١٩٣١

- کۆمەڵەی ژنانی چەپ کە گرێدراوی هیچ حیزبێک نییە دادەمزرێ. ئەم کۆمەڵە خەبات دەکا بۆ مافی یەکسانی، ئاشتی و یەکگرتوویی.

١٩٣٣

- ژنانی بەشی کشتوکاڵ کۆمەڵەیەک بۆ خۆیان دادەمەزرێنن. کە سەر بە کۆمەڵەی جووتیارانی خاوەن زەوینە.

١٩٣٧

- دانی پارە بە دایکان دەستپێدەکا.
- خەرجی نەخۆشخانە لە ژنی زەیسان وەرناگیرێ.
- لەم ساڵە بە دواوە یارمەتی (پارە) بۆ منداڵان دەدرێ. بارودۆخی دایکان بۆ بەخێوی منداڵەکانیان باشتردەکرێ. ئەمە دایکانی هان دەدا کە منداڵدار بن؛ لایەنێکیتری ئەوە بوو کە ئەوان لە بازاڕی کار دوور دەکەوتنەوە، بەڵام چوونکە بێکاری زۆر بوو لەگەڵ رەخنەی جددی بەرەو روو نەبوو. زۆر لە ژنان کە خۆیان لە بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ژناندا بوون لەم ئیمکانە کەڵکیان وەرگرت و بوون بە ژنی ماڵ.

١٩٣٩

- یاسای قەدەغەی دەرکردنی ژنان لە کاردا بەهۆی زگپڕی یان هاوسەرگیرییەوە بڕیاری لەسەر دەدرێ کە پاش بە دنیا هاتنی منداڵەکەیان مافی دوو حەفتە پشوویان دەبێ، بە مووچەوە.

**پیشه و خاوەنکاران**

١٩٣٢

- یەکێک لە بانکدارەکانی سوێد (ئیڤار کروگێر) لە پاریس خۆی دەکوژێ. ئەمەر بیشانەیە بۆ روخانی بانکەکان و ئابووری سوێد. دەوڵەت بە پارە یارمەتییان دەدا، بەڵام بەشێکی زۆر خەڵک هەست و نیستیان لەدەست دەچێ. بانکە بچوکەکان دەڕوخێن. ئەم قەیرانە کار دەکاتە سەر ژیانی رۆژانەی خەڵک.
- کۆمپانیایەک لە یەکگرتنی چەند کۆمپانیا بۆ بەرهەم هێنانی تراکتۆر، ماشینی رێگاوبان، کامپاینی درەو، ماتۆری دیزڵی و.. دادەمەزرێ.

١٩٣٧

- کارخانەی فڕۆکەی جەنگی سازکردنی ساب، بەکار دەکەوێ. وەکوو هەڵێک بۆ بەرگری لە ئاسمانی سوێد.

١٩٣٩

- یارمەتی بەرهەمهێنان دەدرێ بە کۆمپانیا بچووکەکان.

## کشتوکاڵ و وەزێڕان

١٩٣٠

- ٣٥% هێزی کار لە کشتوکاڵدا کار دەکەن.

١٩٣٣

- دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵەی جووتیاران بۆ چارەسەری کێشەکان پێکهاتنێکی نهێنی دەکەن.

١٩٣٦

- کرێکارانی کشتوکاڵ بەپێی یاسایەک، کاتی کار و سەعات کاری حەفتەیان دیاری دەکرێ.

## کۆمەڵایەتی

١٩٣٠

- تکنیکی سەرەتایی تلەڤیزیۆن لە ستۆکهۆڵم نیشان دەدرێ.
- هەموو پارێزگایەک دەبێتە خاوەن کتێبخانەی گشتی.

- لەم کاتەدا ٣٩ هەزار بەکاربەری تلەفوون هەیە.

١٩٣١

- ڕێکخراوی ناوەندیی کارمەندان دادەمەزرێ.

١٩٣٣

- یەکەم هێڵی هەوایی نێوخۆی وڵات دەکرێتەوە.

١٩٣٣

- یاسای قەدەغەکردنی ئاژوتن بە مەستی بڕیاری لەسەر دەدرێ.

**یەکەم بەردەکانی بناخەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی.**

سوسیالدێمۆکراتەکان کە ٤٣% پارلمانیان بە دەستەوە بوو لە ١٩٣٤ بەو لاوە ئاسایسی کۆمەڵایەتییان بە سازکردنی خانوو و بیمە بێکاری دەست پێکرد. ساڵی دوایە بیمەی خانەنشینی. ساڵی ٣٧ یارمەتی بۆ تەندروستی دایکان و قەرزی خانوو و ساڵی دواتر دوو حەفتە پشووی فەرمی. دامەزرانی فەرمانگەی کۆمەڵایەتی بۆ دۆزینەوەی چاکسازی کۆمەڵایەتی، دوای شەڕ دەورێکی گرینگی لەم چاکسازییانەدا گێڕا.

باشترکردنی یاسای سەرانسەری کار. تەندروستی گشتی ددان. کردنەوەی خانووی پیران کە لە ١٣٢٩ەوە دەستی پێکردبوو. دیارە هەموو ئەمانە لەگەڵ دژایەتی حیزبە راستەکاندا بەرەوڕوو نەبووەوە و هەر ئەمانە بوو بە بتەو بوونی پایەی سوسیاڵدیمۆکراسی لە کۆمەڵدا. (١٥)

١٩٣٥

- پارەی خانەنشینی کەمێک زیاد دەکرێ بەڵام پاشەکەوتکردنی پارە بۆ سەندوقی خانەنشینی لەکاتی کاردا زیاد دەکرێ.
- جەماوەری شارەکان زۆرتر دەبێ لە جەماوەری لادێیەکان.

١٩٣٦

- خانو دەدرێ بەو بنەماڵانە کە منداڵیان زۆرە و داهاتیان کەمە.
- منداڵ لەبەر لەباربردن لە نەخۆشخانە ئیزن دەدرێ.
- بیمەی ددان دادەنرێ
- جووەکان رێکخراوێک پێکدێنن کە خۆیان یارمەتی خۆیان بدەن.
- وڵاتانی سکاندیناڤیا قەرارێک لە نێوان خۆیاندا دادەنێن بۆ پێڕاگەییشتنی هاوبەش بە سروشتی وڵاتەکانیاندا.

١٩٣٧

- یارمەتیدان بە منداڵ دەست پێدەکا. منداڵی بێ باب و دایک و منداڵی خەڵکی خانەنشین پارەی یارمەتییان پێ دەدرێ.
- ئێستا هەموو منداڵێک لە لایەن دەوڵەتەوە یارمەتی وەردەگرێ. ئەمەش پەیوەندی بە داهاتی باب و دایکەوە نییە.
- سەربڕینی ئاژەڵ بە بێ بێهۆش کردن قەدەغە دەکرێ. ئەم یاسایە دە ساڵ وتووێژی لەسەر کرابووە. چوونکە جوولەکە دژی بوون. ئاخری سەربڕینی حەڵاڵ بۆ موسڵمانان قەدەغە دەکرێ. ئێستا ئازاد کراوە و قەسابخانەی تایبەتی خۆیان هەیە.
- دانی قەرزی دەوڵەتی بۆ کڕینی خانوو دەستپێدەکا.

١٩٣٨

- بە هۆی کێشەی ئابوورییەوە هەموو هۆتێل و رەستورانەکان بۆ دوو مانگ داخران.
- بەهۆی دابەزینی ژمارەی منداڵدار بوونەوە، کۆمیسیۆنی جەماوەر پێشنیار دەکا کە زیاتر یارمەتی دایک و منالان بدرێ چ لەباری خانوو و بەرە و چ لەباری جل و پێداویستی منداڵ.

١٩٣٩

- لە هێندێ لە مەدرسەکاندا ئینگلیسی لە باتی ئاڵمانی دەبێتە زمانی یەکەمی خارجی.

- له تەنشت پارکی خەڵکدا کۆمەڵەی کرێچییان پێکهات. فەرمانگەی خانوو سازکردن دامەزرا. ئەمانە هەموو ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی بوون کە پێگەی سوسیالدیمۆکراتەکانیان بەهێز دەکرد. کۆمۆنیستەکان لە ساڵانی ١٩٣٠دا بە زەحمەت ٢٠ هەزار ئەندامیان هەبوو. (١١)

**سیاسی**

لە ساڵەکانی ١٩٣٠دا بزووتنەوەی کرێکاری لە ئاڵمان و نەمسا و ئیتاليا سەرکوت کرا. کودێتای فرانکو لە سپانیا و بەشداری کرێکاران (کرێکارانی سوێدیش) لە بریگادی نێونەتەوەیی دژی فرانکودا بە قازانجی فرانکو کۆتایی هات. ئاڵمان وڵاتانی دراوسێ سوێدی داگیرکرد و سوێد بێلایەنی ڕاگەیاند و دەوڵەتێکی هاوبەشی ڕاست و چەپ بە بێ حیزبی کۆمۆنیستی لایەنگری مۆسکۆ پێکهات. لەو کاتەدا سۆڤیەت لەگەڵ ئاڵمان پەیمانی ئاشتی بەستبوو و فینلاندی کردبووە شوێنی دەسەلاتی دوفاکتوی خۆی. (١٥)

١٩٣٠

- چوونکە پێشنیاری دانانی گومرۆک بۆ دانەوێلە لە لایەن پارلمانەوە پەسەند ناکرێ، دەوڵەت دەست لەکار دەکشێتەوە.

- کۆمەڵەیەکی فاشیستان ڕێک دەخرێ کە دوایە دەبێتە کۆمەڵەیەکی سەرانسەری.
- ئێلکساندر کۆلۆنتای (فمینیستی بەناوبانگی روس) کە لە ١٩١۴ لە سوێد دەر دەکرێ، دەبێتە سەفیری سۆڤیەت لە سوێد، یەکەم سەفیری ژنە لە سوێد. هەتا ١٩۴۵ لەو پۆستەدا مایەوە.

١٩٣١

- پۆلیسی ستۆکهۆڵم بڵاو کردنەوەی گوتاری هیتلێر و گۆبێلز لە کۆبوونەوەکاندا قەدەغە دەکا.
- حێزبی سوسیال ناسیونال (فاشیستی) پێکدێ.
- دەوڵەت گارانتی کڕینی ئارد دەکا و هاوردەکردنی گەنم و جۆ پاوان دەکرێ.
- سوێد دەبێتە ئەندامی پولیسی نێونەتەوەیی کە مەقەڕەکەی لە ویەنای پێتەختی نەمسایە.
- سوسیاڵدێمۆکراتەکان کە لە ١٩٣٢ دا بە ڕێبەری "پێر ئالبین هانسۆن" هاتبوونەوە سەرکار بەڵێنی باشتر کردنی بازاڕی کار و کەم کردنەوەی بێکارییان دەدا. لەم هەڵبژاردنەدا سوسیاڵدێمۆکرات ۴٢%ی دەنگەکانی هێنا و کۆمۆنیست ٨%. سەرەڕای ئەوە نەیانتوانی پێکبێن کە پێکەوە دەوڵەت دابنێن. سیاسەتی سوسیاڵدێمۆکرات هەموو کاتێک ئەوە بووە کە

دەوڵەت یارمەتی هێندێ لە بەشە پیشەییەکان، یان بازاڕ بدا، تەنانەت هێندێ بەش بگرێتە دەست خۆیەوە بۆ پێکهێنانی هێندێ هاوپەرایی و لە قەیرانەکان کەم بکاتەوە. (ئەمە پێی دەگرترێ سیاسەتی ئابووری کینزی. – کینز ئابووریزانێکی ئینگلیسییە- دیارە رەقیبەکانی سوسیالدیمۆکرات لە پارلمان زۆر دژی ئەم سیاسەتە بوون و دەیانگوت دەوڵەت نابێ مووچەی کرێکار بدا و خۆی تێکەڵی بازاڕی کار بکا. بەڵکوو دەتوانێ قەرز و یارمەتی بێکارییان پێبدا.

- لە ساڵی ۱۹۳۲دا خانوەکانی خەڵک کۆمیتەیەکی ناوەندییان پێکهێنا و رێکخراوی سەفەرکردنیان بۆ کرێکاران دابین کرد.

۱۹۳۳

- حێزبی ناسیونال سوسیالیستی کرێکاری (NSAP)لە ژانویە دا دادەمەزرێ، دوایە لە حێزبی پێشوی ناسیونال سوسیالیست (SNSP) جوێ دەبنەوە. دواتر رەقیبێکی ناسیونال سوسیالیستی بورژواییان (NSB) بۆ پەیدا دەبێ.
- یاسای قەدەغەی جلوبەرگی سیاسی بڕیاری لەسەر دەدرێ.
- لەم ساڵەدا نازیستەکان لە ئاڵمان لە رێگای هەڵبژاردنەوە حوکومەتیان بەدەست هێنا و هەموو حیزب و سەندیکا

چەپەکانیان قەدەغە کرد. لە سویدیش لقیک لە ناسیونال سوسیالیستی ئاڵمان لە ستۆکهۆڵم دەکریتەوە.

- لە سکاندیناڤیا پەیمانی پشتیوانی لە نێوان کرێکاران و جووتێراندا بەسترا. لە لایەکی دیکەوە پشتیوانی دوو لایەنەی دەوڵەت و کرێکاران بارو دۆخێکی پێکهێنا کە نازیستەکان مەودای جووڵانەوەیان بۆ نەمایەوە. دەوڵەت بەرنامەی بۆ چاکسازی دەست پێکرد.
- کرۆنی سوید لەگەڵ پاوندی بریتانیا گرێ دەدرێ.
- دەوڵەت پێشنیارێکی رادیکاڵ دەدا بۆ کەم کردنەوەی بێکاری و قەیرانی ئابووری.

١٩٣٤

- قەراری قەرزێک لەگەڵ سۆڤیەت هەڵدەوەشێتەوە و لە باتی سوید پشتیوانی دەکا کە سۆڤیەت ببێ بە ئەندامی کۆمەڵی میلەتان (NF).

١٩٣٥

- ساڵوەگەری ٥٠٠ ساڵەی پارلمان جێژن دەگیرێ.
- هێزە راستەکان لە پارلمانی یەکەمدا یەک دەگرن.

- بورژواکان بە بەرنامەیەکی هاوبەشەوە هاتنە مەیدان و گەلاڵەی سەندیکای خۆیانیان هێنا. بەڵام زۆر کارا نەبوو.
سوسیالڵدیمۆکراتەکان لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستەوە بە ڕێخۆشکەری فاشیسم لە قاو دەدران و تەنیا ڕێگای چارەیان بە شۆڕشی کۆمۆنیستی دەزانی. بورژواکان ئەو ڕەخنانەی حیزبی کۆمۆنیستیان دووپات دەکردەوە و ئەوانیان بە مەترسیدار نیشان دەکرد. لەو لاشەوە سوسیالڵدیمۆکراتەکان کادری پروپاگەندەیان بارهێنابوو و سەندیکاکانیان ڕێکدەخست و باسی ڕێگای سێهەمیان دەکرد کە بە "سوید ماڵی هەموو خەڵکە" بەناوبانگ بوو. زۆر لە ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان چوونە ریزی ئەمانەوە و لەم ساڵانەدا ژمارەیان ببوو بە دوو بەرانبەر. ژمارەی خوێندکارانی (ABF) گەییشتە ٨٠ هەزار.
- کۆمەڵەی دۆستی سوید و سۆڤیەت پێکدێ.

١٩٣٦

- لە هەڵبژاردندا سوسیال دێمۆکراتەکان ٤٩،٥% دەنگ دێننەوە و لەگەڵ جووتیارەکان دەوڵەت پێک دێنن. فاشیستەکان ٠،٧% دەنگ دێننەوە. دوای ئەوە هەڵدەوەشێنەوە.
- یاسای کۆمەڵەکان دادەنرێ.

١٩٣٧ -كۆمەڵەی سەرانسەری دۆستی سوید و ئاڵمان لە شاری لوند دەکرێتەوە. ئەرکی ئەم کۆمەڵەیە ئەوە بوو خەڵکی ئاکادیمیک کۆ بکاتەوە بۆ ئاڵمان.

١٩٣٨

- لێدان بە شەلاخ و خستنە ژووری تاریکەوە لە زیندانەکان لادەبرێ. (١١)

١٩٣٩

کارمەندانی کەرتی ئەهلی، ڕێکخراوێکی سەربەخۆیان پێک هێنا (DACO) دوایە کارمەندەکانی بەشی دەوڵەتیش ڕێکخراوێکی لەو شێوەیان دانا (TCO) لە ١٩٤٠دا ئەم دوو ڕێکخراوە یەکیان گرت کە یەک لەسەدی کارمەندەکانی دەگرتەوە. لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیەدا ٨٠% کارمەندان لەم ڕێکخراوەدا بوون. کارمەندەکان هەتا ساڵی ١٩٦٤ مافێکی کەمتریان لە کرێکاران بۆ گرێبەست لەگەڵ خاوەنکاردا هەبوو. ئەم ڕێکخراوە گرێدراوی حێزبە سیاسییەکان نەبوو، بەڵام لە سیاسەتدا بێلایەن نەبوو.

**کولتوری**

١٩٣٠

- کاپیتاڵی مارکس لە لایەن "ریچارد ساندلێر"ەوە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی سوێدی.

١٩٣٣

- شەو باش زەوین، نێوی رۆمانێکە کە ئیوار لو یوهانسۆن نووسیویەتی، دەبێتە یەکێک لە رۆمانە بەناوبانگەکانی پەخشانی کرێکاری.

١٩٣٧

- ٣٠٠ موزیکوان خۆپیشاندان دەکەن بە دژی ئیزندان بە موزیکوانی بێگانە لە سوێد.
- رێکخراوەکانیKF, ABF و SSU پێکەوە ناوەندێکی سینەماییان پێکهێنا (Filmo) کە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە فیلمی بە ئەستۆ گرت.

**ئەدەبیاتی کرێکاری**

له ساڵەکانی ٣٠دا نووسەرانی زۆر پەیدا بوون کە خۆیان کرێکار بوون و دەیانتوانی بارودۆخی شوێنی کار نیشان بدەن و ئارەزووەکانی کرێکاران بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی و زانیاری کۆمەڵایەتی و باشترکردنی ژیان بنەخشێنن. کەسانێک وەکوو مارتینسۆن ( Moa Martinsson) و جان فریدەگۆرد (Jan Fridegård) ئیڤار لو یوهانسون(Ivar lo Johansson) کە سەبارەت بە لادێیە هەژارەکانیان دەنووسی. کرێکارانی وەکوو سالگرێن Sahlgren و رودولف ڤێرملوند (Rudolf Värmlund) بە نووسینی بیرەوەرییەکانی خۆیان، تاقیکردنەوەکانیان دەدا بە خەڵک. ئەوان باسی هەژاری دەورانی بێکارییان دەکرد و چۆن مرۆڤ بە بێکارکردن ناسنامەی خۆی لەدەست دەدا. و ئەم پرسیارەیان دەکرد کە کاردانەوەی ئەم قەیرانە چ دەبێ. کۆمۆنیزم، نازیسم، دیکتاتۆری سەرمایەداری گەورە، دێمۆکراسی سوسیالیستی، بەرنامەدانانی ئابووری یان بێ سەرەوبەرەیی. ئەم کتێبانە لە رۆژنامەکانیشدا چاپ دەبوون و لە کلاسەکانی ABF دا دەخوێندرانەوە و وەکوو ئەدەبیاتی کرێکاری کەڵکی لێ وەردەگیرا. (١٥)

### ئامادەکاری بۆ دەورانی شەڕ، لە ساڵانی پێش شەڕدا.

به هاتنه سەرکاری نازیستەکان لە ئاڵمان هەلومەرجی ئۆرووپا بە شێوەیەک بوو کە چاوەڕوانی شەڕ دەکرا. سوێدیش وەکوو وڵاتانی دیکە خۆی بۆ هەلومەرجی کاتی شەڕ ئامادە دەکرد.

یەکەم هەنگاو راگەیاندنی بێلایەنی لە شەڕدا بوو.

دووهەم پێکهێنانی دەوڵەتێکی هاوبەش (حوکومەتی بنکە فراوان) لە نێوان حیزبەکانی راست و چەپدا بۆ بەرگری لە کێشە سیاسییەکان. (ئەو حیزبانە کە لایەنگری یەکێک لە بەرەکانی شەڕ بوون بەشدارییان پێی نەکردن. لە راست لایەنگرانی فاشیست و لە چەپ لایەنگرانی سۆڤیەت. واتە حیزبی کۆمۆنیست. سێهەم خۆئامادەکردن لە باری پێداویستییەکانی خەڵک لە کاتی قات و قڕیدا. چوارەم چارەسەری کێشەی پەنابەران کە لە وڵاتانی دیکەوە هەڵدەهاتن بۆ سوێد.

ریزی رووداوەکان بەم شێوەیە:

لە ١٩٣٧ دا جێگای خۆ حەشاردانی خەڵک لە کاتی هێرشی هەواییدا دروست دەکرێ. لە ژێر کێوەکاندا تونێل لێدەدرێ و خواردن و گەرمای بۆدابین دەکرێ. ئەم تۆنێلانە ئێستاش هەر ماون و وەکوو خۆی بە ئامادەیی رادەگیرێن.

بێنزین فرۆشتنی ئازاد قەدەغە دەکرێ. کۆمیتەیەک بۆ چاودێری خواردن و پێداویستی خەڵک و دابەشکردنیان پێکدێ. نرخی لانی زۆر بۆ کەلوپەل دادەنرێ.

کۆمۆنیستەکان لە لایەن سوسیالدێمۆکراتەکانەوە پەراوێز خرابوون و بەپێی فەرمان لە ڕێبەرایەتی شەورای سەندیکاکان وەلا نرابوون. ترسەکە ئەوە بوو کە ئاڵمان بە بیانوی بوونی کۆمۆنیستانەوە بێلایەنی سوێد بشکێنێ. کە دیارە هەر لەو کاتەدا ڕەخنەی زۆر توندیان لێگیرا.

سوێد لە ژێر گوشاری ئینگلیسدا هەناردەکردنی خۆڵی ئاسنی بۆ ئاڵمان ڕاگرت کە ئەو کات ئاڵمان زۆر پێویستی پێبوو.

ڕۆژنامەکان سانسور دەکران (جار وایە دوژمن کردەوەکانی تۆ دیاری دەکا و دێمۆکراسییەکە بەبەست دەکا) و جار جار بۆ ماوەیەکی کورت حوکومەتی سەربازی ڕادەگەیندرا. و هەموو ئەمانە یارمەتی دەدا کە بەرنامەیەکی ئابووری دابندرێ و جیرەبەندی بەرقەرار بکرێ. ئەم بەرنامە دوای شەڕیش تا ماوەیەک درێژەی هەبوو و لە ڕێگای کۆمیتەکانی قەیرانەوە جێبەجێ دەکران. دیارە ئەمە بێ کاردانەوە نەبوو و ماکی کێشەکانی دوایی بوو. (٨)

١٩٣٣

- کۆبوونەوە بۆ وەرگرتنی ئەو زانایانە کە لە ئاڵمانەوە هەڵدەهاتن دەکرێ. پێشتر سوسیالیست و کۆمۆنیستی هەڵاتوو لە ئاڵمان وەردەگیران. کۆمەڵی جوولەکان لەو کارەدا چالاک بوو، هەروەها کۆمەڵەی ژنان بۆ ئاشتی لەم چالاکییەدا بەشدار بوو.

١٩٣٥

- کۆمیسیونی بەرگری کە لە ١٩٣٠ەوە دەست بەکار ببوو، پێشنیاری خۆی پێشکەش کرد. پێشنیارەکەی بەهێز کردنی بەرگری وڵات بوو، بەڵام بە هوشیاری و نەرمییەوە.

١٩٣٦

- ماوەی راهێنانی سەربازی دەبێتە ١٥٠ رۆژ.
- سوسیال دیمۆکراتەکان دەوڵەت لە دەست دەدەن و راست کە زۆربەی لە پارلمان هەیە بەرنامە دادەنێ بۆ زیاد کردنی هێزی بەرگری.
- شەڕی کۆماری خوازان و فاشیستەکانی سەر بە پاشایەتی لە ئێسپانیا دەستپێدەکا. خۆبەخشەکانی سوێد - زیاتر سوسیالیست و کۆمۆنیستەکان- دەڕۆن بۆ پشتیوانی کۆماریخوازەکان. لە ٥٠٠ کەس کە بەشدار دەبن ١٦٤ کەسیان گیان لەدەست دەدەن. ساڵێک دواتر پارلمان رویشتن بۆ شەڕی ئێسپانیا قەدەغە دەکا.

١٩٣٨

هەلومەرج بۆ پەنابەری سیاسی زۆر دژوار دەکرێ. یاسای پەنابەری ئێتنیکی، کە زیاتر جوولەکەکانی دەگرتەوە، هەڵوەشایەوە. خەڵکی ئاسایی هەر لە سنوورەوە بەڕێ دەکرانەوە.

- دوکاندارە چووکەکان پێشنیار بە پارلمان دەدەن بە دژی هاتنی خەڵکی بێگانە بۆ سوێد.
- پارلمان داوای بەرزکردنەوەی هێزی بەرگری دەکا.
- دەوڵەت ئیزن بە پۆلیسی نهێنی دەدا کە خەڵک و پۆست و تلەفون و تەلگراف و رادیو بخاتە ژێر چاوەدێرییەوە.
- دوای شەوی کریستاڵ (کۆمەڵکوژی جووەکان) لە ئاڵمان شەپۆلی هاتنی جوولەکە بۆ سوێد بەرز دەبێتەوە. دەوڵەت هێندێ یارمەتی کاتییان بۆ تەرخان دەکا.

١٩٣٩

- دەوڵەت پێشنیاری رێکخراوی جووەکان پەسند دەکا کە هەزار جوولەکە لە ئاڵمانەوە وەکوو پەنابەری کاتی بێننە سوێد.
- خوێندکارانی زانکۆی ئوپسالا بە دژی هێنانی دەیان دوکتوری جوو بەیانێک بە پارلمان دەدەن. مانگێک دوایە زانکۆی لوندیش لەگەڵ دەکەوێ.

- شەش کۆمەڵەی دوکانداران و کارمەندان داوا لە پادشا دەکەن کە پێشی هاتنی جوولەکەکان بگرێ. و پێیان وایە جوولەکە دەبێتە کێشە.
- لە مانگی فێبرواریدا پارلمان بڕیار دەدا بۆ هەر پەنابەرێک ٥٠٠ هەزار کرۆن وەربگیرێ. شتێک کە دژی یاسای پەنابەرییە و دەوڵەت دەبێ یارمەتی پەنابەر بدا. (١١)

لەکاتی شەڕدا گەشەی هەستی ناسیونالیستی زۆر ئاساییە و زۆر جار پێش بە هەستە مرۆڤایەتییەکانیش دەگرێ، بەڵام دژایەتی جوولەکە کردن لە سوێد نە ناسیونالیستی بوو و نە ئێتنیکی (وەکوو ئاڵمان) بەڵکوو یەکەم ترسی ئەوە هەبوو کە ئاڵمان بەو بیانووەوە سوێدیش داگیر بکا. دووهەم کارتێکەری بیری فاشیستی بوو کە بەشێک لە کۆمەڵی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. زەمینەی ئەم بیرە، چ لە ئاڵمان و چ لە سوێد، ئەوە بوو کە جووەکان بە سەرمایە و زانستی خۆیانەوە شوێنی زۆر لە کۆمەڵدا داگیر بکەن.

- پاش هەڕەشەی سۆڤیەت، سوێد و فینلاند هێزە سەربازیەکانیان لە "ئۆلەند" دەکشێننەوە.
- لە یەکی سێپتەمبردا شەڕی دووهەم بە هێرشی ئاڵمان بۆ پۆڵۆنیا دەست پێدەکا. سوێد بێلایەنی رادەگەیەنێ.
- سۆڤیەت هێرش دەکاتە فینلاند.

- سوێد بە سەندیکای کرێکاران و خاوەن کاران و دەوڵەت و خەڵکەوە بڕی ۴۹۰ ملیۆن کرۆن یارمەتی بۆ خەڵکی فێنلاند کۆ دەکەنەوە. کە لە بودجەی ساڵانەی خۆیان زیاتر دەبێ. ۷۰ هەزار سەربازیش دەنێرنە سنوورەکان بەڵام شەڕ ناکەن.
- لە دێسەمبردا دەوڵەتی هاوبەش کە لە هەموو حیزبەکان، جگە لە فاشیستەکان پێک هاتووە دەست بەکار دەبێ.
- دیسیپلینی لە کەمپ دانان بەڕێوە دەبرێ. واتە ئەوانەی وا بە کێشە لە کاتی شەڕدا دەناسرێن لە شوێنی داخراودا رادەگیرێن. کۆمۆنیستەکان و نازیستەکان زیاتر ئەمەیان وەبەر دەکەوێ.
- بردنە دەرەوەی پارە قەدەغە دەکرێ. نرخی کرۆن سی لە سەد دادەبەزێندرێ.

تاقیکردنەوەکانی شەڕی یەکەم بۆ سوێد بوو بە هۆی ئەوە کە لە ساڵەکانی نێوان دوو شەڕدا کومیسیۆنێک بە نێو "بەرگری ئابووری" دامەزرێنن، ئەم فەرمانگەیە توانیبووی بەشی یەکساڵ دانەوێڵە پاشکەوت بکا و ئەمە وایکرد کە لە ساڵی یەکەمی شەڕی دووهەم دا گوشار لەسەر خەڵک کەم بێ و ئەو بشێوەیە کە لە شەڕی یەکەمدا پێشهات، دووپات نەبێتەوە.

## ١٩٤٠-١٩٥٠

**بزووتنەوەی کرێکاری**

- سوسیالدیموکرات لە هەڵبژاردندا زۆربەی دەنگەکان دێنێتەوە.

- له ۱۹۴۰/۳/۳دا شوێنی رۆژنامەی کۆمۆنیستەکان "ئاڵای باکوور" له لولیئۆ دەتەقینرێتەوە و پێنج کەس دەکوژرێن. ئەمە دوای ئەوە بوو کە راستەکان داوای قەدەغەکردنی حیزبی کۆمۆنیستیان کردبوو و له لایەن پارلمانەوە پەسند نەکرابوو، چوونکە سوسیالدیمۆکرات و لیبرالەکان دژ وەستا بوونەوە. لەم سالانەدا بە هۆی داگیرکردنی بەشێک لە فینلاند لە لایەن سۆڤیەتەوە، بەشێک لە سویدییەکان هەستی دژی سۆڤیەتیان بەهێز ببوو، حیزبی کۆمۆنیستیش کە بە توندی لایەنگری سۆڤیەتی دەکرد دەکەوتە بەر هێرش. تەنانەت پۆلیس بە فەرمانی دەوڵەت بۆ ماوەی دوو ساڵ پێشی بە بڵاوبوونەوەی رۆژنامەکانیان دەگرت. دیارە ئەم فەرمانە رۆژنامەی فاشیستەکانیشی دەگرتەوە.

۱۹۴۱

- (LO)رێکخراوی سەرانسەری سەندیکاکان و (SAF) سەندیکای خاوەنکاران پەیمانی بیمەی کار هەڵدەوەشێننەوە.

۱۹۴۲

- LO رۆژنامەیەک بە ناو "رۆژنامەی ئێواران" لە باتی ئافتۆن بلادت کە بووەتە لایەنگری ئاڵمان دەردەکا.

۱۹۴۳

- کۆمۆنیستەکان لە هەڵبژاردنی سەندیکای کانزاکاندا سەردەکەون.

١٩٤٤

- لە هەڵبژاردندا حیزبی کۆمۆنیست بەرزترین رادەی مێژووی خۆی بە دەست دێنێ و ١٥ نوێنەری دەچێتە پارلمان.

١٩٤٥

- سەدوبیستوپێنج هەزار کرێکاری سەندیکای مێتاڵ (کانزا) لە ٥ی فێبرواری مان دەگرن. ئەمە دوای مانگرتنە گشتییەکە گەورەترین مانگرتنی سوێدە تا ئەو کاتە. کێشەکەیان پاش پێنج مانگ کۆتایی دێ.

١٩٤٦

- خۆ ئامادەکردن بۆ هێنانی هێزی کار لە دەرەوە دەستپێدەکا.
- لە سەروبەندی هەڵبژاردندا سوسیاڵدێمۆکرات لەسەر ئەم بڕوایەیە کە نابێ باج کەم بکرێتەوە. دژی ئەم بۆچوونە زۆرە.

١٩٤٦

- لە شوێنی کاردا سوسیاڵدێمۆکراتەکان تۆڕێک پێک دێنن بۆ چاوەدێری کۆمۆنیستەکان.

- پەیمانی بەشداریی کریکاران لە شوێنی کاردا لە لایەن سەندیکاکانەوە هەڵدەوەشێتەوە چوونکە هیچکات ئەو پەیمانە جێبەجێ نەبووە.

١٩٤٨

- ئێدارەی کار هاتنی کرێکاری تاکەکەسی لە دەرەوەی وڵاتەوە بۆ کار لە سوێد قەبووڵ دەکا ، پێشتر دەبوا بە کۆمەڵ بنێردرێن.
- یاسایەکی نوێ بۆ بیمەی کار دادەنرێ کە سەبارەت بە چۆنیەتی شوێنی کارە.
- LO و SAF پەیمانی راهێنانی کرێکاران هەڵدەوەشێننەوە.
- کلوبێک دادەنرێ بۆ چاوپێکەوتنی نوێنەری دەوڵەت لەگەڵ بزووتنەوەی سەندیکایی، بە مەبەستی باشکردنی نێوان ئەو دووانە.

١٩٤٩

- فەرمانگەیەک بۆ چاودێری شوێنی کار و سڵامەتی کرێکاران دادەنرێ. (١١)

## تێکۆشانی ژنان

١٩٤٠

- رۆژنامەی دەستانی چالاک کە پەیوەندی بە ژنانی کرێکارەوە هەیە دەردەچێ.

١٩٤٢

- رادەی ئەندام پارلمانی ژنان لەم ساڵەدا ٥،٢ لە سەدە.

١٩٤٣

- ژنان رێکخراوێک بۆ دژایەتی خواردنەوەی ئەلکۆل و بەکارهێنانی نارکۆتیک (مادە هۆشبەرەکان) دادەمەزرێنن.

١٩٤٥

- ئاخر کۆسپەکانی بەردەم ژنان بۆ بەشداری لە کاری دەوڵەتیدا لادەبرێ.
- تەمەنی دەنگدانی ژنان بۆ پارلمانی دووهەم دەبێتە ٢١ساڵ و مەرجی داهات نامێنێ.
- پشووی منداڵداری دەبێتە شەش مانگ.

١٩٤٧

- Kevin kock یەکەم ژنە کە لە دەوڵەتدا دەستبەکار دەبێ.

١٩٤٨

- بۆ یەکەمجار ژنێک دەبێتە نوێنەری LO. (١١)

**پیشە و خاوەنکار**

١٩٤٣

- یەکەم فڕۆکەی شەڕکەری تەواو سویدی (ب،١٧) بەتاقی دەکریتەوە.
- فرۆشگای (IKEA) کە کەلوپەلی خانوو دەفرۆشێ، دەکریتەوە. ئێستا لەم بوارەدا یەکێک لە گەورەترین فرۆشگا زنجیرەییەکانی دنیایە.

١٩٤٤

- دوو سەندیکای کارمەندان یەکدەگرن و تێکڕا ١٧٠ هەزار ئەندامیان هەیە.

١٩٤٥

- خاوەن کارخانەکان دەیانەوێ هەرچی زووتر یاساکانی دەورانی شەڕ بەتاڵ بکریتەوە.
- سوسیاڵ دیمۆکراتەکان پێشبینی کێشەی ئابووری دەکەن و دەیانەوێ بەرهەمهێنان لە ژێر کۆنترۆڵدا بێ کە بێکاری زیاد نەکا.

١٩٤٦

- دەوڵەت دوو ملیۆن کرۆن بۆ توێژینەوەی ئێنێرژی وزەی ئەتۆمی دادەنێ.

١٩٤٧

- ناوەندێک(AMS) بۆ دانانی سیاسەتی بازاڕی کار دادەنرێ.

١٩٤٧

- یەکەم سەیارەی ساب(SAAB ٩٢) دێتە بازاڕەوە.
- گۆرەوی نایلۆن لە سوێد بەرهەم دەهێنرێ.

**کشتوکاڵ و وەرزێڕان**

١٩٤٠

- حێزبی جووتیاران دەیەوێ لە دەوڵەتی هاوبەش بچێتە دەرەوە، بەڵام ڕێبەرەکانیان ناهێڵن.

١٩٤٥

- یاسای کاسبی کردن بە زەوین دادەنرێ کە بەرهەمی زیاتر بدا و داهاتی زەویندارەکان باشتر بێ.

١٩٤٧

- بەشی کشتوکاڵ ڕێکوپێک دەکرێ بە شێوەیەک کە جووتیاران داهاتیان باشتر بکرێ و بەرهەمەکان لەگەڵ نرخی بازاڕ بگونجی. هاوکات پێشی هاوردەکردن لە دەرەوە دەگیرێ.

**کۆمەڵایەتی**

١٩٤١

- باجی گشتی بۆ داهات دادەنرێ. هەروەها باجی ڕێگا جێبەجێ دەکرێ.
- ٤٤% خەڵک لە شارەکان دەژین.

١٩٤٤

- هاوجنس خوازی وەکوو نەخۆشی لەقەڵەم دەدرێ بەڵام وەکوو تاوان ناخوێندرێتەوە.

١٩٤٥

- ڕێکخراوی دەوڵەتی بۆ بەکارهێنانی نەوت پێکدێ. لەم کاتەدا ٩٤% خانووەکان کارەبایان هەیە.

١٩٤٦

- چوونی ئاوی گەرم بۆ ماڵان ئازاد دەکرێ.

١٩٤٧

- باجی کاتیی دەورانی شەڕ هەڵدەگیرێ.
- ژمارەی ناسنامە لە یەکی ژانڤیەوە دادەنرێ بۆ هاسان کردنەوەی وەرگرتنی باج.
- باج بۆ داهاتی زۆر و بۆ کۆمپانیاکان زیاد دەکرێ کە داهاتەکانی خەڵک لێک نزیک بکرێتەوە.
- باج بۆ میرات دادەنرێ.
- کۆنترۆڵی خانوبەرە سازکردن و نرخی کاڵا توندتر دەبێ. بەڵام جیرەبەندی قاوە و کاکائو دادەنرێتەوە لەبەر ئەوە کە پارە کەمتر بچێتە دەرەوەی وڵات.
- یارمەتی منداڵان بۆ ئەو کەسانە داهاتیان نییە دادەنرێ. لەو لاشەوە داشکاندنی باج بۆ بنەماڵەی مناڵدار نامێنێ. یارمەتیی زیاتر دەدرێ بۆ منداڵانی بێ باب و دایک و منداڵی خانەنشینان.
- ڕێکخراوی ناوەندی ئاکادێمیستەکان دادەمەزرێ.
- جیرەبەندی کارەبا دادەنرێ.

- بۆ کەمکردنەوەی مەسرەفی بێنزین دەوڵەت ڕۆژانی یەکشەممە لێخوڕینی سەیارە قەدەغە دەکا.
- فرۆشی پێنسلین دەست پێدەکا.
- یارمەتیدان بۆ کرێخانوو دەست پێدەکا.

١٩٤٨

- جیرەبەندی ئارد و نان لە ئۆکتوبردا لادەبردرێ.

١٩٤٩

- جیرەبەندی شەکر و تەگەری سەیارە هەڵدەوەشێتەوە. هەروەها زۆربەی ناوەندەکانی کاتی شەڕ دادەخرێن.
- سانسور لادەبرێ یاسای ئازادی چاپەمەنی کارا دەکرێتەوە.
- یاسای پەیوەندی نێوان باب و دایک و منداڵ نوێ دەکرێتەوە. بۆ نموونە دایک و باب لە بەرانبەر منداڵیاندا مافیان وەکوو یەک دەبێ.

**سیاسی**

**دەورانی شەڕی دووهەمی جیهانی**

١٩٤٠

- پارلمان ئیزنی پشکنین و گرتنی گومانلێکراوان لە کاتی شەڕ دەدا.
- دەوڵەت لە باشوور ٢٣،٥ ملیون خەرجی ساز کردنی پێگەکانی شەڕ دەکا.
- دەوڵەت دەزگایەک بۆ سانسوری میدیا پێک دێنێ. پۆلیس لە لایەن دەوڵەتەوە ئیزن دەدرێ کە ماڵ و شوێنی رۆژنامە کۆمۆنیستییەکان بپشکنێ. هۆکەی لایەنگری کۆمۆنیستەکان لە داگیرکردنی فینلاندە لە لایەن سۆڤیەتەوە. پێشی بڵاو بوونەوەی شەش رۆژنامە دەگیرێ کە پەیوەندیان بە کۆمۆنیستەکان و نازیستەکانەوە هەیە. هەروەها یەک رۆنامەی دژی نازیستیش. ئەم کارە هەتا ١٩٤٣ بەردەوام دەبێ.
- سوێد و نۆروێژ رێگا دەدەن هێزی سەربازی رۆژئاوا بۆ یارمەتی فینلاند بە خاکی ئەواندا تێپەڕێ.
- لە مانگی ٩دا دانمارک و نۆروێژ لە لایەن ئاڵمانەوە داگیر دەکرێ. هەڵاتووەکانی ئەو دوو وڵاتە لە سنوورەکانی سوێد کۆ دەبنەوە. لەو جەبهەدا سوێد زۆر لاوازە چوونکە زۆربەی هێزەکەی ناردووەتە سنوورەکانی فینلاند بەرانبەر بە هێزی سۆڤیەت. ٥٠ هەزار پەنابەری نوروێژی وەردەگیرێن.

- له مانگی ئاپریلدا سوێد ڕێگا دەدا دوکتور و برینپێچی ئاڵمانی له خاکی سوێدەوە بەرەو جەبهەکانی شەڕی باکوور بڕۆن. دواتر له ترسی داگیرکردندا ئیزنی گواستنەوەی کەلوپەل و چەکی شەڕیش دەدا. بەدوی ئەوانەدا سەربازەکانیش ڕێگا دەدرێن. لەو چەند ساڵەی شەڕدا دوو ملیۆن سەرباز له خاکی سوێدەوە دەگوازرێتەوە بۆ جەبهەکانی شەڕ. هەر لەو کاتەدا سوێد گارانتی بە ئاڵمان دەدا کە ناهێڵێ هێزی "موتەحدین" (دژبەرانی ئاڵمان) بێنە سوێد.
- له سێپتامبردا ئاڵمان له نۆروێژەوە بە ڕێگای سوێددا هێز دەگوازێتەوە بۆ جەبهەی فینلاند.
- سوسیاڵدێمۆکرات و LO ڕێپێوان یەکی مای دەگۆڕن بە ڕێژەی نەتەوەیی.
- یەکەم جیرەبەندی خواردمەنی دادەنرێ.

١٩٤١

- سوێد ڕێککەوتنی بازرگانی لەگەڵ سۆڤیەت (ئاسن له بەرانبەر ئەرزاق) هەڵدەوەشێنێتەوە.
- کۆمۆنیست و سوسیالیستە رادیکاڵەکان له شوێنی کاری خۆیان لادەبرێن کە دەستەو دایرەکانیان بشێوێنن.

- هێزی سەربازی ئاڵمان لە ٢١ی مانگی ٧دا بە بێ ئیزنی سوێد (سوێد لەسەر ئیزن دان و نەدان لە پارلمان کێشەیان هەبووە) بە نێو سوێددا دەڕواتە بەرەی فینلاند بۆ شەڕی سۆڤیەت.
- لە پاییزدا سنوورەکان بۆ هاتنی جووەکان دەکرێتەوە، بەڵام درەنگ بووە. ئاڵمان سەفەری جوولەکەی بۆ دەرەوە قەدەغە کردووە و جوولەکە کوژان دەستی پێکردووە.
- ئیدارەی چاوەدێری رۆژنامەکان بۆ کۆنترۆڵی ناوەرۆک پێکدێ. (لە باشوور پاش ٢٥ ساڵ و ئەو هەموو کێشە و دوژمندارییە، ئێدارەیەکی لەم شێوە نییە.)
- ئیدارەی پێڕاگەییشتن بە پەنابەراندا پێکدێ.

١٩٤٢

- زیادکردنی کرێخانو پێشی پێدەگیرێ، قەرزدان بۆ کڕینی خانو رادەگیرێ، بەڵام خاوەن ماڵ ناتوانێ کرێچی دەربکا.
- ئاوی گەرم جیرەبەندی دەکرێ چوونکە زوخاڵی بەرد کەم دەست دەکەوێ. سەربازان بۆ داربڕین دەنێردرێن بۆ لێڕەوارەکان. دار لە باتی زوخال دەسوتێندرێ.
- حەڤدە رۆژنامە کە رەخنەیان لە داگیرکردنی نۆرویژ لە لایەن ئاڵمانەوە گرتووە. دادەخرێن.

- جووله‌كه‌كانی نۆرویژ به‌ڕێده‌كرێن بۆ ئوردوگای مه‌رگ له ئاڵمان. ئه‌مه ده‌بێته هۆی ترسی جووه‌كانی سوێد. سوێد ئاماده‌یی ده‌رده‌بڕی كه پاشماوه‌ی جووه‌كانی نۆرویژ وه‌رگرێ بۆیه ٩٠٠ كه‌س هه‌ڵدێن بۆ سوێد و له لایه‌ن كلیساوه په‌نا ده‌درێن. ده‌وڵه‌ت باسی وه‌رگرتنی ٢٠ هه‌زار منداڵی جووله‌كه‌ی پۆلۆنی ده‌كا، به‌ڵام زۆربه‌ی رۆژنامه‌كان دژایه‌تی ده‌كه‌ن و كاره‌كه سه‌ر ناگرێ.
- له مانگی ئۆكتوبردا نازییه‌كان گرتنی جووله‌كه‌كانی دانمارك ده‌ستپێده‌كه‌ن. هه‌واڵی به گاز خنكاندنی جووه‌كان بڵاو ده‌بێته‌وه. سوێد به ره‌سمی داوا ده‌كا كه په‌نابه‌رییان ده‌داتێ. ٧٥٠٠ كه‌س به‌ره‌و سوێد ده‌رباز ده‌بن.
- بڕیار ده‌درێ كه هێزی به‌رگری زه‌وینی و هه‌وایی زیاد بكرێ. رووسه‌كان بۆریهۆڵم له دوورگه‌ی ئۆله‌ند بومباران ده‌كه‌ن. پاپۆڕی سوێدی بۆ گواستنه‌وه‌ی ئاسنی خاو (خاكه ئاسن) نوقم ده‌بێ.

١٩٤٣

- كۆمینترن (ئه‌نتێرناسیۆناڵی ٣) هه‌ڵده‌وه‌شێته‌وه و حیزبی كۆمۆنیستی سوێد باڵی نێونه‌ته‌وه‌ییه‌كه‌ی ده‌پچڕدرێ.

- سوێد داوا دەکا هاتوچووی هێزە سەربازیەکانی ئاڵمان لە سوێدەوە کۆتایی پێبێ. ئەوەش بە هۆی نارەزایی و رەخنەی خەڵکەوە دەبێ.

١٩۴۴

- کومیتەیەک بۆ بەرگری لە بێکاری و دابەزینی ئابووری دوای شەڕ پێکدێ. (هێشتا شەڕ تەواو نەبووە). سەندیکای خاوەنکاران لەگەڵ بەرنامەی جوولانەوەی کرێکاران بۆ کێشەی دوای شەڕ هاودەنگ دەبن. ئەم بەرنامە لە ١٩۴۴ /۴/٢٧ بڕیاری لەسەر درا لە ٢٧ بڕگە پێکهاتبوو کە بە گشتی داوخوازییە سەرەکییەکانی ئەمانە بوون:
    - دابین کردنی کار بۆ هەمووان،
    - دابەشکردنی یەکسانیی سامان،
    - بەرەوپێش بردنی ئاستی ژیان،
    - چالاکی خێراتر و دێمۆکراسی لە ژیانی رۆژانەدا.
    - پێشگیری لە پاوان کردنی پێداویستییەکان. (٥)
- ستۆکهۆڵم و دەوربەری دەکەوێتە بەر بۆمبابارانی سۆڤیەت.

- سەفارەتی سوید لە مەجارستان یارمەتی جووەکان دەدا. گوستاف ٥ شای سوید داوا لە سەرۆک دەوڵەتی مەجار دەکا کە یارمەتی بدا جووەکان رزگار بکرێن.
- لە بازرگانیدا سوید لە باتی ئاڵمان روو دەکاتە ئینگلیس.
- سەرکەوتنی سۆڤیەت لە وڵاتانی باڵکان دەبێتە هۆی هاتنی ٣٥٠٠٠ پەنابەر لەو وڵاتانەوە بۆ سوید.
- لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئاڵمان لە باکووری فینلاند، ٥٥ هەزار کەس بەرەو سوید هەڵدێن.(١١)

١٩٤٥

کاتێک سۆڤیەت بوداپێستی داگیر کرد. رائۆڵ ڤالنبەری دەستبەسەر کرا. ئەو باڵوێزی سوید بوو، بە یارمەتی کارمەندەکانی پاسی سویدی بۆ جوولەکەکان دەرکردبوو و بەو شێوە لە مردن رزگاری کردبوون.

- بەرپرسی ئەسایش لە ١٦ی مارسدا فەرمان دەدا کە تەنیا رێبەرەکانی نازیست و کۆمۆنیستەکان بخرێنە لیستەی چاوەدێرییەوە.
- سوید لە مانگی ئاپریلدا داوای بەردانی زیندانییە سکاندیناڤییەکان لە ئاڵمان دەکا و دوای وتوویژێکی زۆر لە مانگی مایدا ٨ هەزار ژنی زیندانی بە پاسی سپی رەوانەی سوید

دەکرێن. لە دوو مانگی دواییدا ١٠هەزار زیندانی دیکە دەنێردرێن.

- لە ٧ ی مایدا ئاڵمان تەسلیم دەبێ. لە کاتی کۆتایی شەڕدا ٢٠٠ هەزار پەنابەر لە سوێدە.
- سەرۆک وەزیر پێر ئاڵبین هانسۆن داوا دەکا بە هۆی کێشەکانی دوای شەڕەوە حوکوەتی بنکە فراوان درێژەی هەبێ، بەڵام سەندیکای خاوەنکاران و دەوڵەت بۆ خۆی پشتیوانی ناکەن.
- دەوڵەتی بنکەفراوان دەست لەکار دەکشێتەوە. دەوڵەتی سوسیالدێمۆکرات جێدەگرێتەوە. ئەمان بەرنامەی نەهێشتنی بێکاری دەکەنە ئامانجی خۆیان.
- وەزیرانی سکاندیناڤی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ بازاڕی کار پێشنیار دەکەن. دواتر بازاڕی کاری ئازاد لە نێوان سوێد و دانمارک پێکدێ.

## دوای شەڕ

- دەوڵەت لە ٢٢ ی ئۆکتۆبردا داوای ئەندامەتی رێکخراوی نێو نەتەوەیی (FN) دەکا.
- یاسای سانسور هەڵدەگیرێ.

## بنیادەکانی ئاسایشی کۆمەڵ

- باج لەسەر داهاتی هەرە زۆر. باج بەپێیی ئاستی داهات پلە بە پلە زیاد دەبێ، کە پێیان وابوو دەبێتە هۆی دابەش بوونی عادلانەی داراییەکان.
- مووچەی شیاو بۆ خانەنشینان
- کردنەوەی ماڵی پیران
- باشترکردنی دەرمانگاکان
- نۆ ساڵ خوێندنی ئیجباری، و بە خۆڕایی
- کردنەوەی خانووی تازە و نوێژەن کردنەوەی خانووە کۆنەکان.

ئامانج ئەوە بوو کە دەوڵەت بە یاسایی کردنی چاکسازی و سیاسەتی ئێرشادی، ئاسایش و خۆشگوزرانی کۆمەڵ دابین بکا. (٧)

## لە سێبەری شەڕی سارددا

وڵاتانی لە شەڕدا وێران کراو پێویستییان بوو ئاوەدانکردنەوە بوو. سوێد بۆ خۆی شەڕی تێیدا نەکرابوو، بە هەموو توانایەوە بەرهەمی هەناردە دەکرد. بۆ ئەم بەرهەمهێنانەش پێویستی بە کرێکار بوو. بۆیە دەرگاکان بۆ هاتنی کرێکاری وڵاتانی دیکە کرایەوە و هێزی کارێکی زۆر لە دەرەوە هاتنە سوێد. باشبوونی هەلومەرجی ئابووری ڕێخۆشکەر

بوو بۆ چاکسازی و باش کردنی ژێرخانی وڵات. ئەم چاکسازییە بە هاودەنگی هەموو حیزبەکان دەکرا. گەرچی لەسەر سیاسەتی باج زۆر کێشەیان هەبوو.

دنیا زۆر بە خێرایی بوو بە دوو جەمسەری و شەڕی سەرد دەستیپێکرد. سوێد هەوڵی دەدا لە چوارچێوەی ڕێکخراوی نێو نەتەوەییدا کار بکا و لەگەڵ ناتو نەکەوت.

دوای شەڕ بڕیاری نێودەوڵەتی وا بوو کە ئەو سەربازانە کە لە شەڕ هەڵاتوون بگەڕێننەوە وڵاتی خۆیان. ٢٧٠٠ ئاڵمانی و ١٦٧ کەس خەڵکی وڵاتانی باڵکان لە سوێد بوون. لەسەر ئاڵمانییەکان کێشە نەبوو، گەڕاندیاننەوە. بەڵام لە دەوڵەتدا هاودەنگی لەسەر ئەو سەربازانە کە لە وڵاتانی باڵکانەوە هاتبوون، پێک نەهات. دەگوترا ئەو وڵاتانە ئێستا لە ژێر دەستی سۆڤیەتدان. هێندێ لە سەبازەکان مانی خواردنیان گرت و هێندێ دەستیان دایە خۆکوژی و ئاخری ١٤٦کەسیان نێردرانەوە. (١٥)

- سوێد لە ٢٩ی ئۆگوست دا کە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی دادەمەزرێ دەبێتە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە.
- پەیمانێکی بازرگانی و قەرز لەگەڵ سۆڤیەت دادەنرێ. یەک ملیارد کرۆن قەرز بە سۆڤیەت دەدرێ. ئەمەش لە چوارچێوەی سیاسەتی زیاد کردنی هەنارده و کەم کردنی هاوردەدایە. هەر

بەپێی ئەو سیاسەتە هاوردەکردنی قاوە جیرەبەندی دەکرێ، ئەمە دەبێتە هۆی رەخنە لە وەزیری ئابووری و ئەویش دەست لەکار دەکشێتەوە.

١٩٤٧

- سوێد بەپێی رێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی ئیتالیا، هێزی کار لە ئیتالیاوە دەهێنێ.
- کۆمینفۆرم بە بێ بەشداری حێزبی کۆمۆنیستی سوێد دادەمەزرێ.

١٩٤٨

- سوێد دەبێتە ئەندامی هاوکاری ئابووری ئۆروپا (OEEC)
- ئابووری بەپێی بەرنامە، شتێک وەکوو ئابووری سوسیالیستی دەبێتە کێشەی نێوان حێزبەکان.
- لە ستۆکهۆڵم لاوەکان چەند شەو خۆ پیشاندان دەکەن و لەگەڵ پۆلیس تێکهەڵچوون دەکەن..

حێزبی خەڵک (Folkpartiet) کە حێزبێکی راستە لە هەڵبژاردندا دەنگەکانی دەبێتە دوو بەرانبەر هۆەکەی ئەوەیە کە دژی ئابووری دەوڵەتی وەستاوە. حێزبی کۆمۆنیست بە هۆی کودەتای "پراک"ەوە دەنگەکانی دادەبەزێ بۆ نزیک بە چوار لە سەد (لە سوێد ئەو حێزبە

که چوار له سەد نەهێنێتەوە مافی بەشداری له پارلمان نییە.)
سوسیالدیمۆکرات بەرنامەی دوای شەڕ نەختێک دادەبەزێنێ و لەگەڵ حیزبی جووتیاران هاوبەشی پێکدێنن. (٦)

- دانانی کۆمۆنیستەکان له لیستەی ئەمندا جارێکی دیکە دەستپێدەکاتەوە.
- یەکەم شوێنی کۆبوونەوەی موسڵمانانی تورک دادەمەزرێ.

١٩٤٩

باسی پێکهێنانی یەکێتی سەربازی لەگەڵ ڕۆژئاوا له نێوان سوید و دانمارک و نۆرویژ دێتە پێشەوە. سوید دەیەوێ بێلایەنی خۆی له نێوان بەرەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات (سۆڤیەت) ڕابگرێ بەڵام دانمارک و نۆرویژ دەیانەوێ ببن بە ئەندامی ناتۆ. چوونکە دەیانەوێ بە پەله هێزی بەرگری خۆیان ڕێکبخەنەوە. هەرچۆنێک بێ یەکێتی نێوان خۆیان سەر ناگرێ. سوید سەرەڕای بێلایەنی نیشان دەدا که بە توندی لەگەڵ ڕۆژئاوایە.

**کولتوری**

١٩٤٠

- ئاڵمانییەکان چاودێری چالاکی هونەری دەکەن و هەر شتێک بۆنی دژایەتی ئەوانی پێوە بێ پێشی پێدەگرن.

١٩٤٤

- لەم ساڵەدا کتێب و فیلمی زۆرتر بەرهەم دەهێنرێ. بۆ وێنە کتێبی بەناوبانگی پیپی لونگسترۆم لە لایەن ئاسترید لینگرێنەوە نووسراوە.

١٩٤٩

- پروفسۆر ئینگمار هێدنیوس لە کتیبێکدا بە ناو ""باوەر و زانین" زۆر بە توندی دژی ئایین دەوەستێتەوە. ئەم کتێبە وتووێژێکی بەربڵاوی لەسەر دەکرێ. و ئایین دەخرێتە ژێر پرسیارەوە.
- یەکەم بەرگی کتێبی کۆچبەران (ئەو سوێدییانە کە کۆچیان کرد بۆ ئەمریکا) بڵاو دەبێتەوە. (١١)



# ١٩٥٠-١٩٦٠

**بزووتنەوەی کرێکاری**

ساڵەکانی دوای شەڕ دەورانی بووژانەوەی ئابووری سوێدە. ئۆروپای وێران پێویستی بە ئاوەدانکردنەوەیە و سوێد کە بۆ خۆی لە شەڕدا

ویران نەبووە، کارگە و کارخانەکانی بە هەموو هێزیانەوە کار دەکەن و بەرهەم دەنێرنە دەرەوە. کرێکاری خۆیان نەتەنیا بێکار نییە بەڵکوو داوای کرێکار لە وڵاتانی دیکە دەکەن. بۆ نموونە لە ١٩٥٧دا رادەی هاتنی کرێکاری وڵاتانی دیکە بۆ سوێد دەگاتە ١٠ هەزار لە ساڵدا. بەشێک لە نۆروێژەوە دێن کە وڵاتی خۆیان لە شەڕدا داگیرکرابوو. لە١٩٥٤دا بازاری هاوبەشی کار لەگەڵ نۆرویژ پێکدێ. لەم ساڵەدا یەک و نیو ملیۆن کرێکاری نۆروێژی لە وڵاتانی دیکەی سکاندیناڤیا کاردەکەن. نیاز بە هێزی کار دەبێتە هۆی باشتر بوونی دۆخی مووچە و ژیانی کرێکاران. هەر لە سەرەتای ١٩٥١دا یەکەم رێککەوتنی نێوان (LO) و (SAF) لەسەر مووچە دەبەسترێ. لە کۆنگرەی LO دا بڕیاری مووچەی وەکوو یەک بۆ کاری وەکوو یەک، دەدرێ. هەروەها لابردنی جیاوازی مووچەی زۆر لە نێوان کارە جیاوزەکاندا. ئاستی مووچەش بەرز دەکرێتەوە. لە ١٩٥٥دا بیمەی گشتی دادەمەزرێ. بیمەی کرێکاران چ لە شوێنی کار و چ لە رێگای کار و نەخۆشی بە هۆی کارەوە وهتد.. کە ساڵانی پێشوو دەستی پێکردبوو، بە تەواوی چێبەجێ دەبێ. لە ١٩٥٧ دا ماوەی کاری حەفتە دەبێتە ٤٥ کاتژمێر.

ئامانجی سوسیاڵدێمۆکرات کە پشتیوانی بەشی هەرە زۆری کرێکارانی لەگەڵ بوو، دامەزرانی کۆمەڵێکی سەرمایەداری کۆنترۆڵ کراو بوو. ماڵی خەڵک بە مانای سوێد ماڵی هەموو خەڵکەکەیە بە بێ

جیاوازی. که وابوو با چینه‌کان پێکه‌وه هاوکاری بکه‌ن که ئه‌م ماڵه ڕێکوپێک بکرێ. به‌ڵام.... سه‌رمایه لۆژیکی خۆی هه‌یه. به قسه‌ی خۆش ئه‌و لۆژیکه ناگۆڕدرێ، قازانجی ده‌وێ و قازانجیش له کاری کرێکار به‌ده‌ست ده‌که‌وێ.

سوسیالدێمۆکراسی ده‌یه‌ویست کرێکاران بێ‌کێشه کار بکه‌ن و سه‌رمایه‌داریش لێگه‌ڕێ که ئه‌وان کرێکاران کۆنترۆڵ بکه‌ن. ماوه‌یه‌ک ئه‌م شێوه کاری کرد، سوێد باشترین ژێربینای کۆمه‌ڵایه‌تی و ئاسایشی بۆ خۆی دابین کرد، (له نێوان ساڵه‌کانی ١٩٥٠- ١٩٧٠) به‌ڵام ئابووری ناتوانێ به بێ کارتێکه‌رێ دنیای ده‌وروبه‌ر بۆ خۆی بژی. بۆ نموونه کاتێک بورسی نیویۆرک ده‌روخی ڕاسته‌وخۆ کارده‌کاته سه‌ر ئابووری سوێد و کێشه ساز ده‌بێ. بێکاری و برسیه‌تی دێته مه‌یدان. یان ئێستا که ئابووری و سیاسه‌تی ئۆروپا پێکه‌وه گرێدراوه، هه‌ر گۆڕانکارییه‌ک، هه‌ر کێشه‌یه‌ک له وڵاتانی ئۆروپی به خێرایی ده‌گاته سوێدیش.

هاوپه‌را له‌گه‌ڵ گه‌شه‌ی به‌شی پیشه‌یی، به‌شی ئیداری و ڕاهێنان له هه‌موو بواره‌کاندا چووه پێشه‌وه. له لای ئێمه به‌شی ئیداری هه‌تا بڵێی زۆره به‌ڵام به‌شی پیشه‌ییه‌که زۆر لاوازه. بۆیه هه‌موو ده‌بنه مووچه‌خۆری ده‌وڵه‌ت و ده‌وڵه‌تیش پابه‌نده به پاره‌ی یه‌ک به‌رهه‌م، نه‌وت. که ئه‌گه‌ر که‌می کرد خه‌ڵک نانی ده‌بڕدرێ. لێره‌ش له‌م

ساڵانەی دواییدا کاری پیشەیی بە هۆی هاوردەکردنی هەرزانەوە لە وڵاتانی دەرەوە کەمی کردووە و هەڵاتنی سەرمایەکان بۆ وڵاتانی خاوەن کرێکاری هەرزانبووەتە هۆی ئەوە کە ئەمانیش کێشەیەکی لە شێوەی کێشەی ئێمەیان هەبێ. بەشی ئیدارییەکە زۆر قورس بووە و خەڵکی بێکار زیادی کردووە کە دەبێ دەوڵەت یارمەتییان بدا. ئەم کێشەیە بەگشتی بەرۆکی هەموو وڵاتانی پێشکەوتووی گرتووەتەوە.

### تێکۆشانی ژنان

بێگومان باشتربوونی هەلومەرجی ئابووری و بوونی دەرفەتی کار، دۆخی کار و ژیانی ژنانیش دەگرێتەوە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتییان زیاد دەبێ.

١٩٥٦

- یەکەم شۆفێری ژن دەست بەکار دەکا.

١٩٥٧

- دەوڵەت پێشنیار دەکا کە ژنان بتوانن ببن بە قەشە. بەڵام کلیسا قەبووڵ ناکا.

١٩٥٨

- دەوڵەت سەرەڕای دژایەتی کلیسا یاسای بە قەشە بوونی ژن دەردەکا.
- بۆ یەکەم جار ژنان دێنە ریزی پۆلیسەوە.

## پیشە و خاوەنکار

گەشانەوەی ئابووری دەبێتە هۆی گەشانەوەی پیشە و ئەویش کار دەکاتە سەر ئاسایشی کۆمەڵ.

١٩٥١

- یەکەم فرۆکەی مۆتور جێتی ساب دەچێتە خزمەتی هێزی هەوایی سوێد.

١٩٥٢

- گەورەترین هێزی کارەبای ئاوی ئۆروپا لە سوێد بەکار دەکەوێ.

١٩٥٣

- کامپیوتێری ئەلکترۆنی (BESK) چێدەکرێ کە خێراترینە لە هەموو دنیا.

١٩٥٤

- یەکەم ریاکتۆری وەزەی ئەتۆمی لە ستۆکهۆڵم دەکەوێتە کار و لە شاندەستیدا مەدرسەیەک بۆ توێژینەوە و فێرکاری دادەنرێ. وزەی ئەتۆمی دەبێتە هۆی زۆربوونی کارەبا و ئەمە نەتەنیا یارمەتی بەشی پیشە دەدا بەڵکوو بۆ مەسرەفی ماڵانیش بەکار دێ و کەرەسەی ئەلکترۆنی وەکوو یەخچاڵ و فریزێر زیاد دەبێ.
- رادیوی ترانزیستۆری دێتە بازاڕەوە و یەکەم بەرنامەی تلەڤیزیۆنی دەوڵەتی بڵاو دەبێتەوە.

١٩٥٧

- یەکەم ماشینی ژمێریاری ئەلکترۆنی دەخرێتە بازاڕەوە.

١٩٥٩

- دووهەمین ریاکتۆری ئەتومی بەڕێدەکەوێ.

## کشتوکاڵ و وەرزێڕان.

ئەگەر خەڵک پارەی هەبوو، پیویستی زیاتری بە بەرهەمە کشتوکالێیەکان دەبێ. دەوڵەت بۆ رێکوپێککردنی بەرهەمی کشتوکاڵی لە لایەک چاکسازی لە زەویوزار دەستپێدەکا و لە لایەک نرخی

کاڵاکان کۆنترۆڵ دەکا. لە ١٩٥٥ دا نرخی بەرهەمی کشتوکاڵ بۆ سێ ساڵ دادەنرێ.

١٩٥١

- سوسیاڵدێمۆکرات و ڕێکخراوی وەرزێڕان پێکەوە دەوڵەتی هاوبەش پێکدێنن، کە بتوانن دەنگی زیاتریان لە پارلمان هەبێ هەتا چاکسازی زەویوزار جێبەجێ بکەن.

١٩٥٧

- ڕێکخراوی جووتیاران نێوی خۆی دەگۆڕی بە سەنتەر پارتی. (حێزبی ناوەند)

١٩٥٩

- مەدرەسەی ڕاهێنانی لاوان بۆ کاری کشتوکاڵ و سروشت دەکرێتەوە.

**کۆمەڵایەتی**

له١٩٥٠دا ژمارەی دانیشتووانی سوێد دەگاتە ٧ ملیۆن. گۆڕانکاری بۆ کۆمەڵێکی خۆشگوزەران لە هەموو بوارەکاندا دەستپێدەکا بەم شێوەیە:

١٩٥٠

- وەزارەتی ناوخۆ (مەدەنی) کە لە ١٩٢٠ هەڵوەشابووەوە دادەندرێتەوە.
- دەوڵەت بڕیاری ٩ ساڵ خوێندنی ئیجباری دەردەکا.
- ڕێکخراوی یەکێتی سامەکان (کەمینەیەکن لە باکووری سوێد) دادەمەزرێ کە هەموو کارەکانی کۆمەڵگاکەیانی بە ئەستۆ دەبێ.

١٩٥١

- بۆ بەرگری لە هەڵئاوسانی ئابووری باج زیاد دەکرێ.
- یاسای پشووی ساڵانە دەبێتە سێ حەفتە لە ساڵدا.
- دەرچوون لە کلیسای دەوڵەتی سوێد بە تەواوی ئازاد دەبێ. تا ئەمساڵە هاوڵاتی سوید بە کۆمەڵ ئەندامی کلێسای سویدی بوو کە کلێسایەکی پڕۆتستانتە، واتە بڕێک لە باجی ساڵانەی ئەچوو بۆ کلێسا. یاسای ئازادیی ئایین لەم ساڵەدا دانرا، کە بەپێی ئەو یاسایە خەڵک ئازادبوو ئەگەر بە ئاندام بمێنیتەوە یان نا.

- لاوەکان چەند جار لە ستۆکهۆڵم خۆپیشاندان دەکەن و لەگەڵ پۆلیس کێشەیان دەبێ. (١١)

١٩٥٢

- هێندێک لە شارەوانییەکان تێکدەکرێنەوە. ژمارەی شارەوانییەکان لە ٢٥٠٠ەوە دەکرێتە ١٠٠٠ ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی بوروکراسییە.

١٩٥٣

- پارەی خانەنشینی ٢٥% زیاد دەکا کە قەرەبووی گرانی بکاتەوە.
- یەکەم پەرستارانی پیاو لە نەخۆشخانەکان دەست بەکار دەبن.

١٩٥٤

- کۆمەڵناسی و ئاشنا بوون لەگەڵ بەڕێوەبەردنی کۆمەڵ دەبێتە وانەی ئیجباری دەبیرستانەکان.

١٩٥٥

- دەفتەری جیرەی خواردنەوەی ئەلکولی دادەنرێ. سێ لیتر لە مانگدا بۆ یەک کەس. ژنانی زگپڕ جیرەیان نەبوو. ژنی مێرد نەکردوو کەمتری وەردەگرت.

- فێرکاری سێکسی که له ١٩٣۴ەوه له فێرگەکان دەستی پێکردبوو له مەدرەسەکان دەبێته ئیجباری.

١٩٥٦

- یارمەتی کۆمەڵایەتی دەبێته مافێک بۆ وەرگرەکەی.
- بە هۆی کێشەی کاناڵی سوئێزەوە، (مێسر کاناڵەکەی مێللی کرد و لەگەڵ ئینگلیس بە شەڕ هاتن و کاناڵەکە بەسترا کە زۆربەی هاوردەکردنی نەوت بۆ ئۆروپا لەو کاناڵەوە دەهات) بێنزین و رۆنی سوتاندن جیرەبەندی دەکرێ.

١٩٥٧

- تەمەنی کڕینی ئەلکۆل له ١٨ ساڵەوە دەکرێتە ٢١ ساڵ.
- چاودێر بۆ شوێنی راگرتنی سەیارە دادەنرێ.
- دە لە سەد خانووەکان مەکینەی جلشۆرییان هەیە. دە ساڵ دواتر دەبێتە هەشتا لە سەد. لە سوێد هەر گەڕەکێک سالۆنێکی جلشۆری تێیدایە کە چەند ماشینی جلشۆری و ئیشککردنەوەی تێیدا دانراوە. ئەو خەڵکە کە لە ماڵەوە جلشۆریان نییە یان نایانەوێ لە ماڵەوە جلەکانیان بشۆن. دەچن لەوێ نۆبە دەگرن و بە خۆڕایی جلەکان دەشۆن.

۱۹۵۸

- بەرنامەی هەواڵەکان لە تلەڤیزیۆن دەستپیدەکا. هەروەها لەگەڵ تۆڕی تەلەڤیزیۆنی ئەوروپاییدا گرێدەدرێ..
- پێشبرکێی مۆندیاڵی فۆتباڵ لە سوێد بەڕێوە دەچێ، بێرزیل یەکەم و سوێد دووهەم دێنەوە. بڵاو کردنەوەی راستەوخۆی ئەم یارییانە دەبێتە هۆی زیاد بوونی ژمارەی کڕیارانی تلەڤیزیۆن لە ۷۵ هەزارەوە بۆ ۲۵۰ هەزار.

**سیاسی**

کێشەی سیاسی لە نێوان چەپ و راستدا هەر بەردەوامە. راستەکان دەیانەوێ زیاترین قازانج لە هەلومەرجەکە وەرگرن و چەپەکان دەیانەوێ بەشێک لە قازانجەکە بۆ خەڵک بگەڕێتەوە و لایەنگری زیادکردنی بەشی دەوڵەتین. بەشێکی زۆر لە خەڵکیش لایەنگری راستەکانن، چوونکە دەیانەوێ بەشداری لە بازاڕدا بکەن. لە۱۹۵۰دا حیزبی راست بە دروشمی لابردنی خاوەنداریەتی دەوڵەتی و مەیدان پێدان بە خاوەنداری ئەهلییەوە، دەنگەکانی زیاد دەکا تا رادەیەک کە لە ساڵی ۵۸ دا دەبێتە گەورەترین حیزبی راست.

دەستپێکردنی شەڕی ساردی نێوان بەرەی سۆڤیەت و بەرەی رۆژئاوا لە کێشەکانی نێوان حیزبەکاندا کاردانەوەی هەیە. نە تەنیا لە سوێد بەڵکوو لە هەموو ئۆروپا. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٥١دا سوێد لە ژێر گوشاری ئەمریکا و ئینگلیس و فەرانسەدا بڕیاردەدا خۆڵی ئاسن و لیستەیەک لە کەلوپەلی دیکە، بۆ سۆڤیەت و وڵاتانی سەر بە سۆڤیەت هەنارده نەکا.

١٩٥٠

- سوێد دەبێتە ئەندامی یۆنسکۆ. رێکخراوێکی نێونەتەوەیی بۆ فێرکاری، کولتور، زانست و پەیوەندییەکانی مێدیایی.
- دەوڵەت پۆلیس دەکاتە مەئموری پشکنینی جاسوسان.
- شەڕی کۆریا دەبێتە هۆی کێشەی ئابووری لە سوێد. پێشوازی لە هێزی کاری دەرەکی خۆبەخۆ کەم دەبێتەوە. سوێد لایەنی دژ بە کوریای باکوور دەگرێ.
- سوێد بەیانییەی (داخۆیان) مافی مرۆڤی رێکخراوی نێو نەتەوەیی واژوو دەکا.
- سوێد دەبێتە ئەندامی راوێژکاری ئۆروپا کە بۆ بەرەنگاری لە سۆڤیەت و بەرگری لە سیستەمی ئۆروپای رۆژئاوا پێکدێ. هەر وەها دەبێتە ئەندامی رێکخراوی نێونەتەوەیی بازرگانی. (ITO)

١٩٥١

- کۆمیتەیەکی پارلمانی لە نێوان وڵاتانی سکاندیناڤیدا پێکدێ و یەکەم کاری ئەوە بوو کە ڤیزای نێوان وڵاتەکان هەڵدەگرێ.
- سوێد ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی وەرگرتنی پەنابەر کە بە ڕێککەوتننامەی ژنێڤ بە ناوبانگە، واژوو دەکا.

١٩٥٢

- سوێد پەیمانی کڕینی چەکی مۆدێرن کە بۆ ئەندامانی ناتۆ دانراوە، هەڵدەوەشێنێتەوە.
- دوو فڕۆکەی سوێد کە چوونەتە ئاسمانی سۆڤیەت لە لایەن سۆڤیەتەوە بەردەدرێنەوە. دەگوترێ چوونکە سوێد بە نهێنی لەگەڵ ڕۆژئاوا هاوکاری سیخوڕی دەکا.
- ناوەندێک بۆ یارمەتی تەکنیکی وڵاتانی دواکەتوو دادەمەزرێ. بەپێی بڕیاری پارلمان ئەم ناوەندە ١% داهاتی وڵات خەرجی ئەم یارمەتییانە دەکا.

١٩٥٣

- سۆڤیەت لە دەریای نێوان سوێد و سۆڤیەتدا بەشی خۆی بەرین دەکاتەوە.

١٩٥٤

- کار لەسەر نوێکردنەوەی یاسای بنچینەیی دەکرێ و گرینگترین خاڵی ئەوەیە کە پارلمان ببێتە یەک پارلمان.
- بازرگانی لەگەڵ سۆڤیەت دوو بەرابەر دەبێ.
- یاسایەک کە لە ١٩١٤دا قەدەغەی هاتنی قەرەجەکانی دەکرد هەڵدەوەشێتەوە.
- سوێد سەبارەت بە شەڕی ئەلجزایر رەخنە لە فەرانسە دەگرێ. خەڵک هاوخەمی لەگەڵ ئازادیخوازان دەکەن.

١٩٥٦

- سەرۆک وەزیرانی سوێد سەردانی مۆسکۆ دەکا.

١٩٥٧

- سۆڤیەت زانیاری لەسەر سیخۆری سوێد لە باڵتیک بڵاو دەکاتەوە.
- (ATP) ئەو بەشە موچەی خانەنشینی کە کاریگەر و خاوەنکار دەبێ بیدەن بە سندوقی خانەنشینی. دەخرێتە دەنگی گشتییەوە. چوونکە سێ بۆچوونی دژ بەیەک لە پارلمان هەیە. سوسیال دێمۆکراتەکان و یەکێتی سەندیکاکان لایەنگری ئیجباری کردنین. حیزبی سەنتەر دەڵێ ئیجباری نەبێ، هەرکەس ویستی بیکا. راستەکان هەموویان دەڵێن بە رێککەوتنی نێوان کرێکار و

خاوەنکار بێ. لە دەنگداندا هێڵی یەکەم ٤٦% دەنگ دێنێتەوە. هێڵی دووهەم ١٥% و سێهەم ٣٥%. گەرچی دەنگی زۆر لایەنی سوسیالدێمۆکراتە بەڵام ئەو دووانەکەی دیکە پێکەوە دەبنە زۆربە. ئەمەش بە مانای سەرکەوتنی ئەوانە.

- سەنتەر لە هاوبەشی دەوڵەت دەچێتە دەرەوە و سوسیال دێمۆکراتەکان بە تەنێ دەوڵەت پێکدێنن.
- سۆڤیەت داوا دەکا کە پەیوەندی کولتوری، سەندیکایی و بازرگانی لەگەڵ سوێد هەبێ، بەڵام راستەکان دژایەتی دەکەن.

١٩٥٨

- بودجەی ئەو ساڵی دەوڵەت ١،٦ میلیارد کرۆن کەم دێنێ. ئەمە نیشان دەدا دەوڵەت خەرجێکی زۆری بۆ ژێرخانی وڵات خەرج کردووە.
- حێزبە راستەکان پێکەوە پێشنیاری زیادکردنی هەرە زۆری هێزی بەرگری دەکەن. بەڵام دەوڵەت پێشنیاری زیادکردنی مووچەی خانەنشینان دەکا. ئەم پێشنیارە لە پارلمانی یەکەم دەنگ دێنێتەوە بەڵام پارلمانی دووهەم کە لەوێ راستەکان زۆرینەن دەنگ ناهێنێ. دەوڵەت دەنگی پارلمانی دووهەم هەڵدەوەشێنێتەوە و هەڵبژاردنی نوێ رێکدەخا. لەم هەڵبژاردندا

سوسیالدێمۆکراتەکان بە زۆری بەرەوپێش دەچن و دەنگی چەپ و راست لە پارلمانی دووهەم وەکوو یەکە.

١٩٥٩

- دەوڵەتی سوسیالدێمۆکرات بۆ قەرەبووی بودجە دەیەوێ باج زیاد بکرێ. راستەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە دەبێ یارمەتی منداڵ و خواردنی مەکتەبەکان و کتێبە خۆڕاییەکان لابەردرێن.
- پارلمان بڕیاری زیادکردنی رێگای نێو شارەکان دەدا، چوونکە ژمارەی سەیارەکان زۆر زیادی کردووە.
- نیکیتا خروشچۆف بۆ سەردانێکی رەسمی دێتە سوێد و راستەکان بە توندی رەخنە دەگرن کە بۆ رێبەرێکی دیکتاتۆر پێشوازی لێکراوە.
- وەزیری ئابووری لە مانگی مەیدا داوای زیاد کردنی یەک ملیارد کرۆن بۆ بودجە دەکا.

**کولتوری**

١٩٥١

- فیلمی "ئەو لە هاویندا دانسی کرد" لە دەرهێنانی آرنە ماتسۆن لە دەرەوەی سوێد زۆر پێشوازی لێدەکرێ بە تایبەت لە بەر ئەو دیمەنانە کە رووتن. باسێکی ئەخلاقی دێنێتە پێشەوە.

١٩٥٣

- دوو فیلمی ئینگمار بێرگمەن پیشان دەدرێ.

١٩٥٩

- دەبیرستانێکی موزیک لە ستۆکهۆڵم دەکرێتەوە. (١١)

# ١٩٦٠-١٩٧٠

## بزووتنەوەی کرێکاری

لە ساڵەکانی ٦٠دا زۆربەی سەرمایە لە بەرهەمی پیشەیی بۆ هەناردەکردندا، دانرا. داهاتی ناخالسی نەتەوەیی (BNP) لە ١٠ لەسەدەوە گەیێشتە ١٦ لە سەد. رادەی دامەزراوەکانی شارەوانییەکان و پارێزگاکان لە ٢٨٤ هەزارەوە بۆ ٥٢١ هەزار هەڵکشا. پشوی ساڵانە بوو بە سێ حەفتە و دوایە بوو بە چوار حەفتە. کار لە حەفتەدا لە ٤٥ کاتژمێرەوە کرا بە ٤٠. جێگای سەرنجە هەرچی رادەی خۆشگوزرانیی خەڵک باشتر دەبوو لە ژمارەی چالاکوانەکانی کۆمەڵە و یەکێتی لاوان و ژنان کەم دەبووەوە و دەنگی سوسیاڵدێمۆکراتەکان کەمی دەکرد. هاتە ٥٠% و لە ئاخرەکانی ئەو ساڵانەدا گەییشتە ٤٢ لە سەد. دەنگی حیزبی کۆمۆنیست هەتا ٣% دابەزی. هاوکات زۆربەی رۆژنامەکان هەتا دەگەینە ئاخری ئەو سەدەیە داخران. رەنگە کارتێکردنی رادیو و

تلەڤیزیۆن بوو، یان کێشەی ئابووری، راستە ئازادی رادەربڕین هەیە بەڵام رۆژنامە و گۆڤار پارەی دەوێ و پارەش بە هاسانی پەیدا نابێ، بۆیە لە کوردستان بە گشتی گەرچی ئازادی بە ناو هەیە. رۆژنامە و تلەڤێزیۆن لە پاوانی حیزبەکاندایە.

سیاسەتی بزووتنەوەی کرێکاری ئەوە بوو کە بۆ کاری هاوشێوە مووچەی یەکسان بدرێ. ئەمە دەبووە هۆی ئەوە کە کۆمپانیا چووکەکان نەتوانن ئەو مووچە بدەن و کرێکاریان بێکار دەکرد و سەندیکا دەبوو کاری تازەیان بۆ ببینێتەوە. ئەو کارخانە گەورانە کە قازانجیان زۆر بوو دەیانتوانی قازانجەکەیان بۆ سەرمایەدانانی تازە بەکار بێنن و بە پێ یاسا بۆ ئەو بەشە کە دەخرایەوە نێو بازاڕ باج نەدەدرا. بەم شێوە سەرمایە گەورەکان هەر زیادیان دەکرد و سەرمایە چووکەکانیان دەخوارد. لەو لاشەوە کاتێک سەرمایە گەورەکان باج نادەن بودجەی دەوڵەتی لە باجی مووچەخۆران دابین دەکرێ. بازاڕی ئازادی سەرمایە گەرچی بووە هۆی گەشەی ئابووری بەڵام کارتێل و تراستی زەبەلاحی پێک هێنابوو کە سەرمایە چووکەکانی لە بازاڕ وەدەر دەنا. ئەمەش پێچەوانەی بیری سوسیاڵدێمۆکراسی بوو. ئەوان دەیانەویست هەلومەرجێک بڕەخسێنن کە هەم سەرمایەی گەوررە و هەم چووک بتوانن گەشە بکەن. دیارە خاوەن سەرمایە گەورەکان و حێزبەکانیان دژی ئەم سیاسەتە بوون و دەیانگوت دەستتێوەردانی

دەوڵەت دەبێتە هۆی دیکتاتۆری. لیبراڵەکان دەیانگوت خەڵک پارەکانیان لە پشکی کارخانەکان دابنێن (یانێ لە گیرفانی سەرمایەدارەکانی بکەنەوە) و بۆ خۆیان ببن بە سەرمایەدار. (١٠)

تایبەتمەندیی کۆمەڵگای سوێد ئەوەیە کە بزووتنەوەکان و بیر و خواستەکان لە خوارەوە لە نێو خەڵکەوە دەستپێدەکا و دەبێتە هۆی دامەزرانی رێکخراو و حیزب. ئەمە تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی دیمۆکراتیکە. لە وڵاتانی ئێمەدا بە شێوەی کوتلەیی لەسەرەوە دەست پێدەکا. ئێمە لە پێشدا حیزب دادەنێن و دوایە دەمانەوێ لەنێو خەڵکدا جەماوەری بۆ پەیدا کەین. ئەگەر ئەو جەماوەرە نەبێ بۆ خۆمان لە مێشکی خۆماندا و لەسەر کاغەز سازی دەکەین. بە دەیان حیزب و رێکخراومان هەیە کە خۆیان بە نوێنەری کرێکاران دەزانن، بەڵام کرێکارەکە لە مەیداندا نییە و غایبە.

١٩٦٠

- ٤٥ %هێزی کار بەشی پیشەییدا کار دەکەن. ٤٠% لە بەشی ئیداری و١٢% لە بەشی کشتوکاڵدا.

١٩٦١

- رێکخراوەکانی ئەندام لە ناوەندی سەندیکاکان کەم دەبێتەوە لە ١٩٦١ چل و چوار بوون و لە ١٩٧٧ بیست و دوو.

١٩٦٢

- سوێد مەرجەکانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار (ILO) بۆ دانانی مزەی وەکوو یەک بۆ کاری وەک یەک پەسند دەکا.

١٩٦٣

- کرێکارانی بەشی چێکردنی خواردنەوەی ئەلکولی دوو مانگ مان دەگرن و ئەمە دەبێتە هۆی بەتاڵبوونی دووکانەکانی فرۆشتنی ئەم خواردنەوانە.
- پارلمان یاسای چوار حەفتە پشوو لە ساڵدا پەسند دەکا.

١٩٦٧

- مەرجەکانی هاتنی کرێکاری بێگانە توندتر دەبێتەوە.(١١)

١٩٦٩

کرێکارانی بەندەری گوتنبرگ لە نوامبردا مان دەگرن و مانگێک دواتر مانگرتنی کانی ئاسن لە ٩ دێسامبردا لە شاری "کیرونا" دەستپێدەکا و بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە بە هەموو شوێنەکانی باکووردا. مانگرتنەکە بە دژی کاری "ئاکۆرد" (کارێکی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراوی کەمدا بە بێ لەبەرچاوگرتنی توانایی کرێکار) و خراپی شوێنی کار و کەمی مووچە بوو. سەندیکا بە دژی مانگرتنەکە وەستا.

که بوو به مانگرتن دژی سەندیکاکەی خۆیانیش. ئەم مانگرتنە کە خۆپیشاندانیشی لەگەڵ بوو، لە تلەڤیزیۆن بڵاو دەکرایەوە و هەستی سەرانسەری سویدی رادەکێشا و خەڵک لە هەموو شوێنێکەوە یارمەتییان بۆ کرێکارە مانگرتووەکان دەنارد. دوای ئەم مانگرتنە کە ٥٦ رۆژ بەردەوام بوو، جارێکی دیکە ئیزن نەدرا کە تلەڤزیۆن مانگرتن بڵاو بکاتەوە. مانگرتنەکە ئاکامێکی بەرچاوی نەبوو. بەس مووچە هێندێک زیاد کرا.

هاتنی کرێکارانی بیانی دەگاتە ئەوپەڕی خۆی ٧٥ هەزار لەساڵدا. لە دەیەی ٧٠ دا ئەم ژمارە زۆر کەم دەکا لە باتی ئەوان پەنابەر دێت. بۆیە ئیدارەی پەنابەران رێکدەخرێ.

گەرچی لە ساڵەکانی ٦٠دا گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبوو بەڵام دەنگێکیش هەبوو کە دەیگوت چ تاوانێک بۆ ئەم گەشەکردنە دەبێ بدەین. یەکێتی کانزاکاران لە ١٩٦٩دا نیشانددەدا کە چۆن خاوەنکاران بە کەیفی خۆیان کارخانە دادەخەن یان دەیبەنە دەرەوەی وڵات بە بێ گوێدان بە کاردانەوە کۆمەڵایەتییەکانی. یان بە بێ لەبەرچاوگرتنی پەیمانی کرێکار و خاوەنکار، کرێکاران دەر دەکەن. بزووتنەوەی سەندیکایی هیچکات نەیتوانیوە بە خاوەن کار بسەپێنێ کە ئاکۆرد لاببا یان مووچە بە پێ هەڵکشانی نرخی پێداویستییەکانی ژیان بدا. خێرایی کار وەها زیاد بووە کە کرێکارە ٤٥- ٥٠ ساڵەکان ناتوانن

لەگەڵی بکەون. نەخۆشی بە هۆی شوێنی کار و نەخۆشی دەروونی رۆژ لە دوای رۆژ زیاد دەکا. کێشەی هێزی کاری بەساڵداچووان زیاد بووە و خاوەنکار هیچ بەرپرسایەتییەک بە ئەستۆ ناگرێ. سەندیکاکان لە دەستی حێزبدا بوون و حێزبیش هیچ کارێکی بۆ ئەم بارودۆخە نەدەکرد. بۆیە لە ١٩٦٩ دا کرێکارانەکانی کانی کێرۆنا مانیان گرت. ئەوان دروشمیان دەدا کە ئێمە ماشین نین. کرێکارانی بەندەرەکان و پەرستارەکان لە چەند شوێن مانیان گرت. بەڵام چوونکە (LO) هیچ کارێکی بۆ نەدەکردن سەندیکاکانی ئەندام لە ٩ هەزارە گەییشتە ٢ هەزار لە ١٩٧٠دا.

### تێکۆشانی ژنان

١٩٦٠

- لە مانگی ئاپریل سێ ژن دەبنە قەشە.
- ناوەندی سەندیکاکان لەگەڵ ناوەندی سەندیکای خاوەنکاراندا رێکدەکەوێ کە مانگانەی تایبەت بە ژنان، ئاڵ و گۆڕی تێیدا بکرێ. چوونکە لە بەشێ پیشەییدا مووچەی ژنان ٧٠% ی مووچەی پیاوانە.

- بەشداری ژنان لە بازاڕی کار: ١٦،٥ ژن خاوەن کۆمپانیان. ٤٦،٩% ئاکادێمی و کارمەند و ٢٠% کرێکارن

١٩٦٤

- یەکەم پرۆفسۆری ژن "کارین بوئاڵت" لە مەدرسەی تێکنیک دادەمەزرێ.

١٩٦٦

- یەکەم گروپی فۆتباڵی ژنان پێک دێ.

١٩٦٧

- ژمارەی ژنانی نێو پارلمان دەگاتە پەنجا کەس، واتە ١٢% گشت ئەندامان. ئەم ژمارە لە رێکخراوی سەرانسەری کرێکاراندا ٢٦% بووە.

١٩٦٨

- رێکخراوی سەربەخۆی ژنانی سوسیالیست بە ناو گروپی هەشت لە لایەن هەشت ژنەوە لە ستۆکهۆلم دادەمەزرێ. دوو ساڵ دوایە ئەم رێکخراوە دەبێتە بناخە بۆ بزووتنەوەی نوێی ژنان.(١١)

**پیشە و خاوەنکاران**

١٩٦٠

- هێڵی هەوایی ڕاستەوخۆی نێوان سوید و ئامریکا دەکرێتەوە.

١٩٦٢

- بەپێی یاسا سەرمایەدانەر دەبێ بەشێک لە سەرمایەکەی بۆ بازرگانی دەوڵەتی تەرخان بکا. کە دەوڵەت بتوانێ قەرزە درێژخایەنەکانی بار بکا.

١٩٦٣

- لە ناوەندی وزەی ئەتۆمییەوە کارەبا دەدرێ بە شوێنە پێویستەکان.

١٩٦٧

- بانکی سەرمایەدانانی دەوڵەتی دادەمەزرێ.

لە کۆتایی ساڵەکانی ٦٠دا بە پێچەوانەی خواستی دژبەرەکان، یەکەم وێستگەی وزەی ئەتۆمی کەوتە کار. کارخانە پیشەییەکان پێویستییان بە وزە بوو و وزەی ئەتۆم بەڕواڵەت پاکترین وزە بوو، کاتێک لە شەڕی شەش ڕۆژەی عەرەب و ئیسرائیلدا عەرەبەکان شێرەی نەوتەکانیان بەست. سوید هاتە سەر ئەو بڕوایە کە دوو وێستگەی

دیکەش دابنێ. چەند ساڵ دواتر بزووتنەوەی لایەنگرانی ژینگە لە ئۆروپا، لە سوێد کۆبوونەوەیان کرد، کاردانەوەکەی بوو بە دانانی حیزبی ژینگە لەسوێد لە ساڵی ۱۹۸۱دا.

### کۆمەڵایەتی

لە ساڵەکانی ۶۰دا ژمارەی دەبیرستانەکان ۶۵ هەزارەوە بوو بە ۱۰۶ هەزار و ژمارەی خوێندکارانی زانکۆکان لە ۶۰ هەزارەوە بوو بە ۱۴۰ هەزار. ژمارەی باخچەی منداڵان لە ۱۹۶۰دا ۵۱ هەزار بوو لە ۱۹۶۹دا ۷۲ هەزار و لە ۱۹۸۰دا بوو بە ۴۰۰ هەزار. ئەمە ڕواڵەتی بنەماڵەکانیشی گۆڕی. ژنان ئازاد ببوون کە بۆ کار بچنە دەرەوە و زۆرتر لە بەشی دەوڵەتیدا دادەمەزران. ئاکامی ئەم گۆڕانکارییە ئەوە بوو کە دوو بازاڕی کار دروست بوو. بەشی پیشەیی کە زیاتر پیاوان کاریان تێیدا دەکرد و بەشی دەوڵەتی کە زۆربەیان ژن بوون. لە ۱۹۶۵دا ۵۰٪ دامەزراوەی دەوڵەتی ژنان بوون لە ۱۹۸۳دا دوو لەسەر سێ دامەزراوەکانی بەشی دەوڵەتی ژنان بوون. چوونکە مووچەی ئەوان کەمتر لە پیاوان بوو. لە ساڵەکانی حەفتادا باسی یەکسانی مووچەی پیاوان و ژنان هاتە پێشەوە. بەڵام چوونکە کارەکە یەکسان نەبوو ئەم داوایە بە ئاسانی جێبەجێ نەدەکرا.(۱۱)

١٩٦٠

- بۆ کەم کردنەوەی رەخنە و دژایەتی سیستەمی پارەی خانەنشینی دەگۆڕدرێ. دەبێتە سێ بەشەوە. ١. بۆ ئەوانە کە مانگانە لە دەوڵەت وەردەگرن. پارەکەیان بە قەرز دەچێتە سەندوقی دەوڵەتەوە. ٢. ئەوانە کە کار بۆ کۆمپانیا گەورەکان دەکەن
٣. باقی خەڵک.
- زۆرترین پارە تا ئەو کات بۆ دامەزرانی زانکۆی تەکنیک و زانستی ژینگە دابین دەکرێ.
- ئاشکرا دەکرێ کە بازرگانی بە مادە هۆشبەرەکانەوە زۆر زیادی کردووە.
- مەدرەسەی باڵای رۆژنامەوانی لە ستۆکهۆڵم دەکرێتەوە.
- لە کۆتایی ساڵدا ژمارەی تلەڤیزیۆنی ماڵان دەبێتە یەک ملیۆن. ٦٤% ماڵان یەخچاڵیان هەیە.

١٩٦١

- پاوانی دەوڵەتی توتون هەڵدەگیرێ. گەرچی خاوەنی کۆمپانیا هەر دەوڵەتە بەڵام دەکەویتە بازاڕی پێشبڕکێیەوە. واتە نرخەکەی بازاری کڕین و فرۆش دیاری دەکا.
- باج دوو لە سەد زیاد دەکرێ و بێنزین پێنج ئۆرە لە لیترێکدا هەڵدەکشێ. تەنیا حیزبی کۆمونیست دژی ئەم زیادکردنە دەبێ.
- یەکەم مووشەکی بێ سەرنشینی سوێدی بۆ بۆشایی ئاسمان دەنێردرێ.

١٩٦٢

- دەوڵەت یاسای وەکوو یەک بۆ مەدرەسەکانی سەرەتایی دادەنێ و کۆمەڵناسی لە مێژوو جوێ دەکرێتەوە و بۆ خۆی دەبێتە وانەیەکی سەربەخۆ.
- یاسای تاوانباریی نەرم دەکرێتەوە. بۆ نموونە کاری ئیجباری بۆ تاوانباران لا دەبرێ. لەش فرۆشی وەکوو تاوانی قورس ناناسرێ و...

١٩٦٢

- دەوڵەت پێش بە ئەو رادیوانە دەگرێ کە بە بێ موڵەت دانراون.

١٩٦٣

- پارلمان بڕیار دەدا کە لەساڵی ٦٧ ەوە لێخوڕین لە دەستی ڕاستەوە بێ. گەرچی خەڵک لە گشتپرسی ساڵی ٥٥دا دەنگیان دابوو کە هەر لە دەستی چەپەوە بێ.

١٩٦٣

- کلیسا بە دژی کەم کردنەوەی دەرسی ئایینی لە دەبیرستانەکاندا واژوو کۆ دەکاتەوە. زیاتر لە دوو ملیۆن واژوو کۆ دەبێتەوە .
- لە مانگی دێسامبردا دەوڵەت پێشنیار دەکا کە ٩٠% ئیدارەکانی دەوڵەتی لە پایتەختەوە بگوێزرێتەوە بۆ شارەکانی دیکە. ئەمە بەرگریدەکا لە قەرەباڵغی و گەورەبوونەوەی پاتەخت کە ئێستا لە زۆر وڵاتانی دیکە بووەتە کێشەی بێ چارەسەر.
- جیاوازی دانان لە نێوان ژن و پیاو لە بەشی دەوڵەتیدا لە لایەن وەزیری ناوخۆەوە قەدەغە دەکرێ.
- سەندیکای مامۆستایان دادەمەزرێ.

١٩٦٤

- تاقیکردنەوەی سڵامەتی سەیارە دەستپێدەکا.
- لە شارەوانی ستۆکهۆڵم بڕیار دەدرێ کە کتێبی خوێندنی مەدرەسەکان بە خۆڕایی بێ.

- پارلمان بڕیار دەدا دەبیرستانەکان سەر بە شارەوانی بن و بە پێنج رشتە دابەش بکرێن. ئینسانی، ژینگە، کۆمەڵایەتی، ئابووری و تێکنیک.
- لە گوتنبرگ ٥٨ خانووی کاتی ساز دەکرێ چوونکە خانوو کەم دەست دەکەوێ.
- بۆ ئامبولانسەکان ستانداری نوێ دادەنرێ. لەم کاتەدا سوێد ٥٠٠ ئامبولانسی هەیە.

١٩٦٥

- تەمەنی دەنگدان دەبێتە ٢٠ ساڵ.
- سەرەڕای دژایەتی حیزبە راستەکان، پارلمان یاسای یارمەتی ئابووری بۆ رۆژنامەکان پەسند دەکا.
- پێنجەمین زانکۆی سوێد لە شاری ئۆمێئۆ دەکرێتەوە کە لە باکووری سوێدە. ئەمەش بۆ قەرەبووی کەم بوونی هێزی کاری ئاکادێمیک لەو شوێنە. رشتەکانی بریتین لە دوکتوری ددان، دوکتوری گشتی و مامۆستای مەکتەب.
- پارلمان بڕیار دەدا کە خوێندنی باڵا بۆ پەنابەران بە خۆڕایی بێ.
- لەم ساڵەدا بەرنامەی ساز کردنی یەک ملیۆن خانوو

دەستپێدەکا کە دەبێ لە ماوەی دە ساڵدا تەواو بێ. ئەم بەرنامە

که بە دانانی سەرمایەی دەوڵەتی وەکوو قەرز بەڕێوە دەچێ، دەبێتە هۆی زیاد کردنی کارخانەی کەلوپەلی بیناسازی و دابین کردنی کار بۆ خەڵک و بووژانەوەی ئابووری.

١٩٦٦

- یەکەم دەستەی پیاوانی مامان لە زانکۆ دەردەچن.
- لەم کاتەدا دوو ملیۆن سەیارە لە سوێد ژمارە کراوە.
- بڕیار دەدرێ کە بە هەموو کەس بگوترێ "تۆ" لەگەڵ نێوی یەکەم. لە جیاتی ئێوە یان جەنابتان و... وەکوو بڵێن تۆ بڕۆ حەمەد. ئێوە و نێوی فامیل لەگەڵی ناخرێ. هیچ ئاغا و کاک و ئاوەڵناوی دیکەشی لەگەڵ ناخرێ. ئەمە هەموو کەس دەگرێتەوە جگە لە پادشا.
- لێژنەی باڵای دەرمان پێشنیاری چارەسەری خێرا بۆ تووشبووانی مادە هۆشبەرەکان، دەکا.
- بەشی نەخۆشی دەروونی و کەمئەندامی دەدرێتە پارێزگاکان.
- ئیدارەیەک بۆ پێڕاگەییشتن بە خاوێنی ئاو و هەوا و دەنگ، دادەندرێ.

١٩٦٨

- منداڵانی غەیرە سویدی ئەو مافەیان پێدەدرێ کە وانەیەکیان بۆ زمانی دایکی خۆیان هەبێ.
- مەکتەبی خوێندنی گەورەساڵان (Komvux) دادەمەزرێ .
- دەزگایەک بۆ بەرەوپێشبردنی تەکنیک ( STU)بە بودجەی دەوڵەتی، دادەمەزرێ .
- بڕێک لە دەسەڵاتی بڕیاردان لە دەوڵەتەوە دەدرێ بە پاریزگاکان بۆ نموونە بەشی دوکتورەکانی تەندروستی و بەشێک لە دەسەڵاتی پارێزگاکان دەدرێ بە شارەوانییەکان.
- پارلمان بڕیار دەدا کە خوێندنی شەممە لە پاییزی ئەم ساڵەوە هەڵگیرێ.
- سانسوری ئێرۆتیکی فیلم هەڵدەگیرێ بەڵام سانسوری پیشاندانی توندوتیژی بە تایبەت بە دژی منداڵ هەر دەمێنێ.

١٩٦٩

- لە مانگی یەکدا باجی دەوڵەتی لەسەر کەلوپەل دەبێتە ١٠.%
- دەرمانی د.د.ت کە بۆ سەمپاشی بە کار دەبرا قەدەغە دەکرێ.
- ئاسترا (کارخانەی دەرمانسازی) قەبووڵ دەکا کە قەرەبووی زیانی سەد کەس کە بە هۆی دەرمانی نوریسیدین کە زیانی بۆ منداڵان هەبووە و زیانیان پێگەییشتووە، بکاتەوە. گەرچی دەرمانەکە لە ١٩٦١ بەولاوە بەکار نەهاتووە و لابرابووە.

- تەمەنی هاوسەرگیری بۆ کور و کچ دەبێتە ١٨ ساڵ و مەرجی ئیجباری کلیساچوون بۆ هاوسەرگیری بەتاڵ دەکریتەوە. تەمەنی کڕینی خواردنەوەی ئەلکولی ٢٠ ساڵە. یانێ مرۆڤ دەتوانی هاوسەر بگرێ بەڵام ناتوانێ بۆ زەماوەندەکەی خۆی خواردنەوە بکڕێ!
- یاسای بەرگری لە ژینگە دادەندرێ و کارخانەکان دەبێ کارتێکەری خراپ لەسەر ژینگەی دەوروبەر کەم بکەنەوە. (١١)

**سیاسی**

لە سیبەری کارتێکەری بزووتنەوەی خوێندکارانی ئۆروپا بە تایبەت فەرانسە لە ١٩٦٨دا و شۆڕشی کولتوری چیندا، لە سوێدیش رەخنە لە دوو حیزبی سوسیالدێمۆکرات و کۆمۆنیست دەگیرا. زۆربەی رەخنەکان رووی لە کۆن بوونی سیستەمی حێزبی بوو، بەڵام کارمەندە دامەزراوەکان و رێبەرایەتی حێزب و رێکخراوە کرێکارییەکان کە زۆربەیان هاوتەمەن بوون ئامادەی گۆڕانکاری نەبوون. گوشار بۆ گەڕاندنەوەی دێمۆکراسی لە نێو رێکخراودا پێشتریش هەبوو و ئێستا لە لایەن بەرەی نوێیەوە ئەم هەوڵە دەدرا. حێزبەکان دەرکەیان لەسەر ئەمانە دادەخست و خۆیانیان بە گازندە لە یەکتر دەخلافاند. لە

١٩٦٧دا بەشێک لەم لاوانە کە ببوون بە مائوئیست لە سوسیالدیمۆکرات جویَ بوونەوە و ریَکخراوی کۆمۆنیستی مارکسیست لنینیستی (KFML) یان پیَکهیَنا. لە لایەکی دیکەشەوە حیَزبە راست و لیبرالەکان خوازیاری ئازادی سەرمایەدانانی (بەشی ئەهلی) و ئازاد بوونی دەستی خاوەنکار لە شویَنی کاردابوون (پوچەلکردنەوەی پەیمانی کریَکار و خاوەنکار). سوسیالدیمۆکرات نەیدەویست سیاسەتە کۆنەکەی بەجیَ بهیَلیَ کە پیَویست بوو ئاوردانەوەیەکی ئەساسی تیَیدا بکریَ. لە ١٩٦٩ ئۆلۆف پالمە ریَبەرایەتی بەدەستەوە گرت. (٨)

١٩٦٠

- پەیمانیَکی بازرگانی ئازاد لە نیَوان سویَد و دانمارک و نۆرویَژ و پۆرتەقال و سویس و ئۆتریش دەبەستریَ کە بە پەیمانی ستۆکهۆلم نیَوزەد دەکریَ.
- دوو حیَزبی خەلک و سەنتەر پیَکەوە لە هەلبژاردندا بەشداری دەکەن. ئامانج ئەوەیە کە لە نیَوان راست و چەپدا جەبهەیەک بکریَتەوە. لە هەلبژاردندا ٨٦% ی دەنگدەران بەشداری دەکەن کە زۆرینەیە هەتا ئەو کاتە. لەم هەلبژاردنەدا راست دادەبەزیَ و سوسیال دیمۆکرات پیَشدەکەویَ.

- گرافیکی دژ بە جوولەکە لە ئاڵمانەوە سەر هەڵدەدا و دەردەکەوێ کە نزیک ٢٥٠٠ کەس لە چوارسەد شوێنەوە خەریک ئەم کارەن و ١٠ شاری سوێدیشیان لەگەڵە.

١٩٦١

- وڵاتانی سکاندیناوی پارەیەکی زۆر دادەنێن کە کۆمپانیای فڕۆکەوانی (SAS) لە وەرشکستەبوون رزگار بکەن.
- فڕۆکەی داگ هامێرشۆڵدی سوێدی کە سەرۆکی رێکخراوی نێونەتەوەییە لە ١٨ سێپتامبردا لە زامبیا دەکوێتە خوارەوە و ئەو دەکوژرێ.
- لەلایەن سەرۆکوەزیرانی سوێدەوە "ئۆستن ئۆدەئێن" پێشنیاری راگرتنی چەکی ئەتۆمی دەکرێ.
- دەوڵەت یەک لە سەدی داهاتی وڵات بۆ یارمەتی وڵاتانی دواکەوتوو تەرخان دەکا. ئەم یارمەتییە بۆ دابینکردنی دێمۆکراسی و ئاشتی دەدرێ.

١٩٦٢

- هاوکاری نێوان وڵاتانی سکاندیناڤیا لە کۆبوونەوەی هێلسینکیدا پێداگری لەسەر دەکرێتەوە و لە بەشەکانی کولتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بەرنامەی بۆ دادەندرێ.

- ڕێکخراوی سیدا (SIDA) دادەمەزرێ کە چۆنیەتی خەرج کردنی یارمەتی دەوڵەتی بۆ وڵاتانی دیکەی لە ئەستۆ بێ.

١٩٦٣

- ئاشکرا دەبێ کە "ستیگ وێنێرسترۆم" بەرپرسی باڵای هێزی هەوایی سوێد سیخوڕی بۆ سۆڤیەت کردووە و زانیاری لە سەر فڕۆکەکانی سوێدی پێیانداوە. دوای لێکۆڵینەوە لە لایەن دادگا و پارلمانەوە بە زیندانی هەتاهەتایی سزا دەدرێ.

١٩٦٤

- هێلدینگ هاگبرگ سێکرێتێری حیزبی کمۆنیست کە لە ٥١ ەوە ئەو بەرپرسایەتییەی هەبووە و لایەنگری تەواوی لە سۆڤیەت کردووە، دەست لەکار دەکشێتەوە. دوای ئەو حیزبەکەی لە کۆنگرەدا باسی سەربەخۆیی حیزب دەکا و ڕەخنە لە سۆڤیەت دەگرێ. هەروەها بە دژی سوسیال دێمۆکرات دەوەستێتەوە. ئەمەش دوای ڕەخنەکانی خرۆشچۆڤە لە دەورانی ستالینی لە کۆنگرەی ٢٠ی سۆڤیەتدا.
- بۆ ئامادەکاری هەڵبژاردن، بورژواکان بەرنامەیەکی هاوبەش دادەنێن و بە لیستی هاوبەش بەشداری دەکەن. بەڵام تەنیا لە

سکۆنە پشتیوانییان لێدەکرێ. لە شوێنەکانی دیکە وەکوو رابردوو هەر حێزبێک بۆ خۆی لیستە دادەنێ.

١٩٦٥

- هێزی پۆلیس لە ژێر دەستی شارەدارییەکاندا نامێنێ و دەبێتە دەوڵەتی و فەرمانگەیەکی ناوەندی بۆ دادەندرێ.
- پۆلیس لە ستۆکهۆڵم سێ کەس بە تاوانی خۆپیشاندان دژی بەشداری ئەمریکا لە شەڕی ویتنامدا دەستبەسەر دەکا. ئەمە سەرەتای بزووتنەوەی دژ بە شەڕی ڤیتنامە لە سوێد.
- لاوانی رەخنەگر لە سیستەمی کۆمەڵایەتی کە نێوخۆیان ناوە (Mod)لەگەڵ پۆلیس تێکهەڵچوونیان دەبێ.
- سوێد لە بێلگراد دەفتەرێک بۆ وەرگرتنی کرێکار دەکاتەوە.

١٩٦٦

- باسی یەک پارلمانی کردن و سنووری ٤% دانان بۆ بەشداری حێزبەکان لە پارلمان بەردەوامە و لە ١٩٧١دا جێبەجێ دەبێ.
- بزووتنەوەی دژ بە شەڕی ڤیتنام بەردەوامە و خۆپیشاندەران لە بەرانبەر سەفارەتی ئەمریکا لە ستۆکهۆڵم ئاڵای ئەمریکا ئاور تێبەردەدەن.

- له هه‌ڵبژاردنی سێپتامبردا ده‌نگی سوسیال دیمۆکراته‌کان بۆ ٤٢،٣% داده‌بەزێ. ئه‌و حیزبه‌کانی دیکه جگه له حێزبی گه‌ل ده‌نگه‌کانیان زیاد ده‌کا.
- ١٢٠٠ مامۆستا بۆ زیادکردنی مووچه مان ده‌گرن. وه‌ڵامی ده‌وڵه‌ت ده‌رکردنی مامۆستاکانه. مه‌درەسه‌کان تووشی بشێوه ده‌بن. ئاخری له مانگی نوامبردا کێشه‌که چاره‌سه‌ر ده‌بێ.
- سوێد په‌یمانی نێونه‌ته‌وه‌یی سه‌باره‌ت به مافی ئابووری و سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تی و کولتوری خه‌ڵک، ئیمزا ده‌کا.

١٩٦٧

- گومرۆک له نێوان وڵاتانی ئۆروپیدا هه‌ڵده‌گیرێ.
- رێککه‌وتن له‌سه‌ر یه‌ک پارلمانی به ٣٥٠ نوێنه‌ره‌وه و راده‌ی ٤% بۆ به‌شداری حێزبه‌کان له پارلمان ده‌کرێ. ئه‌گه‌ر له شاره‌وانییه‌کان ١٢% یان هێنابێته‌وه نوێنه‌ریان ده‌بێ. بڕیار وایه که هه‌موو هه‌ڵبژاردنه‌کان له یه‌ک رۆژدا بکرێ. ماوه‌ی خولێکی پارلمان سێ ساڵه (ئێستا چوار ساڵه). پارلمان فه‌رمانی پێکهێنانی ده‌وڵه‌ت ده‌دا به سه‌رۆکوه‌زیران نه‌ک به پادشا، سه‌رۆکوه‌زیران له لایه‌ن ئه‌و حیزبه‌وه که زۆربه‌ی ده‌نگه‌کانی هێناوه‌ته‌وه دیاری ده‌کرێ. یانێ سکرێتێری ئه‌و حیزبه.

- حێزبی کۆمۆنیست نێوی خۆی دەگۆڕی و دەیکا بە حێزبی چەپ. هەر لەو مانگەدا حێزبێکی دیکە بە نێو حێزبی کۆمۆنیستی مارکسی لنینی سازدەبێ.
- لە مانگی ئۆکتۆبردا نزیک بە ١٢ هەزار کەس لە ٣٠ شوێندا بە دژی شەڕی ڤیتنام خۆپیشاندان دەکەن. لە مانگی دێسامبردا خۆپیشاندەران لە ستۆکهۆڵم لەگەڵ پۆلیس تێکهەڵچوونیان بۆ پەیدا دەبێ چوونکە بە بێ ئیزن خۆپیشاندانیان کردووە.
- ڕێکخراوێک بۆ چالاکی دژی شەڕ لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (ڤیێتنام و کامبوژیا و...) پێکدێ.
- تریبونالی راسێل کە بە دەستپێشخری بێرتراند راسێل فیلسوفی ئینگلیسی لە ١٩٦٦دا دانرا بوو، لە ستۆکهۆڵم کۆبوونەوە دەکا.
- دوای کودەتاکەی یۆنان پەنابەرێکی سیاسی زۆر لەو ولاتەوە دێنە سوێد.

١٩٦٨

- وەزیری کولتوری سوێد "ئۆلۆف پالْمە لە خۆپیشاندان دژی شەڕی ڤێتنام بەشداری دەکا، ئەمریکا بەم بۆنەوە بالْویێزی خۆی لە سوێد دەکشێنێتەوە.
- ڕێکخراوێک بۆ ئابووری هاوبەشی سکاندیناڤیا بەرنامەی بۆ دادەنرێ.
- خوێندکارانی رادیکاڵی زانکۆی ستۆکهۆڵم لە ٢٤ی مانگی مایدا بە دژایەتی لەگەڵ سیستەمی خوێندن مان دەگرن و سالۆنی زانکۆ داگیر دەکەن.
- سەرۆکی دەوڵەتی سۆڤیەت سەردانی سوێد دەکا.
- لە هەڵبژاردنی سێپتامبردا دەنگەکانی پارتی چەپ نیوە دەبێ. دەگوترێ هۆکەی داگیرکردنی چیکوسلەڤاکیا لەلایەن سۆڤیەتەوە بووە. (بەهاری پراک). ئۆلۆف پالْمە بە توندی ئیدانەی ئەو داگیر کردنە دەکا. لەم هەڵبژاردنەدا حیزبی سەنتەر دەبێتە یەکەم لە نێو حیزبە بورژواکاندا.

١٩٦٩

- حیزبی راست نێوی خۆی دەگۆڕێ بە حیزبی مۆدێرات.
- دەوڵەت دەستور دەدا بە پۆلیسی نهێنی کە ناونوس کردن بە پێ ئایدۆلۆژی (کە لە شەڕی دووهەمەوە دەستی پێکردبوو) کۆتایی پێ بێ.

- ١ ئۆکتوبری ١٩٦٩ ئۆلۆف پاڵمە بە بەڕێوەبەری(SAP) حیزبی سوسیال دیمۆکرات  و سەرۆک وەزیران هەڵدەبژێردرێ.
- وتەبێژی نێونەتەوەیی پێشنیار دەکا کە یارمەتی تەرخانکراو بۆ وڵاتانی دنیای سێهەم بتوانرێ بدرێ بە رێکخراوە ئازادیخوازەکان.

**کولتوری**

١٩٦٣

- بێرگمەن دەبێتە بەرپرسی درامای دەوڵەتی. ئەو پێشتر بەرپرسی هۆنەری تیاتری ماڵمۆ بوو.
- فیلم و کتێبێکی زۆر لەم ساڵانەدا دێتە بازاڕەوە.
- دە لەسەد پارەی بلیتی سینەما بۆ ئەنستیتۆی فیلم تەرخان دەکرێ.

١٩٦٤

- چارلی چاپلین سەردانی سوێد دەکا.

١٩٦٦

- بۆب دیلان لە کۆنسێرت هاوسی ستۆکهۆڵم کۆنسێرت دەدا.
- ساڵێ دوو ملیۆن کتێبی گیرفان دەفرۆشرێ. (١١)



# ١٩٧٠-١٩٨٠

**بزووتنەوەی کرێکاری**

یەکەم شۆڕشی پیشەیی داهێنانی ماشینی هەڵم بوو. دووهەم بەرهەمهێنانی کارەبا و سێهەم شۆڕشی ئەلکترۆنی کە بوو بە هۆی گۆڕینی کارخانەکان و ئۆتۆماتیک بوونی ماشینی بەرهەمهێنەر کە پێویستییان بە کرێکاری دەورە دیتە و خوێندەوار بوو. ئەم قەیرانە لە لایەک و لە لایەکیترەوە بەرهەم و بەکارهێنان جیهانی کرابوو. پێشبرکێ لە بازاڕی ئۆروپادا دەستی کرێکار و دەوڵەتی لە وتووێژی کرێکار و خاوەنکاردا زۆر کورت کردبووەوە. ئەمە کاری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیش کردبوو. سوێد یەکێک لەو وڵاتانە بوو کە دوای شەڕی جیهانی دووهەم خاوەنی گەشەی ئابووری بەرز بوو، لە ساڵەکانی ١٩٧٥ بەملاوە داکشا. بەتایبەت لە بەشی کارخانەکانی پارچە و کەشتیسازی و کاغەز و دار و تەختەدا دا. لەم بەشانەدا ٤٠٠ هەزار کار کەم بووەوە. بەشی داهاتی پیشەیی لە ماوەی دە ساڵی ٦٥-٧٥ دا لە ٤٥%ەوە گەییشتە ٣٠% بەڵام بەشی خزمەتگوزاری لە ٥٠%ەوە هەڵکشا بۆ ٧٠% دەبووا فکری سیستەمێکی نوێ بکرێتەوە. ئەو پەیمانە کارییانە کە لە دەورانی گەشەدا بەسترابوو، ئێستا ئەو هێزەی لە پشت نەمابوو. دابەزاندنی ١٦%ی نرخی پارە لە ساڵی ٨٢ دا تا رادەیەک توانایی پێشبرکێی کاڵا سوێدییەکانی لە بازاڕە نێونەتەوەییەکاندا بەرز کردەوە.

هەلومەرج بۆ یەکێتی و سەندیکاکان زۆر دژوار ببوو. ڕێکخراوەکانیان لە هەڵوەشانەوەدا بوون. بەشێکی زۆر لە ئەندامەکانیان کشانەوە. بۆ نموونە (LO) ٢٣ %ئەندامانی لەدەست دا. ئەوان توانایی کۆنترۆڵی بازاڕیان نەبوو و ڕاگرتنی مووچەی یەکسان بە هۆی گۆڕانی کارەکانەوە نامومکین بوو.

لە ١٩٧٠ دا بە هۆی کێشەی نەوتەوە، ئابووری دابەزی و کارخانەکان بەرهەمیان کەمی کرد و سوسیالدیمۆکراتەکان حوکومەتیان لەدەست دا. پرسی وزە زاڵ ببوو بەسەر سیاسەتدا. سەرەڕای ئەوەش سیاسەتی هەوڵدان بۆ مۆدێرنکردنی سوێد بەردەوام بوو. دەورانێک گەییشت کە پێی دەگوترێ "کاتی درەو" واتە ئەوەی کێڵاوتە، درەوی دەکەی. بەرهەمی تێکۆشانەکەت وەردەگرییەوە. مووچە زیاد بوو. بە پێ ئەوە بەرهەمهێنانی بە کۆگە و هاتنی ماشینی سواری و تلەڤیزیۆن و کەرەسەی ئەلکترۆنی بۆ ماڵان بوو بە هۆی هەڵکشانی ستانداردی ژیان. بودجەی بەرنامەی ئابووری پێویست نەبوو بدرێ بە یارمەتی بێکاری بەڵکوو دەدرا بە سەرمایەدانان لە بەشی ژێرخانی کۆمەڵدا. ئێستا کێشەی بێکاری و نەبوونی پێداویستی ڕۆژانە نەمابوو بەڵکوو هێزی کار کەم بوو. کۆمپانیاکانی سوێدی لە وڵاتانی دەوروبەرەوە کرێکاریان دەهێنا. ساڵێک سی هەزار کەس کە لە ٧٠ و ٨٠کاندا گەییشتە ٤٠ هەزار کەس لە ساڵدا.

له ۱۹۶۵وه گەشەی هێندێ لە پیشەکان دابەزی وەکوو کارخانەکانی پارچە و رستن کە ژمارەی کرێکارەکانیان گەییشتە یەک لە چوار، بەڵام لە بەشی تەندروستی و خوێندنگە و فەرمانگە دەوڵەتییەکاندا زیادی کرد کە ئەمانە پێویستی بە بودجەی دەوڵەتی هەبوو. (۱)

سەندیکاکان لە پێشدا زۆر لایەنگری هاتنی کرێکاری خارجی نەبوون. چوونکە دەیانگوت دەبێ لە پێشدا سوێدییەکان کاریان هەبێ بەتایبەت ژنان. ئەم کرێکارانە کە لە دەرەوە دەهاتن نەدەبوون بە ئەندامی سەندیکا و ئەمە بە قازانجی سەندیکا نەبوو. دواتر ئەندامەتی سەندیکایان ئیجباری کرد بە تایبەت ئەو کاتە کە یارمەتی بێکاری گرێدرا بە ئەندامەتی سەندیکاوە..

دانی خزمەتگوزاری بۆ خەڵک. بە تایبەت کەمئەندامان و پیر و پەککەوتە و خوێندکاران، هەروەها دانانی سەرمایە بۆ توێژینەوەی تەکنۆلۆژی تازە پێویستی بە پارە هەبوو. حیزبی وەرزێران دژی ئەم بەرنامە بوو. پێشچوونی تەکنۆلۆژی، پێویستی بە فێرکردنی تازە هەبوو، سیستەمی ئاکۆرد (جێبەجێ کردنی کارێک لە کاتی دیاریکراودا) گوشاری لەسەر کرێکاران دادەنا و لە لایەکی دیکەوە مۆتەکەی بێکاری خۆی نیشاندەدا. ئەمە ئەو دوو لایەنی رەش و سپی دەورانی

گەشە بوو. لە لایەک پشتیوانی لە گەشەی تەکنۆلۆژی دەکرێ و لە لایەکیترەوە رۆبۆت شوێنی کرێکاری دەگرتەوە و دەبووە هۆی بێکاری .

یەکەم هەنگاو لە ساڵی ١٩٧٠دا ئەوە بوو کە مافی ئەوە بە کرێکاران درا کە لە ئابووری کارخانە یان کۆمپانیاکە ئاگادار بکرێن. لە ١٩٧٤دا بێکارکردن و دامەزراندن مەرجی بۆ دانرا و لە ١٩٧٦دا وتوویژ لە گەڵ سەندیکا لەسەر ئەم بابەتانە بە یاسا ئیجباری کرا. لە ١٩٧٧دا کرێکاران سەبارەت بە ماددەی مەترسیدار لە کارخانە مافی ڤیتویان هەبوو. مافی بەشدار بوون لە بڕیار سەبارەت بە بەرهەمهێنان و مافی بەشدار بوون لە سەرمایەی کارخانەشی لێی زیاد کرا. ئەمانە بوو بە دروشمی سەندیکاکان و ئۆلۆف پاڵمەش هەموو جارێک دووپاتی دەکردەوە. ئەمە گیانێکی تازەی هێنایەوە بەری بزووتنەوەی کرێکاری و یاسای ١٩٣٠ کە ئیزنی بە خاوەنکار دەدا کرێکار دەربکا بەرپەرچ درایەوە. ئەم هاوکارییەی کرێکار و سەرمایەدار ئەو سیستەمەی پێکهێنا کە بە سیستەمی سوێدی ناسراوە. گەرچی هیچ سنوورێک بۆ سەرمایەدانانی ئەهلی دانەنرا.

١٩٧٠

- دەوڵەت پێشنیاری ٤٠ کاتژمێر کار لە حەفتەدا دەکا.

١٩٧١

- سەندیکای کریکارنی کانزا لە کۆنگرەی(LO) دا پێشنیار دەکا. قازانجی زیادەی کۆمپانیاکان کە قازانجی زۆر دەکەن بخریتە حێسابێکەوە بۆ سەرمایەدانان بە قازانجی کریکاران. و ئەمەش لە ژێر دەستی کرێکاراندا بێ.
- لە مانگی فێبرواریدا سەندیکای کارمەندان ماندەگرن بە دژی دەرکردنی مامۆستای قوتابخانەکان کە دەبێتە هۆی بێ مامۆستابوونی ٧٠٠ هەزار خوێندکار. هەر وەها ٣ هەزار ئەفسەری سوپا دەردەکرێن. وەڵامی دەوڵەت ئەوە دەبێ کە پێشنیار بە پارلمان دەکا لە سەر ئەم یاسایە دەست راگرن هەتا دوایە. پیشنیارەکە قەبوڵ دەکرێ.

١٩٧٢

- هاتنی هێزی کار لە دەرەوە، وەکوو هەموو وڵاتە ئۆروپاییەکانی دیکە رادەگیرێ.

١٩٧٣

- ناوەندی سەندیکاکان لێکۆڵینەوەیەک لەسەر سەرمایەدانان بۆ سەندوقی پاشەکەوتی مووچەی کرێکاران دەکا .
- کاتی کاری زۆربەی مووچەگران دەبێتە ٤٠ سەعات لە حەفتەدا.

١٩٧٤

- یاسای گشتی پارێزراویی دامەزراندن ( ئەوەی دادەمەزرێ مافەکەی بپارێزرێ) بڕیاری لەسەر دەدرێ. پێشتر دەبوا ئەندامی سەندیکا بی و سەندیکاش بەپێی پەیمانی گشتی ساڵی ٦٤ کاری دەکرد. کە پارێزەرییەکە تەواو نەبوو.

١٩٧٥

- ناوەندی سەندیکا کرێکارییەکان لەگەڵ سەندیکای خاوەنکاران پەیمانێک لەسەر زیادکردنی مووچە دەبەستن کە زۆرترینە هەتا ئەو کاتە. ٣٠% لە ماوەی دوو ساڵدا.
- لە مانگی مایدا کرێکارانی کۆکەرەوەی زبڵ لە ستۆکهۆڵم بۆ زیادکردنی مووچەیان بە توندی مان دەگرن. ئەم مانگرتنە سەردەکەوێ.

١٩٧٦

- پارلمان یاسای بەشداری سەندیکا لە چۆنیەتی کار و مووچەدا پەسند دەکا.
- دابەزینی ئابووری و بێکاری کە بە گشتی لە وڵاتانی رۆئاوا دەستی پێکردووە، بە توندی سوێدیش دەگرێتەوە. هەناردە کردن کەم دەبێتەوە و باڵانسی ئابووری کەم دەبێتەوە.

١٩٧٧

- پارلمان ماوەی پشوی گشتی کارمەند و کرێکار دەکا بە پێنج حەفتە لە ساڵدا. ئەمە زیاتر بۆ بەرگری لە بێکارییە لە کاتی ئەو قەیرانەدا. بەڵام دواتریش هەر وەکوو خۆی دەمێنێتەوە.
- باشتر کردن و چاوەدێری شوێنی کار لە دەستووردا دادەندرێ.
- کارخانەی بەرگدوورینی " ئالگۆت" کە لە ١٩٠٧ دانرابوو و ٤هەزار کەس کاری تێیدا دەەکرد. دادەخرێ. هۆی ئەمە هاوردەکردنی جلوبەرگ لە وڵاتانی ئاسیاییەوەیە کە هەرزانتر دەردێ.
- پیشانگای بزووتنەوەی کرێکاری لە نۆرشۆپینگ دەکرێتەوە. سەد هەزار کەس دیداری دەکەن.

### تێکۆشانی ژنان

١٩٧٠

- رێژەی ژنانی مووچەگر دەگاتە ٤٠ . %
- بەشداری ژنان لە شەورای بەرپرسی شارەوانییەکان ١٤% دەبێ.

١٩٧١

- ١٤ % ئەندامانی پارلمان لە ژنان پێکدێ.
- بڕیار دەدرێ کە ژن و پیاو بۆ خۆیان بە جوێ، باجی دەوڵەتی ببژێرن. پێشتر بنەماڵەیی بوو.

١٩٧٢

- خۆپیشاندانی رۆژی ٨ی مارس دیسان لەم رۆژەدا دەست پێدەکاتەوە.
- ژنانی شاری خێرهۆڵمن بە دژی گرانی خواردەمەنی خۆ پیشاندان دەکەن.

١٩٧٣

- رێژەی ژنانی نێو (LO) دەگاتە ٣٣%
- بەیارمەتی نەخۆشخانە و ناوەندی تەندروستی منداڵ، رێکخراوێک پێکدێ کە یارمەتی دایکان دەدا بۆ شیردان بە منداڵەکانیان. ئەمە دەبێتە هۆی زیادکردنی شیردان بە منداڵان و لە ماوەی دەساڵدا لە ٣٠%ەوە دەگاتە ٧٠.%

١٩٧٤

- ژنانی کرێکاری بەشی پاکوخاوێنی مان دەگرن بۆ پیشاندانی گرینگی کارەکەیان.

- له کارخانەکان موچەی ژنان ٨٦%ی پیاوانە. ژمارەی ئەو کەسانەی کاری نیوە وەخت دەکەن ٦٦٠هەزار کەس دەبێ کە زۆربەیان ژنن.
- پارلمان بڕیار دەدا کە ژن مافی لەباربردنی منداڵی هەیە بەر لە حەفتەی ١٢ ی سکپڕی.

١٩٧٥

- ڕێژەی ژنان لە بەشی بەرپرساندا دەگاتە ٥٠% و لە پارلمان دەگاتە ٢١%

١٩٧٧

- یەکەم ژن کە دەبێتە وەزیری دەرەوە سیاسەتی بێلایەنی ڕادەگەیەنێ.

١٩٧٨

- لە ئۆکتۆبردا ژنان ئەو مافە وەردەگرن کە بتوانن ببن بە ئەفسەر لە سوپادا. (١١)

**پیشە و خاوەنکاران**

١٩٧١

- بۆ یەکەمجار تلەڤیزیۆنی ڕەنگی زیاتر لە ڕەش و سپی دەفرۆشرێ.

١٩٧٢

- یەکەم رئاکتۆری ئەتۆمی بەڕێ دەکەوێ. حیزبی سەنتەر و حیزبی چەپ دژن و دەڵێن ئەم وزەیە دەتوانێ مەترسیدار بێ. بەڵام سوسیالدیمۆکرات و مۆدێرات باسی خاوێن بوونی دەکەن و دەڵێن هەموو ساڵێک مەسرەفی کارەبا دوو بەرابەر دەبێتەوە، ئەم کارەبایە دەبێ لە شوێنێکەوە دابین بکرێ.

١٩٧٣

- نەوت ٧٣٪ وزەی وڵات دابین دەکا.

١٩٧٤

- پارلمان بڕیاری دانانی کارخانەی ئاسن دەدا.

١٩٧٧

- پارلمان بڕیار دەدا کە هیچ رئاکتۆرێکی ئەتۆمی تازە نەخرێتە کار هەتا کۆمپانیای کارەبا گارانتی ئەمن بوونی نەکا. (هەتا ئەم کاتە ١٣ رئاکتور بەکار هاتووە).
- لە سێپتامبردا ١٥ هەزار کەس بە دژی سەنتەری وزەی ئەتۆمی رێپێوان دەکەن.
-

١٩٧٨

- گەرچی دانانی رئاکتۆرێکی ئەتۆمی نوێ (فۆرمارک ٣) بڕیاری لەسەر دەدرێ، بەڵام بەرنامەی پاشەکەوتکردنی وزە دادەنرێ کە لە ماوەی دەساڵدا ٢٥ هەتا ٣٠% بەکارهێنانی کارەبا لە ماڵان کەم بکرێتەوە.

١٩٧٩

- پاش رووداوێک لە سەنتەریکی ئەتۆمی ئەمریکادا حیزبی سەنتەر و سوسیالدێمۆکرات پێشوازی لە پێشنیاری ریفراندۆم بۆ داهاتووی وزەی ئەتۆمی دەکەن.

## کشتوکاڵ و وەرزێڕان

١٩٧١

- بڵاو کردنەوەی هەر جۆرە ژەهرێک بۆ گوڵ و گیا و لێڕەوار قەدەغە دەکرێ.

١٩٧٥

- کرێکارانی لێڕەوار لە ناوچەی باکوور، بۆ زیاد بوونی مووچە و باشکردنی هەلومەرجی کار، مان دەگرن.

١٩٧٧

- تێچووی خاوەنکار کە دەبێ بیدا بە سەندوقی دەوڵەت کەم دەکرێتەوە.

**کۆمەڵایەتی**

١٩٧٠

- وەرزشی بۆکسی پرۆفس قەدەغە دەکرێ.
- ٩٣ %خانووەکان یەخچاڵیان هەیە.

١٩٧١

- دانانی تابلۆی پۆرنۆ قەدەغە دەکرێ.
- بڕیاری یارمەتی بۆ رۆژنامە بچوکەکان دەدرێ و باجی ریکلامیان لا دەبردرێ.
- یەک لە سێی هێزی کار لە بەشی ئیدارەکانی دەوڵەتیدا کار دەکەن.

١٩٧٢

- ماوەی سەربازی دەبێتە ٢٢٧ رۆژ.
- پردی نێوان کالمار و ئۆلەند کە ٦ کیلومێترە تەواو دەبێ.

- ئاستی بەرزیی دەنگی دیسکۆکان بە ٩٠ دسیبێل دیاری دەکرێ.

١٩٧٣

- ماف دەدرێ بە باوکان کە لە کاتی بە دنیاهاتی منداڵدا ١٠ رۆژ پشو بستێنن.
- چاکسازی لە سیستەمی شارەوانییەکاندا دەکرێ. ژمارەیان بۆ ٢٧٨ کەم دەکرێتەوە و جیاوازی نێوان شارەوانییەکان لا دەچێ.
- خوێندنی پەنابەران دەبێتە ٢٤٠ سەعات و لە کاتی خوێندندا پارەیان پێ دەدرێ .
- یاسای بیمەی گشتی ددان بڕیاری لەسەر دەدرێ. منداڵ و لاوان هەتا تەمەنی ٢٠ ساڵەیی چاککردنی ددانیان بەخۆڕاییە.
- یاسای پارێزراوی بۆ کامپیوتێری ئەهلی دادەندرێ.
- رێژەی ئەو منداڵانە کە باب و دایکیان هاوسەرگیری فەرمییان نەکردووە دەبێتە ٣٠%

١٩٧٤

- تەمەنی یاسایی بۆ مافی دەنگدان دەبێتە ١٨ ساڵ.
- یاسای نیوە خانەنشینی، بیمەی نەخۆشی و پشووی منداڵ بریاری لەسەر دەدرێ.
- باجی دەوڵەتی و شارەوانی، (باجی داهات) کەم دەکرێتەوە.

- پشوی منداڵ بەخێوکردن کە یەکساڵە و پێشتر تەنیا دایکانی دەگرتەوە، باوکانیش دەگرێتەوە. دایک یان باوک یان بە دابەش کردن مافی پشوی بەخێوکردنی منداڵەکەیان هەیە و ٩٠% مووچەکەیان وەردەگرن. لە ساڵی ٢٠٠٢ دا ئەم ماوەیە کرا بە ٤٨٠ ڕۆژ.
- سوسیاڵدیمۆکرات و حیزبی خەڵک پێکدێن کە باج پێداچوونەی بۆ بکرێ و تەمەنی خانەنشینی ببێتە ٦٥ ساڵ.
- کۆپێنی بێزین لا دەبرێ.

١٩٧٥

- مافی دەنگدان بۆ شارەوانییەکان دەدرێ بە پەنابەران ئەگەر زیاتر لە سێ ساڵ لە سوێد نیشتەجێ بووبێتن.
- بەپێی یاسایەکی نوێ هەر کەس کە تەمەنی ٢٥ ساڵ بەرەو سەرەوە بێ دەتوانێ بڕیار بدا کە خۆی نەزۆک بکا. پێشتر تەنیا بۆ کەسانی نەخۆش یان نەخۆشی نەفسی بوو ئەویش بە بڕیاری دادگا دەکرا.
- هەموو منداڵانی تەمەن شەش ساڵ دەبێ لە پۆلی ئامادەییدا بخوێنن.
- بەرنامەی پاشەکەوتکردنی وزە بە تایبەت نەوت بەڕێوە دەبرێ.
- ڕێکخراوی هاوجنس خوازان لە ستۆکهۆڵم دادەمەزرێ.

- بڕیار دەدرێ کە لە ٢٤ ناوچەدا رادیوی ناوچە بەڕێکەوێ بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تایبەت بەو ناوچەیە.
- باجی داهات کەم دەکرێتەوە.

١٩٧٦

- پارلمان بڕیار دەدا کە دەبێ ١٥٠ هەزار باخچەی منداڵان و ٥٠ هەزار خانوو بۆ کایەی منداڵان ساز بکرێ.
- باجی داهات جارێکی دیکەش کەم دەکرێتەوە.
- سێ ملیۆن سەیارە ژمارە کراوە.

١٩٧٧

- رێژەیەکی زۆر مەدرسەی باڵا و زانکۆی گرێدراو لەگەڵ زانکۆکانی پێشوو لە شارەکان دەکرێتەوە.

١٩٧٨

- لە نۆڤامبردا دەوڵەت رێکلامکردن بۆ خواردنەوەی ئەلکولی بە تەواوی قەدەغە دەکا.

١٩٧٩

- سوسیاڵدێمۆکرات و سەنتەر پێکدێن لەسەر کەم کردنەوەی باج، دانانی دوکتور بۆ بنەماڵەکان و یەکسانی ژن و پیاو لە کاردا.
- لێدان یان ئازاردانی منداڵ لە لایەن باب و دایکەوە قەدەغە دەکرێ. (٦/١١)

**سیاسی**

- بەپێی پێداچوونەوە و نوێکردنەوەی یاسای بنچینەیی لە ساڵی ١٩٧٠دا، دەسەڵاتی پادشا درا بە پارلمان و دەوڵەت. پادشا وەکوو مەقامێکی تەشریفاتی لێهات.

١٩٧٠

- کۆمپانیایەکی دەوڵەتی دەکرێتەوە بۆ پێڕاگەییشتن بە کۆی کۆمپانیا دەوڵەتییەکاندا.
- باڵوێزی ئەمریکا لە کاتی هاتنیدا لە فرۆکەخانە بەرەڕووی خۆپیشاندان دەبێ. پیشاندەران دژی شەڕی ڤیتنامن.
- ئۆلۆف پاڵمە سەفەرێکی وڵاتانی ئۆروپای رۆژهەڵات دەکا.
- گەورەترین خۆپیشاندان دژی شەڕی ڤیتنام بە بەشداری ٧ هەزار کەس لە ستۆکهۆڵم بەڕێوە دەچێ.
- پرلمان بڕیار دەدا دەرمانخانەکان کە زۆربەیان دەوڵەتین، هەموو لە یەک کۆمپانیادا کۆ ببنەوە، دەوڵەت رێککەوتنێک لەگەڵ خاوەن دەرمانخانەکاندا دەکا.
- لە یەکەم هەڵبژاردنی سیستەمی یەک پارلمانیدا حیزبی سەنتەر دەنگەکانی دەگاتە ٢٠% بەڵام مۆدێرات و سوسیالدێمۆکرات دەنگەکانیان کەم دەکا.

١٩٧١

- فەرمانگە دەوڵەتییەکان بەسەر شارەکاندا دابەش دەکرێن کە باری پایتەخت سووک بکرێتەوە.
- باڵوێزی یوگۆسلاوی لە ستۆکهۆڵم لە لایەن گروپێکی توندئاژووی "کرڤاسیا"وە تیرۆر دەکرێ.
- لایەنگرانی ژینگە پێش بە بڕینی داری بەرز دەگرن. دەچنە سەر دارەکە دادەنیشن. لایەنگری لە ژینگە زۆر پەرەدەستێنێ.
- حێزبە بورژوازییەکان داوای کەم کردنەوە ٥%ی باج دەکەن.
- بڕیار دەدرێ پارەی یارمەتی بە حیزبەکان بدرێ بەو مەرجە زیاتر لە ٢،٥ لە سەدی دەنگیان بۆ شارەوانییەکان هەبێ یان ٤%بۆ پارلمان .
- سزای هەڵگرتنی چەکی نایاسایی زیاد دەکرێ.

١٩٧٢

- پارلمان بڕیار دەدا کە بازرگانی ئازاد لە نێو سکاندیناڤیدا بکرێ.
- سەرۆک وەزیران "ئۆلۆف پاڵمە" زۆر بە توندی بۆمبابارانی ئەمریکا لە ڤیتنام ئیدانە دەکا.
- سزای ئێعدام کە لەکاتی شەڕدا دانرا بوو، هەڵدەگیرێ.
- گروپێکی کۆرواسی فڕۆکەیەکی موسافیربەری سوێد دەڕفێنن و داوای بەردانی ئەو دوو کەسە دەکەن کە باڵوێزی

یۆگوسلاڤیایان کوشتووە. سوێد مەرجەکە قەبوڵ دەکا و گرەوگانەکان بەر دەدرێن.

١٩٧٣

- پارلمان یاسای دژە تیرۆر پەسەند دەکا. بەپێی ئەم یاسایە تێرۆریستان بۆیان نییە بێنە سوێد یان لەوێ نیشتەجێ بن. ئەمەش بە هۆی رفاندنی فرۆکە لە لایەن بزووتنەوە آزادیخوازەکانی فەلەستین و ئەفریقاوە بوو کە لەو سالانەدا دەستی پێکردبوو. ئەم یاسایە بەرەوڕوی رەخنە دەبێتەوە.
- لە ٦ی ئاپریلدا کوریای باکوور لە لایەن سوێدەوە بە رەسمی دەناسرێ.
- پاش کودەتای پینوشە بە دژی ئالندە لە شیلی، پەنابەری شیلیایی چەپ روو دەکەنە سوێد.
- لە هەڵبژاردندا هەر دووک بلۆکی چەپ و راست دەنگیان وەک یەک دەبێ.
- شەڕی عەرەب و ئیسرائیل کاردەکاتە سەر نرخی نەوت و بێنزین کۆپێنی دەکرێ.
- لەقاودانی دەزگای نهێنی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری (سیخوڕی/جاسوسی) لە دەرەوەی وڵات و هەروەها لەسەر چەپەکانی نێو خۆی وڵات بوو بە هۆی ئەوە کە ئێدارەیەکی

ئاشكرا دابنرێ. دوو لە رۆژنامەوانەکان (جان گیو و پیتێر برات) بە تاوانی جاسوسی (لەقاودران) هەرکام یەک ساڵ زیندانیان پێ دەدرێ. بە گوتەی خۆیان (لە بیرەوەرییەکانیاندا) ئەمە پیلان بووە، چوونکە ئەوان یارمەتی فەلستینیان داوە لە ژێر گوشاری ئیسرائیلدا زیندانی کراون.

١٩٧٤

- سوێد و ئەمریکا باڵوێز دەگۆڕنەوە بەڵام گرژی رەخنەی ئۆڵۆف پاڵمە لە بومبارانی ڤیتنام هەر دەمێنێ.
- پەیمانێک لە نێوان ڤیتنامی باکوور و سوێد بۆ کارخانەی کاغەزسازی دەبەسترێ. ئەمە گەورەترین یارمەتی سوێد بۆ وڵاتانی دنیای سێهەمە هەتا ئەو کاتە.
- پارلمان بڕیار دەدا ١٥% قازانجی لە یەک ملیۆن زیاتر، بدرێ بە سەندوقی سەرمایەدانانی دەوڵەتی کە لە ساڵی ٥٥ دامەزرا و ئامانج هەبوونی پارە لەدەست دەوڵەتدا بۆ کاتی تەنگانە بوو.

١٩٧٥

- یاسای تایبەت بە ئازادی چاپەمەنی، ئازادی گوتار و ئایدولۆژی، بەرابەری شارومەندان لە بەرانبەر یاسادا و مافی یەکسانی دەنگدان پێداگری لەسەر دەکرێ و بەهێزتر دەکرێ. شا بە

تەواوی لە سیاسەت دوور دەخرێتەوە و هیچ دەسەڵاتی سیاسی نامێنێ.

- لە مانگی مارسدا ژوزف تیتو سەرۆک کۆماری یۆگوسلاڤیا سەردانی سوێد دەکا.
- لە مانگی ئاپریلدا گروپی بادرێر ماینهۆف، (ڕێکخراوی بەناو ئەرتەشی سووری ئاڵمان) باڵوێزخانەی ئاڵمانی ڕۆژئاوا لە ستۆکهۆڵم داگیر دەکەن. باڵوێز بە بارمتە دەگرن و داوای بەردانی ٢٦ هەڤاڵیان دەکەن کە لە ئاڵمان لە زینداندان. ئاڵمان قەبووڵ ناکا. گرەوگانگیرەکان بە هەڵە نارنجۆکیان بە دەستەوە دەتەقێتەوە، یەک لە خۆیان و دوو گرەوگان دەکوژرێن. و دراماکە کۆتایی پێدێ. دواتر ڕێبەرەکانی ئەم گروپە لە زیندانی ئاڵمان کوتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا.
- بە بومبی دەستی هێرش دەکرێتە سەر خانووی سوێد لە پاریس.
- بەشداری سوسیاڵدێمۆکرات لە قاچاخ کردنی پارە بۆ سوسیاڵ دێمۆکراتانی فینلاند لەقاو دەدرێ.

١٩٧٦

- گەرچی شەڕی ڤیتنام تەواو بووە بەڵام کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی سوێد دەکا ١٣ هەزار کەس بە دژی خۆپیشاندان دەکەن.

- له هه‌ڵبژاردنی سێپتامبردا سوسیاڵدیمۆکرات و حیزبی چه‌پ ١،٣% ی ده‌نگه‌کانیان له‌ده‌ست ده‌دده‌ن و ده‌وڵه‌ت ده‌که‌وێته ده‌ست حیزبی خه‌ڵک و هاوپه‌یمانه راسته‌کانی. یه‌ک که‌س له ژماره‌ی ئه‌ندامانی پارلمان که‌م ده‌کرێته‌وه که ٥٠ به ٥٠ نه‌بێ. و ده‌بێته ٣٤٩ که‌س.

١٩٧٧

- حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست لایه‌نگری مۆسکۆ له ئه‌ندامانی جیابووه‌وه له حیزبی چه‌پ داده‌مه‌زرێ.
- له مانگی مارسدا سی که‌س به هۆی ئه‌ندامه‌تی له گروپی ئه‌رته‌شی سووری ئاڵماندا ده‌ستبه‌سه‌ر ده‌کرێن و هۆی ده‌ستبه‌سه‌ر کردنیان ئه‌وه‌یه که ویسوویانه ژنێکی به‌رپرس له ده‌وڵه‌تدا که ئه‌ندامی سوسیاڵدیمۆکراته به بارمته بگرن.
- ده‌وڵه‌ت ئه‌و به‌شه له کارخانه‌کانی که‌شتی سازی که به هۆی خراپی ئابوورییه‌وه داخراون، ده‌ست به‌سه‌ردا ده‌گرێ.
- له مانگی ئۆگۆستدا نرخی پاره (کرۆن) ١٠% که‌م ده‌کرێته‌وه. مانگێک پێشتریش ٦% که‌م کرابووه‌وه.

١٩٧٩

- داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆڤیەتەوە دژایەتی سوێدیەکانی لێدەکەوێتەوە.
- چاودێریێکی پۆلیس بۆ هۆی سیخوڕی بۆ سۆڤیەت دەستبەسەر دەکرێ و زیندانی هەتاهەتایی پێی دەدرێ.

**کولتووری**

- نرخی کتێب کە پێشتر یەک نرخی بوو، ئازاد دەکرێ .

١٩٧٣

- زنجیرەی " دیمەنەکانی یەک هاوسەرگیری" لەلایەن ئینمار بێرگمەنەوە لە تلەڤیزیۆن دەست پێدەکا.

١٩٧٤

- خانووی کولتوری ستۆکهۆڵم دەکرێتەوە.

١٩٧٥

- پارلمان بڕیار لەسەر یارمەتیدان بە کتێب و گۆڤار دەدا بە مەبەستی هاندانی باشتر کردنی ناوەرۆک. کتێبێک کە بنێردرێ

بۆ ئیدارەی کولتوری لە لایەن کەسێکی شارەزاوە دەخوێندرێتەوە و ئەو بۆچوونی خۆی پێشکەش بە کۆمیتەی هەڵسەنگاندن دەکا و دوایە بڕیاری دان یان نەدانی یارمەتی دەدرێ.

١٩٧٦

- پێشدەهات لە ساڵێکدا خاوەن کۆمپانیای ئەهلی دەبوا زیاتر لە ١٠٠% باج بدا. ئاسترید لینگرێن چیرۆکێکی نووسی لەسەر جادوگەرێک کە کیسەیەکی پێیە باجی تێیدا کۆ دەکاتەوە. چاپی ئەم چیرۆکە لە رۆژنامەدا بوو بە هۆی کاردانەوەیەک بۆ کەم کردنەوەی باج. خەڵکی خوێندەوار و بەرپرس لە ژیانی خۆیان بەم شێوە کاردەکەنە سەر هەلومەرجی ژیانی خۆیان و کۆمەڵەکەیان.
- ٣٥٠٠ کەس بە دژی دابەشکردنی خەڵاتی نۆبێل خۆپیشاندان دەکەن چوونکە خەڵاتی ئابووری دراوە بە میلتون فریدمان کە هاودەستی پینوشە دیکتاتۆری شیلی بووە. (١١)

# ١٩٨٠-١٩٩٠

بزووتنەوەی کرێکاری

سەرمایەداری جارێکی دیکە بە هۆی هاتنی تکنۆلۆژی تازەوە تووشی قەیران بوو. داخستنی کارخانە کۆنەکان و کرانەوەی کارخانەی تازە، قەیرانی نەفت (لە شەڕی عەرب و ئیسرائیلدا) و گران بوونی سووتەمەنی بوو بە هۆی هەڵاتنی سەرمایەکان بەرەو وڵاتانی دەوڵەمەندی دنیای سێهەم. ئاکامەکەی بێکاری و لاواز بوونی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بوو. هاتنی لیبراڵیسمی نوێی مارگارت تاچێر لە ئینگلیس و رونالّد ریگان لە ئامریکا دەرمانێک بوو کە سەرمایەداری نێونەتەوەیی بۆ بەرەڕوو بوونەوەی قەیران پێشنیاریان دەکرد. بە پێ ئەو پێشنیارە دەبوو دەوڵەتەکان دەست لە کۆنترۆڵی سەرمایەکان هەڵگرن. بەشی دەوڵەتی پاشەکشە بکا و رێکخراوە سەندیکاییەکان لاواز بکرێن. نێولیبرالیسم هەموو ئۆروپای داگرت و وڵاتانی بازاڕی هاوبەشیان پێکهێنا. ئاکامەکەی ئازاد بوونی سەرمایەی وڵات و لاچوونی سنوور بۆ سەرمایەدانان و پێکهاتنی بێکاری بەرفراوان بوو. راست بە پێچەوانەی بەرنامەی سوسیالّدێمۆکراتەکان. لە سوێددا

بەر لە هەمووان کەشتی سازی تووشی دابەزین بوو و ژمارەی کرێکارانی بە ماوەی هەشتساڵ (١٩٧٥-١٩٨٣) بوو بە یەک پێنجەم. ئەمجارە بەرەنگاربوونەوەی بێکاری لە شوێنێکی دیکەوە سەریهەڵدا. خەڵک خانووە کۆنەکانیان چاک دەکرد و ئەمەش پێویستی بە کەلوپەل و کرێکار بوو. (١٥)

١٩٨٠

- کێشەیەکی گەورە لە بازاڕی کار روو دەدا، نزیک بە ٧٥٠ هەزار کرێکار مان دەگرن یان دەردەکرێن.
- یاسای یەکسانی ژن و پیاو لە شوێنی کاردا پەسند دەکرێ.

١٩٨١

- کرێکارانی کارخانەی دەوڵەتی جلوبەرگ بۆ ماوەی هەشت مانگ کارخانەی ئەیسێر داگیر دەکەن. پیشەی پارچەچنین تووشی کێشە بووە و زۆر کارخانە داخراوە. کرێکاران دەیانەوێ گومروک بۆ پارچە دانرێ و یارمەتی دەوڵەتی بدرێ بە کارخانەکان. یەکێک لە مەرجەکانی نیۆلیبرالیسم کە لە ریگای بانکە نێودەوڵەتییەکانەوە رەچاو دەکرا، ئازادبوونی سنوورەکان بۆ هاوردە و بردە و نەبوونی گومروک بوو. واتە یان چاوپۆشی لە بازاڕی نێونەتەوەیی یان لابردنی گومرۆک.

- گروپێکی قەیران بە بەشداریی دوو نوێنەری ناوەندی سەندیکاکان و دوو بەرپرسی سوسیالدێمۆکرات دادەمەزرێ کە ریگاچارەیەک بۆ کێشەی ئابووری بیننەوە .

١٩٨٣

- ٤ی ئۆکتوبەری ١٩٨٣ خۆپیشاندانی ٧٥ هەزار کەس لە ستۆکهۆڵم دژی پێکهێنانی دانانی مووچەی خانەنشینی لە بورسدا. حیزبی چەپ لایەنگری دەوڵەت دەکا و راستەکان دەیانەوێ ئەو ناوەندە داخرێ. وتوویژی زۆر لە نێوان سوسیالدێمۆکرات و راستەکاندا کرا و کارەکە بەدوا کەوت. پازدە ساڵ دوایە بە بێ پرس بە خەڵک و لە کاتی دەسەڵاتی س.د. دا ئەم کارە کرا. زۆر کەس هەموو پاشەکەوتەکانیان بە ئاودا چوو. چوونکە پارەکە لە بۆرسی ئەو کۆمپانیایانە دانرا بوو کە ئابوورییان زۆر دابەزیبوو. دەوڵەت دەیەویست لە حسابی پارەی خەڵک بیانخاتەوە سەر پێ. لە ١٩٨٣ دا پارلمان بڕیاری لەسەر دا.
- لەم کاتەدا بوو کە باسی سەندوقی بیمەی مووچە هاتەوە گۆڕێ. خواستەکە ئەوە بوو کە لە قازانجی کۆمپانیا بڕێک پارە لە سەندوقێک دابنرێ کە هەر کات خاوەنکار نەیتوانی مووچەی

کرێکاران بدا لەو سەندوقە مووچە بدرێ. ئەم سەندوقە لە ١٩٨٣دا دانرا و لە ١٩٩٠دا هەڵگیرایەوە.

١٩٨٤

- مەدرەسەی فێرکاری بۆ کارکردن لە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی دادەنرێ.

١٩٨٨

- نەوەد هەزار لە کارمەندانی بەشی ئەهلی سەندیکای (سیف) چەند مانگ ماندەگرن. بەشی هەناردە کردن گۆج دەبێ.

دەبینین کە چالاکی بزووتنەوەی کرێکاری زۆر کەم بووەتەوە. هۆی لە لایەک باشبوونی هەلومەرجی ژیانی کرێکارانە و لە لایەکی دیکەوە کەم بوونەوەی متمانە بە دەسەڵاتە. واتە هیوایان نەماوە کە دەسەڵات دەتوانێ کارێکیان بۆ بکا.

**تێکۆشانی ژنان**

١٩٨٠

- ئیدارەی یەکسان کردنی ژن و پیاو دادەمەزرێ و زۆر بە توندی کاری بۆ دەکرێ. (گەرچی هێشتاش پاش ئەو هەموو ساڵە بەتەواوی جێبەجێ نەبووە). سەربازی و دەورەی فێربوونی چەکی هەوایی بۆ ژنان دادەنرێ.

١٩٨٤

- ناوەندی دەوڵەتی بەرگری لە ژنان دادەمەزرێ
- مافی بەشداربوون لە هەموو شوێنەکانی سوپا بە ژنان دەدرێ.
- ژنانی سوێد لە پێشبرکێ فوتباڵی اروپا دەبنە یەکەم.

١٩٨٥

- کارین سودێر دەبێتە سێکرێتێری حێزبی سەنتەر ئەمە یەکەم سکرێتری ژنە لە حێزبێکدا کە لە پارلمان بێت.

١٩٨٩

- مووچەی ناوەندی ژنان دەگاتە ٧٠%ی مووچەی ناوەندی پیاوان. هۆی ئەمە ئەوەیە کە ژنان زیاتر لەو کارانەدا وەردەگیرێن کە مووچەی کەمە. دەنا بۆ کاری یەکسان مووچەی وەکوو یەک دەدرێ. ئەوەش هەیە کە ژنان بە هۆی نەخۆشی و راگەییشتن بە منداڵدا پشووی زۆرتر وەردەگرن و ئەمە کار دەکاتە سەر کۆی داهاتیساڵانەیان.
- ژنان مافی کارکردن لە هەموو شوێنێکدا بە دەست دێنن، تەنانەت لە ریزی سپادا.
- رێژەی ژنان لە پۆستە باڵاکان و بەرپرسایەتیدا ٧% دەبێ و لە رێکخراوەکاندا ١٢%. لە رێکخراوی LO دا ٤٤.%

**پیشه و خاوەنکاران**

١٩٨٠

- پاش ریفراندۆم لەسەر وزەی ئەتۆمی کە ٥٨% دەنگی ئەرێنی دێنێتەوە، دەوڵەت فەرمانی بەڕێخستنی دوازدە رئاکتۆر دەدا. هاوکات بڕیار دەدرێ کە هەرکات هەلومەرج لەبار بوو بە نۆبە هەڵگیرێنەوە.

١٩٨٥

- لە بەرنامەی دەوڵەتدا دانراوە کە وزەی ئەتۆم هەتا ساڵی ٢٠١٠ دەبێ کۆتایی پێبێ (٢٠١٧ هێشتا نەبووە) گازی سروشتی دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ وزە.
- کارخانەی ماشینسازی ڤۆڵڤۆ بە یارمەتی دەوڵەت کارخانەیەکی نوێ لە ئودیڤالا دەکاتەوە.

١٩٨٦

- بازرگانی کردنی کارخانەی چەکی "بوفۆرش" ، لەگەڵ هێند، رەخنەی لەسەر دەگیرێ. گوایە بەرتیلی بۆ ئەو فرۆشە داوە.

بوفۆرش چەکی بە عێراقیش دەفرۆشت. زۆربەی مینەکانی دانراو لە شەڕی ئێران و عێراقدا، دروست کراوی بوفۆرشن.

١٩٨٧

- بەڕێوەبەری سەندیکای خاوەنکاران بڕیار دەدا کە پەیمانە گشتییەکەیان لەگەڵ LO کۆتایی پێبێ .
- کارخانەی دروست کردنی کەشتی ئەهلی دادەخرێ و تەنیا کەشتی شەڕ ساز دەکرێ.
- یاسایەک بە دژی هاوردەکردنی کەلوپەلی زۆر تێکنیکی کە بە کەرەسەی شەڕ دەناسرێ دادەنرێ.
-

## کشتوکاڵ و وەرزێران

لە ئاخرەکانی سەدەی پێشوودا ٨٤%ی خەڵکی سوێد لە کشتوکالدا کاریان کردووە. لە ئاخرەکانی سەدەی بیستدا تەنیا ١/٨ % لە کشتوکالدا کاریان دەکرد و بەرهەمەکەش زۆرتر بوو. دیارە ئەمە ئاکامی تەکنیک و پیشەیی کردنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بوو، بەڵام هێزی کار لە گوندەکانەوە دەهاتە شار و ڕێژەی بێکاری زیادتر دەکرد. (١٦)

## کۆمەڵایەتی

١٩٨٠

- مافی هەڵسەنگاندنی یاسایی یاسایی جێبەجێ دەبێ. واتە هەر حوکمێکی دادگا یان فەرمانێکی دەوڵەتی و ئیداری دەکرێ لەگەڵ یاسای بنچینەیی بەراورد بکرێ. نەکا لە یاسا لایدابێ.

١٩٨١

- یەکەم سیستەمی ئۆتوماتیکی تلەفوون دەستبەکار دەکا.
- یاسای چارەسەرکردنی ئیجباری تووشبووانی مادە هۆشبەرەکان دادەنرێ.
- یارمەتی دەوڵەتی و یارمەتی بێکاری کەم دەکرێتەوە.

١٩٨٢

- بە پێشنیاری دەوڵەت و پشتیوانی سوسیاڵدێمۆکرات، بنەمای باج کەم دەکرێتەوە.
- فرۆشگاکانی فروشتنی خواردنەوەی ئەلکولی رۆژانی شەممە دادەخرێ. ئامانج کەم کردنەوەی خواردنەوەیە. بۆیە رۆژانی هەینی زۆر قەرەبالغ دەبێ.
- ژووری بازرگانی دادەخرێ.

- باجی دەوڵەتی بۆ شیرەمەنی و توتون زیاد دەکرێ. نرخی کرۆن کەم دەکرێتەوە.
- یاسای پێراگەییشتن بە تەندروستی لاوان دادەنرێ.

١٩٨٣

- وەزیری داد ناچار دەکرێ دەست لەکار بکشێتەوە چوونکە خۆی خەریک بەرنامەی باجی ئەهلی کردووە.
- نەخۆشی ئایدز یەکەم قوربانی لە سوێد دەدا.

١٩٨٥

- کارمەندانی دەوڵەت مان دەگرن. مامۆستایان دەرکەیان لێدادەخرێ. واتە دەوڵەت مەدرەسەکان و شوێنی پۆست دادەخا.
- بە پێی بریاری پارلمان هەموو منداڵێکی سەرەوەی یەک ساڵ و نیو دەبێ جێگای لە باخچەی منداڵان بۆ تەرخان بکرێ.

١٩٨٧

- هاوژینی بە بێ مارەبڕین یاسابەندی دەکرێ و ئەرکەکانیان دیاری دەکرێ.
- بڕیاری دانانی دوو کاناڵی تلەڤیزیۆنی دەوڵەتی دەدرێ.
- ناوەندی سروشت و وزە دادەنرێ.

١٩٨٩

- له پاییزدا مامۆستاکان مانێکی بەربڵاو رادەگەیێنن. هوەکەی دەست تێوەردانی دەوڵەت لە کاروەباری مەدرەسەکانە. سەرئەنجام پارلمان دەنگ دەدا کە مەدرەسەکان لەژێر بەرپرسایەتی کۆمۆنەکاندا بن.

**سیاسی**

١٩٨٠

- پارلمان بڕیار دەدا کە منداڵی یەکەمی پادشا کچ بێ یان کوڕ دەبێتە جێنشینی پادشا. کچی پادشا "ویکتوریا دەبێتە جێنشنی بابی .
- لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتیدا کە هەموو ئەندامانی پارلمان بەشدارن باجی دەوڵەتی زیاد دەکرێ.
- ئۆلۆف پاڵمە لە لایەن رێکخراوی نێونەتەوەییەوە دەست نیشان دەکرێ بۆ نێوبژیوانی لە شەڕی ئێران و عێراقدا.

١٩٨١

- حێزبی ژینگە (Miljöpartiet) دادەمەزرێ. دروشمی سەرەکی ئەم حێزبە بەرگری لە ژینگە، ئاشتی و پرسی یەکسانی ژن و

پیاوە. ئەمانە یەکەم حیزبن کە دوو کەس (ژنێک و پیاوێک) دادەنێن بۆ سکرێتێری .

- پەیمانێکی بەرگری لەگەڵ ئەمریکا واژوو دەکرێ.

١٩٨٢

- ئاکامی هەڵبژاردن بەرەوپێشچوونی زۆری حیزبی سوسیالدێمۆکراتە و ئۆلوف پاڵمە دەوڵەت پێکدێنێ. لەم هەڵبژاردنەدا مودێراتەکان دەبنە دووهەم حیزبی سوێد.
- سوسیالدێمۆکرات دیسان دەوڵەت بەدەستەوە دەگرێ. کێشەی زۆری ئابووری چاوەڕوانیان بوو. گەرچی وەکوو شوێنەکانی دیکەی ئۆروپا نەبوو بەڵام پەیوەندی بزووتنەوەی کرێکاری و خاوەنکاران لە کێشەدا بوو.

١٩٨٣

- دەوڵەت پشتیوانی بانگەوازێک دەکا کە سکاندیناڤیا ببێ ناوچەی بەتاڵ لە چەکی ئەتۆمی، تەنانەت لە کاتی شەڕدا.

١٩٨٤

- چەند ساڵ باسی ئەوە دەکرێ کە ژێردەریاییەکانی سۆڤیەت دێنە ئاوەکانی سوێد. بەڵام سوێد ناتوانێ بەڵگە بەدەست بێنێ.

له ئەگۆستی ئەم ساڵەدا فڕۆکەی جەنگی سۆڤیەت ئاسمانی سوێد دەبەزێنێ و دەوڵەت بە ڕەسمی ئیدانەی دەکا.

١٩٨٥

- ئۆلۆف پالْمە باسی سەردانێکی سۆڤیەت دەکا.
- پەیمانی دەوڵەت و زۆربەی شارەوانییەکان بۆ وەرگرتنی پەنابەر هەڵدەوەشێتەوە. پاسپۆرت بە توندی کۆنترۆل دەکرێ و ئەوانەی پاسپۆرتی ساختەیان پێیە، ڕێ نادرێن بێنە سوێد. (١١)

١٩٨٦

- له ٢٨ فێبرواریدا ئۆلۆف پالْمە لە ستوکهۆڵم دەکوژرێ. ئەمە وەکوو شۆک کۆمەڵ دەگرێتەوە و گەورەترین پشکنینی پۆلیسی سوێد دەستپێدەکا. ئینگڤار کارلسۆن دەبێتە جێگرەوەی. لە سەرەتادا پ.ک.ک تاوانبار دەکرێ. چوونکە پێشتر یەکێک لە ئەندامانی پێشووی خۆیانیان لە سوێد تێرۆر کردووە. بەڵام دواتر ئاشکرا دەبێ کە هیچ پەیوەندی بە ئەوانەوە نەبووە. بە ڕەسمی داوای لێبوردن لە پ.ک.ک دەکرێ. سەرئەنجام کەسێکی ئەلکولی بە نێوی کریستر پێترسۆن تاوانبار دەکرێ کە ئۆلوف پالْمەی کوشتووە و دادگایی دەکرێ و زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەردەچێ. پێنج مانگ دوایە ئازاد دەکرێ چوونکە بەڵگەی

پێویستیان بەدەستەوە نەبووە. بەس ویستیان خەڵک ئەهوەن بکەنەوە. ساڵێک دواتر ٣٠٠ هەزار کرۆن قەرەبووی پێی دەدەن. زۆری پێنەچوو مردنێکی گوماناوی کرد. ئێستاش ئەو فایلە ئاواڵەیە و گەرچی چەند فیلمی دێکومێنتی لەسەر دروستکراوە و باسی ئەوە دەکرێ کە بەرپرسی پۆلیس دەستی تێیدا بووە، بەڵام هێشتا بە راشکاوی تاوانبار یا تاوانباران دەستنیشان نەکراون.

- ئۆلۆف پاڵمە لە ١٩٧٨ەوە هەتا ١٩٨٦ سێکرتێری ئینتەرناسیۆنال سوسیالیست بوو. ئەو بە راشکاوی رەخنەی لە دیکتاتۆرەکان دەگرت و بە دژی شەڕی ڤێتنام و ئاپەرتایدی ئەفریقای باشوور و داگیرکردنی پراک و... بوو هەر ئەمانەش ببوو بە هۆی راکێشانی سەرنج بۆ سوێد و رەنگە کوشتەکەشی.

١٩٨٧

- هەڵاتنی سیخۆڕێک لە پشوی زیندان دەبێتە هۆی دەست لەکار کێشانەوەی وەزیری داد.
- بورسی نیویورک دادەبەزێ و باقی بورسەکانی دنیا لەگەڵ خۆی رادەکێشێ.
- قەرەچی وەکوو سامێرەکان بە ئێتنیک دەژمێردرێن مافی جێنشینییان پێ دەدرێ.
- سوێد بریار دەدا ئەگەر ڤیێتنام کامبوج بە جێ نەهێڵێ یارمەتی پێی نەدا.

١٩٨٨

- دەوڵەت ڕەزامەندی خۆی لەسەر بازاڕی هاوبەشی ئۆروپا نیشان دەدا.
- لە هەڵبژاردندا گەرچی دەنگی سوسیالدیمۆکراتەکان کەمی کردووە، بەڵام لەگەڵ حیزبی چەپ پێک دێن و دەوڵەت لە دەستیاندا دەمێنێتەوە. حیزبی سروشت بۆ یەکەمجار دێتە پارلمانەوە.
- وەزیری دەرەوەی سوێد ناوبژیوانی فەلەستین و ئەمریکا دەکا.
- باجی نەوت بەرز دەبێتەوە.

١٩٨٩

- دەوڵەت پەنابەری دان بە تورکە بولغارییەکان سنووردار دەکا.
- سوێد دەبێتە ئەندامی بازاڕی هاوبەشی ئۆروپا(EU)
- مەلایەک بە نێوی ئەحمەد رامی، سالانێک لە رادیویەکی ناوچەیی بە نێوی رادیو ئیسلام پروپاگەندەی توند و تیژی و قسە بە دژی ئیسرائیل دەکا. دەستبەسەر دەکرێ و شەش مانگ زیندانی بۆ دەبڕدرێتەوە. (١١)

روخانی دیواری برلین نیشانیدا کە سۆڤیەت لە نێوخۆدا تێکچووە (هەروەها بە قسەی گۆرباچف) شەڕی سەرد کۆتایی هات و ئەمریکا بوو بە تەنیا زلهێزی سەربازی و ئابووری دنیا. دوای ١١ سێپتامبر دەرکەوت کە تەنیا کۆمۆنیست نەبوو کە دژی ئەمریکا بوو، ئێستا هێزێکی نێونەتەوەیی تروریست هاتووەتە پێشەوە.

سوێد زۆر بە خێرایی ئەو گۆڕانکارییانەی وەرگرت. راستییەکانی پێشوو چ لەباری سیاسەتی دەرەوە چ ژوورەوە کەوتە بەر پرسیار. لاچوونی بەرەی رۆژهەڵات بە مانای کەمبوونەوەی مەترسی دەرەکی بوو. هەر لەو کاتەدا ئەم پرسیارە هاتە گۆڕێ کە بێلایەنی چیتر مانای نییە. هەر ئەو نەفەسە بوو کە بوو بە هۆی بەشداری لە بازاڕی هاوبەشی ئۆروپادا. مەدرەسەکان درا بە شارەوانییەکان، ئابوری، کارەبا و تلەفوون ئازاد کران و پردی نێوان دانمارک و سوێد لێدرا.
دەوڵەتێکی راست هاتە سەرکار و سەرمایەی لەسەر گۆڕانی سیستەم دانا. ناوەندی مووچەبەران هەڵوەشێندرایەوە. کۆمپانیا دانان بوو بە باو و ئەهلی کردنی بەشە دەوڵەتییەکان دەستی پێکرد. سوسیاڵدێمۆکراسی کە پێشتر ئایدۆلۆژییەک بوو لە بەرانبەر هێزی نێوەندیدا ناچار کرا لە شەریک بگەڕێ. دەیەی ٩٠ هەروەها قەیرانی ئابووری لەگەڵ خۆی هێنا. کە بوو بە هۆی گۆڕانی زۆر شت.

**کولتوری**

فیلمی "فانی و الکساندر"ی ئینگمار بێرگمەن ٤ خەڵاتی ئۆسکار وەردەگرێ.

١٩٨٨به شەوێک ١٢٠ واگۆنی قەتاری شاری کە لە گاراژ بوون لە لایەن گرافیتی کارانەوە رەنگ دەکرێن .

١٩٨٩خومەینی فتوای کوشتنی سەلمان روشدی دەدا کە کتێبی ئایەکانی شەیتانی نووسیوە. دوو کەسی ئاکادێمیکی سوێد ئاکادێمی بە جێ دەهێڵن چوونکە ئاکادێمی سوێد پشتیوانی لە روشدی نەکردووە.

# ١٩٩٠-٢٠٠٠

له پێشدا ڕەوتی ڕووداوەکان:

**بزووتنەوەی کرێکاری**

١٩٩١

- دوو سەندیکای مامۆستایان یەکدەگرن
- کارخانەی بەرهەمهێنانی سەیارەی SAB کارخانەکەی لە ماڵمۆ دادەخا، ٨٠٠ کەس بێکار دەبن.

١٩٩٣

- ٢٧ %هێزی کار لە کارخانەکاندان لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە بۆ کارمەندان ٧٠% دەبێ.
- ٢٨ی مانگی ٢ی ١٩٩٤ بازاڕی هاوبەشی ئۆروپا (EU) ئەندامەتی سوێد پەسند دەکا.

١٩٩٨

- ١،٣ ملیون کەس جۆرێک لە دامەزراندانیان لە کاردا هەیە کە جیاوازە لە دامەزرانی هەتاهەتایی. بۆ نموونە نیوەوەخت، یان بۆ ماوەی کورت، یان تا هەرکات کار هەبوو.

١٩٩٩

- کۆمپانیای ئێریکسۆن بە هۆی نەبوونی قازانجەوە بەشێک بەرچاو لە کاریگەر و کارمەندەکانی بێکار دەکا.

**تێکۆشانی ژنان**

١٩٩٠

- ٦٠ %کاری ژنان لە بەشی فەرمانگە دەوڵەتییەکاندایە.

١٩٩١

- یەکەم جار پاش ٦٠ ساڵ، ڕێژەی ژنان لە پارلمان لە باتی ئەوە کە زیاد بکا، بەرەو کەمی دەچێ. و دەبێتە ٣٣.%

١٩٩٢

- ژنێک دەبێتە یەکەم بەرپرسی ژن لە زانکۆ لە لوند.
- ڕێژەی ناوەندی کاری ژنان لە ماڵەوە ٣٣ و پیاوان ٢٠ کاتژمێرە، ٩% پیاوان پشوی منداڵداری وەردەگرن.

١٩٩٤

- سوسیاڵ دێمۆکرات باسی ئەوە دەکا کە دەبێ ٥٠% ی وەزیران ژن بن. لەم کاتەدا لە پارلمان ٤٤% ئەندامان ژنن. وەکوو پرێنسیپ ئەم حێزبە دایدەنێ کە لیستەی هەڵبژاردنی پارلمانی نیوە بە نیوە ژن و پیاو بن.

١٩٩٧

- ژنێک (کریستینا ئۆدنبەری) وەکوو یەکەم کەشیشی باڵا (بیسکۆپ) لە شاری لوند دادەنرێ.

١٩٩٨

- ٤٢%ی ئەندامانی پارلمان لە ژنان پێکهاتووە. کە زۆرترین ژمارەیە هەتا ئەو کات.

**پیشە و خاوەنکاران**

١٩٩٤

- کۆمپانیای ئاسن بە تەواوی دەبێتە ئەهلی چوونکە دەوڵەت بەشەکەی خۆی دەفرۆشێ.

-

١٩٩٦

- بۆ یەکەم جار پاش ١٩٤٠ ئابووری بەرەو داهێزان دەڕوا.

١٩٩٧

- دەوڵەت و حێزبی چەپ و سەنتەر هەڵوەشانەوەی سەنتەری ئەتۆمی بارشەبێک پەسند دەکەن. بەڵام هێشتاش ٢٠١٧ هەموو رئاکتورەکان نەبەستراون .

١٩٩٨

- ٣٥ %ی فرۆکەسازی SAB دەفرۆشرێ بە بریتانیا.

١٩٩٩

- کۆمپانیای ئەمریکی فۆرد کارخانەی ڤۆلڤۆ (بەشی سەیارەی ئەهلی) دەکڕێ. کۆمپانیایەکی ئاڵمانی (HDW) کارخانەی کەشتی ژێرئاوی دەکڕێ و کۆمپانیایەکی دیکەی ئاڵمانی (Landa)کۆمپانیای ئاگا (AGA) دەکڕێ. واتە سوێد بە بەشداری لە ئۆروپا سنوورەکانی بۆ هاتنی سەرمایەی دەرەکی

کردووەتەوە و سەرمایە گەورەکان هەڵیدەپێچن. ئەمە بەو مانایە کە کرێکارانی سوێد لەگەڵ خاوەنکاری دەرەوەی وڵات بەرەوڕوون و پەیمان و یاساکانی نێوخۆ لە پەیوەندی لەگەڵ خاوەنکاردا کارا نییە .

- یەکەم رئاکتۆری بارشەبێک دادەخرێ

٢٠٠٠

- دەوڵەت ٥٠% ئاکسیەکانی (سەربەشی) کۆمپانیای تلەفوون (تێلیا) دەفرۆشێ.
- کارخانەی چەکسازی بوفۆرش دەفرۆشرێ بە کۆمپانیایەکی ئەمریکی (ئەمریکەن دفانس(United defense /
- لە ٢٠٠٢دا کۆمپانیای دەرمان سازی سوێد لە لایەن کۆمپانیای ئەمریکییەوە (پفیزەر)دەکڕدرێ. ئەم رەوتە دواتریش بەردەوامە

## کشتوکاڵ و وەرزێران

١٩٩٣

- بەپێی بڕیارەکانی ئۆروپای هاوبەش یارمەتی کشتوکاڵ بەپێی بەرینی زەوی دەدرێ.

- سنووردار بوونی نرخی بەرهەمی کشتوکاڵ یارمەتی هەناردەکردنی هەڵدەگیرێ. ئەمانە هەمووی کاردانەوەی کێشەی ئابوورییە.

## کۆمەڵایەتی

١٩٩٠

- زیادکردنی باجی خواردنەوەی ئەلکولی و سیگار پیشنیار دەکرێ. حێزبی چەپ و سەنتەر پشتیوانی دەکەن .
- لە مانگی ئۆگوستیدا قەیرانی خانوو ساز دەبێ. خانوو بە پولێک ناکڕن چوونکە بەهرەی قەرزەکان زۆر لە سەرەوەیە. دەوڵەت ١٠٠ ملیار بە قەرز دەدا بە بانکەکان .
- لەم کاتەدا وزەی وڵات ٤٣% لە نەوتە و باقییەکەی لە وزەی ئەتۆمی دابین دەکرێ.
- ١٥ هەزار کامپیوتێر گرێدراوە بە ئینتێرنێتەوە.

١٩٩١

- پارلمان بڕیار دەدا کە دەبیرستانەکان لە بناخەوە سیستەمەکەیان بگۆڕدرێ. رشتەکان لادەبرێن و ١٦ بەرنامەی سەرانسەری دادەنرێ. ئەزمونی سەرانسەریش بۆ هەموو رشتەکان دادەنرێ.
- یاسای نوێ بۆ شارەوانییەکان دادەنرێ کە خۆیان زۆربەی کارەکانیان جێبەجێ بکەن. دەسەڵاتی شارەوانییەکان لە بەرنامەی ئۆتۆنۆمی ئێمە زۆر زیاترە.
- فەرمانگەی باج وەرگرتن بەرپرسایەتی راپۆرتی باجی کلیساکان بە ئەستۆ دەگرێ.
- بۆ یەکەمجار رێژەی تووشبووانی شێرپەنجە کەم دەکا.

١٩٩٢

- پارلمان بڕیار دەدا کە باخچەی منداڵان و شوێنی کایەی ئازاد بە یارمەتی دەوڵەت بکرێتەوە.

١٩٩٣

- دەوڵەت پرۆژەیەک بۆ بەکارهێنانەوەی زبڵ دادەنێ. زبڵەکان دەسووتێنن و بە گەرماکەی ئاوی گەرمی شار دابین دەکەن.
- فەرمانگەیەک بۆ کاروباری منداڵان دادەنرێ.
- لە راپۆرتێکی رێکخراوی نێو نەتەوەییدا سوێد وەکوو وڵاتێک کە زۆرترین یەکسانیی تێیدایە دەست نیشان دەکرێ.

١٩٩٤

- دەوڵەت بە هاوکاری سوسیالدیمۆکرات سیستەمێکی تازە بۆ خانەنشینی دادەندرێ.
- پارلمان مافی هاوسەرگیری هاوجنسان پەسند دەکا. ئەوان هەموو مافێکیان وەکوو هاوسەرگیری ئاسایی دەبێ.
- فەرمانگەیەک بۆ سەرپەرستی کەمئەندامان پێک دێ.
- یەکەم بەرپرسی پۆلیسی سەر بە پارێزگا دەستبەکار دەبێ.
- یەکێک لە سیاسییە نارازییەکان لە فرۆشگاکەی خۆیدا شەراب دەفرۆشێ. پۆلیس پێشی پێدەگرێ.
- جگەرەکێشان لە شوێنە گشتییەکان قەدەغە دەکرێ و ریکلام بۆ جگەرە بە تەواوی قەدەغە دەبێ.
- لە دوو رووداوی تێکهەڵچووندا لە یەیکیان ٧ و لەویتر ٤ کەس بە چەک دەکوژرێن.

١٩٩٥

- بە هۆی کەم کردنەوە یارمەتی خوێندکاران و پاشەکەوتکردن لە خەرجی مەدرەسەکان. هەزاران خوێندکار چەند رۆژ ماندەگرن.
- دوو لاوی نازیست لە بوهوسلێن کورێکی ١٤ساڵان دەکوژن و چەندین ساڵ زیندانیان پێدەدرێ.

- پەناخوازێکی ئەفریقی لە لایەن دوو نازیستەوە لە سکۆنە دەکوژرێ.
- ئیستگەی رادیوی دیژیتاڵ بەکار دەخرێ.
- تەمەنی ناوەندی پیاوان ٧٥ و ژنان ٨٠ ساڵ بەراورد دەکرێ.

١٩٩٦

- ٣١٧٠٠ کەس وەکوو پەنابەر وەرگیراون.

١٩٩٧

- کومیتەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە دێمۆکراسی سوێد دادەنرێ. ئامانج دیاریکردنی کێشەکان و ئیمکانەکانی دێمۆکراسی لە کۆمەڵدایە.

١٩٩٨

- سیستەمێکی تازە بۆ خانەنشینی دادەنرێ. لەم سیستەمەدا لانی کەمێک بە هەموو خانەنشینێک دەدرێ و کاری هەموو تەمەنی لەبەرچاو دەگیرێ. بەشێک لە پارەی پاشکەوتکراوی مووچەکان لە ئاکسیە (سەربەشی) دادەنرێ. خەڵک خۆی دەتوانی ئاکسیەکە هەڵبژێرێ دەنا دەوڵەت ئەو کارەی بۆ دەکا. ئەم کارە بۆ ئەوە کرا کە پارەی سەندوقی خانەنشینی بکەوێتە بازاڕی سەرمایەوە. دوو کۆمپانیای گەورەی سوێد بووفۆرش و

ئێریکسۆن کە ئاکسییەکانیان زۆر دابەزیبوو، بەم شێوە بەرزکرانەوە. بەڵام زۆر کەس پاشەکەوتەکانیان لەم داوبسەتەدا دۆڕاند. بۆ ئەوانەی کە لە وڵاتانی دیکەوە هاتبوون مەرجی ٤٠ ساڵ نیشتەجێ بوون دانرا، هەرچی لە ٤٠ ساڵ کەمتر بوو بەو پێیە لە پارەی لانی کەمەکەشی کەم دەکرێتەوە. [جیاوزی دانانی ئاشکرا.]

- باجی جگەرە کەم کرایەوە بەڵکوو پێش بە قاچاخی بگیرێ. بەڵام دوواتر زۆر زیادتر کرا.
- پارەی کاتی نەخۆشی بۆ ٨٠% بەز دەبێتەوە.
- لە ئاگرکەوتنەوەیەکدا (٢٩ ئۆکتوبەر) لە گوتنبرگ، ٦٣ لاو دەسووتێن و نزیک بە ٥٠٠ کەس بریندار دەبن. ئەمانە بۆ بەرنامەیەکی موزیک و دانس کۆ ببوونەوە. چوار لاوی بە رەگەز ئێرانی کە گوایە ڕێگا نەدرابوون بچنە ژوورەوە، دەبنە هۆی ئەم ئاگرگرتنە. کە ناسران و زیندانی کران.
- بەرپرسێکی کۆمۆنی موتاڵا لە زیندان دەکرێ چوونکە دزی لە پارەی کۆمۆن کردووە.
- خاوەنداریەتی وێنەی سێکسی منداڵ وەکوو جەنایەت دەناسرێ.
- لە پیشانگایەکی وێنەدا مەسێح لە نێو هاوجنسبازەکاندا نیشان دەدرێ. زۆر گروپی مەسێحی دژایەتی دەکەن بەڵام کلیسای سوێد بەرگری لە پیشانگاکە دەکا.

- ستۆکهۆڵم بۆ ساڵێک وەکوو ناەندی کولتووری ئۆروپا دەستنیشان دەکرێ.
- ١،٣ ملیۆن ئینتێرنێتیان هەیە.

١٩٩٩

- له ١٩٩٠بەم لاوە ئەو بنەماڵانەی یارمەتی کۆمەڵایەتی وەردەگرن ٤٠% زیادی کردووە.
- ٢٠٠٠ کلیسای سوێد بە تەواوی لە حوکوومەت جوێ دەبێتەوە.
- پردی نێوان دانمارک و سوێد تەواو دەبێ.
- کڕینی سێکس قەدەغە دەکرێ.

**سیاسی**

١٩٩٠

- کێشەیەکی کار دەبێتە هۆی داختستی بانکەکان بۆ ماوەی یەک مانگ.
- کێشەی قازانجی پارەی قەرزکراو "سود" ئابووری دەوڵەت دەشێوێنێ. کێشەکە کار دەکاتە سەر دەوڵەت. سەرۆکوەزیران دەست لە کار دەکشێتەوە. سکرتێری مۆدێراتەکان ناتوانێ

دەوڵەت دابین بکا و سەرۆک وەزیری پێشوو دێتەوە. ئەمانەش هەموو بە بێ هەڵبژاردن.

- پارلمان بڕیار دەدا کە دەوڵەت چوونە نێو بازاڕی ئۆروپا جێبەجێ بکا.
- حێزبێکی زۆر راست بە نێو دێمۆکراتی نوێ (Ny D) دامەزرانی خۆی رادەگەیەنێ. ئەم حێزبە دژی هاتنی پەنابەرانە بۆ سوێد، لایەنگری کەمکردنەوەی باج و کەم کردنەوەی بەشی دەوڵەتییە.
- پەنابەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر دەبن. بە تایبەت کوردی باشوور. لە چوار رۆژدا ۶۰۰ کەس لە سنووری پۆلاندەوە دێنە سوێد.

١٩٩١

- لە هەڵبژاردندا مودێرات و حێزبی خەڵک دێنە پێشەوە.

سوسیالدێمۆکرات ۳۷،۷% یانێ پاش ۱۹۲۸ خراپترینە. حێزبی ژینگە ۴% ناهێنێ و دەچێتە دەرەوە لە پارلمان. حێزبی سۆسیال مەسیحی و دێمۆکراتی نوێ دێنە ژوورەوە. دێمۆکراتی نوێ دەنگی بچێتە سەر هەر لایەک، ئەو دەیباتەوە. یانێ بووەتە جوکێری پارلمان. زۆری پێناچی ئەو حێزبە لەبەر کێشەی ناوخۆیی هەڵدەوەشێتەوە.

- ناوگینی تەمەنی پارلمانتاران زۆر دەبێ ٥٨% لەسەرەوەی ٥٠ ساڵن.
- کارڵ بیلد دەبێتە سەرۆک وەزیران. بەرنامەی بورژوازی هەیە بۆ جێبەجێکردن. کێشەی دابەزینی ئابووریش بەردەوامە.
- لەماڵمۆ پۆلیس چەک دەکێشێ لە نازیستەکان. یەکێک دەکوژرێ و یەک بریندار دەبێ. نازیستەکان لەم کاتەدا گەشەیان کردووە و زۆر چالاکن. دژە نازیستەکانیش لە خۆپیشاندانەکاندا بەرەنگارییان دەکەن. پۆلیس دەیەوێ دژە راسیستەکان دەستبەسەر بکا لەگەڵ پۆلیسیش تێکهەڵچوون دەبێ. بۆ نموونە لە ستۆکهۆڵم دژە نازیستەکان ئەو پارکەی کە بڕیارە نازیستەکان کۆبوونەوەی تێیدا بکەن، داگیر دەکەن.
- زنجیرەیەک کوشتن و هەوڵدان بۆ کوشتن لە لایەن راسیستەکانەوە دەکرێ.
- گورباچۆف سەردانی سوێد دەکا. ئاندێرش ئۆسلوند پرۆفسۆری ئابووری سوێد دەبێتە یاریدەدەری ئابووری بەرنامەی گورباچۆف بۆ لیبراڵ کردنی سۆڤیەت.
- سوێد گەمارۆی ئابووری ئەفریقای باشوور لا دەبا چوونکە لەوێ ئاپارتاید هەڵدەگیرێ.
- سوێد ٥٢٥ خێوەتی دەرمانی دەنێرێ بۆ ئاوارەکانی شەڕی ئێران و عێراق.

١٩٩٢

- پێشنیاری کەم کردنەوەی سەرباز دەکرێ و هەر لەو کاتەدا چەکەکان بەهێزتر و مودێڕنتر بکرێ. بۆ نموونە فڕۆکەی جازی٣٩ بخرێتە خزمەت هێزی هەواییەوە.
- پارەی سەندوقی مووچەخۆران دەکەوێتە ژێردەستی دەوڵەت و بۆ پشکنین تەرخان دەکرێ.
- ڕۆژنامەیەکی سەر بە سوسیاڵدێمۆکراتەکان بەهۆی کێشەی ئابوورییەوە دادەخرێ بەڵام نە LO و نە SAP خۆی تێناگەیەنن.
- دابەزینی ئابووری زیاتر دەبێ. بانکی ناوەندی بەهرەی پارە هەتا ٥٠٠٪ دەباتە سەرەوە کە پێشی دابەزینی نرخی کرۆن بگرێ. دوای دانانی بەرنامەیەک لە لایەن حیزبەکانەوە بەهرە هەتا ٥٠٪ دادەبەزێ. باجی بێنزین و باجی دەوڵەتی زیاد دەکرێ، یارمەتی خانوو و خەرجی خاوەنکار کەم دەکرێتەوە.
- نرخی پارە ٢٠٪ دادەبەزێنرێ .
- دەوڵەت بە پشتیوانی سوسیاڵدێمۆکرات بە دانی ٦٥ ملیارد کرۆن بە بانکەکان پێش بە مایەپوچییان دەگرێ.
- بازاڕی هاوبەشی ئۆروپا بۆ بازرگانی ئازاد و جێگۆڕکێ سەرمایە و هێزی کار بەگەڕ دەکەوێ.

- لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی یۆگوسلاوی پەنابەرێکی زۆر لەو وڵاتەوە دێنە سوێد.

١٩٩٣

- وەزیری ئابووری داوای پاشەکەوتکردنی ٨١ ملیار دەکا.
- کومیتەی قەیرانی ئابووری ١٣ پێشنیار دێنێتە گۆڕێ.
- ئیدارەیەک بۆ رێکخستنی سەرمایە دەوڵەتییەکان لە پەیوەندی لەگەڵ بانکەکاندا دادەمەزرێ.
- لە پەیوەندی لەگەڵ شەڕی بۆسنیدا ٤٠هەزار پەنابەر هاتووە. بۆیە دەووڵەت مەرجی ویزا بۆ بۆسنییەکان دادەنێ.

١٩٩٤

- لە گشتپرسی بۆ چوونە ناو بازاڕی هاوبەشی ئۆروپادا ٥٢،٣ لە سەد خەڵک دەنگی بەڵێ دەدا. دەنگی سوسیالدێمۆکراتەکان لەم گشتپرسییەدا دەبێتە ٢٨%.
- سوسیالدێمۆکرات لە هەڵبژاردندا سەر دەکەوێ و دەوڵەت بە دەستەوە دەگرێ. دێمۆکراتی نوێ لە پارلمان دەچێتە دەرێ چوونکە ٤% دەنگ ناهێنێ. حێزبی ژینگە دەگەڕێتەوە.

١٩٩٥

- لە مانگی یەکدا سوێد دەبێتە ئەندامی بازاڕی هاوبەشی ئۆروپا .

- وەزیری بەرگری ناهێڵی پشکنین بۆ ئەندامەتی ناتۆ بکرێ.
- ژووری بازرگانی سوێد و روسیە دادەمەزرێ.

١٩٩٦

- سوێد لە هێزی نیۆنەتەوەیی نێردراو بۆ بۆسنی دا بەشدار دەبێ. هێزی هەوایی و دەریایی لەگەڵ ناتۆ مانۆڕێک لە دەریای نۆروێژدا ئەنجام دەدەن.
- سەرۆک وەزیرانی سوێد لە سەفەری چیندا باسی جێکەوتوویی چین دەکا. کە دەبێتە هۆی رەخنە لە نێوخۆی وڵات لە لایەن راستەکانەوە.
- بوودجەی هێزی سەربازی کەم دەکرێتەوە.

١٩٩٨

- لە ١٦ی ئاپریلدا سوێد پەیوەست دەبێ بە پەیمانی "شێنگن"ی ئۆروپاوە. واتە لە نێوان ئەم وڵاتانەدا سنوور نامێنێ.
- کەمترین بەشداری لە هەڵبژاردنی پارلماندا دەکرێ. بە رادەیەک کە لە ٤٠ ساڵدا وێنەی نەبووە.
- سوسیاڵدێمۆکرات دەنگەکانی دادەبەزێ بەڵام بە پشتگریی حێزبی چەپ کە دەنگەکانی بەرز بووەتەوە دەوڵەت پێکدێنێ.
- ٣١٤ لایەنگری نازیست کە جێژنی "هێزی سپی"یان گرتووە دەستبەسەر دەکرێن.

١٩٩٩

- سوێد ناچێته نێو پەیمانی پارەی ئۆروپییەوە. گشتپرسی کرا و خەڵک بە پێچەوانەی خواستی حیزبەکان (هەموویان خوازیاری هاوبەشی لەگەڵ پارەی ئۆروپی "یۆرو" بوون) دەنگی دژ بەو پارەیان دا.
- سەندیکالیستێک (بیورن سۆدێربەری) بە دەستی نازیستان دەکوژرێ لەبەر ئەوە کە نازیستێکی لە شوێنی کارەکەی ئاشکرا کردووە.

٢٠٠٠

وەزیری داد دەست لەکار دەکشێتەوە چوونکە رۆژنامەکان رەخنەیان لێگرتووە کە خانوویەکی بە پارەی وەزارەت کڕیوە بەڵام بۆ خۆی کەڵکی لێ وەرگرتووە. [با لە وڵاتی ئێمەش فێر بن] لەم کاتەدا شارەوانیی ستۆکهۆڵم بەدەستی حیزبە ڕاستەکانەوەیە، بڕیار ئەدەن ئاپارتمانەکانی ناو شار کە هی شارەوانین بفرۆشن بە کرێچییەکان، سۆسیالدیموکراتەکان بە دژی دەنگیاندا. بەڵام کاتێ کە فرۆشتیان خاتوو لەیلا کرێچی بوو لە Kungsholmen یەکیک بوو لەوانەی کە شوقەکەی کڕی.

**کولتوری**

١٩٩٠

- دوو رۆژنامەی پۆستی ئێواران و ئەمرۆ یەک دەگرن .
- تلەڤزیۆنی کانال چوار ریکلام وەردەگریّ.

١٩٩١

- یاسای ئازادی رادەربڕین کە رادیو و تلەڤزیۆن و فیلم و ویدئۆ و دەنگیش دەگرێتەوە بڕیاری لەسەر دەدریّ.

١٩٩٣

- سامەکان بۆ کاروباری کولتووری خۆیان ریکخراوێکی هەڵبژێراو دادەنێن.

١٩٩٦

- بیستەمین و ئاخرین بەرگی ئینسیکلوپیدیای ناسیونالٚ بڵاو دەبێتەوە. یەکەم بەرگ ١٩٨٩ بڵاو بووەتەوە.
- یارمەتی بۆ وڵاتانی هەژار لە یەک لەسەدی داهاتی وڵاتەوە دادەبەزیّ بۆ ٠،٧%

٢٠٠٠

- رۆژنامەی کار (Arbete) کە رۆژنامەی کرێکاری سوسیالڵدیمۆکراتەکانە وەرشکست دەبێ و دەرناچی. (١١) وەک گوترا کێشەی ئابووری کار دەکاتە سەر دیمۆکراسی.

## کۆتایی سەد ساڵ گەشە

لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٠ بەملاوە کۆمەڵانی پێشکەوتووی سەرمایەداری گەییشتنە دەورانێکی درێژی دابەزین کە مێژوو ناسی ئەمریکی "روبرت بێرنێر" بەم شێوە لێکی دەداتەوە: دەیە بە دوای دەیەدا، دابەزینی نرخی گەشەی ئابووری و کز بوونی بەرهەمهێنان، بووەتە هۆی کاری کەمتر و نایەکسانی زیاتر. لە ساڵی ١٩٨٠وە لە پێشدا لە ئینگلیس و ئەمریکا و دوایە لە هەموو ئۆروپا، چاوهەتەری سیستم پێچەوانە بووەوە. کەمکردنەوەی سەربەشی (مزایا) کۆمەڵایەتی، بە ئەهلیکردنی پیشە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان و لابردنی رێساکانی بازاڕی پوڵی، دیاردەی تازە بوون. لیبرالیسمی نوی هاتە مەیدان. کە بوو بە هۆی پێکهاتنی بازاڕی هاوبەشی ئۆروپا و بازاڕی

کاری هەرزان لە ئۆرووپای رۆژهەڵاتدا. دەوری دەسەڵات لەم هەلومەرجەدا چۆن دەبیندرێ؟ (١٥)

سوێد حوکومەتێکی حێزبی هەیە. بەپێی یاسا تاکەکەس بە بێ حێزب ئیزنی نییە خۆی بۆ پارلمان هەڵبژێرێ. دێمۆکراسی حێزبی ناوەندی ئەم سیستەمەیە. ئەرکی حێزبەکان رێکخستنی کۆمەڵە، بێگومان بۆ پشتیوانی لە بەرنامەکانی خۆیان. بەڵام ئێستا حێزبەکان لە قەیراندان. ئەم قەیرانە بە هۆی گۆڕانی سیستەمی ژیانی کۆمەڵاتییەوە پێکهاتووە. خەڵک بڕوای پێیان کەم بووەتەوە، چوونکە دەزانن کارێکی زۆریان لەدەست نایە. هەلومەرجی نوێ لە ١٩٧٠بەملاوە وای لێهاتووە کە حێزبەکان نەیانتوانیوە رێگا چارە بۆ ئەو تەنگوچەڵەمە بدۆزنەوە کە لە گۆڕانکارییە نوێیەکانی کۆمەڵدا سەریان هەڵداوە. هەلومەرجی نوێی ئابووری بووەتە هۆی بێکاری بەرفراوان. دابەزینی ئابووری بەتایبەت لە بەشی دەوڵەتیدا بووەتە هۆی خراپتربوونی بەشی خزمەتگوزاری (نەخۆشخانە، خزمەتگوزاری پیران، مەدرەسە و فێرکردن ، مووچەی بێکاری و...) ئەمانە بووەتە هۆی ئەوە کە خەڵک روو لە حێزبی تازە بکەن کە بە دروشمی نوێیەوە دێنە مەیدانی سیاسەت. بۆ نموونە هاتنی پەنابەران بە لێشاو دەبێتە هۆی دروشمی ناسیونالیستی. دوایە دەگەڕێینەوە بۆ ئەم باسە.

خەڵک بە تایبەت کرێکاران لەگەڵ کۆمپانیا هەرە زەلامە نێونەتەوەییەکاندا بەرەوڕوون. ئەرکی ئابووری لەدەست بانکەکاندایە و بانکەکان هەموو شتێکی بازاڕیان بەدەستەوەیە. ئەوان بۆ هەموو شتێک قەرز دەدەن و خەڵک گرێ دەدەن بە خۆیانەوە. پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەن سەرمایە پچڕاوە، پەیوەندی نێوان گروپەکانی کۆمەڵ کەوتووەتە دنیای مێدیاوە. بۆیە حێزبەکان چووک بوونەتەوە و حێزبی چووک چووک زیادی کردووە و دەوڵەت بە هاوبەشی پێکدێ و ڕوانگەکان تێکەڵ دەبنەوە. دەوڵەت بووەتە نووسینگەیەک بۆ تێپەڕاندنی ئەرکەکانی سەرمایەداران.

پێشتر حێزبەکان هەرکام نوێنەری گروپ یان چینێک بوون و بەرنامەکانیان بەپێی چاوەڕوانی ئەوان دادەنا و لە پارلمان بەرگرییان لێی دەکرد، بەڵام ئێستا هەموو خەریکن سەرنجی هەموو چین و توێژەکان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. ئەمەش بۆ بەدەست هێنانی هەرچی زیاتری دەنگ. ڕێبەرەکان زیاتر لەبیری بردنەوە و دەسەڵاتداربوون و گەیشتن بە پلە وپایەی کۆمەڵایەتی و پارەدان. خەڵکیش ئەوە تێگەییشتوون، بۆیە ژمارەی لایەنگرانیان کەم بووەتەوە. زۆرجار بەرنامەکانیان ئەوەندە لێک نزیکە خەڵک نازانن دەنگ بە کامیان بدەن. ساڵ بە ساڵ ڕادەی دەنگدەران کەم دەبێتەوە، بەڵام ئەو حێزبانە کە دەوڵەت بەدەستەوە دەگرن، مافی ئەوەیان هەیە لایەنگرانی خۆیان

بکەن بە بەرپرسی فەرمانگەکان. واتە سیستەمەکە بە شێوەیەک دەگۆڕن کە بەقازانجی خۆیان بەکار بهێنرێ. ئەمە هەلومەرجێک پێکدێنێ کە حێزبە چووکەکان و حێزبە تازە پێکهاتووەکان توانایی پێشبڕکێیان زۆر نەبێ. (١٧)

تاکە کەس گەر بیەوێ هەڵکشێێ هەوڵدەدەا لە نێو حێزبە گەورەکاندا جێ خۆی بکاتەوە، بەڵکوو پارچەیەک یان پرزۆڵەیەک لە کێکەکەی بەر کەوێ. هەموو ئەمانە دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی کۆمەڵ و سنوورەکانی راست و چەپ تێکدەچێ.

لە نێوخۆی حێزبەکانیشدا ئەوانەی هەڵبژاردەن (elit) و جێگایان لە سەرەوە خۆش کردووە، زۆر گوێ بە ئەندامان نادەن. وەکوو گروپێکن کە چیتر نەتەنیا نوێنەری خەڵک نین بەڵکوو نوێنەری راستەقینەی ئەندامانیش نین. ئەمەش زۆر جار کێشەی نێوخۆیی لەسەر دەسەڵات دروست دەکا. پێشتریش هەبووە، بەڵام هەر دوو لا روویان لە خەڵک دەکردەوە، بەڵام ئێستا خەڵک غایبە.

ئەوان سیستەمێکیان پێکهێناوە کە خۆیان هەڵبژێردرێنەوە. بۆ نموونە دەستەیەک دانراون کە پێشنیار بۆ هەڵبژاردن دەکا. بە دەگمەن کەسێک لە دەرەوەی ئەو لیستەی ئەوان دەتوانێ ببێ بە نوێنەر. ئەمە هەم بۆ رێبەرایەتی حیزبە هەمیش بۆ نوێنەرانی پارلمان و شارەوانییەکان. رێبەرەکان خۆیان بە سیاسیکاری پرۆفس دەزانن و

یارمەتیدەر بۆ خۆیان دادەنێن کە کارەکانیان جێبەجێ بکەن. لە پێشدا راستەکان دەستیان پێکرد و دوایە چەپەکانیش هەر بەو ڕێچکەدا رویشتن (راست وەکوو کۆمپانیای بازرگانی) (لاپەڕی ٤٥ پارتی پولیتیک) سیستەمی حێزبەکان وەکوو کۆمپانیایان لێهاتووە کە چۆن بۆ قازانجی زۆرتر هەوڵدەدا، ئەمانیش قازانجەکەیان کۆکردنەوەی دەنگی زۆرترە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات. تەنانەت ئەگەر پێویست بێ دروشم و بەرنامەکانیان دەگۆڕن.

حێزبە سوێدییەکان لە دیمۆکراستی نێوخۆییەوە (بۆ ئەندامان) هەڵکشاون بۆ بەڕێوەبەری سەرکەردەیی. بەڕێوەبەری نوخبە. بە دەگمەن لە حێزبە سوێدییەکاندا دیمۆکراسی نێوخۆیی بەدی دەکرێ، تەنانەت بۆ ئەندامانی نوێنەر لە پارلمانیشدا هەر وایە و لە سەرەوەی حێزبەوە بڕیارەکانیان بۆ دەدرێ.

دەوڵەتداری یان بەشداری لە دەوڵەتدا بنەمای ئەو سەربەخۆیی و سەرەڕۆییەی بەڕێوەبەری حیزبەکانە. ئەوان لە نێوخۆی حێزبەکەشدا سیستەمێک دابین دەکەن کە ئەو دەسەڵاتدارییە مسۆگەر بکا. هەوڵدان بۆ لەدەوڵەتدا مانەوە دەبێتە ڕێنوێن بۆ هەموو چالاکییەکانی حێزبی. ئەمە لایەنی نگاتیڤی دیمۆکراسی حێزبییە.

سەرخستنی شێوەی ئابووری نێولیبرالیسم و بەناو گڵۆبالیسم بووەتە هۆی ئەندیویدوالیسم (تاکەکەسگرایی) و ئەوە بەشێک لە هۆی

کشانەوەی خەڵک لە حیزبەکانە. هەروەها کە حیزبەکانیش هۆی پێکهاتنی ئەو ئەندیویدوالیسمەن،

حیزبەکان هەوڵیان ئەوە نییە کە ئەو بەڵینانە کە داویانە جێبەجێ بکەن، هەوڵیان ئەوەیە دەنگی زۆرتر بێنن. حیزبەکان لە هەڵقوڵاوی نێو خەڵکەوە بوون بە ئاکتۆر (ئازاد لە بڕیار و کردەوەدا) هەرکام لە حیزبەکان روو دەکەنە ئەو شوێنە کە پێیان وایە کەسی لێی نییە و خۆیان دەبن بە نوێنەر. خەڵک بووەتە کەرەسەی دەنگدان. چیتر حیزبەکان نوێنەری خواستی ئەو چین و توێژە نین کە لە سەرەتاوە لەوێیەوە هاتوون. بۆیە ئەوانیش پشتیوانییان کەم کردووەتەوە. (١٧)

لەباری بەرنامە و ئایدۆلۆژییەوە حیزبە راستەکان کەمتر گۆڕاون چوونکە هاتنی نیولیبرالیسم و هەلومەرجی کۆمەڵ بە قازانجی ئەوان گۆڕدراوە. بووەتە ئەو شتە کە ئەوان هەموو کاتێک ویستوویانە. کزبوونی بەشی دەوڵەتی و ئازادی بێ سنووری سەرمایە، دوورکەوتنەوەی خەڵک و بێدەسەڵاتی ئەندامان، واتە کۆبوونەوەی دەسەڵات لای بەڕێوەبەری. زۆرجاریش دەبێتە هۆی بڕیاری هەڵە و ئەمە زیاتر خەڵکیان لێ دوور دەخاتەوە.

پەیوەندی حیزب و نوێنەرانی پارلمان:

لەکاتی هاتنە گۆڕی پرسیارێکدا ئاخۆ نوێنەرانی پارلمان بنەماکانی حیزبی چاوەڕوان دەکەن یان خەڵک و ئەندامانی خۆیان؟ هیچکام لەمانە سەد لە سەد نییە. هەر چۆنێک بێ ئەوان ئازاد نین رای تاکەکەسی خۆیان بڵێن، بەڵکوو لە دەنگداندا دەبێ هاودەنگی یەکتر بن بە قازانجی حیزبەکەیان.

**لە ساڵانی دواییدا:**

- روانگەی دەنگدەران بۆ حیزبەکان گوڕاوە و لە نێوان هەڵبژاردنەکاندا حیزب دەگۆڕن.
- ژمارەی دەنگدەران کەمی کردووە.
- ئەندامانی حیزبە بەتەمەنەکان کەمی کردووە.
- حیزبی نوێ هاتووەتە مەیدان و کێبەرکێ لەگەڵ پارتە کۆنەکان دەکەن. ئەم گۆڕانکارییانە لە زۆربەی وڵاتاندا روویداوە. لە ١٦ وڵات کە دێمۆکراسی شێوە حیزبییان هەیە. ١٧٦ حیزبی تازە لە ١٩٦٠ هەتا ١٩٩٩ دامەزراوە. (پارتی پولیتیک)

- له ١٩٨٨ بەملاوە له سوێد ٧٥ حیزبی تازه دامەزراوه كه سێ لەوان چوونەته پارلمان.

- پێشتر حیزبەكان به هۆی كێشەی چینایەتی/كۆمەڵایەتییەوه پێكدەهاتن. ئەم كێشانه بریتی بوون له:

- كێشەی نێوان ناوەند و دەوروبەردا (پادشا و خەڵك)
- كێشەی نێوان دەوڵەت و كلیسا (دەوڵەتی شارومەندی و كلیسا كه پێشتر هەموو جۆره دامەزراوەیەكی هەبوو، ئێستا لەدەستی دەرهاتووه.)
- كێشەی نێوان كۆمەڵی جووتێری و كۆمەڵی پیشەیی. (بازرگانی و شارنشینی و هەناردەكردن له بەرانبەر كۆمەڵی جێكەوتووی بەرهەم هێنەری كشتوكاڵی.)
- كێشەی نێوان سەرمایه و كار. (گەشەی كارخانه و پیشه و زیادكردنی چینی كرێكار لەلایەك و قازانجی سەرمایەدارله لایەكیتر.)
- دوای شۆڕشی سۆڤیەت دوو پارچه بوونی چینی كرێكار. یەك لایەنگری چاكسازی نێوخۆیی (سوسیالدێمۆكرات) و لایەنگرانی ئینترناسیونالی كۆمۆنیستی (حیزبی كۆمۆنیست) (١٧)

ئەو حیزبانه كه جێكەوتوون و ساڵانێك له دەسەڵاتدا بوون، یاسا و ڕێساكه به جۆرێك دادەنێن كه به قازانجی خۆیان بێ و هەر له

جیگای خۆیان بمێننەوە و سیستەمەکە خۆبەخۆ پێش بە حیزبی تازە بگرێ. بۆ نموونە دانانی رادەی ٤% دەنگ بۆ هاتنە ژوورەوەی پارلمان. (لە تورکیە ١٠%) هەر حیزبێک ئەم رادەیە نەهێنێ بودجەی دەوڵەتی بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن وەر ناگرێ. ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازی ئابوورییان و نەتوانن جموجۆڵی پێویست بکەن. خەڵکیش بە هۆی گۆڕانی هەلومەرج و هاتنی بەرەی نوێیەوە، کە خواستی نوێ هەیە، روو لە دروشمی نوێ دەکا، بۆیە حیزبی تازە پێکدێ هەر بەو شێوە کە حیزبە جێکەوتووەکان لە کاتی خۆیدا بۆ وەڵامدانەوەی خواستی نوێ پێکهاتبوون.

حیزبە کۆنەکان ناتوانن بە خێرایی خۆیان بگۆڕن. ئەوان نەیانتوانیوە ئەرکەکانیان بەو شێوە کە خەڵک دەیەوێ جێبەجێ بکەن بۆیە خەڵک حیزبی نوێ پێکدەهێنێ.

حیزبە تازەکان دەچنە پارلمانیش بەڵام ناتوانن جێگا بە حیزبە کۆنەکان چۆڵ بکەن، بەڵکوو هەوڵ دەدەن لەگەڵیان هاوبەش بن و لە دەوڵەتدا بەشیان بدەن. حیزبە کۆنەکانیش چوونکە ناتوانن بە تەنیا پەنجا و یەک لە سەد کە پێویستە بۆ پێکهێنانی دەوڵەت، بەدەست بێنن ناچارن لەگەڵ حیزبە چووکەکان بەرە پێک بێنن. ئەم بەرە پێک هێنانە دەبێتە هۆی ئەوە کە حیزبە تازەکانیش لای خەڵک ببێتە جێ پرسیار و خەڵک خۆی لە دەنگدان دوور دەخاتەوە.

بۆ نموونە خواستی نوێ دەتوانێ پرسی ژینگە بێ یان یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکاندا، مافی منداڵان و... جیاوازن لەوە کە پێشتر هەبوو. کە کێشەی مووچە و هەلومەرجی شوێنی کار بوو. ئێستا بەشی زۆری کۆمەڵ لە ئیدارە و خزمەتگوزاریدا کار دەکەن و رووناکبیرتر و خوێندوارترن و بیری نوێ هەیە کە لە بەرنامەی حیزبە کۆنەکاندا نایدۆزنەوە. تەنانەت ئەگەر هەشبێ باوەڕیان پێی نییە.

**کاردانەوەی ئەم بارودۆخە بەم شێوەیە:**

لە هەڵبژاردنی ٨٢ بەملاوە جێگای (LO) لە حیزبدا لاواز بوو و توانایی داسەپاندنی پێشنیارەکانی نەبوو. حیزب بۆ راگرتنی گەشەی ئابووری کرێکارانی قوربانی دەکرد. ئەمە بوو بە هۆی دابەزینی دەنگی سوسیاڵدیمۆکراتەکان. سەندیکاکان توانایی لێکدانەوەی هەلومەرجەکەیان نەبوو. سەرئەنجام بە قازانجی دەسەڵاتی خاوەنکار بەسەر بەرهەمهێناندا و زیادکردنی بەشی ئەهلی بۆ رزگاربوون لە قەیرانی ئابووری تەواو بوو. پێکهاتنی سوسیاڵدیمۆکرات لەگەڵ لیبراڵەکان لە سەرەتای ١٩٩٠دا بوو بە هۆی راگرتنی زیادبوونی مووچە و قەدەغەی مانگرتن. تەنانەت مانگرتووەکان سزاش دەدران.

له ١٩٩١دا دەنگی سوسیاڵدیمۆکرات بۆ یەکەمجار پاش ١٩٢٨ گەییشتە ژێر ٤٠% (٣٧/٧) دەوڵەت کەوتە دەست لیبراڵەکان کە لە زۆربەی وڵاتە ئۆروپییەکانیشدا لەسەر حوکم بوون. سوید لە ساڵی ١٩٩١دا داوای ئەندامەتی بازاڕی هاوبەشی ئۆروپای کرد. سیاسەتی ئەم بازاڕە داخستنی بەشە بەرهەمهێنەرەکانی دەوڵەتی و بەدەستهێنانی قازانجی زیاتر بۆ بەشی ئەهلی بوو. سویدیش خۆی خستە نێو ئەم ڕێگایەوە. یانێ دەورانی مۆدێلی سویدی تەواو بوو. پێکهێنانی ڕێکخراوی ئەنترناسیۆناڵ هەموو کاتێک ئاواتی کرێکاران بووە، ئێستا ئەوە سەرمایەداری بوو کە بەم ئامانجە دەگەییشت. یەکێک لەو شتانە کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ، ئەوەیە کە هێندێ لە وڵاتانی ئۆروپی وەکوو سوید کە جیرانی سۆڤیەت بوون، زۆر یارمەتی دەدران کە خۆشگوزرانی ستانداردی ژیانیان لە سەرەوە بێ. وەکوو جامخانەیەکی رۆژئاوایی لە بەرانبەر سۆڤیەتدا. بە روخانی سۆڤیەت ئەم یارمەتییانە نەمان و پێویست نەبوو. سوید کەوتە ئەم قەیرانەوە. سوسیاڵدیمۆکرات کە هەموو کاتێک لە ڕێگای سیهەم لە نێوان سەرمایەدار و سوسیالیزمی شێوە سۆڤیەت دا دەگەڕا و پێیان دەگوت کۆمەڵی ئاسودەیی بە بنبەست گەییشتبوو. (١٧)

ئێستا ئیتر تەنیا سەرمایەدارە خۆجێیەکان نەبوون، بەڵکوو کارتێلە زەلامەکانی نێونەتەوەیی بوون کە شەریکەبەش بوون و ئەهلی

وتووێژیش نەبوون، کە وابوو کرێکاران نەیاندەتوانی گوشاریان بۆ بێنن. کەمترین سەرکێشی دەبووە هۆی گواستنەوەی سەرمایەکان بۆ ئەو شوێنانە کە کرێکاری هەرزان و بێدەنگیان هەیە. (ڕۆژهەڵاتی باشووری ئاسیا) کارخانە نێوخۆییەکانیش دەبووا نرخی بەرهەمەکانیان دابەزێنن کە بتوانن لە بازاڕدا پێشبڕکێ بکەن. ئەمەش خۆبەخۆ یانێ دابەزاندنی مووچەی کرێکاران. سەندیکاش هیچی لەدەست نەدەهات. هەوڵێک درا کە یەکێتی سەندیکاکانی ئۆروپا ڕێکبخرێ بەڵام بە هیچ کوێ نەگەییشت. بۆیە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی سەندیکاکان چوونە دەرەوە. سیاسەتی لیبراڵەکان لە ١٩٩٢ بەولاوە بارودۆخەکەی خراپتر کرد. ژمارەی بێکاران لە ١٢٠هەزارەوە گەییشتە ٥٧٠هەزار.
قەرزەکانی دەوڵەت زیادی کرد. باجی سەرمایە گەورەکان کەم کرایەوە و بۆ مووچەگران زیاد کرا. ئەمانە بوو بە هۆی دوڵەمەندتر بوونی دەوڵەمەندان و هەژارتر بوونی هەژاران. ژمارەی ملیۆنێرەکان زیادی کرد و بێکار و خانەنشینان کەوتنە هەژاری و بە یارمەتی شارەوانی ژیان بەسەر بردن. شێوەی دامەزراندن لە دایمییەوە گۆڕدرا بۆ هەتا کاتی پێویست. بێکاری لە نێوان غەیرە سوێدییەکاندا دوو بەرانبەری سوێدییەکان بوو. لە هەموو زیاتر لاوەکان و ژنان لە ژێر باری قورسی بێکاریدا بوون. ئەو کرێکارانە کە بێکار دەکران کاتێک دووبارە دەبرانەوە سەر کار مووچەی کەمتریان پێدەدان. ئەمەش شێوەیەک بوو بۆ دابەزاندنی مووچەکان.

ئەم هەلومەرجە بوو بە هۆی هەڵکشانی دەنگی سوسیالڈیمۆکرات و حیزبی چەپ (کۆمۆنیستەکانی پێشوو) بەڵام هەلومەرجەکە گۆڕانی زۆری بەسەردا نەهات. قەرزە دەوڵەتییەکان زیادیان کرد، بێکاری بەردەوام بوو و... ئاکامی ئەوە بوو کە دەنگی سوسیالڈیمۆکرات دە لە سەد دابەزی .

لە ساڵی ١٩٩٤دا سوێد بوو بە ئەندامی بازاڕی هاوبەشی ئۆروپا و لە ١٩٩٦دا سێ حێزبی سوسیالڈیمۆکرات و چەپ و حێزبی ژینگە هاوپەیمانییان پێک هێنا.

پیشە بوو بە کامپیوتێری و بەرهەمهێنانی کامپیوتێری گیانێکی تازەی بە بازاڕدا هێنایەوە و بێکاری ٤% کەمی کرد. ئەمە رواڵەتی کارەکە بوو. لە راستیدا بەشی دەوڵەتی هەرچی زۆرتر فرۆشرا بە بەشی ئەهلی، هەلومەرجی کار و بژیوی خەڵک خراپتر بوو. جیاوازی چینایەتی رۆژ لە دوای رۆژ زیادی کرد و کەسیش توانای گازندەی نەبوو. دەوڵەتی چەپ درێژەدەری کارەکانی دەوڵەتی راست بوو. لە راپۆرتی ناوەندی سەندیکای کرێکاران بۆ کونگرەی حیزبدا هاتووە: کە لە پشتی ئەم ژمارانەی بێکارییەوە ژیانی مرۆڤەکانە. ئەوان متمانەیان بە ئێمە کرد، بەڵام ئێمە ئەوانمان ناهومێ کرد." کەم کردنەوەی بودجە بەشەکانی تەندروستی و دەرمان و فێرکردن و خزمەتگوزاری پیرانی دەگرتەوە.

له کێشەکانی نێوان کرێکار و خاوەنکاردا زۆرجار سەندیکا لایەنی خاوەنکاری دەگرت.

یەکێتی سەرانسەری کرێکاران دەیگوت ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ سوسیالدیمۆکرات ناپسێنین، بەڵام لەگەڵ سیاسەتەکانیان هاوڕا نین. کێشە ئەوە بوو، سکرێتێری LO بۆ خۆی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوو و لایەنگری لە حیزب دەکرد.

دوو بەرنامە بۆ داهاتوو

له ساڵی ٢٠٠٠دا LO لەباتی سەندوقی مووچەگران دانانی دارایی سەندوقی خانەنشینی لە بورسدا پێشنیار کرد. نێویان نابوو دیمۆکراسی سەرمایەیی (ئەمە بڕیاری لەسەر درا و هێشتاش بەردەوامە. (زۆر کەس هەموو پاشەکەوتی خانەنشینییەکەیان لە سەودای بورسدا دۆڕاند) هەروەها خوازیاری باشترکردنی شوێنی کار بۆ بەرپەرچدانەوەی دژبەری خاوەنکار بەدژی سەندیکاکان بوون. هەر لەم ساڵەدا سوسیالدیمۆکرات ئابووری بازاڕی هێنایە پێشەوە کە خاوەنکار نەتوانێ بە کەیفی خۆی هەرچی دەیەوێ بەرهەم بێنێ. کۆنترۆڵیک بۆ بەرهەمەکان هەبێ کە پێداویستی خەڵک بەرهەم بهێنرێ. بەڵام نەکرا. لە ١٩٩٠ بەملاوە ژماری ئەندامانی سوسیالدیمۆکرات زۆر کەمی کرد. دوکانە بچووکەکان دادەخران و فرۆشگە زنجیرەییە گەورەکان شوێنیان دەگرتنەوە. بەشی ئەهلی خانوو

سازکردنی له باتی شارەوانییەکانی به ئەستۆ گرت. پارکەکانی خەڵک یان بەستران یان چالاک نەبوون. ماڵەکانی خەڵک له ژێر گوشاری ئابووریدا یان داخران یان کارەکەیان گۆڕدرا و خانووەکە به کرێ دەدەن بۆ چالاکی کولتوری و زەماوەند و کۆبوونەوە. رۆژنامە حێزبییەکان بڵاو نابنەوە. سەندیکاکان گەرچی بەناو ماونەتەوە بەڵام هاوکارییان لەگەڵ کۆمەڵەکان نەماوە. بزووتنەوەی کرێکاری له پاشەکشەدا خۆی لەگەڵ هەلومەرجی تازەدا ریکدەخا و لەگەڵ مەرجەکانی بازاڕدا رێکدەکەوێ.

کێشەیەک که ئەم کۆمەڵە تووشی بووە و له لای ئێمە بەر لەوە که کۆمەڵەکەمان گەشە بکات تووشی بووین ئەوەیە که بۆ کەم کردنەوەی بێکاری خەڵک دەچنە فێرگەکان و شەهادە له سەر بڕوانامە دادەنێن به بێ ئەوە که کار لەو بوارانەدا هەبێ. لێرە خوێندنەکەیان ناوەرۆکی له ئاستی بەرز دایە زۆربەیان له وڵاتانی دیکە کار پەیدا دەکەن. بەشێکی زۆریش کاری خوارەوەتر له شەهادەکەیان دەکەن. بەڵام له لای ئێمە خوێندنەکە لەو ئاستەدا نییە. و لاوەکانیش به کاری دیکە رازی نابن. بۆیە کێشەی بێکاری و بیری مووچەخۆری له بەشی دەوڵەتیدا هەر دەمێنێ.

## سەرچاوەکان

١. Populär Historia/ Från jordbruksland till industrisamhälle/
Sune Åkerman är professor i historia vid Umeå universitet

٢. Arbetarrörelsen i Sverige Bok ١, Den svenska arbetarrörelsens uppkomst och förening med socialismen
Knut Bäckström

٣. Klass i rörelse: arbetarrörelsen i svensk samhällsutveckling
Lars Olsson & Lars Ekdahl

٤. Röda dagar och svarta i arbetarrörelsens och frihetskampens historia
Hans Haste

٥. Arbetarrörelsens män och kvinnor ١٨٨١-٢٠٠٣ : en krönika över arbetarrörelsens ١٨٨٠- och ١٩٠٠-tal: [från Hjalmar Branting & Herman Lindqvist till Göran Persson & Wanja Lundby-Wedin ...]
John Rosén

٦. Arbetarrörelsens historia: människor, idéer, händelser, dokument
Hans Haste

٧. Vi bygger landet: den svenska arbetarrörelsens historia från Per Götrek till Olof Palme
Yvonne Hirdman

٨. Den röda tråden: arbetarrörelsens historia - en alternativ översikt
Håkan Blomqvist

٩. Kvinnor, kamrater: kvinnans roll i arbetarrörelsens uppbygge till slutet av ١٩٣٠-talet
Eva Schmitz

١٠. Svenska folkrörelser. ١ Nykterhetsrörelse. Politisk arbetarrörelse. Fackföreningsrörelse. Folkbildning. Kooperation
Sigfrid Hansson/ Bianca Breeze

١١. Sveriges historia i åratal
Lars M. Andersson & Lena Amuren

١٢. Partier och partisystem
Magnus Hagevi

١٣. Politiska partier/
Gissur Erlingsson, Karl Magnus Johansson, Ingvar Mattson

١٤. Röda dagar och svarta i arbetarrörelsens och frihetskampens historia
Hans Haste

١٥. Sverige genom tiden
Fereidon Chaian

١٦. Fatiga och Rika i världen
Staffan Roselius

١٧. Politiska Partier
Gissur O´. Erlingsson Anders Håkansson Karl Magnus Johansson Ingvar Mattsson

## بڵاوکراوەکانی ئەم قەڵەمە

**کوردی:**

- گەلاوێژ: (چیرۆک، سەناریۆ بۆ فیلم)
- ژیان بەدەم زریانەوە: (چیرۆک)
- مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا: (توێژینەوە)
- رۆژنە/ فیلمگرتن (راهێنانی فیلم)
- رۆژنامەگەری تەلەڤزیۆن (راهێنانی تلەڤزیۆن)

- کوێستانی بێ هەڵۆ (سەناریۆ)

- ژیان وەکوو خۆی

**وەرگێڕان بۆ کوردی**

- باخەنەمامە/ حسێن دەوڵەت ئابادی (چیرۆک. لە فارسییەوە)

- تۆماری شێخ شەرزین/ بەهرام بەیزایی (شانۆ. لە فارسییەوە)

- ئەوەی گوتی ئەرێ، ئەوەی گوتی نە/ بێرتۆلێت برێشت (شانۆ. لە فارسییەوە)

- نووسینی سەناریۆ بۆ فیلم/ شێل سونستێد (راهێنانی درامایی. لە سوئدییەوە)

**فارسی**

ـ آقای چوخ بخت یوخ (تەنز)

ـ از آنچە بر ما گذشت (چوار رەوایەت)

ـ زندگی در باد (داستان)

- سفر خیال /از کرسان تا کردستان. (بیرەوەری و لێکدانەوە)

- زندگی همچون خودش

**وەرگێڕان لە سوئدییەوە بۆ فارسی:**

ـ دارا و نەدار لە دنیادا. / ستفان روسیلیوس (اقتصاد، آموزشی)

بۆ خوێندنەوەی ئەم بەرهەمانە سەری ماڵپەڕی تەیفور بدەن :

http://taifor.nu/start.htm